# خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

# خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف

وەرگێڕانی: ساڵح محەمەد ئەمین – ئەنوەر عەلی قادر

پێداچوونەوەی: حسێن عارف

بابەت: ڕۆمان

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ : ٤٥٠٠ دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی٢٠١٠

کوردستان –سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە : kteb.serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم پارێزراوە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٧٦١)ی ساڵی ٢٠١٠ پێدراوە.

عەبدولڕەحمان مونیف

# خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

ڕۆمان

سالّح محەمەد ئەمین

و

ئەنوەر عەلی قادر

لە عەرەبییەوە کردوویانە بە کوردی

حسێن عارف

پێیداچۆتەوە

سلێمانی ٢٠١٠

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٥٥٢ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# دەستپێک

حەزمکرد، بیرۆکەی بەکوردی کردن و ئەو قسانەی سەبارەت بە چاپی یەکەمی ئەم وەرگێڕانە بەرگوێم کەوتوون، یان بڵاوکراونەتەوەو بیرم ماون، بکەمە دەستپێکی ئەم پێشەکییە کورتەو بیخەمە بەرچاوی خوێنەری ئەم چاپی دووەمە.. کە بێگومان بەشێکی زۆریان جێگەی شانازیمن، ئازاریشم بە هەندێکیانەوە چەشتووە..

سەرەتا سەرهەڵدانی بیرۆکەی وەرگێڕانەکە، لە شاری ڕومادی، کە ئەو کات لەگەڵ چەند برادەرێکداو لە ئاکامی ڕێککەوتننامە شوومەکەی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەددام حسێنی جێگری سەرۆکی ئەو کاتی عیراق، کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی کورد، لەگەڵ هەزارانی تردا بۆ ئەو پارێزگایەو زۆربەی پارێزگاکانی تر خواروو ناوەڕاست گوێزرابووینەوە.. من خۆم بە بەختەوەر دادەنا کە لەگەڵ چەندبرادەرو هاوپیشەیەکی خۆمی، لەخۆم بەتەمەن ترو بەئەزموون تردا دییەوە و بەر ئەو پارێزگایەی خۆرئاوای عیراق کەوتبووم. ڕۆژێک لەوێ کاک مستەفا ساڵح کەریم، کتێبێکی دامێ بیخوێنمەوە. چونکە خۆی وتەنی، بە ڕۆمانێکی سەیرو سەرکەوتووی وای دادەنا، کەتا ئەوکاتە کەس شتێکی ئاوهای سەبارەت بە بەندیخانەکانی دونیای خۆرهەڵاتی دەریای نەوەڕاست، بەتایبەتیش عیراق، نەنووسیوە. دوای خوێندنەوەی، بەکوردی کردنی ئەم ڕۆمانە، کە دەبوایە نووسەرو ئەدیبەکانی کورد بیریان لێبکردایەتەوە، ببووە خولیام و دام بەگوێی هەندێکیشیاندا. ئەویش لەبەر چەند هۆیەک. یەکەم چونکە ئێمە بە ئاگری یەکێک لە دڕندەترین ڕژێمی ناوچەکە "عیراقی بەعس" سووتابووین، هەر کوردێکیش ڕۆمانەکەی بخوێنایەتەوە، پێیوابوو بە باڵای ئێمەدا نووسراوە، ڕەجەبیش یەکێکە لەو بەندە

سیاسییە کوردانەی ئەو کارەساتە جەرگبڕانە دەگێڕنەوە، کە لە دەمی دەیان بەندی سیاسیی خۆمانمان بیستبوو.. بەڵام دوای زیاتر لە پێنج ساڵ، کەسێک شانی نەدایە بەر. بۆیە من کە لە خۆمدا ڕانەپەرموو بەتەنیا خۆی لێدەم، دام بەگوێی کاک ئەنوەر عەلی قادردا، تا لە وەرگێڕانەکەیدا هاوکارم بێت. دواتریش پەنام بردە بەر کاک حسێن عارفی برادەری دێرینم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی کوردییەکەمان بۆ لە ئەستۆ بگرێ. کاک حسێن قاییل بوو بەڵام بەمەرج. مەرجەکەشی؛ دەبوایە لانیکەم ٥٠٪ بەرەوژووری کارەکەمانی بەدڵبێ.. کە یەکەم ڕەشنووسی وەرگێڕانەکەمان دایە، بە پێشنیارێکەوە بۆی گێڕاینەوە. پێشنیارەکەش؛ یەکێکمان وەرگێڕانەکە بکەین و دواتر بە هەردووکمان شتە ناکۆکەکانی چاک بکەینەوە، چونکە دوو شێوازی پێوە دیارەو ئەوەش لایەنێکی خراپی وەرگێڕانەکەیە.. بەو جۆرە ڕێککەوتین، وەرگێڕانەکە بە من سپێردراو دواتریش هەردووکمان پێیدا چووینەوە.. کاک حسێنیش بەم کارەی دواییمان قاییل بوو.

بۆ سەرپەرشتیکردنی چاپەکەشی، بێئەوەی هیچ ناسیاوییەکی پێشینەم لەگەڵ کاکە حەمەی مەلا کەریمدا هەبێت، کە لەگەڵ کاک حەمە شواندا سەردانمان کردو داوای یارمەتیمان لێکرد، خۆی ئاسا، بێ سێ ودوو قاییل بوو..

کە کۆتایی بە چاپەکەی هات، لە بارەگای گۆڤاری "النفط والتنمية" سەردانێکی خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان مونیفمان کرد.. جگە لەوەی بەرگێکی داینێ، کە بۆ چاپێکی نوێی عەرەبییەکەی دانابوو، بۆ چەندەمین جاریش میوانداریماڵەوەی کردین.. لەوێ کاتێک داوای نووسینی چەند وشەیەکمان لێکرد بۆ سەر بەرگی دواوەی کتێبەکە، ڕووی کردە کاکە حەمەو وتی: "بۆ چەندەمین جار، وا لەبەردەمی تۆشدا داوای لێدەکەم واز لەم ڕۆمانە بێنێ و ڕۆمانێکی دی هەڵبژێرێ. چونکە ئەوە کارێکی مەترسیدارە. من بۆ خۆم لەکاتی بە ڕەقابە دانیدا پێمواندەبوو قاییلبن.. دواتریش چاوەڕێی شتی ترم دەکرد. کە ڕەنگە باری من زۆر لەگەڵ ئەودا جیاوازبێ".

منیش بە گاڵتەوە وتم: "کاکە حەمە قاییل نابێ..". بە هەرحاڵ نە بەو پێشنیارەو نە بە پێشنیاری ئەوەی کەسێکی سەر بە میریی پێشەکییەکی بۆ بنووسێ، قاییل بووم، ئەو چەند بەندەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، کە "مونیف" خۆی وەک پێشەکییەک داینابوو، بەباشترین و لەبارترین پێشەکیم دانا..

کاتی سەرپەرشتیکردنی چاپەکەی، کاکە حەمەی مەلا کەریم گێڕایەوە، وتی: لە کۆتایی کارەکەدا بووم، خۆم بۆنەگیرا فرمێسک بەچاومدا داباری. خاوەن چاپخانەی "الحوادث"، کە کوردی نەدەزانی هات و پرسیاری هۆکاری فرمێسکەکانمی لێکردم، منیش توانای وەڵامدانەوەیم نەبوو، بۆیە چاپە عەرەبییەکەیم دایە تا بیخوێنێتەوە... دواتر کە دیمەوە، پێیوتم: بەڕاستی منیش گەر لە تۆ زیاتر نەگریابم ئەوا بەقەدەر تۆ گریاوم... ئەمە چ ئازارێکە؟

دوای دەرچوونی بە ماوەیەکی کورت، کاکە عومەری کتێبخانەی سلێمانی بۆ چەندەمین جار دەستگیرکرا. وەک دواتر خۆی وتی، لە ئەمن، دوا پرسیار هەواڵی وەرگێڕی خۆرهەڵاتیان لیکردبوو..

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەو سەردەمەدا چەند بابەتێک لەبارەی وەرگێڕانەکەوە بڵاوکرایەوە. لەهەندێک ڕەخنەدا، پرپیشکەکە کاک حسێن عارفیشی گرتبووەوە.. منیش چەند دێڕێکم نووسی، ئەوەندەی کە ئێستا لەبیرم مابێ "... هەرچی لایەنێکی خراپی وەرگێڕانەکەیە، بەهۆی نەشارەزاییمان و یەکەم کارمانەوە، ئێمەی وەرگێڕ دەگرێتەوە، لایەنە باشەکانی وەرگێڕانەکەش، بۆ ئەو برادەرانە دەگەڕێتەوە کە یارمەتییان داین، بەتایبەتی کاک حسێن عارف". کەچی ئەو چەند وشەیەشیان بڵاو نەکردەوە، ئەویش بە بیانووی زۆری ئەو بابەتانەی پێیان گەیشتووە و بڕیاردانی بڵاونەکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە "خۆرهەڵات..." دەیان گەیشتێ.. یەکێکیان وتبووی "خۆرهەڵات..." بوو بەچی؟!!

# "هەموومان نەفەری ئەشیلۆسین"

شەوێکی ساڵی ١٩٨٨ی کوردقڕان، وەک هەر چوار شەممەیەکی پێشتری ئەوساڵی خوێندنە، لەیانەی ڕووناکبیریی مامۆستایان، میوانی مامۆستایانی بیرکاری ئامادەییەکانی هەولێربووم. لە تەنیشتمەوە گوێم لە چەند دەنگێکی شوناس بوو. دەنگگەلێک کە نەک هەر بەگوێی من، بەڵکو لەڕێی شانۆگەریی و نواندنەکانی تەلەفیزیۆنیشیانەوە، بەگوێی زۆربەمان شوناسبوون. کێمان هەیە دەنگی؛ کاک "مستەفا"ی وەستا عەلی لانەوازان و خولە چەخماخە ساختەکە، "سیروان جەمال"ی کەشکۆڵ و، هەردوو خوالێخۆشبووان "عوسمان چێوار" و "کەمال سابیر"، بەگوێی شوناس نەبێ.. من "کەمال سابیر" نەبێ کە لە ڕانیەوە، لە نزیکەوە دەمناسی، هیچ کام لەوانی ترم لە نزیکەوە نەدەناسی.. ئاوڕم دایەوەو داوای لێبوردنم لێکردن کە پێشتر نەمزانی لە تەنیشتمانەوەن.. یەکێکیان دەنگی بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵبوو، وتی: "مامۆستا، هەمووەمان نەفەری ئەشیلۆسین"، ئەویش عوسمان چێواری هونەرمەند بوو، کە پێشتر لە سلێمانی شتێکی کرد، لای من بووە هەوێنی کورتە چیرۆکێک.. پێموت: "کاک عوسمان ئەمانەتێکت لامە." .. لەگەڵ کاک مستەفادا هاتن بۆ "ئوتێل بێخاڵ" و چیرۆکەکەیم دایە...

لە هەولێر، لەگەڵ برای ئازیزم کاک "عەزیز گەردی" لە چەند ئامادەیەکدا، ئەو وانەی ئینگلیزی و منیش بیرکاریم دەوتەوە. دوای ماوەیەک هەڵسوکەوتی قوتابیان لەگەڵمدا گۆڕراو وەک لەمێژبێ بمناسن.. دواتر زانیم کاک عەزیز پێی وتبوون، کە دەستم لە وەرگێڕانی "خۆرهەڵاتی..." هەبووە..

لە ڕاپەڕینیشدا، کاتێک تەلەفیزیۆن ڕۆژانەی ڕاپەڕینەکەی بڵاودەکردەوە، یەکێک لە ئەمنە سوورەکە ڕۆمانی "خۆرهەڵاتی..." بەدەستەوە گرتبوو دەیوت، "ئێمە لەسەر کتێبێکی وا دەکوژراین.." من ئێستاشی لەسەربێ هەرچەند ئەوە

دەبینم، دڵم پـڕدەبـێ و کاکـە حـەمـەی مـەلا کـەریـم ئـەسا، فرمێسک بـە چاومـدا دادەبارێ...

قوتابیـانی خۆشـم، کـە هـەنـدێکیان ببوونـە پێـشمەرگـەو دوای ڕاپـەڕیـن گەڕابوونەوەو دەمبینین، باسی خۆرهەڵاتیان لێ دەپرسیم..

لە سەردانێکی ئەبوغرێیـدا، کـە لـەگـەڵ کـاک عومـەری کتێبخانـەدا چووبووینـە سەردانی بـرادەرە گیـراوە سیاسـییەکانمـان.. یـەکێکیـان ڕووی کـردە کـاک عومـەرو وتـی: "لـە هـەمـوو گیرانێکـدا ئامۆژگاریـت دەکـردین..." ئـەمجـا ڕووی بـۆلای مـن وەرچەرخان و وتی "ڕەجەبەکـەی لـەمـەڕ تـۆش کـەم ئامۆژگـاری نـەکـردین.. بـەڵام بەداخەوە......"

ڕۆژێک، دوای دانانی حاکم "د. شێخ لەتیـف مـستەفـا' بـە بـەرپرسـی ئۆفیـسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخـۆی هـەڵبـژاردن، کـە پێکـەوە چووینـە ماڵـەوە، پێیڕاگەیاندم، کە ئەو لە دواناوەندی سەلاحەددین بووەو من ئەو کاتـە لـەوێ بـووم، بەڵام وانەم بە کاک شێخ نەوتووە چونکە ئەوکـات، ئـەو لـە پۆلـە وردەکانـدا بـووە، وتـی: "خۆشـحاڵ بـووین بـەوەی کـە لـە قوتابخانـەیـەکـدا دەمانخوێنـد، وەرگێـڕی 'خۆرهەلات....' تێیدا مامۆستایە..."

هونەرمەنـد "کامـەران ڕەئـووف" لـە کۆڕێکـدا، وتـی: مـن زیـاتر لـە بیـست جـار 'خۆرهەڵاتی...'م خوێندۆتەوە، هەستم نەکردووە وەرگێڕان بێت و بەلامـەوە وەک بـە کوردی نووسرابێت وابووە.. بۆیە پێموابوو، وەرگێڕەکان بـە دڵ و بـە گیـان ئـەرکی وەرگێڕانەکەیان بەجێ هێناوە...

بۆیـە منـیش شـانازی دەکـەم بـەوەی کـە لـەم هـەڵبژاردنـەمـدا، نـەک لـە وەرگێڕانەکەدا، سەرکەوتووبووم...

**ساڵح/ هۆڵندە**

**٢٠٠٩/١/٢٧**

# کورتە پێشەکییەک بۆ چاپی دووەم
## نووسەری گەورەی عەرەب "عەبدولڕەحمان مونیف"

سالّح محەممەدئەمین

چەند ساڵێکە، بڕیارە برادەرێکی خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەم ڕۆمانە لە وەرگێڕانە کوردییەکەیەوە بکاتە فارسی. داوام لێکرا، بۆ ئەو وەرگێڕانە، وەک پێشەکییەک، شتێک سەبارەت بە نووسەرەکەی بنووسم. بەسوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەک، ئەم چەند دێڕەم بۆ ئەو چاپە نووسیبوو. بەڵام بەهۆی دواکەوتنی وەرگێڕانە فارسییەکەوە و دەرچوونی ئەم چاپی دووەمەوە، بە باشمزانی بیکەمە پێشەکییەک بۆ ئەم چاپی دووەمەی وەرگێڕانە کوردییەکە.. هیوادارم بە دڵی ئێوەی خوێنەریش بێت..

* * *

عەبدولڕەحمان مونیف، بەرینی و پانتایی بیابانی "نەجد"ی شوێن لە دایکبوونی باوکی، کێشە لە چارە نەهاتووەکانی "عیراق"ە بەزۆر پێکەوە لکێنراوەکەی دایکی، وڵاتی ئەردەنی بەسەربردنی تەمەنیی هەرزەییەکەی، شامی شوێن لە دایکبوونی هاوسەرەکەی، تواناو لێهاتوێتییەکەییان بۆ هەڵنەلووشرا. مونیف سەرەتا وەک هەموو کەسێکی ئاسایی کێشە نزیکەکان سەرنجیان ڕاکێشا، بەڵام هەرزوو هەستی بە بەرینی و لەبن نەهاتوویی زەریای ژیانی کرد.. زەریایەک، هەمە جۆر زیندەوەر تێیدا ململانێ بکات، بەهێزەکان بکووژو بخۆر بن. هەریەکەشیان بۆ مانەوەی خۆی شێوازێکی ڕێکردنی ژیان بگرێتەبەر. زوو هەستی کرد ناژیرترینیان لەسەر گۆی ئەم زەوییە، ئاژەڵێکە ( باڵایەکی بەرزی پێوەیەو باڵیشی زۆر لە باڵی مەیموون دەچێ، بەڵام دوو لاقە لاوازەکەی لە بنەوە پێی پانیان پێوەیە. خۆ لە لووتکەدا ئەوا

تۆپەڵێکی پتەوی بەقژ داپۆشراو هەیە، کە کوونی جۆربەجۆری لە پێش و هەردوو تەنیشتەکانییەوە تێدایە. ئەم ئاژەڵە کوونی پێشەوەیان، بەتایبەتی کوونە پانەکەی کە دەکەوێتە خوارووی تۆپەڵە پتەوەکە، بۆ کرۆشتن و گۆرانی وتن و فیکە لێدان بەکاری دەهێنێ، ڕۆژانی زستانیش بۆ هەناسەدان. بەڵام ڕۆژانی ترس تەنیا بۆ یەک مەبەست بەکاری دەهێنێ، ئەو مەبەستەش هێشتا ناوێکی دیاریکراوی بۆ نەدۆزراوەتەوە. هەندێک دەیانوت بۆ بەرگریی لەخۆکردنە، هەندێکی تریش دەیانوت بۆ کووشتنە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆر، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن و لەوە دڵنیان کە تاقە بەکارهێنانی ئەم کوونە لەکاتی ترسدا، بۆ کووشتن یان خۆکووشتنە! ئێستا بە فراوانی ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە ئەم ئاژەڵە لەماوەیەکی کەمدا بنبڕ دەبێت، هەر کە بنبڕیش بوو ژیان ئاهەنگ دەگێڕێت، چونکە نەمانی ئەم ئاژەڵە دەبێتە مایەی سەرەتای بەختیارییەکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی)[1] . بۆیە ئەم ڕۆمانە، کە سەبارەت بە دەسەڵاتدارانی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستە، دەسەڵاتدارانێک ڕەفتاریان ڕێک بە پێچەوانەی بەندەکانی "جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ"ە وە بێت، ئەگەرچی هەمووشیان بەڵێنی پاراستنی ئەو مافانەیان دابێت، کەچی بەدوای ناهەموارترین شێوازی ئازاردانذا دەگەڕێن و هونەری تێدا دەنوێنن. ئەوەتا مونیف بۆ وەبیرهێنانەوەی مەبەستی جارنامەکە، پێشەکی ئەم ڕۆمانەی بە دەقی بەندەکانی؛ ( یەکەم و دووەم و پێنجەم و دەیەم و دوازدەیەم و چواردەیەم )ی جارنامەکە داناوە، ناوەرۆکەکەشی، کە بریتییە لە ڕەفتاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە، بە پیسترین و دڕندانەترین شێوە پێشێلی دەکەن.. بەشی زۆری ڕۆمانەکە بۆ خەباتی سیاسییانە تەرخان کراوە.. پاڵەوانێتی و ئازایەتی چەندین مرۆڤی دەڤەرەکەی تێدا بەدی دەکرێت.. مونیف، لەم ڕۆمانەیدا دەیەوێت دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەوە بەئاگا بێنێتەوە، گەر بارەکە بەوجۆرە بڕوات، ئەوا وەچەی نوێ ڕێگایەکی دی دەگرێتە بەر، ڕێگەیەک کە نالەبارترین جۆری خەبات بێت، خەباتێک

ماڵوێرانی و مرۆڤ له مرۆڤایه‌تی و ژیرێتی خستن و هێنده‌ی دی شێتگیرتر بکات.. مونیفی خوالێخۆشبوو، نرخی خاک و نیشتمانی زۆر لایه و ده‌زانێت چه‌ندێک خۆشه‌ویسته. به‌ڵام که نیشتمان بکرێته گۆڕستانێکی گه‌وره‌ی دانیشتوانه‌که‌ی و له ئازارو ئه‌شکه‌نجه به‌ولاوه شتێکی دی تێدا به‌دی نه‌کرێت، ئه‌وا، ڕه‌جه‌ب وته‌نی، "بریا خۆرهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاست هه‌ر نه‌بوایه".. ڕۆمانه‌کانی مونیف، ژیانی خۆی ئاسا، تایبه‌ت نین به ده‌وڵه‌تێکه‌وه، به‌ڵکو زۆربه‌ی ده‌وڵه‌تانی ناوچه‌که‌ی گرتۆته‌وه. ڕۆمانێکیش که ناوی هیچ شوێنێکی تێدا به‌دی نه‌کرێت، هه‌ر خوێنه‌ره خۆی و نیشتمانه‌که‌ی‌و ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی تێدا ده‌بینێته‌وه.. ڕۆمانی (شاره خوێنییه‌کان — مدن الملح) باس له ژیانی پێش و کات و دوای دۆزینه‌وه‌ی نه‌وت ده‌کات، له وڵاتی عه‌ره‌بی سعودییه‌دا. به‌دوای وردترین ڕووداودا گه‌ڕاوه‌و تێیدا تۆماری کردووه. دانیشتوانی ئه‌و وڵاته بۆ یه‌که‌م جار چۆنچۆنی به ده‌نگی ڕادیۆ، هاتنی ئۆتۆمۆبێل و که‌شتی، ئه‌و هه‌موو خه‌ڵکه بوونه‌ته‌وه که به‌شێوه‌یه‌کی دی هه‌ڵسوکه‌وتیان کردووه... (کاتێک پرده‌که‌مان جێهێشت — حين تركنا الجسر) باس له یه‌کێک له شه‌ڕه به‌رده‌وامه‌کانی عه‌ره‌ب، ئیسرائیل ده‌کات، که چۆن سه‌ربازانی وڵاته عه‌ره‌بییه‌کان، بێ سه‌رکرده ده‌مێننه‌وه، نازانن چۆنچۆنی ڕه‌فتار بکه‌ن. هه‌ر له‌وێدا ئاماژه بۆ بوونی سه‌ربازێکی کورد ده‌کات، که دیاره له‌گه‌ڵ سوپای عیراقدا نێردراوه. سه‌باره‌ت به‌ئێرانی سه‌رده‌می شا و هاتنه‌که‌ی "موسه‌ده‌ق"و گه‌له کۆمه‌که‌ی هه‌واڵگرانی خۆرئاوایی دژ به موسه‌ده‌ق و دواتریش وه‌رگرتنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات و گێڕانه‌وه‌ی شا بۆ سه‌ر ته‌خته‌که‌ی، که نووسه‌ر، زۆربه‌ی به‌سه‌رهاته‌کانی له به‌ڵگه‌نامه‌کانی لای "حسين جه‌میل"ی باڵوێزی ئه‌و کاته‌ی عیراق له ئێران، وه‌رگرتووه، ناوبراویش سیاسه‌تمه‌دارێکی کارامه‌ی عیراق بووه، به بایه‌خه‌وه به‌ڵگه‌نامه‌کانی ئه‌و کاته‌ی پاراستووه. ڕۆمانێکی به ناونیشانی (پێشبڕکێی ماوه دووره‌کان — سباق المسافات الطويله) نووسیوه. ڕۆمانێکی

تریشی بەناوی (ئێستا لێرە ... یان دیسان خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست — الآن هنا ... او شرق المتوسط مرة اخری)، سەبارەت بە بەندکردن و ئەشکەنجەدانی سیاسەتمەدارێکی عیراقییە کە لە ئێران زیندانی کراوە. دوای بەربوون و گەڕانەوەی بۆ عیراق، بەسەرهاتەکەی لەسەر چەند کاسێتێک بۆ مونیف گێڕاوەتەوە، ئەویش ئەو شاکارەی لێ هەڵهێنجاوە.. ڕۆمانەکانی مونیف پانۆرامایەکی پڕ لە ئەشکەنجەو ئازاری خەڵکی ناوچەکەن بە دەست دەسەڵاتدارانیانەوە.. بۆ بەراوردکردنی ژیان لەو دەوڵەتە بەناو دەوڵەتانەو وڵاتانی پێشکەوتوو، کە هەنگاوی گەورەیان بەرەو دیموکراتی ناوە، مونیف، زۆرجار پاڵەوانانی ڕۆمانەکانی ڕووەو هەندەران، بەتایبەتی خۆرئاوا پێکردۆتەوە. لایەنە تاریک و ناهەموارەکانی ناوچەکەی خۆی بە لایەنە گەش و مرۆڤپەروەرانەکەی ئەوان بەراورد کردووە، وەک "ڕەجەب"ی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و "مەنصور"ی پاڵەوانی "درەخت و تیرۆرکردنی مەرزوق — الاشجار و اغتیال مرزوق"... یەکێک لەو ڕۆمانانەی کە مونیفی خوا لێخۆشبوو هەمیشە شانازیی پێوە دەکرد، لە دانیشتن و کۆڕە ئەدەبییەکانیشدا زۆر باسی لێوە دەکرا، ڕۆمانی ( چیرۆکی خۆشەویستییەکی مەجوسیانە — قصة حب مجوسية)یە. ئەوە یەکەمین ڕۆمانێتی، بەزمانێکی شیعری سەیر نووسراوە، کەم خوێنەر بەجارێک خوێندنەوە لێی تێر دەبێت...

ناکرێت لەم باسەدا پشتگیریی خاتوو "سوعاد"ی هاوسەری لەیاد بکرێت. هەموو کات، "دکتۆر عەبدوالڕەحمان مونیف" دەیوت: "یەکەم خوێنەرو ڕەخنەگرم هاوسەرەکەمە..". لە کۆڕو دانیشتنە تایبەتییە خێزانییەکانیشیاندا، خاتوو "سوعاد" تەوەرەی بابەتەکانی هەڵدەبژارد. زۆرم پێ سەیربوو، جارێک لەماڵی خۆیان، خاتو "سوعاد"، ژمارەی ئەو لاپەڕانەشی لەبەربوو کە باسیان لێوە دەکرا..

"خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست" هەر مرۆڤێکی ناوچەکە بیخوێنێتەوە، نەک هەر خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵکو بە دونیاکەشی نامۆ نابێت، یەک بەیەکی

پاڵەوانەکانی، بەئازاردەرو ئازاردراوەوە، دەناسێتەوەو لە کۆمەڵگەدا دەستنیشانیان دەکات...

بەداخەوە ئەم کەڵە نووسەرە، کاتی خۆی بەڵێنی نووسینی ڕۆمانێکی دامێ، لە بابەتی "خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست"، سەبارەت بە کێشە ئاڵۆزەکەی کورد و ئەو هەموو دەستدرێژییەی کراوەتە سەری، ئەویش کاتێک، هەرچی کتێب بەعەرەبی لەسەر کورد نووسراوەو لە کتێبخانەکەی خۆمدا هەبوو، یان لای چەند برادەرێک پەیدام کردووە، دامێ. وتی: "دەبێت ڕۆمانێک لەبارەتانەوە بنووسم، چۆن- خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست — دەسەڵاتدارانی ناوچەکەی بێزارو تووڕە کرد، ئەویش خراپتریان بەسەر بێنێت." بەڵام دواتر جگە لە ڕۆمانی "ار× السواد"، کە پشتی بە بیرەوەرییەکانی "مستر‌ریچ" بەستووە، زیاتر لایەنە خراپەکانی کورد نیشان دەدات، هیچی دیم نەبینی..

عەبدولڕەحمان مونیف، کۆتایی ساڵی " ٢٠٠٣ " نەخۆشییەکی کوشندە قەڵەمە نەترسەکەی لەدەست بەردایەوە، دونیای ڕۆمان و نووسینی جێهێشت، کەلەبەرێکی گەورەشی لە تەلاری ڕۆشنبیریی ناوچەکەدا کرد.

خۆشحاڵم "خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست"، لە وەرگێڕانە کوردییەکەوە، کە نووسەری ئەم چەند دێڕە و مامۆستا "ئەنوەر عەلی قادر" لە عەربییەوە کردویانەتە کوردی، دەکرێتە فارسی. لە کاتێکدا داوای لێبوردن لە وەرگێڕی کوردییەکە بۆ فارسی دەکەم، چونکە لە مێژە داوای نووسینی ئەم چەند دێڕەی لێکردووم، منیش بە هۆی سەرقاڵیمەوە نەمتوانی لە کاتی خۆیدا بینووسم و بۆی بنێرم. بە ناوی خۆم و کاک "ئەنوەر"ەوە ماندونەبوونی لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

سلێمانی

٢٠٠٤/١٢/١٠

※ (١) خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، لاپەڕە ٧ .

# پێشەکی

**بەندی یەکەم:**

خەڵکی هەموو بە سەربەستی لە دایک دەبن و لە ماف و سەربەرزیدا یەکسانن، هەموویان بیرو هۆش و ویژدانیان پێبەخشراوە. بۆیە دەبێت بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکتریدا ڕەفتار بکەن.

**بەندی دووەم:**

هەر مرۆڤێک هەقی سوودوەرگرتنی لە سەرجەم ئەو ماف و سەربەستییانەدا هەیە کە لەم بەیاننامەیەدا نووسراون، بێ هیچ جیاوازییەک لە بارەی ڕەگەز یان ڕەنگ یان توخم یان زمان یان ئایین یان ڕای سیاسی یان هەر ڕایەکی ترەوە.

**بەندی پێنجەم:**

نابێت هیچ مرۆڤێک ئازارو سزا بدرێت و کرداری دڵڕەقانەو دڕندانەی لەگەڵ بکرێت یان کەرامەتی بشکێنرێت.

**بەندی دەیەم:**

هەرمرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە، کە هەر کێشەیەکی لەگەڵ کەسانی تردا هەبێت بە تەواوی و یەکسانی لە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆو نیازپاکدا سەیری کێشەکەی بکرێت، سەیرکردنێکی ئاشکراو دادپەروەرانە.

**بەندی دوازدەیەم:**

نابێت ناپەسەندانە دەست، لە ژیانی تایبەتی یان خێزانیی یان ماڵیی یان ئاڵوگۆڕکردنی نامەی هیچ کەسێک وەردرێ یان شەرەف و ناووناوبانگی بزڕێنرێ.

بەندی چواردەیەم:

هەموو کەسێک بۆ دەربازبوون لە چەوسانەوە مافی پەنابردنە بەر وڵاتانی تر، یان هەوڵی پەنا بۆبردنیان هەیە.

**جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ**

**با هەموو ئەمانە بەر پێڵووم بکەون .. تا زامداری بکەن و بیانناسێتەوە.**

**با خوێنەکەم بۆنوبەرامەی ئەو سێبەرە گلبداتەوە کە هەرگیز توانای بیرچوونەوەیی نییە.**

**نیرۆدا**

(١)

... ئەشیلۆس دەلەرزێ، دەلـەنگێ، بـەدەم بزووتنـەوەیـەكی گرانـەوە كـە لـە سەمای كەڵـەشـێرێكی سـەربـڕاو دەچێ، دووردەكـەوێتـەوە، بـەنـدەرەكـە لـە كـاتی خۆرئاوابووندا پێشوازی لە تیـشكە خـاوەكـان دەكـات: بـە بێزارییـەوە دەیانجوێت و ئەمجا لێیاندەگەڕێ و بەردەبنەوە. بەسـەر ئـاوەكـەوە دەلـەرزن، دوایـی دەتوێنـەوە. ژاوەژاوی خەڵكی لەو ساتە پڕ لە بێئەنجامییەدا، هەر لـە قورووسكەی توولـەیـەكـی تاساو دەچێت، بەڵام جووڵە گەمژانەكانی دەست، هەر لـەو پـەڕۆكۆنانـە دەچـن كـە بایەكی نەبینراو بیانشەكێنێتەوە. دەموچاوەكان، ئای لە نەگبەتی و نەهامـەتـی ڕوو: چاوی كەڕ، قورس، دەمە لاستیكییەكان بەكشان و گرژییاندا هـەر لـە كۆمی ئـاژەڵ دەچوون...

ئـەشیلۆسـی پتـەویـش لـە بێئـەنجـامی و دەنگدانـەوەدا دەخزێـت... دووردەكەوێتەوە.

بەندەری ئەشكەنجە بریا بەندەری نەگـەڕانـەوە بوایـە، دوا پارچـەی نیـشتیمان، دوا گەڵای سەوزو ناڵاندن!

سی ساڵ، سی هاوین و پاییز.. سی بەهار.. بەڵام وا ئێـستا زسـتان گـەیشت، لە سییەمدا هات.

ڕۆژی چوارشەممە بوو، ١٧ی تشرینی یەکەم.

یەکەم پەڵە هەور بوو بەسەر بەندیخانەکەدا ڕادەبوورد، تەنک و خاو، لە تەپوتۆزی دەکرد. دوای چەند خوولەکێک ڕەوییەوەو نەما، لە ناخی منیشدا شتێک پەرت پەرت دەبوو.

بۆچی ئەو ورێنە کەرە لەناخمدا تەقییەوە؟ بۆچی؟ بۆ؟

بە زمانێکی گلاوی فەلسەفییانە بە خۆمم وت:

ئاژەڵێک لەسەر زەوی هەیە، بالایەکی بەرزی پێوەیەو باڵیشی زۆر لە باڵی مەیموون دەچێت، بەڵام دوو لاقەکەی لاوازن و لە بنیشەوە پێی پانیان پێوەیە. لە لووتکەشدا تۆپەڵێکی پتەوی بە قژ داپۆشراوی هەیە، کە لە پێش و هەردوو تەنیشتەکانییەوە کونی جۆراوجۆری تێدایە. ئەم ئاژەڵە کونی پێشەوەیان، بەتایبەتی کونە پانەکەی کە دەکەوێتە خوارووی تۆپەڵە پتەوەکە، بۆ کرۆشتن و گۆرانی وتن و فیکە لێدان بەکاردەهێنێت، ڕۆژانی زستانانیش بۆ هەناسەدان. بەڵام ڕۆژانی ترس تەنیا بۆ یەک مەبەست بەکاری دەهێنێت، ئەو مەبەستەش هێشتا ناوێکی دیاریکراوی بۆ نەبینراوەتەوە. هەندێک دەیانوت بۆ بەرگریکردنە لەخۆ، هەندێکی تریش دەیانوت بۆ کوشتنە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆر، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن و لێشی دڵنیان کە تاکە بەکارهێنانی ئەم کونە لە کاتی ترسدا، بۆ کوشتن یان خۆکوشتنە!

ئێستا ئەو باوەڕە بەرفراوانە لە ئارادایە، کە ئەم ئاژەڵە لە ماوەیەکی کەمدا بنبڕ دەبێت، بە بنبڕ بوونیشی ژیان ئاهەنگ دەگێڕێت، چونکە نەمانی ئەم ئاژەڵە دەبێتە مایەی سەرەتای بەختیارییەکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی!

کەی ئەم ئاژەڵە پەیدابوو؟ چۆن پەیدابوو؟ کەس نازانێت.

ڕۆژێک ئاژەڵەکان هەموو لەخەو هەستان، خۆیان لەبەردەم شتێکی نوێدا بینی، کە پێشتر پێی ڕانەهاتبوون. هەوڵێکی زۆریان دا کە پێوەندییەکی ژیرانە لەگەڵ

ئەم ئاژەڵەدا پێکبێنن. سەرەتــا قاییــل بــوو، بــەڵام بــەدەم تێپــەڕبــوونی ڕۆژگــارەوە، تێیانکەوت و کەوتە کوشتنیان، تا بووە هۆی بنبڕکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو ئـاژەڵـە نایابانەی کە لەسەر زەوی دەژیان. کاتێکیش نیازی ئـەم ئـاژەڵـە نوێیـە ئاشـکرابوو، هەموو لێی دوورکەوتنەوە و هەیبیان لێکردو هەموو شتێکیان بۆ جێهێشت. کـەچـی ئەو هەر وازی نەهێنا، کەوتە گەمارۆدانی ئاژەڵەکانی ترو لـە هـەر شـوێنێک بوونایـە دەیکوشتن. کاتێکیش هیچی بۆ نەمایەوە بیکوژێت لەناو خۆیانـدا کـەوتنـە یـەکتـری کوشتن. بەمجۆرە کوشـتار دەسـتیپێکرد. لـە هـەزاران سـاڵ لـەمـەوبـەرەوە دەسـتی پێکردووەو تا ئێستاش ڕانەگیراوە. بۆیە بـاوەڕ بـە نزیکبوونـەوەی بنبـڕ بـوونی ئـەم ئاژەڵە دەکرێت، بەتایبەتی ئـەو ڕێگایانـەی ئێستا بـۆ کوشـتن گیراونـەتـە بـەر، زۆر پەرەیان سەندووەو ئەوەندەش کاریگەرن کە هەرگیز سەرناکەن.

بیانوویەکی فەلسەفیانەی گێلانەیە، سیفۆنی ئاوەکە ڕادەکێشم و دەسـتبەرداری سەرجەم شتەکان دەبم تا ڕۆبچنە خوارەوە؛ بیروباوەڕە فەلسەفییەکانم، خەونەکـانم، ڕابردووم، ناوم، هەموو شت، بەڵێ هەموو شـت.. ئـەو شـوێنەوارانـەی لـە خوێنمـان بەسن، ئەو گەردیلە وردانەی کە لە خوێنمدا دێن و دەچن هەرگیـز لـێم جیانابنــەوە. کێ ئەمەی پێوتم؟ دکتۆری بەندیخانـەکـە؟ ڕاپـۆرتی شـیکردنەوەکـە؟! ئیتـر لـەوەدا نەماوە بڕوا بکەم، دەریا گۆڕستانێکی گەورەیە، بەختیارترین کـەسـیش ئـەوەیـە کـە گۆڕێکی لە ورگی نەهەنگێکدا چنگ بکـەوێت. ئـەوێ گـەرمـە لینجـاوە، پانتاییـەکـی بەرینـی ئـەوتۆشـە کـە مـەودای جووڵانـدنی تێدا بێـت... پێـشتر زەوی بچووکبـوو، شێداربوو، یەکبینە بۆنی ئاودەستی لێدەهات، ڕەنگی خۆرو درەختیشی نەدەناسی.

ڕاپۆرتی دکتۆرەکە ئاشکرایە؛ کـە بـەدەسـتی چـەپـی چاویلکـەکـەی قـایم کـرد، ئەمجا بۆلای چەناگەی دایگرتە خوارەوە تا نەخـشەی بـزەیـەکـی ئازایانـە بکێـشێت، پێیوتم:

" کورت و موختەسەر نەخۆشییەکە ڕۆماتیزمی خوێنە. تا ئێستا ڕێژەکەی ئەوەندە نییە کە مەترسی بۆ ژیانت ببێت، بەڵام پێویستت بەوپەڕی چاودێرییە."

پێش ئەوەی ژوورەکەی جێبهێڵم ڕەچەتەیەکی بۆ نووسیم و پەرۆشانە پێی ڕاگەیاندم کە واز لە زۆر شت بهێنم؛ ڕاڕایی، ماندوێتی، توند هەڵچوون!!

بەڵام لیستی خواردنەکەی بۆی پێشنیار کردم، تەنانەت بەر لەوەی ژوورەکەی جێبهێڵم، من سووربووم لەسەر پەیڕەو نەکردنی. لەدڵی خۆمدا وتم: "ئەم لیستە بۆ گیاندارێکی نازدارە. بۆ چۆلەکەیەکە لە چۆلەکەکانی ڕەمزی. چونکە ئەو لیستەی لەگەڵ میزاجی مندا دەگونجێت زۆر جیاوازەو زۆر بە وردییش پەیڕەوی دەکەم!"

ڕۆژی چوارشەممەی ١٧ی تشرینی یەکەم، شتەکانم لە جانتا قاوەییەکەدا دەپێچایەوە و بەندیخانەم جێدەهێشت.

ڕۆژی سێشەممەی ١٦ی تشرینی یەکەم سەعات شەشی ئێوارە هەموو شتێک بڕایەوە. لە ژووری بەڕێوەبەری بەندیخانەکەدا چوار کەس بوون، تەنیا دووانیانم دەناسی، دووانەکەی تریانم بۆ یەکەمجار دەبینی. ئاغا پێیوتم:

- بڕیاری بەردانەکەت گەیشت، سبەینێ پێش نیوەڕۆ ئازاد دەبیت..

بەلامەوە شتێکی ناکاو نەبوو. تەواوی نرخەکەی داوایان دەکرد، دابووم. هیچ شتێک لە گۆڕێدا نەمابوو تەنیا جێهێشتنی بەندیخانەکە نەبێت. هیچم نەوت. چاوم لە زەوییەکەی بەرپێم بڕیبوو، هەستم دەکرد چاو لەگەڵ جووڵەکانمدا دەگێڕن. هەوای ژوورەکە بە بۆنی دووکەڵ و قسەکانی لەمەوبەر و لێدانی سەعاتی دیوارەکە گران ببوو، سەرم هەڵبڕی تا سەیری ئاغا بکەم، سووکە زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانییەوە بوو. کاتێک سەرنجمان یەکانگیر بوو، وتی:

- دەبوایە چوار پێنج ساڵ پێشتر ئەمەت بکردایە.. زۆردواکەوتیت، نرخی دواکەوتنەکەشت لە تەندروستی خۆت دا.

بێدەنگ مامەوە.. وام هەستدەکرد ڕووتبم و ئاغاش جگەرەکانی لەسەر لەشم بکوژێنێتەوە، یەکێک لەنێوان هەردوو سمتمدا و یەکێکیش لەسەر چەناگەم. دیم دەستم پانتۆڵەکەمی گرتووە، لەو ترسەی نەوەک یەکێک دایمالێتە خوارەوە، بەڵام وشەیەک چییە لەدەمم دەرنەهات. سەعاتەکە پێنج و نیوی لێدا. لەگەڵ لێدانەکەیدا تێمڕوانی. یەکێک لەو دووانەی کە نەمدەناسین پێیوتم:

- ئێمە ناخۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین، نەماندەویست بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە لێرە بمێنیتەوە، بەڵام خەتای کەللە ڕەقی خۆت بوو.

سەیرێکم کرد. زەردەخەنەیەکی ماندوو بەسەرمدا دەگەڕاو نەکەوتە سەر لێوم. هیچم نەوت. دەنگی پیاوە نەناسەکەی دووەم، کە قسەی بۆ دەکردم زوڵاڵ بوو، لە دەنگی پەخشکەرەوەیەک دەچوو کە ئاهەنگێک بۆ خەڵکی پەخش بکات. بێئەوەی سەیرم بکات وتی:

- ئێستا دەمانەوێت سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکەین، ڕابردوو خۆمانخۆش، نە ڕک و نە دوژمنایەتی، دەڵێی چی؟

ئەم پرسیارەم دەزانی، لەمەوبەر لێم نەکرابوو، بەڵام وەک پێشتر چەند جارێک بیستبێتم، بەلامەوە ئاسایی بوو. بە دەنگێکی گڕ وەڵامم دایەوە:

- دەمەوێت بچم نەخۆشییەکەم چارەسەرکەم.
- ڕێت پێدەدەین، بەڵام ڕات لەوبارەیەوە چییە کە هەواڵی خوێندکارانمان بۆ بنێریت؟
- ناتوانم تەندروستیم لەبار نییە.
- هێندەی لە تواناتدا دەبێت... هەر هەفتەی ڕاپۆرتێک، هەر دوو هەفتە جارێک..
- ناتوانم... ناتوانم.

ئاغا کە جۆری بەرپەرچدانەوەکەمی پێناخۆش بوو، وتی:

- لاسار مەبە. هەموو شتێکت لەدەست دەچێت.. لە کوردەی هەردوو جەژنە دەبیت.

بە خەمبارییەوە پێموتن:

- دەتوانم دانیشم؟

دەنگیانم بەسەردا دباری، دوو سێ دەنگ پێکەوە زۆریان لێدەکردم کە دانیشم، ئاغا کە وا خۆی نیشاندەدا ڕووخۆشەو پێدەکەنی وتی:

- بۆ هێشتا کەسمان بە بەندکراوت دادەنێین؟ دانیشە برام، فەرموو.

لە پشت مێزەکەیەوە هەستاو جگەرەیەکی دایە دەستم و بۆی پێکردم. وەک دوا دەربڕینێکی خۆشەویستی برادەرانە دەستی بە شانمدا دەدا.

کەمێک پێش سەعات شەش، لەگەڵ قومە چای بۆندار و دووکەڵی جگەرەدا، هەڵوێستەکە زۆر ئاشکرا خۆی دەنواند. پیاوە نەناسیاوەکەی کە دەنگی لە زڕەی پارە دەچوو، ڕێککەوتنەکەی کورت دەکردەوەو وتی:

- بەیانی پێش نیوەڕۆ دەردەچیت، دوای یەک دوو ڕۆژ پشوودان دەست بە ئامادەکردنی کاری سەفەرەکەت دەکەیت، لە یەکەم مانگدا هیچمان لێت ناوێت، تەنانەت لە مانگی دووەمیشدا. دوایی کە گەڕاشیتەوە کارت پێ دەدرێت، پشت بەخوا هاوکارییەکەمان ئاکامی باشی دەبێت و لە بەرژەوەندی نیشتمانیشدا دەبێت... گرنگ ئەوەیە زوو بگەڕێیتەوە.. ڕێککەوتین؟

- بابزانین!

کاتژمێر شەشیش لێی دا، ئاغا سەیری کاتژمێرەکەی خۆی کرد و دواتر کاتژمێری دیوارەکە. دەستی بە مێزەکەدا کێشا، کە نیشانەی کۆتایی پێکهاتنەکەی دەگەیاند.

پێش ئەوەی وەرچەرخێم و سەر وەرگێڕم، دەرگاکە لە پشتمەوە کرایەوە. ئاغا بە بەردەستەکەی وت:

– بە سەرۆکی پاسەوانەکان بڵێ کە مامۆستا بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرێتەوە.

چوارشەممەی ١٧ی تشرینی یەکەم، کاتژمێر یازدە، لە گۆڕەپانەکەدا خۆر گەرمە. جانتاکە لەسەر شان وەستاوەو چاوەڕێی واژۆکردنی پەڕە کاغەزەکانە. ئاغا تێپەڕی. کە بینیمی ئامادەم و جلم لەبەرکردووەو بۆینباخە سوورەکەمم بەستووە، چاوی لێداگرتم و بزەگرتی، بێئەوەی هیچ بڵێ ڕێگەی خۆی گرتەبەر.

پێش کاتژمێر دوازدە، لە دەرگای ماڵەوەم دا.. لێدانێکی سووک و دواتر پاڵم پێوەناو بەژوورکەوتم. خوشکمم بینی ڕاخەرێکی تەڕی هەڵدەخست. پیرێژنێک لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو نەمدەناسی. کە ئەنیسە بینیمی لە خۆشی و واقوڕماویدا دەمی داپچڕی. پەلاماری دام و کەوتە ماچکردنم و دەشگریا. ئیتر کورتە هەنگاوێک لێم دوورکەوتەوە و کەوتە سەرنجدانم. فرمێسک بەخوڕ بە چاوەکانیدا دادەبارین. فرمێسکی خۆشی و ناخۆشی بوو. هەر سەیریشی دەکردم!

دەستم برد بۆ چاوم و فرمێسکێکیش زۆری بۆ هێنام، بێئەوەی بتوانم بیشارمەوە خزا. ئاوڕێکم لە پیرەژنەکە دایەوە، وەک ناسیاوێکی تەواو وتم:

– پووری ڕۆژباش..!

بەرلەوەی وەڵامم بداتەوە لێمپرسی:

– لەچیدایت.. پووری..!

ئەنیسە دووبارە پەلاماری دامەوە. دەتووت دیسان پێم شاد دەبێتەوەو بە دەنگمدا دەمناسێتەوە. لە ئامێزم گرت و ئەملاولای و سەریشیم ماچ کرد. بێئەوەی سەیری بکەم، بە دەنگێک کە دەمویست بێ گرێوگۆڵبێ یەکسەر پێموت:

– ئەنیسە دەمەوێت بخەوم. ماندووم. زۆر ماندووم.

جارێکی دی کشایەوە تا سەرنجم بدات. پرسیارو فرمێسک لە چاوانیدا تێک ئاڵابوون. کە جانتاکەی هەڵگرت و ئێاماژەی بۆکردم هەتا دوای کەوم، وتی:

– نان دەخۆیت و دواتر دەخەویت.

– ئەنیسە، برسیم نییە، دەمەوێت بخەوم!

دوای دوو هەنگاو ئاوڕی دایەوە، بەدەم ڕێشەوە هەر لێی دەڕوانیم، لەوە دەترسا دوای نەکەوتبم. وام دەبینی کە پێکەنینێک ئادگاری گرتبێتەوە. هەستم کرد پێکەنینەکە کۆتایی هەموو شتێکە. خەریکبوو ڕاوەستم. وەختبوو هاوار بکەم. قاچم بە زەویدا دەکێشا، هەر وەک خووەکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر، کە دەهاتمە ماڵەوە دەمکرد. ئەنیسە بە پەرۆشەوە لێی ڕوانیم و بیری دەکەوتەوە. پێکەنینەکەی بڵاوبووەیەوە. هەر کە گەیشتینە بەر دەرگای ڕاڕەوەکە وتی:

– ژوورەکەت خاوێن و پوختە!

– کەسم ناوێت... تەنانەت دراوسێش... هەر لێمگەڕێ بخەوم!

لەگەڵ هەموو ئەو ئەرکانەی ئەنیسە بۆی کێشام، هەر نەخەوتم؛ بیجامەی حامیدی بۆ هێنام، جلی خاوێنی ژێرەوەی بۆ ئامادە کردم، پاکەتێک جگەرەو تەپڵەکێکی لەپاڵ سەرمەوە دانا، پەردەکەی دادایەوەو لە چوونە دەرەوەیدا بزەیەک گرتی. دوای ساتێک کە جارێکی دی دەرگاکەی کردەوە وتی:

– جێت دەهێڵم تا خۆرئاوا بخەویت!

– تا خۆرئاوا؟

– بەس نییە؟

– نازانم، خۆم هەڵدەستم!

ڕایەخەکە بە ورشەیە، خاوێنە. سەرینەکەم لادا. سەرم خستە سەر لایەکی ڕایەخەکە و ئەمدیوودیوم دەکرد. لە دیوارەکان ورد دەبوومەوە.. چاوم لەسەر دیمەنی باوەڕنامەکە گیرسایەوە، کە لە گۆشەی چەپیدا وێنەی خۆمی تێدابوو.

لەسەر نووکی پێ هەستام، چوومە سەر کورسییەکەو زۆر لە وێنەکەم ڕامام. "هیچ لێکچوونێک لە نێواندا نییە". چوومە لای ئاوێنەکەوە، سەرنجی ڕووی خۆمم دەدا؛ چەند موویەکی سپی لە هەردوو لاجانگ و ناوەڕاستی سەرمدا، زەردییەکی کەم لە هەردوو چاومدا، چرچولۆچی ... "ئەمە ڕووی کێیە؟" جا چوومەوە بۆ سەرنجدانی وێنەی گۆشەی باوەڕنامەکە. لە دڵی خۆمدا وتم "لەم دووانە یەکێکیان مردووە".

گەڕامەوە بخەوم.. یەکەمجار بۆنی ڕایەخەکە خۆشبوو، دەموچاومم داپۆشی و چاوم نووقاند و هەناسەشم دەدا. ناکرێت ئەم ڕایەخە بۆ من بێت. خاوەنی ئەم ڕایەخە مرد. بۆنەکەی گۆڕا. ئێستا بۆنی ئیسپرتۆیە. بۆنی نەخۆشخانەیە. توانای هێشتنەوەی ڕووپۆشەکەی سەر سەرمم نییە. سەرینەکەم ڕێکخست. ویستم بخەوم، بەڵام بیرەوەریی چەتوونانە کەوتە داگیرکردنی مێشکم.

ئێستا چی دەکەن؟ وا کاتژمێر لە یەکیشی تێپەڕاند، لە یەکدا سەرخەوشکاندن دەستپێدەکات. لە دوانزەو چارەکدا نانخواردن کۆتایی دێت. نانخواردنی نیوەڕۆژەمان دە خوولەک زیاتری نەدەبرد. حەسیب هەرگیز واز لە خووەکەی خۆی ناهێنێت.. دەبێت دوای نیوەڕوان خەوی خۆی بکات.. ئەی ئەمجەد؟ ئەی ئیبراهیم؟ ئەمڕۆ ناخەون. کەس خەو ناچێتە چاوی... باسیان هەیە.. ئەو وشانە دەزانم کە دەیڵێن، دووجار لەمەوپێش بیستوومن. ئەمجەد شەو دەگریی.. لە دووجارەکەی پێشوودا گریا. قسەی نەدەکرد، ڕقیشی لەو قسانە بوو کە ئیبراهیم دەیکردن.

کە هەمووان دەخەون، ئەمجەد لەبن ئەو ڕووناکییەی لە بنمیچەکەوە دێت بە ئاگا دەمێنێتەوە. لە ژووره نزمە ڕەشداگەڕاوەکەدا، هەر دەگریی. ناشیەوێت کەس لەکاتی گریاندا بیبینێت. کە دواجار بینیم ڕاچڵەکی و بەهۆی ئازارەوە ڕووی گرژبوو. ئەمجا بەپەلە وەرچەرخا. لە ژیانمدا کەسێکی وەک ئەمجەدم نەدیوە. یەک وشەم لە بارەوە ناڵێت. چاوی پچووک دەبێتەوەو دووردوور دەکەوێتەوە.

ئەوانی تریش، لەو ڕووەوە قسەی زل و قـەڵـەو دەکـەن. ئێـستا بـۆچی بترسـم، بەر لە وازۆکردن هەستم بە پـەشـیمانی نـەدەکـرد، بـەڵام کـە دەنگی قـەڵـەمـەکـەم بیست، لەرزیم. بۆنی مەرەکەبەکە ناخۆشـبوو، دەسـتم ئـارەقێکـی سـاردی کـردەوە. ئاغا کە دوای وازۆکردن پەڕەکەی لە ژێردەستم ڕاکێشاو، وتی:

- پێش دەرچوونت بەکەس نالێین، هاوڕێکانیشت.. دوا ناکەون!

لـەدڵـی خۆمـدا وتـم: هـەر هـەمـان وازۆی جـارانم بـوو؟ زۆر لـە مێـژە وازۆم نەکردووە، دوا وازۆم چوار ساڵ لەمەوبەر بوو.. ئەو کاتە پێش وازۆکردنەکەم هەمـوو نووسینەکانیانم خوێندەوە، تووڕە بوون، پڕ جنێویـان کـردم، بـە گاڵتـە پێکردنـەوە وتیان:

- سەیرکەن ... دەترسێت وازۆی قسەکانی خۆی بکات!

بە ڕکەوە، بێئەوەی هیچ بڵێم پێیاندا هەڵمڕوانی. دوای ئەوەی نووسـینەکـەیـانم بەووردی خوێندەوە، پەڵپم لە هەندێک وشە گـرت. بـە گاڵتـە پێکردنـەوە سـەیریـان کردم و یەکێکیان وتی:

- ئەو وشانەی ناتەوێن بیان سڕەرەوە ئەوجا وازۆی بکە.

دوو ڕستەم سـڕییەوەو وازۆم کـرد. بـەرلـەوەی ژوورەکـە جێبهـێڵم بـەڵغـەمێکـی گەورە کێشرا بە ڕووم داو، عەبدیش شـەقێکـی مـزری بـە سـمتی چـەپمـدا چزانـد.. حاتەمیش دەرگای زیندانەکەی کـردەوەو پـاڵێکی تونـدی پێـوەنـام.. بیرمـە کـە بـە ڕکەوە سەیرم دەکرد، سـاتێک دواتـریش کـە لـە زەمینـەی زیندانـەکـە وردبوومـەوە، دڵۆپە خوێنی ئەو برینەی لەسەر بڵاوببۆوە کە کەوتبووە لچولێومەوە.

نەخێر هەمان وازۆ نییە. وازۆکەی ئەمجـارەم بـە پـەلـەو کۆتاییـەکـەشـی درێـژو شـێواو بـوو.. ئاغـا پـەڕەکـەی ڕاکێـشاو بـزەیـەک هـەمـوو دەموچـاوی گرتبـۆوە. جگەرەیەکی دامێ و بە دەنگێکی نزم وتی:

- خودا بەرخوردارت بکات، گەر زووتر ئەم پەڕەیەت واژۆ بکردایە چوارساڵ لەمەوبەر دەردەچوویت، بەڵام پێویستە مرۆڤ نرخی ئەوە بدات کە فێری دەبێت!

بێئەوەی هیچ بڵێم سەرم ڕاوەشاند. ئەو ئاغایەی ئێستا دەیبینم جیاوازە لەوەی کە بە درێژایی پێنج ساڵ ناسیومە، ئەمجارەیان قەڵەو هاتە بەرچاوم، بەتایبەتی بەو ورگە بچووکەی کە بەسەر پشتێنەکەیەوە دەرپەڕی بوو، دەستیشیم بە سپیی ترو قەڵەو تر دەبینی. لە هەموو ماوەی ڕابردوودا سەرنجی ئەوەم نەدابوو خاڵێک بە ناوەڕاستی ملییەوەیە.

چیم لەبارەوە دەڵێن؟

دەمەو ئێوارە ئاهەنگەکە دەستپێدەکات، دووجاری ڕابردوو وابوو. ئێوارە بەندیخانە خامۆش دەبێت و ئاغاش زەوقی بەوە دێت.. دوای سەرخەوێکی درێژخایەن.

دواجار کە نەجیب ئەو پەڕە نەفرەتییەی واژۆ کرد، ئاغا کۆی کردینەوە. شووڵێکی بچووکی بەدەستەوە گرتبوو، یەکەمجار وامدەزانی دارە، بەڵام کە لەدەستی بەربۆوە، گوێم لە زڕڕەی بوو. لەدوای مێزەکەیەوە دانیشتبوو، لە ڕێکی سەریشییەوە تیشکی گڵۆپێکی سەوزی بەسەردا پەخش ببۆوە، ڕەنگی ژوورەکەی سارد هەڵدەگێڕا. زۆر چاوەڕێمان کرد ئەویش چاوی بەناوماندا دەگێڕا، دوای ئەوەی بەووردی ڕوومانی خوێندەوە، سەری ڕاوەشاند و بە ئەمجەدی وت:

- تۆ لووسکە جوانەکە.. نزیک بەرەوە. ئەم پەڕەیە بە دەنگێکی بەرز بخوێنەرەوە!

ئەمجەد کە هەنگاوی بەرەو پەڕە درێژکراوەکە دەنا هەنگاوەکانی تێکەڵوپێکەڵ دەبوون، ڕەنگی لە سوورداگەڕاوی خۆی و تیشکە سەوزەکە، وەنەوشەیی دەنواند، هەر کە وشەکانی یەکەمی خوێندەوە: "من نەجیب سالمم، بەوپەڕی ئارەزوو و

سەربەستییەوە وازۆی دەکەم". تا دەنگی گۆڕا، بەدەم ئازارەوە گرژبوو، خەریکبوو پەڕەکە بۆئاغا بگێڕێتەوە، لەچاوی دووری خستەوە و سەری ڕاوەشاند، بەڵام نەڕەی ئاغا لەرزی لێهێنا، ئاغا کە لەدوای مێزەکەیەوە ڕاپەڕی، نەڕاندی:

– بیخوێنەرەوە سەگە، بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە.

ئەمجەد ساتێک ڕاما، هەر وەک بییەوێت کەللەڕەقی یان بەرهەڵستی بکات، بەڵام کە دارەکەی ئاغای بەتوندی تێوەژێنراو لە سنگی چەقی، وای لێکرد کە بەردەوام بێت.

ئاغا دەستی هەڵنەگرت.. ناچاری کردین یەک لەدوای یەک بیخوێنینەوە. ئەمجا کە لێبووینەوە وەرچەرخاو سەرلەنوێ چووەوە پشت مێزەکەو دانیشتەوە، هەستی بە شانازییەکی ئەوتۆ دەکرد کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە، دیسان سەیری کردینەوەو بە دەنگێکی نزمی ناسک وتی:

– ئێستا کێ وازۆی دەکات؟

هەر کە بەبێدەنگی ماینەوە، بە باوەڕە پتەوەکەیەوە سەری ڕاوەشاند و بەردەوام بوو:

– هەموو ئەمە ڕێگاتانە.. ئەمڕۆ نەبێت سبەینێ، هەر خۆشتان زەرەر دەکەن، سبەی وازۆی دەکەن و لە بەندیخانەش دەمێننەوە، بەڵام ئەو کەسەی ئێستا وازۆی بکات، لە ژوورەکەی خۆمەوە یەکسەر بۆ شەقامەکە، خۆشم جلەکانی بۆ دەگەیەنمەوەماڵەکەی.. وازۆی دەکەن؟ کەس وازۆی دەکات؟

بەدڵی نەبوو کە وا بێدەنگ بمێنینەوە.. دارەکەی کێشا بە ڕۆخی مێزەکە داو هەستا. لێمان نزیک بۆوە. بە دەورماندا خولایەوەو ئەمجا دیسان پشتی بە مێزەکەیەوە نووساند، ڕووی قسەی لە من کرد و وتی:

- خێلە گوێبگرە.. بەو خوایە دەتگێڕمەوە ناو.... دایکت، هەتیو، کەسانی وەک تۆ و گەورەتریشم لە تۆ دیوە، هەمووشیان چۆکیان دادا.. واز لەم کەللەڕەقییە بێنەو واژۆی بکە!

وەڵامم نەدایەوەو سەیریشم نەکرد، ڕووی بۆ لای ئەمجەد وەرگێڕاو، وتی:

- تۆش هەی دا نەعنا، هەی خۆشەویستەکەی دایکی، ناتەوێت واژۆی بکەیت؟ 'شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی' ڕۆژانە دایکت دێتە بەندیخانەو بە نووزەنووز و کڕوزانەوە دەڵێت: منداڵە هیچ نافامێت. حەرامزادەکان تووشیان کردووە، بەڵێ تووشیان کردووە. بۆڕای پێغەمبەر وازی لێبێنن، خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێت وازی لێبێنن! 'گەڕایەوە سەر شێوەکەی یەکەمجاری' گەر واژۆی بکەیت ئەوا من مەڕێک بۆ خۆت و دایکە نازدارەکەت سەردەبڕم!

ئیبراهیم و سامی و عەزیزیش.. ئاغا جنێوێک چییە نەما نەیدا. هەرچییەکی دەزانی وتی. یەکەمجار پێش پێنج ساڵ کە دیم وامدەزانی نازانێت چۆن وەڵامی سڵاو بداتەوە، بە دەنگە خەواڵووەکەیداو ئەو جووتە چاوەی کە خۆی لە جێگەیەکدا پێناگیرێت، شەرمن دەکەوتە بەرچاوم... بەڵام ئێستا بە شیرەکەیدا لە دەڵاڵ یان گەواد دەچێت.

کە لە جنێودان ماندووبوو، داینیشاندینە سەر زەوی، بە پێڵاوەکانی دەیدواندین. لە دواوە قاچی نابووە سەر ملی ئیبراهیم و بە هەموو قورسایی خۆی پێی لەسەر دادەگرت تا وای لێهات لەسەری ڕاوەستا، قاچەکەی تریشی لە هەوادا دەلەرییەوە، عەزیزیش کە لەسەرەتای ڕیزەکەدا بوو، ئاغا توند پاڵی پێوەنا بەسەر ئێمەداو ئەمجا بەدەمدا کەوت!

ئاغا ئێستا ئامادەیە. پـێش کـاتژمێر دوو ژوورەکـەی جێـدەهێڵێـت، لـە پێنجـدا دەگەڕێتەوە، تۆزێکیش دوای پێنج ئەو ئاهەنگە دەستپێدەکات کە ئـەمجارەیـان مـن پاڵەوانەکەی دەبم. پێیان دەڵێ:

- سەد جارم پێوتن یەک لـە دوای یـەک واژۆی دەکـەن.. تـا ئێستا چـەند سەر ماوە؟ بەیانی نۆرەی کێیە؟ ئـەمجـەد سبەی فاتیحا بـۆ گیـانی تـۆ دەخـوێنین. دوو سـبەییش!.. ئـەی تـۆ ئیبـراهیم؟ برایمـۆک، چـاوی مـن برایمۆک، ئەمجەد تۆ ئازابە تا پەیکەرێکت لـە گـۆڕەپانـەکە بـۆ دروست بکەن! بەڵام برایمۆک تۆ، ئـەگـەر مردیـت، چـوار کـچ و دایکیـان بـۆ کـێ جێدێڵیت؟ ئەی پاڵەوان گوناهت دەگـات، ئـەوانـەی لـە تـۆ پیـاوتر بـوون واژۆیان کرد.. ئەی تۆ.. تاکەی؟

بەلایەوە من لە هەموویان کەللەڕەقتر بووم، کاتێک هـەوڵـی لـەگـەڵـدا دەدام لـە جارێک زیاتر پێیوتم:

- واژۆی بکەو بەچاوی خۆشت دەیبینیت.. بۆ دڵنیا بوونیشت، دەکرێت لـە بــەندیخانــە بمێنیتــەوە تــا واژۆی دەکــەن.. گــەر واژۆکــەت ببیــنن زۆر خۆناگرن، من لەوە دڵنیام، هەی حەیوان گوێم لێڕاگرە مـن وەک برایـەک ئامۆژگاریت دەکەم، زۆرت چەشت، بۆ کەسانێکی تری جێبهێڵـە بیچێـژن. شێت مەبە.

بنمیچەکە دەخولێتەوە.. ئەم ژوورە ژووری مـن نییـە، قـەرەوێڵـەکـەشـم پێشتر نەبینیوە، لەسەری نەخەوتووم، هەموو شتێک گۆڕاوە.. نەخێر خۆم گۆڕاوم.

دوێنێ ئەم کاتە مرۆڤێکی تر بووم، تا کاتژمێر شەش بەهێز بووم.. نا بە چەنـد خوولەکێک پێش شەش.. سەرنجـی کـاتژمێرەکـەم دەداو دەمویـست تاکـە شـایەتـی کۆتاییەکە بێت، لەگەڵ قسە خۆشەکانیشیاندا دوژمنم بوون.. هـەر چواریـان دوژمـنم بوون، تاکە کەسی بێلایەن کاتژمێرەکـە بـوو.. پـێش شـەش بـە چـوار خوولـەک..

پێنج خوولەک.. دوێنێ ئەم کاتە بەهێزبووم.. ڕاستە من چەند ڕۆژێک پێشتر شتێکم پێوتبوون، بەڵام کێ دەیتوانی ڕێگەی پەشیمانیم لێبگرێت؟

لە دوازدەدا نیوەڕۆژەمان کرد.. خواردنەکەیان کەمێک پێش کاتی خۆی هێنا.. شیشە کەبابەکەم نابووە نانێکەوەو کەوتبوومە خواردنی.. خواردنەکە بەتام بوو، کاتێک دوای قاییلبوونی واژۆکردنەکە گەڕامەوە، نەمتوانی دەست بۆ بەرماوەی خواردنەکە درێژ بکەم، کەبابەکە سارد و لینج بوو.. ئەوانیش دەستیان لە خواردن هەڵگرتبوو.. زۆر سەیریان کردم. ئیبراهیم پرسی:

– دواکەوتی. زۆر دواکەوتی چیبوو؟

هەموو سەیریان دەکردم، چاوەڕوانیی وتنی وشە نەفرەت لێکراوەکەیان لێدەکردم.

ناشزانم چۆن وتم:

– چووم بۆ لای دکتۆر!

– دکتۆر و پاشنیوەڕۆ؟

عەزیز ئەم پرسیارەی کرد. بە دەم پرسیارەکەشەوە قاپەکەی لەبەردەم خۆیدا لاداو بەرەو ڕووم خۆی وەرچەرخاند. بێئارامانە وتم:

– داڕزاوم و توانام نەماوە.

بێدەنگ بووین.. ئەمجەد نەبێت ئەوانی دی هەموو کەوتنەوە بیرکردنەوە، ئەویش چووە لای تەنەکەکەو میزی کرد، وەک هەستی کردبێت بە چاوێکی بەسامەوە سەرنجی دەدام. کە توانای خواردنم نەما، قاپەکەم هەڵگرت تا بیبەم لای دەرگاکەوە دایبنێم، بەڵام لە دەستم بەربۆوە. دەستم دەلەرزی؟ ئەی ڕەنگوڕووم ئاشکرای کردم؟ ئاغا کە پەڕەکەی هەڵگرت و پێچایەوە، بە دەنگێکی ڕوون وتی:

- ئاهەنگەکە تا شەش کاتژمێر دوای دەرچوونت دەستپێناکات.. هەر وەک جاران!

بەدرێژایی شەو خەو نەچووە چاوم، سێ چوار جار ئەمجەدم بینی گورگئاسا سەری بڵند دەکرد و بەمنا دەیڕوانی.

نەمدەهێشت هیچ جارێک بە چاوکراوەیی بمبینێت. پیرە گورگێک بووم چاوێکم دەنووقاندو ئەوی تریانم دەکردەوە، تلم دەداو خۆم لە سەرنجەکانی دەرباز دەکرد، چوارەم جار تەواو لێم نزیک بۆوە، سەرنجی هەناسەدانی دەدام، یەکبینە دەیوت:

- دوایی زۆر دەخەوین.. مردن و خەوتن چونیەکن، هیچ جیاوازییەکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت یەکەمیان درێژەو دووەمیان کورتە.. هەڵناسیت تا ماوەیەکی زیاتر بژین.

دوا شەو چاویان ئاگری لێدەبۆوە. بە شێوەیەک هەستیان بە ڕوودانی شتێک کردبوو، بە ڕامان و بیرکردنەوە، بە گوێزرنگانەوە هەستیان پێکردبوو، ڕەنگە لە ڕێی ئەشکەنجەو خەفەتەوە بووبێت کە لە ناکاو دادەبارێت.

دڵتەنگی و پەستی وەک سێبەرێکی قورس باڵی بەسەردا کێشابن، توانای وتنی هیچیان نەما. دەمویست بقیژێنم. خۆم بەسەر شانی ئەمجەدا دەم و بگریم، بەڵام بەچاوە پرشنگدارە بە پرسیارەکەیاندا، دوا بیرە هاوبەشەکان کە پاساوی پێکەنینیان دەدامێ تا بگریم، تا دەستی هەر یەکێکیان بگرم و وەک دوا دەربڕینی شتێک ڕایوەشێنم، پەرشبوون.

ئیبراهیم کە میزی دەکردە تەنەکەکەوە بێئەوەی ڕووم تێبکات پێیوتم:

- ڕەجەب دەرمانی نوێیان دایتێ؟

بۆچی ئیبراهیم کاتی میزکردن نەخۆشییەکەمی بیر دەکەوتەوە؟ میزەچووڕکێ هەمیشەییەکەی دایڕزاندووە؟ پەیوەندییەکی نادیاری نێوان میزەکەو کۆتایی منە؟

لەوانەیە لەو ساتەدا بیری سامناکی بەسەردا هاتبێت، ئەگینا بۆچی بەمجۆرە پرسیاری کرد؟

دواجار ئاگادارم کرد، بەڵکو شتێک بکات وتم:

- ئیبراهیم من تەواوبووم، دەرمان دادم نادا.

بێئەوەی پانتۆڵەکەی داخاتەوە، هاتە پێشەوە و سەیرێکی کردم. سەیرکردنێک کە لە ناخەوە هەڵقوڵا بوو، سەیرکردنێک کە چاو هەر وەک ئاوێنەیەکی ژەنگاوی و گڕوێ نەبێت، دەری نابڕێت. بەپەلە چاوم نەوی کرد تا تەقینەوەکەی تێدا بەدی نەکات. ئەمجەدیش، بەپەلە سەیری هەردووکمانی کرد و قاچی کێشا بە دیوارەکەدا و ڕاکشا.

دواشەو وەک منداڵ لەبارچوون گران و ناخۆشبوو. کاتژمێرەکەی دەستم ڕاوەستا. وەک بەردە ڕەشێکی گۆجی بەسەرهات، کە کۆتایی دەگەیاند. ترس دایگرتم، تەنانەت گومانم وابوو کە لە ژیاندا نامهێڵن. پێموابوو گەر ساتێک بخەوم، ئەوا سواری سەرم دەبن و دەمخنکێنن. بیروڕای ئەمجەدم تاقیدەکردەوە، وتم:

- هێشتا هەر بێخەوی هاوڕێی هەمیشەییتە؟

بە پەستییەوە بزەگرتی و سەری سەلماندنی ڕاوەشاند. دیسان لێم پرسییەوە:

- وەک جاران یان زیاتر؟

- هیچ نەگۆڕاوە!

کەواتە ئەمجەد ئەوەندە منداڵ نییە وەک من بۆی دەچووم، دەزانێت کە من گۆڕاوم و یەکەم کەسیش دەبێت کە سواری ملم بێت. ئەمجەد بە بێخەوی و سەرەڕۆیی دژایەتی لێکدانەوەو بۆچوونەکانی دەکرد، گەر ساتێک بێخەوی و سەرەڕۆییەکەی کەمی کردایەتەوە ئەوا دەڕووخا، نایەوێت ئەوەی لەسەریدا کڵپەی سەندووە بیڵێت. لە دڵی خۆمدا، سوور بووم لەسەر وتنی: سەرەڕۆیی سەرەتای ڕووخانە.

دیسان بە ڕوویاندا دەخولامەوە. بۆچی چاویان بەم قووڵییە دەدرەوشێنەوە؟ ئەو چاوانە نین کە شەوانی زستان و هاوین تێیاندا دەحەسامەوە، هیچ لەوان ناکەن. ئێستا زیاتر بەچاوی پاسەوان دەچن؛ بەگومان و سامناک و دژوارن.

وشەکانی عیسمەت گوریسێکی لوولکراوئاسا لە گەردنم دەئاڵان، ئێستا هەموو قسەکانیم بیردەکەوێتەوە!

دوای ڕووخانی نەجیب کە لە دوا ئاهەنگ گەڕاینەوە، کۆتایی پیتە دەرپەڕاوەکانی نادیارو پێکدا چوو بوون، بەڵام وشەکان گەلێک لە هەموو ئەو پیتانە ئاشکراتر بوون کە لێیان پێک دەهاتن. زۆر بەڕوومان‌دا هەڵیرپوانی، سەرنجەکانی ڕکاویی و بێبەزەییانە بوون. شانی ئەمجەدی گرت و ڕایتەکاند، دەیوت:

- بەرگرییت لێ دەکرد! هەزار جارم پێوتن ناپاکە.. ئێستا بە چاوی خۆتان بینیتان، هەر چەکی کۆتایی خۆیی واژۆ نەکردووە، واژۆکەی چەکی کۆتایی هەمووومان بوو.. کێ دەزانێ چی پێوتوون؟ ئەی کاغەزەکان؟

ئەو شەوە لە کاغەزەکان ڕزگارمان بوو، لە نزیک تەنەکەی میزەکەوە سووتاندمانن. من پاسەوان بووم. چاودێریی دەرگای دەرەوەم دەکرد، تا گەر یەکێک هات ئاگاداریان بکەم.. ڕێککەوتین کاغەزەکان بەدوای یەکدا بسووتێنین. گەر پاسەوانەکە هات نوقمی ناو تەنەکەی میزەکەمان دەکرد، ئەمەش تاکە ڕێگەیەک بوو تا نەخوێنرێنەوە. ئیبراهیم کە بە تەنەکەکەیدا دەڕوانی وتی:

- میزەچوڕکێ کاتی خۆی نەبێت نایەت.. وەرن میزکەن، لەبری من و خۆشتان.. میزکەن، تا گەر شەیتان هات کاغەزەکانمان نوقووم کردبێت، توانای خوێندنەوەیی نەبێت!

عیسمەت هێوڵ نەبۆوە. لە هیچ شتێکدا بەشداریی نەکردین. ئەو شەوە تا درەنگانێک جنێوەکانیمان بەرگوێ دەکەوت.. ئەو قسەیەی کە بێماندوو بوون و بەدەستی توند و نووقاوەوە دەیوت و دەیوتەوە:

- ئەگەر ئەمزانی دەم کوشت! دەمتوانی بەئاسانی بیکوژم، سەرینەکەم لەسەر دەموچاوی دادەناو بە هەموو قورسایی خۆم لەسەری دادەنیشتم تا دەتاسا...

بەتووڕەییەوە دەستی ڕادەوەشاندو بە دیوارەکەیدا دەکێشا، بەردەوام بەدەنگێکی تێکەڵ بە تووڕەیی لەسەر قسەکەی دەڕۆیی:

- دەمتوانی بەم دوو دەستە بیخنکێنم.. ئەو ئێستا مەست دەبێت، ئێمەی فرۆشت.. ئای گەر کاتی خۆی دەمزانی، گەر دەمزانی دەم کوشت.

عیسمەت هەموو ئەو وشانەی دەیکردن بە ڕاستی بوو. جارێک داوای لە پاسەوانەکە کرد بانگی سەرۆکەکەیان بکا، پاسەوانەکە نەیکرد. دیسان داوای لێکردەوە هەر نەیکرد. لە پڕدا عیسمەتمان بینی قاچی ناوەتە سەر ورگی پاسەوانەکەو بە هەموو هێزی خۆی لەقەیەکی لێ دا. پاسەوانە کەوت و لە هۆش خۆی چوو. هەمووش نرخی لێدانەکەمان داو ماوەی بیستویەک ڕۆژ خراینە بەندیی تاکەکەسییەوە.. جارێکی تریش عیسمەت تفێکی دا بەڕووی سەرۆک پاسەوانەکەدا. سیسرکێکی لە قاپی فاسۆلیاکە دەرهێناو پێیوت:

- بەرازینە ئەمە گۆشتەکەتانە؟

چاوەڕێی وەڵامەکەی نەکرد، تفێکی پڕ بە دەمی کرد بە دەمووچاوی دا.. بەڵغەمە زلەکە تا نیشانەکەی سەرسنگی شۆڕبۆوە، نیشانەیەک کە پاسەوان شانازیی پێوە دەکرد. عیسمەت چل و پێنج ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسیدا مایەوە.

ئایا عیسمەت پێشتر کەسی کوشتووە؟ چۆنچۆنی ئەو گیانە ناکۆکانە لە لەشیدا گرد بوونەتەوە؟ وەک منداڵ پێدەکەنێ، وەک ئاژەڵێکی برسیش دەخوات..

بەڵام کە مان لە خواردن دەگیرێت، دڵڕەقی ئەو کاتەی سەد پەڵـی دەدا بـە پـشتی پاسەوانەکاندا.

عیـسمەت هـەڕەشـەی دەکـرد، جنێـوی دەدا. لـەلای دەرکـە ئاسـنینەکـەوە دادەنیشت، خواردنەکانیش گردۆڵکەی پیسیی ئاسا بەسەر یەکدا دەکـەوتـن، ئـەگـەر کەسێک دەستی بۆ کولێرەیەک درێژکردایە، توند دەستی دەگـرت و لـەودیـو شیـشە ئاسنینەکانەوە ڕایدەوەشاند تا کولێرەکەی لەدەست بەرببێتەوە.

ئەگەر هەردوو دەستی عیسمەت بخرێنـە بیـنم، ئـەوا وەک باڵـندەیـەکـی تاسـاو قیژەیەکی کورتم لەدەم دەردەچێت.. تاوێک دەخایەنێت ئەمجا ملـم شـۆڕدەبێتـەوەو دەکەوم. دەستی بەهێزن. ئەو وەک ئیبراهیم خۆی هەڵناکێشێت، بـەڵام کـەس لێـی نزیک ناکەوێتەوە.. جارێکیان ئیبراهیم ویـستی دەستـشکاندنەوەی لـەگـەڵـدا بکـات، ڕووی بە پێکەنین، جگەرەش بەدەستەکەی ترییەوە نەدەلەرزی. بـەڵام ئیبـراهیم بـۆ ساتێکی کەم ڕووی گرژ بوو، ئەمجا هاواری لێ هەسـتا، چـەنـد دڵۆپـە ئـارەقێکـیش وەک دەستە بەزیوەکەی بە ڕوویدا بەربوونەوە.

ئەمشەو کەس ناخەوێت، شەوی ئاهەنگێکی گەورەیە بۆ کۆتاییەک. کـات نرخـی نامێنێت، بیرەکان بەدووی یەکدیدا دەبنە لێزمەی بـارانێکی زسـتانە. بـەڕاسـتی ئـەو شەوە هەناسە بەڕێکوپێکی دەدران؟

ئـەر کـە ئـەمجـەد هـەسـتاو چـوو بـۆ لای تـەنـەکـەکـە، بـۆ دڵنیـابوون بـوو لـە خەوتنەکـەم، تـا ئیـشارەتـی کوشـتنمیان بـداتێت؟ ئـەمجـەد کـە دەرۆی بـەمـلاولادا دەکەوت، دەیویست چاوی بە نووقاوی بهێڵێتەوە تا سـەر لـەنـوێ بخـەوێتـەوە، یـان بڕوایەکی خێرام پێ ببەخشێت و هانی خەوتنم بدا، تا کوشتنەکە دەستپێبکات!

بەڵام جاروبار پرخەی عیسمەت وەک چرکەی ئامێرێکی پەککـەوتـە دەهـات، لـە دڵی خۆمدا وتـم: "خـەوتـووە بـەڵام پرخـەکـەی دەگۆڕێت" زۆر چـاودێریم کـرد، بـۆ ماوەیەک بەردەوام ڕێکوپێک بوو، ئەمجا گـۆڕا، زیـاتر لـەجارێـک گـۆڕا. لـە خۆشـمم

پرسی: "بۆ مرۆڤ دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بپرخێنێت، ئەگەرچی خەویشی لێکەوتبێت؟ گەر ئەو دەستە ڕاوەشێنێت کە ئاماژە بۆکردنەکەی پێ سپێردراوە بە ئاگا نایە؟" تاکە ساتێک چییە خەو لە چاوم نەکەوت. بیرو لێکدانەوەکان وەک ئەسپی شێت لە کەللەمدا غاریان دەدا، بیری مردنیش زاڵترینیان بوو. لە دڵی خۆمدا دەموت: "عیسمەت بێ دواکەوتن هەر هەڵدەستێت تا ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت". بە سووربوونێکی سەرکێشانەوە وەڵامم دەدایەوە: "بێ قیژاندن، بێ بەرپەرچدانەوە نایەڵم ئەوەی دەیانەوێت بیکەن، قیژەیەکی بچووک، لە شەوی مەنگدا، تەنیا قیژەیەک بەرد بە ئاگا دێنێت.. پاسەوانەکانیش بەو ڕادەیە دوور نابن کە پێش گەیشتنیان گیانم دەرچێت... تەنانەت کەمێکیش دواکەون هەر لەکاتی پێویستدا دەگەن. مرۆڤ لە چەند چرکەیەکی کەمدا نامرێت، دڵ لەو پەڕی بەهێزیدایە، توانای بەرگەگرتنی هەیە، توانای خۆگرتنی هەیە.. پاسەوانەکانیش، پێش دەنگدانەوەی قیژەکەم دەگەنە سەرمان، ئەوان چاوەڕێن، بەتەمان.. ئاغاش دەبێت شتێکی پێ ڕاگەیاندبن، لە جاران زیاتر ئاگایان لێم دەبێت و دەمپارێزن.. ئەگەر بمرم هەموویان دەگیرێن، لە کوشتنم بەرپرسیار دەبن..."

شەوی سەرەتای زستان درێژە.. درێژ، لە شەوگاری زستاناندا کاتژمێر تا ڕادەیەک درێژە کە لە دەیان کاتژمێری هاوینان درێژترە، ئەگینا ئەو ئەنگوستە چاوەی دەرەوە بۆ؟ ئەو بێدەنگییە نا ئاساییەی کە تەنانەت دەنگی سیسرکێک یان کۆکەیەکی قاوشەکەی تەنیشتمان دڕی پێنادات، بۆ؟ هەستێکی نادیار باڵی بەسەر باری بەندیخانەکەدا کێشاوەو چاوەڕوانی کۆتایی مرۆڤێکە، ئایا ئەوە کۆتایی من دەبێت؟

بەڵام من تەواو نەبووم! بەڵکو من لێبوومەتەوە. چاوە بە پێکەنینەکەیان کە بە ئاغادا دەیانڕوانی پەڕەکەیان دەپێچایەوە، قسەکانی کابرا نەناسەکەی کە داوای هاوکاریکردنەکەی لێدەکردم، کۆتاییم بوو.. نەخێر لێنەبوومەوە. نەخۆشییەکە

کوشتبوومی. دەمەوێت ماوەیەک پشوو بدەم.. توانام نەماوە. مرۆڤ تا ڕادەیەک توانای خۆگرتنی هەیەو ئیتر لەناو دەچێت. ئەی من، کەس نکوڵی لەوە دەکات کە لەماوەی پێنج ساڵدا چەندم ئازار چەشت؟ دەتوانم بەرامبەر هەموویان ئەوە بڵێم.. عیسمەت تۆ بڵێ، لە من زیاترت چەشتووە؟ لێدان، بەندیی تەنیایی، بە بنمیچدا هەڵواسین، ئاوی سارد لە ڕۆژانی زستاندا، خەو لێ قەدەغەکردن.. هەموو چەشتوومانە.. لەوانەیە لە هەڵواسیندا لە منت زیاتر چەشتبێت، ڕۆژێک زیاتر مابیتەوە. ئەوە تاوانی من نییە، لەشم بەرگەی نەدەگرت، زۆرجار لە هۆش خۆ دەچووم، دواجاریش بۆ بە ئاگا هێنانەوەم ئاوی سارد و شەقازلە بەس نەبوو.. جیاوازی قورسایی نێوان لەشمان لە بیست کیلۆ زیاتربوو، عیسمەت هەشتا کیلۆ زیاترە و منیش لە ژیانمدا نەگەیشتوومەتە شەست کیلۆ. چیم پێدەکرێت گەر لەشم خۆی پێنەگیرێت؟ هیچ ڕۆژێک ویستوباوەڕم لەق نەبووە.. لەوانم زیاتر چەشت، ئەوانیش باش ئەوە دەزانن.. ئەو ئێوارەیەیان لە بیرە.. هەینی بوو، کاتی سەردانی هەفتانە بوو، خوشکم و پوورم هاتن.. بەڵام دایکم نەهاتبوو.. یەکەم جاربوو نەیەت. یەک وشەیان لا نەدرکاندم، هەستم کرد، قیژاندم، لێم دەپرسین، ناکاو خوشکم گریاو هەموو شتێکم زانی!

دایکم لە مێژە تووشی تەوژمی خوێن هاتبوو. دەیان جار پێمدەوت: واز لە سەرلێدانم بێنە، نامەوێت وا بمبینێت. بزەی دەهاتێ و وەڵامی نەدەدایەوە. هەر دەشهات.

لەو ئێوارەیەدا بەڕادەیەک هەستم بە تەنیایی کرد کە لە توانادا نەبێت. ئەوان دایکمیان کوشت، ئەوەندەیان کنە لە مێشک و دڵیدا کرد تا کوشتیان.

ماوەی چەند ڕۆژێک خەو نەچووە چاوم. بەخەیاڵ وەک باڵدارێک دەفڕیم. ئازارێکی زۆر لە گەدەمدا پەیدابوو، گەلێک جار دەڕشامەوە، تا گەیشتە ئەوەی ئاغا

به پارووپەکی نەرمەقتم دابنێت.. کاتی نەخۆشییەکەم داوای لێکردم واژۆی بکەم و یەکسەر دەرچم. لە ناخەوە تفم کرد، بەدەم ئازارەوە دەتلامەوە، بەڕەقی پێموت:

– دەمرم و واژۆی ناکەم.

بە بڕواوە سەری ڕاوەشاند، داوای لە سەرۆک پاسەوان کرد بێ چارەسەرکردن بمگێڕنەوە بۆ قاوشەکە.

دایکی کەسیان نەمردووە.. تەنیا دایکی من نەبێت ئەویش لە کاتێکدا مرد کە من بەند بووم.. نکوڵی لەوە ناکەم دووانمان پێش گیرانیان، کە خۆیان بیریان نایە، بێ دایک بوون. بەڵام ئەوانیتر هەر بەو سۆزە بێ وێنەیەی بە بیرکردنەوە لە دایکیان خۆیان گەرم دادەهێنا.. لەوەش دڵنیا بوون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەندێتی کۆتایی دێت، دەشچێتەوە بۆ ماڵێکی پر لە گەرمی و سۆزی دایکە، دایک شتێکی لەئاسا بەدەر دەگەیەنێت، شتێک کە بێ دایک کەوتوو زیاتر تێیدەگەن.

ساڵێک دوای مردنی دایکیشم (هودا) ڕووخا.

هودا بەهێزترین هیوابوو کە بە دونیای ئازادییەوەی دەبەستم. وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەکان دەهاتە بەرچاوم، هەرگیز لە چاوەڕوانی بێزار نەدەبوو. بەڵام چاوەڕێی نەکرد. لە دوا نامەدا پێیوتم: "ڕەجەب، بەزۆر ناچاریان کردووم قاییلبم، بەڵام بۆ هەتاهەتایە یادت دەپارێزم".. هودا یاد چ سوودێکی هەیە..؟ گیراوێک گەرم دەکاتەوە کە تەنیا خەون بە کاتی سەربەستییەوە دەبینێت؟ ئایا ئەو بەندییە، لە شەوانی درێژی بەندێتی دێتە دەرەوە، تا بکەوێتە کۆشی ساردوسڕی و بۆ شاییەوە؟

ئاگاداری پەیوەندییەکانم بوون، کەس نەمابوو نەیزانێت. لە بەندیخانەدا هەموو شتێک لە نێوانماندا ڕێ پێدراو بوو. هیچ جارێک نامەکانیان نەدەخوێندەوە، بەڵام هەرچەند نامە بگەیشتایە دەیانپرسی. ئەنیسە خۆی دەیزانی چۆن نامەکان دەرباز دەکات.. لەناو سەرهەویری چێشتەکە، بن جگەرەکان، ناو کفتەکانی دەنا.. بە

پەرۆشییەکی شێتانەوە چاوەڕێم دەکرد، کە نامەکەم بەدەست دەگەیشت هێشتا لە خوێندنەوەی بێزار نەدەبووم، نامەیەکی تر دەگەیشت.. نامەکانی هودام دەپاراست، شەوان ماچم دەکردن، وەک نوشتەیەکی پیرۆز دەمخستنە ژێر سەرم، کاتێکیش ناچار دەبووین، لە ترسی هێرشی ناکاو و پشکنین، کە جاروبار ڕووی دەدا، نامەو کاغەزەکانمان بسووتێنین. گیانم لە گەڵیاندا دەسووتا. ئاواتم دەخواست کە چینێک بیرازکرامایە یان لە بەندیی تەنیا کەسییان بنامایە یان سەرجەم ئاودەستی بەندیخانەکەیان پێ پاک کردمایەتەوە، تەنیا بە مانەوەی نامەکان لەلام قاییل بوونایە، بەڵام شتی وا مەحاڵ بوو، ناچار دەبووم هاوبەشیی ئاهەنگی سووتاندنەکەیان بکەم کە هەموو دوو هەفتە جارێک یان کە لەبارێکی ناکاودا دەکرا.

هودام هەر لەبەرئەوە لەدەست چوو چونکە گیرابووم.. گەر ئازاد بوومایە ئەم هەموو ساڵە چاوەڕێی نەدەکرد.. دەمتوانی پێی بڵێم: "هودا ئێستا دەکرێت پێک بگەین.." بەڕاستییش دەمهێنا. گەر ئازاد بوومایە هیچ کام لە کەسوکارەکەی ناقاییل نەدەبوون یان یەک وشە چییە نەیان دەوت، بەڵام ئەو چییان پێ بڵێت، کە من ماوەی یازدە ساڵ لە پشت دیواری بەندیخانەوە گیرابم؟ بۆ کەس قاییل دەبێت بە درێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕوان بێت؟ ئەی کەسوکارەکەی قاییل دەبوون؟ دایکی بە پەیوەندییەکەمانی دەزانی، بەڵام ئەویش وەک هەر دایکێک ژیانێکی بۆ کچەکەی دەوێت کە لە توانای بەندکراوێکدا نییە بۆی دابین بکات.. هوداش لەدەست چوو.. شووی کرد، زۆرجار هەواڵیم لە خوشکم دەپرسی، وەڵامەکانی بەپەلە بوون، بە تووڕەیی بوون، هەر وەک نەیەوێت ناوی بێنم.

هەر من لە ناویاندا پەیوەندییەکی وا بە دونیای دەرەوەی بەستبوومەوە، لە دەستیشم چوو.. ئەوان؛ سیانیان ژنیان هێناوەو منداڵیان هەیە، سیانیشیان هەر هیچ لە جیهانی ئافرەت نازانن.. تەنانەت وەلید دڵداریی نەکردووەو حەزیشی

نەدەکرد هیچ لەبارەی ئافرەتەوە بڵێت، ئەگەر گوێی لە یەکێکیش بوایە دەربارەی ئافرەت بدوێت، گەر گوێشی لە یەکێک بوایە سەبارەت بە دونیای دەوڵەمەندو لەبن نەهاتووی دەدوێت، شێتانە دەیقیژاند و دەیوت:

- بەندێتی و ئافرەت یەک ناگرنەوە، سەرەتای ڕووخاندنی بەندکراوێک لەوەدایە کە تارمایی ئافرەتی بەسەردا زاڵبێت. گاجووتییە واز لەم نەخۆشییە بێنن.. خۆتان بخەسێنن تا کۆتایی بە ئازارو ئەشکەنجەتان بێت!

لە دوای ئەو نامەیەوە ئیتر باسی هودام نەکرد. بە دڵگرانییەوە، شەوێکی زستان دوای گەیشتنی دوانامەی پێموتن:

- ئەمڕۆ بووینەتە چوار بە سێ، زۆربە بوونی گای خەساو.

حەپەسان.. زۆر سەرسام بوون. لە خۆرئاوادا هەواڵی دونیای دەرەوەیان لێپرسیم، مەبەستیان هەواڵی هودا بوو.. بەپەلە پێموتن:

- دونیای دەرەوە هێشتا لەسەر هەمان تەوەرە دەسووڕێتەوە، گاجووتەکەش ماندوو نەبووە تا باری زەوی بگۆڕێت، لە شاخێکییەوە بیگوێزێتەوە بۆ شاخەکەی تری..

هەر ئەوەندەیان پرسی، منیش لەسەری نەڕۆیشتم، دەمویست ئازارەکە لەسەرخۆ بچێژم، تا هەست بە تامی جوێبوونەوەو سوێکەی بکەم..

بەڵام بۆ شەوێ، کە باران وەک چرای بەبریسکە لە گۆڕەپانە ڕووناکەکەدا دەباری. بەدوای یەکەم ڕستەدا کە بە هێواشی دووبارەم کردەوە وەک وتەیەک بدەم، پێموتن:

- تکام وایە لەمڕۆ بەدواوە پرسیاری هودام لێ مەکەن، بووە بە ئافرەتێک وەک ئافرەتانی تر.

ساتێک بێدەنگ بووم، تیایدا بە تامێکی بەزیوانەوە تفێکم قووت دا، ئەمجا هەوڵی زەردەگرتنێکم داو وتم:

– شووی کرد، هێشتا نەگوێزراوەتەوە، بەڵام بەمزووانە دەیبەن.

ئەمجەد لە سەرسامی و ترسدا هەردوو چاوی ئەبڵەق بوون، خەریکبوو شتێک بڵێت، من تا ڕێ لە هەموو پرسیارێک بگرم وتم:

– تکام وایە جارێکی تر هیچم لەبارەیەوە لێ نەپرسن.. بەلای منەوە تەواو بوو.

عیسمەت پێکەنی، وەک منداڵێک کە بییەوێت باسەکە بگۆڕێت و بیکات بە گاڵتە، وتی:

– ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە پرسە بۆ پیاوانە، دووشەممەش بۆ ژنان.

ئیبراهیم کە هەستی سەرکەوتن بەسەریدا زاڵبوو وتی:

– ئێستا بوویتە گاجووتێکی چاک، پێویستیشە بە درێژایی ژیانت واز لەم ڕەوشتە نەهێنیت.

عیسمەت جارێکی تر کردییەوە بەگاڵتەو وتی:

– ئەگەر ژنەکەم بیری لە جیابوونەوە بکردایەتەوە سێ ساڵ بوو لێم جیادەبۆوەو منداڵەکانیشم برای تریان لە کەلێکی تر بۆ پەیدا دەبوو!

ئەوان گاڵتەیان پێدەهات، بەڵام من ئازارم دەچەشت.. ئەوان ژنەکانیان لەدەست نەچووە، چاوەڕوانییە هەرە بەتام و چێژەکەیان لەدەست نەچووە، هەر ڕۆژێک دەبێت دەرچن و منداڵەکانیان، کە بەبچووکی جێیان هێشتوون، بە گەورەیی ببیننەوە، بگرە خووی واشیان گرتووە کە کەس نەزانێت چۆنیان دۆزیوەتەوە!

بەڵێ منداڵەکانیان گەورەدەبن، بچووکەکەیان یازدەساڵی تێدەپەڕێنێت، گەورەکانیش ڕیشیان دێت و لەگەڵ کچۆڵاندا دەکەونە دڵداریی.. ئەی من کێ چاوەڕێم دەکات؟

بەرگەم گرت.. گۆشەگیربووم و کەوتمە دژایەتیی کردنـی ئـەو هودایـەی کـە لـە خوێنما دەژیا. ناشزانم چۆن ناچاربووم کە هەواڵی لە ئەنیسە بپرسـم. زۆربـەی جـار کە دەهاتە سەردانم لێمدەپرسی، هەمان وەڵامم دەستگیردەبووەوە.

- شووی کرد.. شـووی کـرد و سـەفـەریشی کـرد. کـە لـەسـەفـەرەکـەشـی گەڕایەوە هەروا بەسەرپێـوە بینـیم. پێـدەچێـت هـودا ئـەو جـۆرە ژیانـەی بەلاوە پەسەند بێت؛ حـەوانـەوەو هـەر حـەوانـەوەو خـۆ بـەدوورگـرتن لـە گیروگرفت!
- ئەنیسە، ئەی ئەو هیچی پێنەوتی؟ نامەی پێدا نەناردی؟

ئەنیسە بە دڵتەنگییەوە پێدەکەنی. سەری نەخێری ڕادەوەشاند، تـا وازیـش لـە باسی هودا بێنم خێرا پرسیاری شتێکی لێدەکردم!

دوای شووکردنی هوداش هـەر خـۆم ڕاگـرت. بـەڵام نـەخۆشـییە نـەفـرەتییـەکـە بێبەزەیی بوو.

گوێم لە جیڕەی دەرگاکە بوو. بەپەلە چاوم نووقاند تا لە چەشتنی تـامی ئـازار بەردەوامبم. نەمدەویست کەس ببینم، یان دەنگێک ببیستم.. بە نـەرمـە پێیـەکانیـدا کە لـە ترپـەی پێـی پـشیلە دەچـوو، هـەستم بـە هاتنـە ژوورەوەی ئـەنیـسە کـرد. مـاوەیـەکـی زۆر بـەسـەر سـەرمـەوە ڕاوەسـتا. سـەرنجـەکـانیم تـێ هـەڵـدەچـەقـین، ئاواتەخوازبووم بـێ چاوکردنـەوە بمبینیایـە کـە سـەیـری دەکـردم. بڵێـی بـزەیـەکـی دڵتەنگی بەسەر لێوییەوە بێت؟ ئایا وەک گیاندارێکی ڕاستەقینە کە لە کەسـانی تـر بچێت، لەبەردەمیدا دەمبینێت؟ ئەی ئاخۆ ڕووخان بەڕوومەوە دیار نییە؟

ئەنیسە لە دونیادا هیچی ناوێت تەنیا ئەوە نەبێت کە من لەبـەردەمیـدا ببینێـت، "کە لەلای بم" بێئەوەی لە هۆکاری بوونم بپرسێت، لەو ڕێگایەی بـووە هـۆی بـوونم! ئەنیسە سیفەتە لاوازەکانی لە دایکمەوە بۆ ماوەتەوە، دایکم هەر سیفەتە لاوازەکـانی جێهێشتووە. ئێمە هەردووکمان لاوازین، دایکم هەر خۆی بەتوانا بوو، بەتواناییەکـەی

لەگەڵ خۆیدا برد و ڕۆیشت، لە لاوازی بەولاوە هیچی تری جێنەهێشت.. ئەنیسە لە دوا سەردانەکانیدا چەند قسەیەکی پێوتم وای لێکردم لەجاران زیاتر هەست بە نەخۆشییەکە بکەم. دەگریا، بەترسەوە دەستی بە ڕوومەتم دا دەهێنا، دەستمی دادەناو زۆر لێی ورد دەبۆوە.

ئەنیسە کە ژیانمی تێک دا، دوا ڕۆژانی بەندیخانەی لێکردمە دۆزەخ. پۆخڵییەکانی دونیای دەرەوەو کۆتاییەکەی پێ ڕادەگەیاندم!

– باسل شێت بووە، بەڕووتوقووتی بە شەقامەکاندا دەگەڕێت.. خالید لە ئەنجامی لێداندا چاوێکی داناوە، چاوەکەی تریشی پەرێشانە. موحسینیش.. موحسینت بیرنایە؟ ئیفلیج بووە. کە بردیشیانە ماڵەوەو دایکی چاوی پێیکەوت دایکە لە عەزرەتدا مرد! ئەنوەرو عەبدول کەریم و نەجیب ئێستا ئازادانە دەژین. ئەنوەر پێش دوو مانگ ژنی هێنا، بەیەکجاریش وازی لە سیاسەت هێناوە. نەجیب دەیەوێت خوێندنەکەی تەواو بکات، پێش چەند ڕۆژێک سەریداین و داوای لێکردم کە پێت بڵێم ئاقڵ ببیت. هەموو وازیان هێنا..

ئەنیسە بەسەرهات و ڕووداوەکانی دونیای لەبەر بوو، بۆی دەهێنام.. بۆ ماوەی چەند مانگێک لێم تووڕە بوو، چونکە بەشێوەیەک پێموت خستمە گریان:

– ئەنیسە گەر دەتەوێت ئەم باسانەم بۆ بێنیت ئەوا جارێکی تر مەیەرەوە.

زۆرجار هات و بە بێدەنگ، هەر لێم ورد دەبۆوە، هەندێجاریش دەگریا، بەڵام کە دەستی بۆ لەشم درێژ دەکرد تا لە پتەوی و تووندوتۆڵیی گۆشتەکەی دڵنیا بێت، بە تووڕەییەوە دەستیم لادەبرد. پێموت:

– من ڕەجەبم، گۆشت و خوێنم، هەموو جەستەم ساغە، هیچ شتێکی خوازراویشم تێدا نییە.

گوێی دەگرت و دەگریا. دیسان دەستی بە گێڕانەوەی باسەکان دەکردەوە؛ سەرەتا دەستی بەو باسە کۆنانە دەکرد کە هیچ شتێکی وایان نەدەبەخشی، لە گێڕانەوەشیاندا مەبەستی هیچ شتێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵام دوای ماوەیەک دەچووە سەر بەسەرهاتی ئازارو ئەشکەنجە:

- ڕەجەب ئاگاداربە، ڕەنگە ئەو دادگەرییەی هەفتەی ڕابردووت بیستبێت، کە بۆیان دەرکەوت جابر و ئەسعەد پەیوەندییان بە دەرەوەوە هەیە ماوەکەیان بۆکردن بە دوو قات.

بە سەر ڕاوەشاندنێک، بە بزەیەک، بە وشەیەکی پەلە دڵنیام دەکرد.. بەڵام وازی نەدەهێنا.

- ڕەجەب، خوا بتپارێزێت ڕەجەب.. گوێم لێبگرەو بە قسەشم مەکە.. ئێستا تۆ گەورەو ژیری، ڕەنگە بزانی چی سوودی بۆت هەیە.. نوعمان خۆی کوشت، بەڵام خەڵکی دەڵێن ئەوان کوشتیان، دوای ئەوەی هەوڵی هەڵاتنی دا کوشتیان. ڕەجەب ئاگاداربە.

لە دوای سێ مانگ، شێوازی قسەکردنەکەی ئەنیسە تەواو گۆڕا.

- حامید چووە لای بەڕێوەبەری پۆلیس و پێیوت کە تەندروستیت زۆر خراپەو پێویستیت بە چارەسەرکردن هەیە لە دەرەوەی وڵات، بەگوێیان نەکرد. وتیان تەنیا چارەسەر بەڵێندانە بەوەی واز لە سیاسەت بێنێت، حامیدیش هیچ بەڵێنێکی نەدا. دەڵێی چی؟

- ئەنیسە، بەڵام من تەندروستیم بەو ڕادەیە خراپ نییە!

- ئای، ئەگەر خۆت لە ئاوێنەدا دەبینیت، هەر پێست و ئێسکت ماوە.. چاوت زەرد هەڵگەڕاون، لچوو لێوت شین داگەڕاون.. ئای ئەگەر خۆت دەبینیت.

- چار خۆپاراستنە لە سەرما، بەرگی ئەستووریشم هەیە!

- چارەسەر ئەوەیە ماڵێکت هەبێت. ژیانت ڕێک بخەیت، لە کاتی خۆیدا بخۆیت، لەکاتی خۆیدا بخەویت. ئێرە.. بەندیخانە بریتییە لە ئازارو سەرما.. خۆت هەموو شتێک لەمن باشتر دەزانیت.

کەمێک بێدەنگ دەبوو، دیسان دەیپرسییەوە:

- حامید دەڵێ ئاخۆ چیت دەوێت تا بە بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕابگەیەنێت؟
- من حامیدم ڕانەسپاردووە.. من تکام لێکردووە.
- خۆت ماندوو مەکە، هیچم ناوێت.
- بیری لێ بکەرەوە، ڕەنگە حامیدیش چوونەکەی بۆ لای بەڕێوەبەری پۆلیس بخاتە هەفتەکەی تر.
- ئەنیسە هیچم ناوێت.. گەر توانیت فانیلەیەکی خووریی ژێرەوەم بۆ بهێنە، هەر ئەوەم دەوێت!

ئەنیسە دونیای منی تەقاندەوە، کردییە تەپوتۆزێکی بەرەڵای ناو گەردوونێکی لەبن نەهاتوو. جارێک لەو جارانەی کە هەوڵی کوشتنمی دەدا پێیوتم:

- هودا ئێستا دوو کوڕی هەیە. پێش مانگێک کوڕی دووەمی بووە، هەواڵیشی دەپرسیت.
- دووەم کوڕ؟
- ناویان نا عەدنان.
- ئەی تەمەنی یەکەمیان چەندە؟ ناوی چییە؟
- وابزانم، تەمەنی یەکەمیان ساڵ و نیو زیاترە، گەر بە هەڵەشدا نەچووبم ناوی "راجی"یە.
- راجی؟
- راجی!
- جگە لەوە چ هەواڵێکی تریشت لایە؟

- بەخوا کەس نابینم، تەندروستیم داڕزاوە، حامیدیش نایەوێت وا بمبینێت.
- ئەی حامید، هەواڵی حامید چییە؟
- دەپرسێ گەر بە پێشنیارەکەی بەڕێوەبەری پۆلیس قاییل ببیت!
- هەزار جار پێموتی قاییل نابم، پێویستیش ناکات بچنە لای کەس.
- ڕەجەب، ئەی تەندروستیت؟
- چوومە لای دکتۆر دەرمانی نوێی دامێ.
- لەم جۆرە جێگایانەدا دەرمان چ سوودێکی هەیە؟.. لێدان، ڕیسواکردن، سێدارە، 'فرمێسکێک لە چاوی بەربۆوەو لەسەر قسەکەی ڕۆیشت' ڕەجەب هەر ڕۆژەی بە ساڵێکە!

بەرەو داڕووخان چووم. ئازار لە لەشمدا ئاگرو پووش ئاسا بڵاودەبۆوە. شانی ڕاستم بەدەم ئازارەوە داگیرساوە، ڕۆژانە گەدەم لە دەممەوە دێتە دەرێ. قاچی ڕاستم شل بووەو ڕۆماتیزمی پێدا دەگەڕێت، تەنانەت ڕۆیشتنیش بەلامەوە بۆتە ئازارێک و کۆتایی نایەت.. دەست بە یەک لەدوای یەکی ئەندامەکانی لەشمدا دەهێنم تا دڵنیابم.. سێ ددانی کلۆربووم بوونەتە هۆی ئازارێکی زۆر، بەتایبەتی شەوان، لووتیشم، دەتوانم بڵێم یەکبینە گیراوە، سنگم خیزەخیزێتی، جگەرەش ئەو تامە خۆشەی نەماوە.. خەوتنی ناو پێخەفی گەرم، خەونی بێ مۆتەکە، خوێندنەوە، سەیرکردنی پێش دووکانەکان، سواربوونی ئۆتۆمۆبێلی گشتی.. ئەمانە هەموو بوونەتە خەونێکی ڕۆژانەو سەریان داگیرکردووم، وەک ئاواتی مەحاڵ بیریان لێدەکەمەوە!

ئەنیسەش ماندووبوونی بۆ نییەو واز ناهێنێت:

- پێرێ خەونم دی، لە خەونەکەمدا تۆ بەرببوویت.. بەپێ نەهاتیتە دەرەوە، بەسەر دەستەبەرەیەکەوە بوویت، برام ئاگات لێیە، لە پێرێوە

خواردن بەسەر زارم نەکەوتووەو بەردەوامیش گریـاوم، حامیـد تـووڕەبـوو زۆر قسەی ڕەقی بەڕوومدا دا.

هەر بێدەنگ دەبووم.. بەڵام دونیای دەرەوە تۆپەڵە گڕێکی بزێو بوو لەسـەرمـدا دەگـەڕا.. ئایـا ئـەم جیهانـە بـەڕاستی هـەیـە؟ هێشتا خـەڵکی دەچنـە سینەمـا؟ پێدەکەنن؟ لە باخچـەکانـدا دادەنیـشن؟ ئـەی هێشتا ئۆتۆمۆبێـل بـە شـەقامـەکانـدا ڕێدەکەن؟ فرۆشیار و بازرگان و مۆزەخانەش، ئای کە پەرۆشی چوونە مۆزەخانـەم، ئافرەتیش.. ئافرەت لە شاری گـەورەدا بـە هـەزاران، دەیـان هـەزار، هـەر ئـافرەتـەو جیهانێکی شێت و گەرمییە، ئایا ئەم ساڵانە بەسەر دەچن و جارێکی تـر بـەردەبـم؟ حەوت ساڵ.. شەش ساڵ، ئای کە زۆرە، هەزاران ڕۆژ تەواو بـوون و هێـشتا نیـوەی ماوەی بەنـدێتیمان بـەسـەر نـەبـردووە. ئایـا مـاوەکـە کۆتـایی دێـت؟ ئـەی نـاتوانن تاوانێکی ترمان بۆ هەڵبەستن و پێنج ساڵی تریش لە بەندیخانـەدا بـەسـەر بـەریـن؟ ئەوان هەموو شتێکیان پێـدەکرێت! ئـەی مـەجـدی، یـەک ڕۆژ بـەر لـە تـەواوبـوونی ماوەکەی یەکەمجاری سێ ساڵی تریـان نـەدا بـە تـەنگـەدا؟ عوسـمانیش.. بۆ یـەک هەفتە بەریان دا. ئەمجا هێنایانەوەو هەشت ساڵی تریان دا بە کۆڵیدا!

شەقامە ڕووناکەکەی شەوان، خەڵکی، ژن و پیـاو، هـەمـوو شـتێک لـە دونیـای دەرەوەدا بێتـرس دەگـەڕێـت، ئـەی چێـشتخانە؟ مـرۆڤ بـۆی هـەیـە بچێتـە هـەر چێشتخانەیەک و داوای هەرچییەکیش بکات کـە ئـارەزووی لێیبێـت. بـۆی هـەیـە لـە هەر کاتژمێرێکدا خۆی بییەوێت بخوات تـا تێـر دەبێـت.. گـەر خواردنێکیـشی بـەدڵ نەبێت ئەوا بانگ دەکات و داوای جۆرە خواردنێکی تر دەکات، پـارەی خواردنـەکـەو پارەیەکی کەمی تریش دەدا بە بۆیەکە، خۆ ئـەگـەر سیـسرکێک ببینێـت ئـەوا ڕۆژی دواتر چێـشتخانەکـە دادەخرێـت. سیـسرکێکی بچـووک بـەسـە بـۆ ئـەوەی ناوبـانگی گەورەترین چێشتخانە بزڕێنێت..

مرۆڤ لە دونیای دەرەوەدا هەر کاتێک بییەوێت دەچێتە ئاودەستخانە.. کەس ڕێی لێناگرێت، کەس ناکێشێت بە دەرگاکەی داو داوای خێرا هاتنە دەرەوەی لێناکات، کەس زۆری لێناکات تەنەکەی پیسایی هەڵگرێت و تەنەکەکە لە نێوان هەردوو دەستیدا بلەرزێت و پیساییەکەی ناوی بە جلەکانی و بە دەستیدا هەڵپرژێت..

بەڕاستی هێشتا جیهانی دەرەوە هەیە؟

ئەنیسە ئەوانەی بۆ جێدەهێشتم تا بیر بکەمەوە، زۆرجار سەرنجی ئەوەم داوە.. ڕەنگە ڕووناکی شەقامەکان و، بالأی ئافرەت، جوانی درەختی لە چاومدا بەدیکردبێت.. جێی دەهێشتم لە جیهاندا وێڵبم، تا زیاتر ئازار بەندم بکات، فرمێسکێکی بچووک بە چاویدا دەهاتەخوارەوە. کە دەیبینیم سەرنجی دەزوولەی فرمێسکەکانی دەدەم، دەیوت:

- ڕەجەب تاکەی لە بەندیدا دەمێنیتەوە؟.. تاکەی هەر تەنیا دەبیت؟

سەیرکە.. ئەنیسە سەیرکە.. ئەوەی ئێستا بە چاو دەیبینیت ڕەجەب نییە، ڕەجەب مرد، بەدەستی خۆشی بڕوانامەی مردنەکەی واژۆ کرد. میلی کاتژمێرەکە نزیک بە شەش دەبۆوە، کاتێک بۆ ساتێکی کەم دەستی لەرزی و ئەمجا کەوت. ئەو مرۆڤەی ئێستا لەسەر جێگاکە ڕاکشاوە، بە جووتێک چاوی کوژاوەوە، بێدەنگ، پەیوەندیی بەوەی لەوەو بەرەوە نییە.. ئای ئەنیسە گەر خوشکم نەبوویتایە، تۆش هودا، گەر ئافرەتێکی تر بوویتایە، ئەگەر وابوایە نەدەڕووخام.

دایکم ڕووخساری خۆی دەگوشی تا ترس و سۆز بتاسێنێت. دەیوت:

- ڕەجەب گوێ بگرە، من دایکتم تۆش پارچەیەکی لە جگەرم، لەم جیهانەدا کەسێک نییە وەک من شانازیت پێوە بکات.. بەڵام قسەی پوورتت بە گوێدا نەچێت.. سبەی ڕۆژ ئەگەر ئیعترافت کرد و بەربوویت چی بە خەڵکی و برادەرەکانت دەڵێیت؟ کوڕم بەندێتی بەسەردەچێت.

لەچاو تروکانێکدا ڕۆژ دەڕوات، بەسەربەرزی دەمێنیتەوە، گەر ددانی پێدا بنێیت هەموویان ناپاکت پێدەڵێن، چاویشت لە ڕووی کەسدا بۆ هەڵنابڕێت.. کوڕم ئاگاداربە.

دایە بۆ مردیت؟ بۆ؟ بۆچی ئەنیسەیەکی لاوازت بۆ جێهێشتم تا لێم ببێتە پەنجەرەی سەر ئەم جیهانەم؟ ئای ئەگەر خوشکێکی ترم ببوایە! براکەشم تەنیا جارێکیش چییە سەری لێ نەدام، جارێکیان ویستبووی قسەم پێڕابگەیەنێت، بە ئەنیسەی وتبوو:

- ڕەجەب منداڵ نییە، هەزارجارمان پێوت واز لە کاری منداڵانە بێنێت، گوێی نەداینێ.. ئێستاش ئەگەر بەڵێنی وازهێنان بدات ئەوا برامە، بەڵام گەر وانەکات ئەوا نە ئەو برامە و نە منیش دەیناسم.

کە ئەم قسانەم لە ئەنیسە بیست، تفێکم ڕۆکردە زەوی، تفەکەم بە تووڕەییەوە کرد و پێم پێدا نا، بە هەموو قورسایی خۆم وەرچەرخام و پێموت:

- بە ئەسعەد بڵێ نە ئەو برامەو نە منیش دەیناسم، ئەگەر ڕۆژێکیش داوای شتێکم لێکرد با وەک سەگ دەرم بکات.. بەڵام بەرامبەر بەوە ئەگەر یەک قسە چییە لەبارەمەوە بیکات، ئەوا ئامادەم هەموو ژیانم لەم جێگەیەدا بەسەربەرم و خوێنیشی لە ئەستۆ دەگرم.

وەک گا هەڵچووم، ماوەی خوولەکێک بەسەر قسەکانی ئەنیسەدا ڕانەبوورد، کە وەرچەرخام و گەڕامەوە بۆ قاوشەکە، هەرچەندە سەردانەکە تازەش دەستی پێکردبوو.

بەلای منەوە ئەسعەد لەو کاتەوە مرد، تەنانەت پێش ئەو کاتەش بەلای منەوە هەر لە جێگەی نەبووان بوو. دایکم بە پیسکەو موخەنەتی دادەنا، چونکە کە ئێمە منداڵ بووین هەر بە مردنی باوکم یەکسەر فرۆشتینی..

ئەسعەد تۆ دڵخۆش نابیت، ڕاستە من پەڕە نەفرەتییەکەم واژۆ کردووە. بەڵام نایەڵم پێم خۆشببیت، سەرو ڕووخسارم نابینیت، بگرە لەوانەیە بە درێژایی ژیانم نەتبینم!

یەکەم شتێک کە دەمەوێت سبەینێ بیکەم سەردانی گۆڕی دایکمە.. نەء نامەوێت بێیت، هەر گۆڕەکەیم نیشاندە. ئەنیسە تۆ لەگەڵم دێیت؟ دەمەوێت لەسەر گۆڕەکەی تەنیابم، دەگریم، هەموو شتێکیشی پێدەڵێم، پێی دەڵێم چۆن کارەکە ڕووی دا، بۆچی ڕووی دا. هەر ئەو تێمدەگات، تەنانەت بێئەوەی دەم بکەمەوە تێمدەگات کە چیم لە خەیاڵدایە.. چەند کاتژمێرێک لەسەر گۆڕەکەی دەمێنمەوە، بەڵام بۆچی مرد؟ هێزێکی نادیارو گەوج ئەم دونیایە دەگێڕێت، هەر ئەویش لەو کاتەی پێویستم بە دایکم بوو لێی سەندمەوە.

دەزانم ئەو چەند کاتژمێرێکی دوورو درێژ لەبەردەم بەندیخانەیەکدا، لە گۆشەیەکدا بەرامبەر بە سەبەتەیەک، کە خواردن و نان و پرتەقاڵی تێدابوو گرمۆڵە دەبوو. سەبەتەکە جلیشی تێدابوو.. بێماندووبوون چاوەڕێی دەکرد، ئا، ئەگەر ڕێی هاتنە ژوورەوەیان بدایە، لە دوورەوە چاوم بە زەردەخەنەیەک دەکەوت کە هەموو ڕوویی دەگرتەوە، لەو ماوەیەدا، کە لە خولەکێک تێنەدەپەڕی هێز، شێتی، خۆشەویستیم لێ وەردەگرت کە تا ماوەیەکی زۆر بەشی چەند هەفتەیەکی دەکردم، تەنانەت گەر سەردانیشیان قەدەغە بکردایە..

مرد.. ئەنیسە لە دایکم ناچێت؛ ئادگار، دەنگ، نیگای چاو، هەموو شتەکان جیاوازن. خۆشەویستییەکانیان جیاوازبوو، هەریەکەیان بە ڕێگەی تایبەتی خۆی خۆشەویستیی دەردەبڕی. ئای کە لە ساڵانی یەکەمدا بەتوانا بووم.. لەو شاڵاوانەدا ئەوەندەم بەرگەی لێدان و ڕیسوا پێکردن گرت، کە لە توانای مرۆڤدا نەبێت و خۆشم ڕاگرت. دوای ڕۆیشتنی دایکم، هەموو شتێکم تێدا گۆڕا؛ ئازار، لە مردن و دونیای سەربەستی ترسان، کین. بوومە مرۆڤێکی نوێ.

ئەوان کوشتیان.. لەبەر دەرگای بەندیخانەکەدا وەک چۆن سەگ دەردەکەن دەریان دەکرد.، ئەویش و دایکانی تریش، بەدار لێیان دەدان، جنێویان پێ دەدان، داوێن پیس و گەوادیان دەکردن، هەرگیز سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە، جارێکیان بینیم لەبەردەممدا دەلەرزی.. دەترساو پەستییش دایگرتبوو، هەوڵی بزەگرتنی دەدا، دەیویست پەشۆکاوییەکەی بشارێتەوە، بەڵام لەپڕێکدا بینیم لەپڕمەی گریانی دا، کە لێم پرسی وتی:

- بۆیان هەیە هەموو شتێک بکەن.

جا بێدەنگ بوو، لێگەڕا فرمێسکێکی قەڵەو تلۆربێتەوە بێئەوەی بیوەستێنێت، یان وەک ڕاهاتبوو بیسڕێتەوە. کە جارێکی تر لێم پرسییەوە، وشەکانی ناسیار و پەست دەردەپەڕین:

- سەگە سنگی گوشیم.

بەسەر ئاماژەی دەکرد بۆ پاسەوانەکەی بەدەورماندا دەسووڕایەوە. سەدان چاڵیان بۆ دایکم هەڵکەند، هەر جارێک کە دەهاتە سەردانم چاڵێکی نوێیان بۆ هەڵدەکەند. خواردنیان قەدەغە کرد، جلوبەرگیان قەدەغە کرد، گوێزانی ڕیشتاشینیان قەدەغە کرد، لێیان دەدا، پێیان دەوت گەر سوزانیی نەبوویتایە ئەم گەوادەت نەدەخستەوە، ئاماژەیان بۆ من دەکرد، بە پاڵ پێش خۆیان دابوو.

دایکم بەرد بوو.. لە سەرجەم بەردەکان پتەوتر بوو. بەیانی سەدان جار خۆڵی سەر گۆڕەکەی ماچ دەکەم، ئای گەر بمتوانیایە بۆ ساتێک ڕوویم بدیایە، هەر بۆ ساتێک و ئەمجا با دوای ئەوە بڕۆیشتایە، نامەوێت ببینم، ئەو وێنەیەم بەسە کە لەودیو شیشبەندەکەوە دەرکەوت و بە دەنگێکی زامداری بەهێزەوە دەیوت:

- ڕەجەب دونیا ژیان و مردنە. وەسێتم بۆت زیان نەگەیاندنە بەکەس، کورم کۆڵنەدەر و خۆڕاگربە.

دوو مانگ بەر لە مردنەکەی ئەم قسانەی پێوتم، دواتریش ئەوەم بیرکەوتەوە، جارێکیان کە بینیمی بیردەکەمەوەو سەرنجەکانیشم بۆ دوور وێڵدەبن، هەستم بە ترس کرد، هەستم بەو بیرە نەفرەتییانە دەکرد کە لە مێشکم نزیک دەبوونەوە. ئەو قسانەی کرد تا دژ بە ترسەکەم ببنەوە، تا دژ بە ساتە لاوازییە بۆگەنەکەم ببنەوە.

بەیانی لەسەر گۆڕەکەی دەخەوم، پێیدەڵێم دایە لەشم هەرەسی پێهێنام. تۆ خۆت بنیاتنەری ئەم لەشەیت، جا گەر داڕووخێت لەبەر لاوازییەتی.. من بەرپرسیار نیم، کە هێشتا تۆ مابوویت لەشم بەم ڕادەیە لاواز نەبوو.

هەفتانە سەری دەدام. دوای مردنی لەشم لە پڕدا گۆڕا، داڕزاو ئامادە بوو پێشوازیی لە ئازار بکات، بووە بار بەسەرمەوە، نایەڵێت خەوم لێبکەوێت، ناهێڵێت تام لە خواردن بکەم، سەرباری ئەوەش ڕۆژانە داواکاریی زیاتر دەبوو.

ئەنیسە تا کۆتایی گەشتەکە بەردەوام بوو، لە گەلێک شت ئاگاداریی دەکردم کە پێشتر سەرنجم نەدابوو.

- ئادەی ڕەجەب سەیری ئەولاکە.

منداڵێکی بچووک ئاسا سەرم وەردەگێڕا. هاواری دەکرد:

- دەمارەکانی ملت دەرپەڕیون و شین هەڵگەڕاون، لێیان داویت؟ هیچت بەسەر هاتووە؟

کە سەری نەخێرو سەرسوڕمانم ڕادەوەشاند دەیوت:

- ئەگەر لەش لاواز ببێت دەمارەکانی بەدیار دەکەون. تۆش لەم ماوەیەدا زۆر لاوازیت.

نهێنییانەو لەسەرخۆ سەرنجی دەستە درێژکراوەکەیم دەدا، سەیری دەمارەکانیم دەکرد، دەستم لە سنگم دەخست!

ئەنیسە تا کۆتایی لە گەشتە ترسناکەکەیدا بەردەوام بوو، بە دەم شێ و بۆگەن و ئازاریشەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەرنجم دەدا کە زۆرشت لەمێشکمدا دەگۆڕێت و دەشێوێت.

دە ساڵان بووم دەستم شکا، لەتاو ئێشی زۆری دەگریام، لەتاو ئازار هاوارم دەکرد، دایکم بەو شێوەیەی کە تەنیا لە ساتی تووڕەییدا بەکاری دەهێنا، وتی:

- ئەگەر باوکت چاوی لێت بێت ئاوا وەک ژن دەگریت، دەستەکەی تریشت دەشکێنێت.. چی بووە تا ئاوا بگریت؟

بێدەنگ نەدەبووم، ئازارەکە لە وزەدا نەبوو، دایکیشم لەو باسە زیاتر هیچی تری نەدۆزییەوە ئەو باسە نەبێت کە زۆرجار بەگوێیدا داوم..

- جارێکیان باوکی خوا لێخۆشبووت بەرکەوت، لاقی لەخوار ئەژنۆوە شکاو سەریشی لە چەند لایەکەوە زامدار بوو، واش دووانی کوشت و بەری هاتنە پێشەوەشی لەوانی تر گرت. ئەگەر ساغ بوایە هەموویانی دەکوشت. دەزانی ئەو هەر خۆشی لاقی خۆی گرتەوەو سواری ئەسپەکەی بوو هاتیشەوە ماڵەوە. ئەگەر بتبینێت ئاوا دەگریت چیت پێدەڵێت؟

ئێستا دایکم نووستوی ژێر خاکە، ئەنیسەی بۆ جێهێشتم تا بمخزێنێتە ناو کەلەبەرێکی نەفرەتییەوە، کە باسی دونیای دەرەوەی بۆ دەکردم پێموابوو باسی بەهەشتم بۆ دەکات. لە پێداهەڵدانی باخچەکەی ماڵەوەدا زۆری پێوەدەنا. من لە مێژە بیرمە؛ باخچەیەکی بچووک و شوورەیەکی لە بەرد هەڵچنراوی نیو باڵا بەرزی هەبوو. چونکە زەوییەکەش پیساو و سابووناوی پێدا دەڕۆیشت ببووە شۆرەک. لەو ڕووەکە شەیتانیانە بەولاوە کە بەرگەی گەرماو سەرماو پاشاوی جلشتن دەگرن هیچی تری تێدا شین نەدەبوو.. باخچەکەم بە چاکی لەبیرە، بڕواشم نییە کە

لەماوەی دوورکەوتنەوەمدا بووبێتە شتێکی تر، بەڵام ئەنیسە کە باسی باخچەکەی دەکرد پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە:

- ڕەجەب گوڵەبەڕۆژە باڵای لە ئەسپسوارێک بڵندترە.. لاولاو و ڕەشە ڕێحانە و مۆرد.
- ئەنیسە چی تریش؟
- ڕەجەب گەر دەیبینیت.. باخچەکە ئێستا ئەو باخچەیە نییە کە تۆ دەیزانیت.
- گەنم و جۆت تێدا تۆو کردووە؟
- گاڵتە دەکەیت؟ ئای گەر دەیبینیت!
- گاڵتە ناکەم، هەر پرسیارە.
- ژوورەکەشت، هەفتانە بە سابووناو دەیشۆم، ئێستا ژوورەکە ئامادەیە، خاوێنە، خۆرو هەوای پاکی تێدەکەوێت.
- ئەنیسە لە دونیای سەربەستیدا چی تریش؟
- هەموو شت گۆڕاوە، شەقام شەقامەکانی جاران نییە،ماڵەکان ئەوانەی جاران نین، باخچە، ڕووناکی، زۆرشت گۆڕاوە!
- ئەنیسە چی تریش؟

کە وەڵامی دەدایەوە پێدەکەنی:

- ڕەجەب تۆش زۆر گۆڕاوی. وەک دەساڵ، بیست ساڵ چووبیتە ساڵەوە.. ئێستا یەکێک بتبینێت نات ناسێتەوە، سەری سپیی و چرچی.

دەنگی دەگۆڕێت و زەردەخەنەکەی کەم دەبێتەوەو لەسەری دەڕوات:

- خوا بەندیخانەو ڕۆژگارەکەشی بە نەفرەت بکات. کە زانکۆت تەواوکرد وتمان بەختەوەر دەبین، کەچی مانگێکی پێنەچوو شادیمان بووە ماتەم!

ئەگەر دایکم بمایە بە گەنجی و کۆڵنەدەر دەمامەوە، ئەگەر هودا بمایە لە جاران بەهێزترو بە تواناتر دەبووم، بەڵام لەشم ئازاری دام، ڕۆژێک چییە سەری سووک نەکردم. ماوەیەکی زۆر دژایەتیم لەگەڵدا کرد، بەخۆشی لەگەڵیدا هاتم، داوای پشتگیریم لێکرد، بەڵام شتێک لەدەرەوە بێبەزەییانە دایدەگرتم. ئەنیسە نزیک دەبۆوە و دووریش دەکەوتەوە، ژوورەکەی ڕێکدەخست، ئەو جلوبەرگانەی ڕێکدەخست کە مابوومن، گوێم لە کردنەوەی جانتاکەو ئەمجا کەنتۆرەکە بوو.. چی لەم جانتا سیلاوییەدا هەیە؟ چەند کراسە کۆنێک، لەوانەی کە تەنانەت سواڵکەریش بێزی نایەت دەستیان بۆبەرێت.. ئەگەر لە بەندیخانەم جێهێشتنایە کەڵکیان بە یەکێک دەگەیاند، بەڵام لەدەرەوە، لەدەرەوەی بەندیخانە بەزەیی بزوێنە! باشە بۆ کێم جێهێشتایە؟ بۆ کەس لە برادەران قابیل دەبوو دەستیان بۆ بەرێت؟ بەلایانەوە هەر گڵاو نەبوون، بۆگەنیش بوون، لەوانە بوو گەر جێم هێشتنایە بیان سووتانایە.

ئەنیسە چی بەم پەڕۆو پاتاڵانە دەکەیت بیکە.. نامەوێن، لەمڕۆ بەدواوە لەبەریان ناکەم، دەمەوێت لە هەموو ئەو شتانە دەستبەرداربم کە پەیوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە و بیشیان سووتێنم.. دەمەوێت کام ڕابردووە بسووتێنم؟

کاتژمێر شەشە.. ئەو کاتژمێرە پیسەی کۆتاییمی کردە یڕاستییەکی گومان هەڵنەگری تەواو. پێش ئەوکاتە پیاو بووم دوای ئەوەش بوومە شتێکی تر.. واژۆ کردنەکە ساتێکی کەمی برد.. شتەکە بەپەلە ڕووی دا، دەستم پەشۆکاو واژۆکە شێوا. کۆتایی واژۆکەم درێژبوو، ئاڵۆزبوو، ئای گەر لەو کاتەدا بووەستامایە.

( ٢ )

ڕووناكیی ژوورەكە بەسەر پـەردەكـەوە هـەر لـە شـلۆقیدا بـوو، بـە ئارامییـەكـی تەواوەوە سەرنجم دەدا، دەمویست بەر لە نووستنی خۆم لە خەوتنـی ئـەو دڵنیـابم. چاوەڕێم كرد تا دەنگی هەناسەدانی حامیدم وا بەرگـوێ كـەوت كـە نـوقمی سـوورِە ئەزەلییەكەی ئارامگریی بووە، لەسەرخۆ خۆم كێش كرد و خزامە ناو هۆڵـەكەوە.

خامۆشی هەموو ماڵـەكەی گرتبۆوە، منداڵـەكان چەند سەعاتێك بوو خەوتبـوون. لە دەریشەوە شتێك كە لە سووكە بایەك دەچوو، بە نەرمە لەرینەوەی پەردەكـان و جیكەی دەرگای كولانەی مریشكەكاندا هەستم پێـدەكرد. وام نـەدەبینـی كـە ڕۆژان ئاوا ئێسك سووكانەو بەهەڵـەداوان بـەسـەر بچـن.. بـەتـەواوی بـەسـەرچـوون.. دوو هەفتە ڕابوورد، بەوجۆرەی ئاواتم بوو، تێیـدا نـەمـدیت. ئـەمـڕۆ نـا سـبـەینـێ دەڕوا، چەند كاتژمێرێكی كەمی ماوەو دیسان دەبێت بكەومەوە چاوەڕوانی، بەدەنگـی بـەرز بە حامیدی وت و دەشیویست بەتەواوی گوێم لە قسەكانی بێت.

– ئەگەر دوومانگ تێپەڕی و نەگەڕامەوە، ئەوە مانای وایـە زۆر دەمێنمـەوە. ئەگەر لەوێ كارێكی لەبارم دییەوە دەمێنمەوە!

بیرم لەمە نەدەكردەوە، زۆر جار لێم بیستووە كە دەیوتـەوە. بەڵام بەرلـەم شـەو دڵنیا نەبووم كە بە ڕاستی بێت، قسەكانی ئاشكرا بوون، ئەگەرچی شتێكی سەیـری

تێدا بوو. من دەیناسم کە بڕیاری کارێکی دەدا، بیرۆکەکەی هەڵدەدا لێی دوور دەکەوتەوە، ئەمجا بە جۆرێکی تر بۆی دەگەڕایەوە.

لەم شەوەدا لە هیچ دڵنیانیم، تەنانەت ڕەنگە دەستبەرداری سەفەرەکەشی ببێت. داوای مانەوەی لێبکەم؟ دەشمزانی هەر وشەیەکی نوێ بۆی دەبێتە ئازارێک، تەندروستییەکەی بەرگەی ناگرێت. بابڕوات. تاکە چارە ڕۆیشتنێتی. دیسان منیش فێری چاوەڕوانیی دەبمەوە.. پێنج ساڵ چاوەڕێم کرد تا هاتەوە. ئەمڕۆش دەبێت چاوەڕێی بکەم. ئەوەی کە دەیڵێت بە تەواوی مەبەستی نییە، ئایا دەمێنێتەوە؟ توانای چ کارێکی هەیە؟

بەر لەوەی حامید بنوێت، بەدەم گریانەوە زۆرم لێدەکرد تا ڕەجەب قاییل بکەین بیر لە ئیشکردن نەکاتەوە، وتم:

- خانووەکە دەفرۆشین، چەندی پێویست بێت بۆیی دەنێرین، زیاتر لەنیوەی خانووەکە هی خۆیەتی و مافی فرۆشتنی هەیە..

ڕەجەبەکەی ئێستا ئەو ڕەجەبە نییە کە دەمناسی.. زۆر گۆڕاوە. پێشوازیی هیچ کام لە برادەرەکانی نەدەکرد، کە بەسەر عادل دا دەیقیژاند و داوای لێدەکرد تا بە وانە بڵێت کە بۆ سەردانی دەهاتن، لەماڵ نییەو تا نیوەشەویش نایەتەوە، خراپ هەڵدەچوو.. پووریشم، ئای چەند تووڕە بوو. یەکەمجار بوو دەمبینی وا بەکوڵ بگری. ڕەجەب شانی گرت و توند ڕایوەشاند، دەیویست بیدا بە زەویدا، پوورم نەیدەزانی، ڕەنگە تیلیلەی شادییەکەی وا تووڕەی بکات؟ سەرەتا وایدەزانی گاڵتەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام کە ڕاوەشاندنە بێبەزەییەکەی بەردەوام بوو، ترساو بێدەنگ بوو، بە پرسیار و سەرسوڕماوییەوە سەیری ڕەجەبی دەکرد، کە بینی تووڕەیەو قسەکان بە پەلە لە دەمی دەردەپەڕن، کشایەوە، سەیری منی دەکرد و بەچاو لێی دەپرسیم، منیش نەمدەزانی دەبێت چیبکەم، لە پوورم نزیک بوومەوەو لە ئامێزم گرت. هەر کە فرمێسکەکانمی دیت، بە کوڵ گریا، بەڵام ڕەجەب چووە ژوورەکەو

بەدوای خۆیدا زرمەیەکی گەورەی لە دەرگاکە هەڵساند. دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لە ژوورەکە، لەلایەکی باخچەکە لای دەرگای دەرەوە دانیشتین، پوورم وتی:

- کچم، بەخوا بڕوام نەدەکرد، هەر ڕۆژەی بەساڵێک بوو، دەمویست حەوت دانە ڕۆژ زەماوەندی بۆ بکەم. "فرمێسکەکەی سڕی و بەدەم هەنسکەوە وتی" دیت چیکرد؟

زۆر شتم بە پوورم وت تا قاییلی بکەم، بەڵام دەبوایە پێش داهاتنی ئێوارە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە ڕۆیشت. وەکی دی بۆ نیوەڕۆژەش نەهاتە دەرەوە، یەک قسەشی نەکرد، هەر جگەرەی دەکێشاو قاوەی دەخواردەوە. کە حامید هاتەوەو چووە ژوورەکەی پاشماوەی فرمێسکی لە چاوانیدا بینی!

هەموو ئەوانە کۆتاییان هات.

لە دەرگای ژوورەکە نزیک بوومەوەو گوێم پێوە نا، بێدەنگییەکی کپ ماڵەکەی گرتبۆوە. پێم وابوو نووستوەو بیری چووە گڵۆپەکە بکوژێنیتەوە. کەمێک چاوەڕێم کرد، ئەمجا لەسەرخۆ درزێکم لە دەرگاکە کرد و سەرم بردە ژوورەوە، وەک تۆپێک لەسەر جێگاکە گرمۆڵە ببوو، هەر کە بینیمی ڕاپەڕی، هەستم کرد ئادگاری دەموچاوی بە جارێک شڵەقاو تووڕەیی دایگرت. ویستم بکشێمەوە، بەڵام ئەو بینیبوومی. چوومە پێشەوە تا بۆیی ڕوون بکەمەوەو داوای بوردنی لێ بکەم.. لە گڵۆپەکە بەولاوە پاساوێکی ترم نەبوو.. وتم:

- ڕەجەب وامزانی گڵۆپەکەت بیرچووە!

بێ وەڵامدانەوە سەری ڕاوەشاند. ڕووخساری غەمگین و تووڕە بوو، دووکەڵی جگەرەش بەرزدەبۆوەو پێچی دەخوارد، تەنانەت کە هەوام هەڵدەمژی، وامدەزانی لەیەک کاتدا ژمارەیەکی بێشومار جگەرە دادەگیرسێن، بینینی لێڵ و هەناسەشی گران دەکرد. بەدەم پاڕانەوەوە وتم:

- ڕەجەب دەبێت بخەویت، یەک دوو کاتژمێر بخەوە، تا گورجوگۆڵانە هەستیت و سەفەر بکەیت!

بینیم جگەرەیەکی نوێی دەرهێنا تا بە جگەرەکەی دەستی دایگیرسێنێت. هەر کە داگیرسا یەکەمیانی کوژاندەوە، بێگۆڕینی جۆری دانیشتنەکەی، بە چەماوییەوە وتی:

- ئەنیسە تۆ دەزانیت ژیانی بەندیخانە خۆشترە؟

چاوەڕێی ئەم وشە سەرکێشانەی ئێستای ڕەجەبم دەکرد. گومانەکانم هاتنە دی. دەستی بەو قسانە کرد کە ترسم لێیان هەبوو، ئەو قسانەی کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دژایەتیم دەکردن. باوەڕم نەدەکرد لەوانەبێت سۆزێکی لەو جۆرە دایگرێتەوە. کە لێی دەچوومە پێش و سەرنجم دەدا، تا دڵنیابم کە بەچاویش هەمان مەبەست دەردەبڕێت، لێم پرسی:

- ڕەجەب، بۆ هیچ پەستت دەکات تا ئەم جۆرە قسانە بکەیت؟

وەڵامی نەدامەوە. بە دەم پەژارەیەکی کوشندەوە هەر سەری ڕادەوەشاند. گومانی ئەوەم کرد کە فرمێسک لە چاویدا دەتەقنەوە. گریانیم پێخۆش نەبوو. کە دەمبینی وەختبوو شەق بەرم.

لەم ساتەدا پێویستە بجەنگم، تا ئادگاری وەک پێش گرتنەکەی بمێنێتەوە.

یەکەم ڕۆژ فرمێسکی ورد وردی شەرمن لە چاوی دەبارین.. بەڵام هەر کە ڕۆژێکی نوێ دادەهات، خەمەکەی زیادی دەکرد، تا دەبووە پەڵە هەورێکی ڕەش و سێبەرەکەی هەموو ماڵەکەی دەگرتەوە.. بە ترسەوە لەسەر ڕۆخی قەرەوێڵەکە دانیشتم، ئامادەی بەرگەگرتنی هەموو شتێک بووم تا ئەو ئازارە دەرکێشم کە لە ناخیدا شەپۆلی دەداو یەکبینە بۆ گرژبوون و گریان ڕاپێچی دەکرد. بەدەم دەستگرتنی و گوشینییەوە، وتم:

- ڕەجەب.. توو گۆڕی دایکم، ئەم بێدەنگییەت خەریکە دەمکوژێت، ڕەجەب بڵێ، هیچی واتدیوە یان بیستووە کە پەستت بکات؟

بەهەمان شێوەی سۆزندەو لەناوبەر، سەری نەخێری ڕاوەشاند. دەمویست بیڵێ. هەر چەند کاتژمێرێکی کەمی ماوەو دەڕوات، گەر ئێستا قسە نەکات، لەوانەیە هەرگیز قسە نەکات. دەستم گوشی و دیسان لێم پرسییەوە:

- دونیا ئەوە ناهێنێت بەمجۆرە خۆتی بۆ ئازار بدەیت، چی ئازارت دەدات؟

سەرو شانی ڕاوەشاند، ئادگارە خەمناکەکەی هیچی نەدەگەیاند.. نەیدەویست بدوێت. هەستم کرد گەر قسە بکات زیاتر ئازار دەچێژێت.. واش دەستم لێهەڵنەگرت، پێموابوو ئازار ساتێکە، گریان ساتێکە، لەوانەیە ڕزگاری بکات. سەرم نایە سەر ئەژنۆی، بەدەم پاڕانەوە پێموت:

- ڕەجەب بەزەییت پێمدا بێتەوە، دونیا لەبەر چاوم ڕەش بووە، گەر پێم نەڵێیت، گەر قسە نەکەیت ئەوا خۆم دەکوژم.

گوێم لە دەنگی بوو، پێموابوو بۆ یەکەمجار گوێم لێدەبێت. دەنگێکی گڕی بێوورە بوو:

- ئەنیسە ئەمجۆرە کردەوانە زیاتر ئازارم دەدەن!
- کام جۆرە؟ چی ئازارت دەدات؟
- هیچ، دڵنیابە هیچ.
- ئەی ئەم بێدەنگیی و گرژییە؟
- دەتەوێت چیبکەم؟
- قسە بکە من خوشکتم و دەمەوێت یارمەتیت بدەم، چی لە دڵتایە پێمی بڵێ. خۆت دەیزانیت گەر مرۆڤ قسە بکات ئەوا باری شانی سووک دەبێت. چی ئازارت دەدات؟
- ئەنیسە دەتەوێت چی بڵێم؟

- بڵێ هەر شتێک بێت بیڵێ، گرنگ ئەوەیە هیچ لە دڵتدا نەهێڵیت.

بە بێزارییەوە پێکەنی، دەیویست دەستم بەسەردا بگرێت و ئازارم بدات، وەختێک پێکەنینەکەی ڕەوییەوە، ڕەنگوڕووی پەستیی گرتییەوە، وتی:

- ئەی چی دەڵێیت ئەگەر دڵم نەمابێت؟

لەسەر قەرەوێڵەکە بەرامبەری دانیشتم، وەک ئەو دانیشتم. ناشزانم بۆچی داوام لێکرد جگەرەیەکم بۆ داگیرسێنێت.

ئەمجارەیان وەک منداڵ پێکەنی، بەڵام هەر بە پەستییەوە، کە دوو جگەرەکەی لە پاکەتەکەی دەرهێنا لێی پرسیم:

- لەسەرەتاوە دەست بە شەونخونییەکەمان بکەین؟

جگەرەیەکی داگیرساند و بۆی ڕاگرتم. ئەمجا هەر بە هەمان شێوە وتی:

- نازانیت سبەینێ زوو دەڕۆم و دەبێت بنووم؟

کە بینیمی جگەر دەکێشم پێکەنی. بۆ یەکەمجار دەمبینی پێبکەنێت. ڕەنگە بەجۆری جگەرەکێشانەکەم پێکەنی بێت!

جگەرەکەی خۆی داگیرساندو وتی:

- دووکەڵەکە قووت دە.. قووتی دە، هەر لە دەمتدا بیهێڵیتەوەو ئەمجا بەبای بدەیت سوودی نابێت! "مژێکی لێداو ئەمجا بەردەوام بوو" سەیری من کە.. دووکەڵەکەم قووت دا، دوای ساتێکیش لە دەمولووتمەوە دەیهێنمە دەرەوە.. سەیرکە!

ئەو ڕەجەبەی ئێستا دەیبینم، هەر منداڵەکەی بیست ساڵ لەمەوبەرە، هەمان لاوی دەموچاو خوێناوییە کە لە خۆپیشاندانەدا دەگەڕایەوە.. ئێستاش کە دەیبینم فێری جگەرەم دەکات، ئەوەم بەبیر دێتەوە کە چۆن دایکمی فێرکرد. سەرەتا دایکم توندوتیژ بوو، لە جارێک زیاتر جنێوی بە ڕەجەب دەدا، جگەرەکانی فڕێ دەدایە ئاودەستەوە، بەڵام کەزانی ئەو ڕێگایە بێئەنجامە گۆڕا، کەوتە ئامۆژگاریی کردنی.

بەسەرهاتی زۆری بۆ گێڕایەوە، تا ڕۆژێک، کە دەمەوئێوارە لەباخچەکدا هەردووکیان لەسەر دوو کورسی نزم دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا زۆر پێی پێکەنی. زۆری نەبرد گەیشتە ئەوەی دایکم پاکەتە جگەرەی کڕی، هەموو سێ ڕۆژ جارێک، ئەمجا یەک پاکەت بەشی دوو ڕۆژ زیاتری نەدەکرد، بەڵام کە ڕەجەب گیرا جگە لە جگەرەکێشان و گریان هیچی تری نەدەکرد..

دەمویست هەموو شتێکی بیر نەخەمەوە. بە ڕەجەبم وت:

- پێدەچێت منیش فێری جگەرەکێشان ببم..

دیسان پەستی ئادگاری گرتەوەو وەڵامیدامەوە:

- باشترە فێر نەبیت!

- ئەی تۆ بۆچی ئاوا جگەرە دەکێشیت؟

- بەم زووانە وازی لێدێنم.. هەست دەکەم جگەرە ماندووم دەکات، تۆ دەبێت وەک دایکم نەکەیت و فێر نەبیت!

ڕەجەب سەری داوەکەی گرت. وێنەی دایکم بەسەرمانەوە باڵەفڕێی دەکرد. باڵندەیەکی کەتە لە هەوادا باڵەکانی بەیەکدا دەداو دەفڕی. ساتە وەخت هەموو شت گۆڕا، دەیویست کێشی باسەکەم بکات. وتی:

- دایکم زۆری جگەرە دەکێشا.. بیرتە؟

- بیرمە.

دەمویست دەربازبم، وتم بیرمەو حەزم نەکرد هیچی تر بڵێم. بەڵام ڕەجەب لێم نەگەڕا، وەک بییەوێت هەر لەبارەی دایکمەوە بدوێت، لێی پرسیم:

- ئەی لە گرتنەکەمدا جگەرەی زۆر دەکێشا؟

- وەک جاران، کەمێک زیاتر!

- هەمان جۆر؟

- هەمان جگەرە.

- چەند جگەرەی دەکێشا؟
- ڕۆژی پاکەتێک.

سەرسوورماوانە سەری ڕادەوەشاند، وەک بییەوێت هەموو شتێکی بۆ باس بکەم، بەڵام کەزانی بێدەنگی تاکە بەرگریمە، لێی پرسیم:

- تەنانەت کاتی نەخۆشییەکەشی هەر دەیکێشا؟
- دکتۆرەکە ڕاسپێریی کرد کە دەست لە جگەرە هەڵگرێت، دایکم پێیوت ناتوانێت. کە بینی سوورە لەسەر کێشانی، داوای لێکرد؛ لە دوو تا سێ جگەرە زیاتر نەکێشێت.
- ئەی چی کرد؟

هەوڵمدا بزەیەک بخەمە سەر لێوم تا دواندنەکە لە بارەی دایکمەوە وەک یادێکی دوور لێبکەم، یادێک کە هیچ جۆرە دڵتەنگییەکی لێنەبێتەوە.

دەنگم گۆڕا، بەرزتربۆوەو لەرەی پەیدا کرد، وتم:

- تۆ دەزانیت هەموو تەقەلایەکم بۆ شاردنەوەی جگەرە بەبا دەچوو. نەمدەهێشت بیکێشێت. جگەرەم لە هەمووماڵەکەدا نەدەهێشت، کەچی بەردەوام ڕێیەکی دەبینییەوە.. بۆ جگەرە دەگەڕا تا دەیبینییەوە، بێئەوەی ئاگام لێی بێت منداڵێکی دەنارد پاکەتێکی بۆ بکڕێت.. جا دەیخستە بن سەرینەکەی.. شارەزای هەموو ئەو شوێنانە ببووم کە جگەرەیان تێدا دەشاردرایەوە، واش هەر دەیکێشا!
- هەر زۆری دەکێشا؟
- دە جگەرە کەمتر نا!
- دە جگەرە لە ڕۆژێکدا؟

- دایكم دەپاڕایەوە، هاتنی میوانی بە هەلدەزانی، هەندێک جاریش دەگریاو بەندیخانەو ڕەجەبی وەبیر دەهاتەوە. ناچار دەبووم جگەرەیەكی بدەمێ تا لە گریان بكەوێت و بیری بچنەوە.
- تا دوا سات هەر دەیكێشا؟
- دوو ڕۆژ بەر لەمردنی نەیدەتوانی.. بە تەواوی پەكی كەوت، بەڵام لەوەوبەر لەگەڵ ڕاسپێریی دكتۆرەكەو هەموو تەقەلایەكدا بۆ نە كێشانی، هەر دەیكێشا.
- ئەنیسە ئەی دایكم چۆن مرد؟

نەمدەتوانی وەک بێلایەنێک لە مردنی دایكم بدوێم. چەنێک هەوڵم دەدا نەمدەتوانی. سووربووم لەسەر ئەوەی باسی مردنی دایكم لەگەڵ ڕەجەبدا نەكەم. هەر چەندە یەكەم ڕۆژ، پێش نووستنمان، ڕەجەب پێیوتم كە دەیەوێت بەیانی سەر لە گۆڕی دایكم بدا، ویستم ئەوەی لەمێشک دوورخەمەوە، بەڵام بەدرێژایی ئەم ڕۆژانە تارمایی دایكمان هەر بە دواوە بوو، لە ماڵەكەدا لەگەڵماندا بوو، تا ئێستاش هەوڵی زۆرمان دا، هەر یەكەو بە ڕێگای خۆی، كە لەو بارەیەوە بدوێین، لە هەمانكاتیشدا نەدوێین، زۆرمان هەوڵ دا، كەچی ئەوەتا هەر ڕووبەڕووی گرفتەكە بووینەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە یەكجاری!

كە ڕەجەب بەربوو، دووەم ڕۆژ پێكەوە چووینە گۆڕستان. دوای ئەوەی چەند ساتێک لەسەر گۆڕەكەی وەستاین و فرمێسكی بەدیكردم، بە تووڕەییەوە پێی وتم:

- ئەنیسە، تۆ ئێستا بڕۆرەوە.

كە سەیری كرد چاو بەفرمێسک وەستاوم و نابزوێم، جارێكی تر پێیوتمەوە:

- بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، من ماوەیەک لێرە دەمێنمەوەو سەر لە گۆڕی باوكم و خاڵیشم دەدەم.

لە ئەنجامی زۆرکردنەکەیدا گەڕامەوە، کە لە گۆڕستانەکە دەچوومە دەرەوە سەیرم کرد هەر سەرنجم دەدا تا دڵنیا ببێت، ناشزانم چیکرد.

بەڵام کە نیوەڕۆ گەڕایەوە، ڕەنگ هەڵبزڕکاو و توورە دەهاتە بەرچاوم، بۆیە ئاواتی بە قسە نەکردنی و جێنەهێشتنیم خواست. ئێستاش دەیەوێت بە یەکجاری دەمی برینەکان هەڵداتەوە، کە بەشێوەیەکی وا بیرم دەکردەوە، لەبەردەمیدا نەکەوم و نوقمی دەریای فرمێسک نەبم، پێموت:

- سێ ساڵ بەسەر مردنیدا گوزەری کردووەو بیرم نەماوە!

شانی گرتم و ڕایوەشاندم. دەستی گەرم و نیان بوو، جگەرەکە بە لێوییەوە دەلەرزی، چاوێکی نووقاندبوو، ڕەنگە لەبەر دووکەڵ بووبێت، بە دەنگێکی نادیار و شێواوەوە لێی پرسیم:

- ئەنیسە، گوایە تۆ لە بیرت دەچێتەوە؟

ویستم زەردەم بێتێت. وەڵامم دایەوە:

- ڕەجەب لەبیرم چۆتەوە.

ناکاو گەڕایەوە دواوە. پشتی بە قەرەوێڵەکەوە نا و قاچی چەپی ڕاکێشا، بینیم دەیەوێت سەرنجەکانیم لێ دوور بخاتەوە.. ڕەجەب هەڵە لە ناسینمدا ناکات.. نیمچە بزەیەک و شێوازە تایبەتییەکەی، دوا نیشانەی بەر لە تەقینەوەیەتی. دەیزانی زۆر خۆ دەگرم. بەڵام لە ناکاو هەموو شت کۆتایی دێت، دەڕووخێم. وەک کچۆڵەیەکی ساوام لێدێت کە کەس توانای بەرهەڵستکردن، یان ڕاگرتنی ناکات. زیاتر لەجارێک بینیمی دەگریم، گریانە بەکوڵ و شێتانەکە، ئێستاش کە کشایەوە دانیشتنەکەی گۆڕی، دەیویست هەموو یادەکە دەرکێشێت.

پێویستم بە گریان بوو، بە دەیان هۆم بەدەستەوە بوو. پێموابوو گەر بە ئارەزووی خۆم بگریم ڕەجەبیش ڕزگار دەکەم. ئێمە هەردووکمان پێویستیمان بەوە بوو کە بە فرمێسک خۆ بشۆین، ئەو هۆیە گرنگ نەبوو کە لەپێناویدا دەگریاین،

دڵمان ئەوەندە سیخناخی پەستی و خەم ببوو، بە ڕادەیەک هەموو شتێک دەیگریانین. کاتێک سووتووی جگەرەکە کەوتە سەر سەرینەکە، ڕاچەنی، بەتووڕەییەوە پاکی کردەوە، بەدەم نیمچە بزەکەی سەر لێوییەوە سەیرێکی کردم و، وتی:

- لەبەر ئەوەی چۆنێتی مردنی پیرێژنت بیرچۆتەوە، دیارە زۆر پیربوویت. ڕەنگە هەموو شتێکیشت بیرچووبێتەوە!
- ڕەجەب من منداڵ نیم ئێستا من چل ساڵم تێپەڕاندووە.
- جا خەڵکی لەم تەمەنەدا دەخڵەفێن و شتیان بیردەچێتەوە؟
- ڕەجەب، گرنگ ئەوەیە کە تۆ نازانی چەندم بەرگە گرت و چەنێکیشم ئازار چەشت!

بە ئازارەوە سەری ڕاوەشاند، لێی بگەڕێم دەرباز بێت و بەدەم ئازارەوە بتلێتەوە؟ بۆچی پێکەوە نەگرین، ئەمجارەیان لە پێناو دایکمدا، تا ڕەجەبیش خۆی پاک بکاتەوەو ببێتە مرۆڤێکی تر؟ کە جۆری دانیشتنەکەمم لەسەر قەرەوێڵەکە گۆڕی، کشامەوەو خۆم بەلا نزمەکەیەوە گرت و وتم:

- ڕەجەب من هەرگیز هیچم لەبیر ناچێت.. هەموو شتێکم لەبەرچاوە، وەک ئێستا بێت. دێت بە خەیاڵتا وازوو دایکم و مردنەکەیم بیرچێتەوە؟

ئادگاری دەموچاوی گۆڕا، بە چاوە کراوەکانیدا، پێدەچوو زیاتر ئارەزووی بیستن بکات، بەپەلە دوو جگەرەی نوێی لە پاکەتە جگەرەکەی دەرکێشا، بێئەوەی داوی بیرم بقرتێنێت لێی پرسیم:

- جگەرە؟

ڕوویەکی نەویستنم بۆ هەڵبڕی، لەوانەیە ئەو جگەرەیەی لە ئەنجامی ماندووێتییەوە بێت، لە هەمانکاتیشدا ڕەنگە بۆ هاندان بووبێت. بەر لەوەی دەست بەو باسە غەمناکە بکەم، لێی گەڕام یەک دوو مژ لە جگەرەکەی بدات.

- ڕەجەب دەزانی دایکم چۆن مرد؟ بۆچی مرد؟

لە سەرنجەکانیدا تیشکی تووڕەییم دەبینی کە بە ناخمدا ڕۆدەچوون. بەر لە وەڵامدانەوەی، لەسەر قسەکانم بەردەوام بووم:

- ڕەجەب دایکمیان کوشت.

سەرم خزانە ناو نوێنەکەو دەستم بە گریان کرد. بیرم نایە لە هەموو ژیانمدا وا بە کوڵ گریابم. لە ساتێکدا بە هەزاران ڕووداوی ناخۆش گردبوونەوە، توند سەرمم گووشی. تەنانەت وامدەزانی سەرم دەتەقێت، بەڵام کە بەخوڕ فرمێسک لە چاوم باریی، هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان لەبەر چاوم ڕەوینەوە، دوورکەوتنەوە، ئەمجا دوورتر، تەنیا وێنەی دایکم نەبێت، ئەوەی کە لەو ڕۆژەدا، دوای نیوەڕۆ دەگەڕایەوە، تاکە وێنەی پڕ لە ئەشکەنجەو ئازاربوو.

کە سەری هەڵبڕیم و فرمێسکی سڕیم، هەستم کرد ساتی گریانەکەمی بە هەلزانیوە، ئەو ساتەی کە سەرم خزاندبووە نوێنەکەوە. ئەویش گریا. هەردوو چاوی سوور ببوون، بەڵام فرمێسکیان تێدا نەبوو، لە ئازاردا ڕووخساریشی گرژو زۆر زەرد هەڵگەڕابوو، جگەرەکەش هەر لەسەر تەپڵەکەکە مایەوەو دووکەڵەکەشی لەو دیمەنە بێ ورەییەدا بەردەوام بوو. بەدەم هەنسکی شێواوەوە پێموت:

- ڕەجەب ئەوان دایکمیان کوشت، گەر ئەوان نەبوونایە ئێستاش دایکم هەر مابوو.

- چۆن؟ کێ کوشتی؟

- نازانم ئەگەر نەیان کوشتایە ئێستا لەبەر دەمتدا دەتبینی!

- ئەنیسە دانیشە، من لەوە زیاتر خۆم پێ ڕاناگیرێت، خەریکە دەخنکێم.

- دە ڕۆژ بەر لە مردنی.. پێنجشەممە بوو، لەگەڵ دایک و ژنانی گیراوەکان، چوون وەزیری ناوخۆ ببینن. نازانم کێ ئەو بیرەی نایە بەر. چەند ڕۆژێک بوو سرەوتی لێ هەڵگیرا بوو، هەر ماڵەماڵی بوو تا چەند

ژنێک کۆبکاتەوە و ماندووش نەدەبوو. بڕیار بوو ڕۆژی پێنجشەممە بچنە لای وەزیر. ڕێیان نەدان بچنە ژوورەوە و نەشیان هێشت بیبینن. نازانم کێ پێشنیاریی کردبوو کە جێگاکە جێنەهێڵن تا بە ئەنجامێک دەگەن. ژنان سەریان ڕووت کردبوو، قژیان بژ کردبۆوە و کەوتبوونە قاو و قیژ و لە خۆدان، هەموو لەسەر ئەوە سووربوون کە تا مردن کۆڵ نەدەن.. خۆت دەزانیت لەکاتی وادا پۆلیس چی دەکەن، بەنەڕە نەڕ کەوتنە وێزەیان، بەڵام بێسوود بوو، هەر کە وەزیر ویستبووی بێتە دەرەوە، شاڵاویان بۆ برد بوو. پێدەچێت هەر ئەو دارەی بەر پەراسووی کەوتبوو بووبێتە هۆی زوو گیان لە دەستدانی. لەگەڵ دەیان ژنی تردا گرتبوویانن، لە ژوورێکیان خزاندبوون، پۆلیسەکان دڕندە بوون، لێیان دا، قسەی سووک و جنێویان پێدا.. تا ڕۆژی دواتریش گلیاندایەوە، دوای زانینی ناوی و زانیان لەبەر کێ چووە. پاشنیوەڕۆی هەینی گەڕایەوە، بۆم دەرکەوت کە هەموو شت کۆتایی هاتووە. لەو شەوەوە تای هاتێ، تا دەهات تەندروستی خراپتر دەبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەکی دەکەوت. زۆر کەم نەبێت نەدەدوا، جنێوی دەداو جگەرەی دەکێشا، هەندێجاریش دەگریا. حامید سێ دکتۆری هێنا، یەکەمیان دەرزی بۆ نووسی، دووەمیان داوای کرد هەندێک شیکردنەوەی بۆ بکرێت و ببرێتە نەخۆشخانە، بەڵام سێیەمیان پێنج خوولەک دوای مردنەکەی گەیشت... لە دوا ڕۆژانیدا، کە هۆشی بەبەر دەهاتەوە، دەستی بۆ ئاسمان بڵند دەکرد و دەیوت "خوایە ڕەجەب بەهێز بکەیت و زۆردارانیش لە ئاستیدا کوێر بکەیت" جنێویشی دەدا. ڕەجەب ئەوان دایکمیان کوشت. لەوساوە منیش ترسام، لە دایکم زیاتر بۆت دڵگیربووم، ترسام بتکوژن!

ڕەجەبیش گریا. دەبوایە لەپێناو کێشەیەکی دیار و زانراودا بگریایە، ئێستا لە گریانەکەی دەگەم، بەڵام ڕۆژانی پێشتر ڕەجەبم بەلاوە ئاشکرا نەبوو، نەمدەزانی بۆچی بێدەنگ دەبێت و بۆچیش دەگری. لێیگەڕام چی دەوێت بیکات، فرمێسک وەک سووکە لێشاوێک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە لە هەردوو چاوییەوە بۆ سەر ڕوومەتی تلۆردەبوونەوە. دەستی بۆ سڕینیان بەرز نەکردەوە، تا نەهێڵی بێنەخوارەوە، لێیان گەڕا بڕژێنە خوارەوە. لە ژیانمدا نەمدەزانی کە پیاو ئەو هەموو فرمێسکەی هەیە.

لە ساتێکی خامۆشیداو لە کاتێکدا هەوڵی سڕینی فرمێسکی چاومم دەدا، تا بە چاوێکی نوێ سەیری بکەم، گوێم لە قیژەیەکی وابوو لەرزی لێهێنام. بە دەنگێکی تیژ کە لە بەربوونەوەی بەردێکی دەکرد، وتی:

- ئەنیسە تۆ تاوانباریت، بۆچی کە لەبەندیخانە بووم ئەمانەت پێنەوتم؟
- ڕەجەب، جا دەتتوانی چی بکەیت؟
- بۆچی نەتوت؟ بۆ؟
- تۆ خەمەکانی خۆتت بەسبوون!
- ئەی بۆچی پێت نەوتم؟
- نازانم، پێموابوو گەر پێم بووتیتایە، خەم و پەژارەتم زیاد دەکرد.
- پێویستم بەوە بوو.
- ڕەجەب ئەو ڕۆژانە ڕابوورد. دەبێت لەبیریان بکەین.
- لەبیریان بکەین؟
- ئەی گوایە چیترمان لە تواناداِیە؟

بەدەموچاوی خۆیدا دەکێشا، بە ناوچەوانیدا. قیژەکەی هێند تیژ بوو بێدەنگییەکەی شەوی شەق دەکرد. بەخۆکێشانەکانی چەقۆ ئاسا لە دڵ دەچەقین. هەڵمەتم بۆ برد دەمویست ڕێی نەدەم، توند پاڵی پێوەنام. سەری خۆی بە

دیوارەکەدا دەکێشا، نەمزانی داخۆ حامید لە قیژەو هاوار بەئاگا هات یان لە دەنگی سەر بەدیوار کێشانەکەی.. لەناکاو بینیم لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا قیتبۆتەوە، بەڕادەیەک ڕەنگی پەڕیی بوو، بەیەکێکی تر هاتە بەرچاوم.

دەبوایە هەردووکمان بە تەنیا بمایانیەتەوە. هیچ کەسێک توانای تێگەیشتنی هەست و نەستی ئەو کاتەی نەبوو. تەنانەت حامیدی مێردیشم کە سیازدە ساڵ بوو دەمناسی، بەلامەوە نەناس بوو. وەختبوو بە ڕوویدا بقیژێنم تا بەدەرکەوێت.. بەڵام ڕەجەب کە سەری بە دیوارەکەدا دەکێشاو هاوارە گرژەکەشی، کە هەڵقولاوی ئازارێکی زۆر بوو، نەیانهێشت چۆنم دەوێت وا ڕەفتار بکەم.. بینیم حامید پەلاماری دا، هەردوو شانی گرتبوو توند ڕایدەوەشاند. نازانم چۆن دیسان قسە دەستی پێکردەوە.. یان کەی.

لە کاتێکدا گوێم لە حامید بوو بە دەنگێکی گڕ دەیوت:

- دەبێت بخەون.. خۆ منداڵ نین تا بەمجۆرە ڕەفتار بکەن.

کە ڕەجەبیش جگەرەکەی کوژاندەوە و لە جێگاکەیدا ڕاکشا، حامید بە دەنگێکی تیژ پێیوتم:

- هەی ئاقڵ هەستە..

ئەی دوای ئەوە ڕەجەب خەوت؟ گڵۆپی دانەگیرساندو گوێشمان لە هیچ دەنگێک نەبوو، بەڵام شتێک لە ناخمەوە پێی دەوتم نەخەوتووە. بە درێژایی کاتژمێرەکانی دوایی هەر بە چاوکراوەیی لە تاریکییەکەدا مامەوە، چاوەڕێ بووم.. چاوەڕێم دەکرد گوێم لە دەنگی بێت یان گوێم لە گوللەیەک بێت، ئەگەرچی ماڵەکەش چەکی تێدا نەبوو. پێموابوو گوێم لە دەنگی سەر بەدیوارکێشانەکەی دەبێت. کە دیم بەو جۆرە سەری بە دیوارەکەدا دەکێشا، زۆر ترسام. لەکاتێکی کوتوپڕدا وا دەهاتە بەرچاو، ڕەجەب ڕێگەی خۆکوشتنی بۆخۆی دیبێتەوە..

لەمسەری ژوورەکەوە دەوەستێت و تیژ بەرەو دیوارەکەی بەرامبەری ڕا دەکات و سەری پێدا دەکێشێت.. سەرپیاکێشانێکی واش بەسە بۆ نەمانی.

کاتێک سووڕە ئەزەلییەکەی نووستن ڕەوتی خۆی گرتەوەو ڕێک بوو، هەناسەدانەکەی حامیدیش ڕێکوپێک بوو. لە نوێ بەبیرم هاتەوە؛ دایکم لەبەر دەرگاکەدا ڕووبەڕوویان وەستاوەو نایەڵێت بەژوور بکەون. بەرەبەیان هاتن، کەمێک پێش بەرەبەیان، گوێیان لە دەنگی دایکم بوو کە بە ڕوویاندا دەیقیژاند، بەڵام پاڵی توندیان پێوەناو بە ژوور کەوتن، حامیدیان لە پێشدا گرت، بە ڕەجەبیان دەزانی، کەچی ئەو چپەیەی یەکێک لە دەستەکە دای بەگوێی سەرۆکەکەیاندا، لەوە زیاتر سەرۆکەکەیانی تووڕەو گرژ کرد کە بیرمان لێ دەکردەوە.. پاڵێکی بەسنگی حامیدەوە ناو نەڕاندی بە سەریدا:

- کوا ڕەجەبی نەگریس؟

هەموو ماڵەکەیان تێکوپێک دا، بەڵام سێ ڕۆژ پێشتر ڕەجەب خۆی ئامادە کردبوو، خۆی شاردبۆوە. دووانیان لەماڵەکەدا جێهێشت. هەر چەند کاتژمێر جارێک دووانەکە دەگۆڕان، زۆربەی کات لە هۆڵەکەدا بەرامبەر بە دەرگاکە دادەنیشتن، کە گوێیان لە تەپەی پێیەک دەبوو خەریکە نزیک دەبێتەوە، گورگ ئاسا قەڵەمبازیان دەدا، یەکێکیان دەرگاکەی دەکردەوە، ئەویتریشیان دەمانچەکەی دەردەکێشاو لەولاترەوە دەوەستا. منداڵەکانیان ترساندو خستنیانە گریان، خۆ سەرنجیشیان بۆگەورەکان، هەر کین و تاوانبارێتی بوو، چاویان ئاگری دەکردەوە، نەدەبوو داخوازیشیان دوا بکەوێت، یان قسەی لەسەر بکرێت. کورتییەکەی لەو ...ڕۆژە پەستانەدا ژیانیان لێ تاڵکردبووین، نەماندەتوانی هاموشۆ بکەین یان ببزوێین. چوارەم ڕۆژ، دەمەو خۆرئاوا کە ڕەجەب گەیشتەوە، گرتیان.

پێشتر "خالید" و "ئەدمون"یشیان گرتبوو. دڵیان بە خالید خۆش بوو، زۆر لەمێژەوە چاوەڕێی بوون، لەو کاتەدا ڕاوکردنەکەی ئەویان بە چاکترین نێچیر

دادەنا. بەڵام کە ڕەجەب ئەوانی لەبەردەمیدا بینی تووڕەیی دایگرت. دڕندانە شاڵاوی بۆ بردن، دەستی دەهاویشت و جنێوی دەدا.. بەڵام زۆر بەرگریی بۆ نەکرا، دوای ئەوەی مشتووی دەمانچەیەکیان دا بە سەریدا، کەوت، جێ پەنجەش بە دەموچاوییەوە هەڵزەپییەوەو سوورهەڵگەڕان، دایکیشم کە بەرگریی لە ڕەجەب دەکرد قیژەو چڕنووک گرتنەکانی بەبا چوون.. پاڵێکی توندیان پێوەنا، قسەی وایان پێدەوت، تا مردیش بیری نەچۆوە. کورتە بنەکەی مشتووی دەمانچەکەی بە سەری ڕەجەبدا کێشا، لە تووڕەیی و ماندوێتیدا دەیشیراند و بە دایکمی دەوت:

- پیسی چەپەڵ دوور بکەوە. گەر سوزانی نەبوویتایە، ئەم زۆڵەت نەدەخستەوە.

دوای ماوەیەکی کەم بەسەر گرتنەکەی ڕەجەبدا، ئەوەی کە چووبوو کەسانێکی دی سەربەخۆیان بانگ بکات، گەڕایەوە. دەمانچە بەدەستەکەش خۆی بە دیوارەکەوە گرتبوو، دەترسا و گرژ ببوو، داوای لێکردین لە جێگەی خۆمان نەبزوین و هەڕەشەی ئەوەشی لێکردین، کە هەرچی بجوڵێت بەر گوللەی دەدا.

کە ڕەجەبیان برد دایکم کەوتە قیژەو هاوار و ڕای دەکرد بەدوایاندا، خەڵکی ناو کۆڵانەکە گردبوونەوە، بەڵام دەمانچە بەدەستەکە دەمانچەکەی بەرزکردەوەو کەوتە هەڕەشە لەوەی بچێتە پێشەوە، تەنانەت دایکیشم. دایکم نەیتوانی چیتر دوایان بکەوێت. لە سەرەتاوە کابرای دەمانچە بەدەست دایکمی گرت، ئەمجا خەڵکی ناو کۆڵانەکە کەوتنە نێوانیان، قسەی کەمێک ڕەقیشیان بە دایکم وت.

دایکم کەوتە خولانەوە.. لە مەلابانگانەوە دەڕۆیی تا خۆرئاوا نەدەگەڕایەوە. پۆلیسخانە نەما نەچێت، بەڵام یەکبینە هەر هەمان وەڵام چاوەڕێی بوو:

- کەسمان بەو ناوەوە لا نییە!

دەیویست لە شتێک دڵنیا بێت، لە مانی ڕەجەب. هەر ئەوە ئاواتی بوو، کەسیش ئەو قسە نەفرەتییەی پێنەدەوت. چەند لەماڵەوە بوایە هەر دەگریاو فرمێسکەکانیشی پێش پرسیارەکەی دەکەوتن:

– ئەنیسە، دەڵێی چی گەر بچم بۆ لای حاجی موستەفا عەززاوی، ئەو خەڵک زۆر دەناسێت، ڕەنگە یارمەتیمان بدات. پێش خۆرهەڵات دەچمە ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیس، دەستی ماچ دەکەم، دەمەوێت لە مانی ڕەجەب دڵنیام بکات. ئەو سەگەی باوکی سەعدی هەر سەیریشی نەکردم، بە ژنەکەیی وتبوو کە پەیوەندی بەو کارەوە نییە، دەبێت جارێکی تر لەو بارەیەوە پرسیاری لێنەکەم.

حامیدیش پەنای بردە بەر هەموو ناسیاوەکانی. وای لێهات یەکبینە تووڕەو بێدەنگ بوو، خۆ ئەگەر پرسیارم لێ بکردایە بەسەرما دەینەڕاند. بەڵام ئەگەر دایکم پرسیاری لێ بکردایە ئەوا دیاردەی پەستی پێوە دیاری دەداو چەند قسەیەکی دەوتەوە کە لەبری دڵنیاکردنی دایکم پتر دەیان هەژاند.

چواردانە مانگی ڕەبەق ڕابورد کەسێک هیچی لەبارەی ڕەجەبەوە نەزانی. دایکم کۆڵوانەیەکی ڕەشی دەدا بە کۆڵیدا و سەروپێچێکی ڕەشیشی لە ناوچەوانی دەبەست. نانی بۆ نەدەخورا. جارێکیان بەبێ ورەییەکی کوشندانەوە وتی: "کوشتویانە چوار مانگە هەر لێی دەدەن، ئەگەر حوشتریش بوایە لەجێی ئەو هەر دەمرد. شەونخونی و بێسرەوتی کاریان تێکرد، بووە تارماییەک، حەوانەوەی نەبوو، ئەگەر لەماڵبوایە درزێکی دەخستە دەرگاکەو سەیری شەقامەکەی دەکرد، بەڵکو یەکێک بێت و هەواڵێکی بداتێت، هەر کە هیچ هیوای نەدەما لە سووچێکدا بێدەنگ هەڵدەتروشکا، قسەشی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد. بەڵام ئەو قسانەی کە هەمووانی پێ ئاگادار دەکرد هەر ئەوە بوو؛ کە ئەگەر کەسێک لەدەرگای دا کەس نەچێت تا

هـەر خـۆی لێـی بکاتـەوە، منداڵـەکـان ئـەم قـسەیـەی دایکمیـان لـەبـەرکردبـوو تـا ماوەیەکی زۆر دەیانوت و دەیانوتەوە.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، دایکـم خـەریکبـوو ڕادەهـات، بـەڵام لـەگـەڵ ڕاهاتنـەکـەیـدا بـە جۆرێک تووڕەیی دایدەگرت کە لە بچووکترین شت هەڵدەچوو. بـەسـەر منداڵـەکانـدا دەیقیژانـد، دڵـڕەقانـە لـە خـۆیی دوور دەخـستنەوە، یـان گـەر بـەدەنگـی بـەرز پێبکەنینایە، یان بە قیڕوهوڕەوە یارییان بکردایە تووڕە دەبوو. گەر یەکێکی بدیایـە پێبکەنێت خۆی بۆ نەدەگیرا. جارێکیان کە بینی پێدەکەنم پێیوتم:

- هیچ نەماوە، بۆخۆت قاچی لێ ڕاکێشە.. ڕەجەب مردو تۆش ئیتـر شـایی و هەڵپەڕکێت بکە.

کە دیم دایکم دەگری زۆر لەو پێکەنینەم پەشیمان بوومەوە، تا مـاوەیـەکـی زۆر هەر دەگریا، چەند ڕۆژێکیش نەیدەدوانم!

دایکم هـەروا مایـەوە، تـا ڕۆژێکیـان کـە گـەڕایـەوە تـەواو گۆڕابـوو.. هێشتا لـە حەوشەکەدا بوو بەر لە هاتنە ژوورەوەی وتی:

- ئەنیسە.. هۆ ئەنیسە ڕەجەب ماوە، ڕەجەب زیندووە.

بۆی گێڕامەوە کە چۆن چۆتە بەندیخانەو چەند کاتژمێرێک لەوێ ماوەتەوە، جا کە ئەو پۆلیسەی دیوە کە لە مەحمودی پوورم چووە، وەک خـۆی وتـی، هانـای بـۆ بردووە. ویستوێتی قاچی ماچ بکات تکای لێکردووە هەر ئەوەندە یارمەتی بـدات کـە بزانێت ڕەجەب لە بەندیخانەیە یان نا.. پۆلیسەکە دڵی نەرم بووە، بەڵێنـی داوە کـە کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ بـەندیخانـەو لـەوە دڵنیـای دەکـات.. لـە هەشت و نیوەوە تا چوار چاوەڕێی کرد بوو، ئەوسا پێیوتبوو بەڵێ لە بەندیخانەیـە. ئەو هەواڵەی بەخۆشـترین مزگێنـی زانیـوە لـە ژیانیـدا. بـە درێژایـی شـەو هـەر ئـەو باسەی دەگێڕایەوە، هەموو جارێکیش شتی نوێی پێوە دەنا. بەڵام دیسان بێئـارامی دایدەگرتەوە. ئەی چۆنە پۆلیسەکە درۆی لەگەڵدا کردبێت؟ ئەی ئەگەر کەسێکی تـر

بەو ناوەوە لە بەندیخانەکەدا هەبێت؟ ئەی گەر پۆلیسەکە لە پرسیارەکەدا هەڵەی کردبێت؟ دایکم دەیویست دڵنیابێت، ئەو شەوە گەلێک بیریکردەوە، بەر لە خۆرهەڵات بوخچەیەکی بچووکی ئامادە کرد و جلوبەرگ و هەندێک خواردنی تێکرد و ڕۆیشت!

هەموو ڕۆژێک بەردەوام بە هەمان بوخچەوە دەگەڕایەوە، جلەکانی لە ناودا جێدەهێشت و خواردنەکەی لێ دەردەهێنا، تا خواردنی تر بۆ ڕۆژی داهاتوو ئامادە بکات.

* * *

ڕەجەب، بەو دە ساڵەی نێوان تەمەنمانیشەوە، بۆ من لە برا زیاترە. بیرم دێت کە منداڵ بوو، بەسەری پێچراوەوە لەخۆپیشاندانەکان دەهاتەوە، پێکەنین و قاووقیژ و تووڕەبوونەکانیشیم لە بیرە. بەڵام ئەو ڕەجەبەی لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە ڕاکشاوە کەسێکی ترە، لەو مانگانەی دواییدا زۆر پیربووە. نەمدەزانی مرۆڤ وا زوو گەورە دەبێت. بەڵام وا بە چاوی خۆم بینیم .. هەفتانە گەورە دەبوو.

کە پێش دوومانگ بینیم خۆم بە دەرگا ئاسنەکەوە گیرکردو بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد. پێموابوو دوای ئەوە چاوم پێی ناکەوێتەوە. هەردوو چاوی، لە ڕوویەکی ئارەقاویی زەرد داگەڕاودا، بە قووڵاچووبوون، هەر وەک تازە لە نەخۆشییەکی سەخت ڕاستبووبێتەوە، دوای چاکبوونەوەشی بە گرانتر نەخۆشییەکە بگرێتەوە. دەستم برد کە بیهێنم بە ڕووی دا، وەک جارەکانی ڕابردووی نەکرد لێی گەڕا تا لەسەر ڕووی بحەوێتەوە، کە جارێکی تر چاوی بۆ هەڵبڕیم بەشێوەیەک بەرچاوم کەوت وەک پێشتر نەمدیبێت.

زۆر سەرزەنشتی دایکمم دەکرد کە دەمبینی بە درێژایی ڕۆژ هەنگ ئاسا بە ماڵ و کۆڵانەکاندا دەخولێتەوە، کاتی خۆی لەبەر دەرگای بەندیخانە بەسەر دەبا. گەر

بیویستایە پشوویەک بدات دەچووە لای دایکی گیراوێکی تر و پێکەوە دەکەوتنە یادکردنەوەو ڕازوگلەیی. جارێکیان بە هاندانی حامید کە لەو بارە خەمناکە بێزارببوو بە دایکمم وت:

- بچۆ بۆ لای پوورم لەوانەیە لەوێ پشوویەکت پێدا بێتەوە!

بە پەستییەوە پێمی دا هەڵڕوانی و سەرەتا قسەی نەکرد، کە دیم بێدەنگە و سەیرکردنەکەشی لە گلەییەوە نزیکە، وتم:

- ڕەجەب یەکەم پیاو نییە کە دەگیرێت، دوا پیاویش نابێت. ئەگەر بزانێت تۆ ڕۆژانە ئەمە حاڵتە، ئەوا تووڕە دەبێت.

قیژانی و دەنگیشی تووڕەو خەمناک بوو:

- جا چیم کردووە؟ دزیم کردووە؟ خەڵکم تالان کردووە؟
- نەخێر.. بەڵام سووڕانەوە بە شەقامدا، چ سوودێکی هەیە گەر هەروا بمێنیتەوە؟
- ئەنیسە گوێ بگرە، هەرگیز خۆت لە ئیشی من هەڵمەقورتێنە. من گەورەم و دەزانم دەبێت چی بکەم!
- بەڵام خەڵکی قسە دەکەن..
- لەبارەی چییەوە؟
- دەڵێن دایکی ئەسعەد شێت بووە، بە درێژایی شەو و ڕۆژ هەر لەسەر یەک پێ دەخولێتەوە.
- هەرگیز کارێکی وام نەکردووە کە شەرمەزاریی لە دوا بێت.
- لەماڵەوە بەو ڕۆژانی سەردانیش سەر لە ڕەجەب بدە، ئەمە شتێکی بەجێیە.
- ئەی شتی نابەجێ؟
- کە وابیت!

- خەڵکی هەرچییەک بڵێن من هەر وا دەبم. ئەگەر بە دڵیشت نییە خۆت و مێردەکەت بڕۆن!

ماوەیەک قسەمان لەیەکتر دابڕی. ڕۆژێکیان حامید بە شپرزەیی و پەشۆکاوی هاتەوە، کە پێم لە پرسیارکردن داگرت پێیوتم سێ بەندیان کوشتووە، چونکە هەوڵی هەڵاتنیان داوە، کە بەپەستییەوە زەردەی دەهاتێ، بەردەوام بوو: ڕۆژنامە وای نووسیوە! دایکم نانی دەخوارد لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، لەگەنێکی مسی لەبەردەمی خۆیدا دانابوو کە لەمێژ بوو نەیگۆڕی بوو، پلە گۆشتێکیشی بەلاوە لەسەر پارچە نانێک دانابوو بەو هیوایەی بۆ ڕەجەبی بەرێت. ئەگەرچی چوارشەممە بوو، واتە دوو ڕۆژ بەر لە سەردانی بەندەکان. کە بینیمی دێمە ژوورەوە دەستی لە خواردنەکە هەڵگرت، سەرسامانەو بە پرسیارەوە تێمی دەڕوانی، ئەگەرچی دەمویست هێمن و ئارام بم. لەگەنەکەی بەلاوە ناو سەیرێکی کردم. بەرلەوەی لێم بپرسێت بە گومانەوە هەستا، سەبەتەکەی هەڵگرت و پلە گۆشتەکەشی بیر نەکرد و ڕۆیشت!

ئێوارە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک هەر لێم دەپاڕایەوە کە ئەوەی بیستبووم پێی بڵێم. هەموو شتێکم پێوت. دڵنیام کرد کە ئەو ڕووداوە لە بەندیخانەی بیابانێکی دووردا ڕوویداوە. باوەڕی نەدەکرد، نیوەشەو فرمێسک لە چاویدا بوو کە حامیدی بە ئاگاهێنا تا داوای لێبکات، لەو درەنگ وەختەدا لەگەڵی بچێتە لای بەڕێوەبەری پۆلیس.. حامید زۆری لێکرد تا ئەوە بخاتە بەیانی، کاتێکیش زانی داواکەی بێسوودە، دەرگای دەرەوەی کردەوەو تا ڕۆژبۆوە لەبەر دەرگاکەدا دانیشت.

وامدەزانی ئەوەی دایکم دەیکات بۆ ئێمە جوان نییە، بەتایبەتیش بۆ ڕەجەب. لە سەرەتاوە هەڵوێستی ڕەجەبم بە هەڵە دەزانی. ئەوکارەی دەیکات سوودی چییە؟ ئایا ئەو هەموو ساڵە دەهێنێت کە لە بەندیخانەدا بۆی بەسەر دەبات؟ ئەی

دایکم؟ چی لەو ماڵەوماڵ کردنەی دەستگیر دەبێت، لەکاتێکدا بەندەکان لە بەندیخانەدابن و بڕیاری بەندێتییەکەشیان بەسەردا درابێت؟

پێموابوو شتەکە هەڵەیە. بەڵام لێکدانەوەکانی من هەر لە سنگمدا مانەوە، ئەوانەم لای کەس نەدرکاند. تەنانەت حامیدیش کە گاڵتەی بە سیاسەت دەهات، ناچاری دەکردم بەرگریی لە هەڵوێستی ڕەجەب بکەم، ئەوەش دەبووە هۆی ناکۆکییەکی زۆری نێوانمان. بەڵام لەگەڵ دایکمدا مەسەلەکە تەواو جیاوازبوو. گەر هەستی بە وتنی وشەیەکم بکردایە، یان ئاوڕێکم بدایەتەوە دژ بە ڕەجەب بوایە ئەوە لەوانەبوو شێتی بکردایە. دواجار چەند مانگێک دوای بڕیاری دادگاکە پێیوتم:

- ئەنیسە گوێ بگرە تەنیا وشەیەکت لەبارەی ڕەجەبەوە لێ ببیستم ئەوا بە چاوی خۆت نام بینیتەوە، دەڕۆم!

دوای مردنی هەموو شت گۆڕا. زۆر پەشیمان بوومەوە لەو بیرانەی ناوبەناو بەسەرمدا دەهاتن. لەو قسانەش زیاتر پەشیمان دەبوومەوە کە کردبوومن ، بەڵکو وام پێشبینی دەکرد، هەڵوێستی من هۆی زوو مردنی بوو.

لەمردنی دایکمەوە بڕیارم داوە کە بۆ ڕەجەب لە خوشک زیاتر بم. لە یەککاتدا بۆی بوومە هەم دایک و هەم خوشک. لەم پێناوەدا زیاترم چەشت لەوەی ئافرەتێکی هاوتەمەنی من بەرگەی بگرێت.. تەنانەت کە دەچووم بۆ ئەو گووندە نەفرەتییەی کەناری بیابان، بەرەو ڕووی ئەوە دەبوومەوە کە حامید دەستم لێهەڵگرێت. باسی ڕەفتار گەلێکیشم نەدەکرد کە تووشم دەهاتن: تفم لە دوو پۆلیس کرد، چونکە قسەی ناشیرینیان بە گوێمدا دەدا. لە جارێکیش زیاتر پێڵاوەکانم دادەکەند و هەڕەشەی لێدانم لە سیخوڕەکە دەکرد، بە چاوەڕوانی و دانیشتنی بەردەرگای بەندیخانە، تەواو ڕاهاتبووم. واملێهاتبوو چێژم لەو باس و خواسانە وەردەگرت کە دایک و ژنانی گیراوەکان سەبارەت بە کوڕو مێردەکانیان

دەیانگێڕانەوە.. واملێهات منیش قسەو باسم لەبارەی ڕەجەبەوە هەبێت تا بیانگێڕمەوە.

پاش ماوەیەک، واملێهات بەلای ژنەکانەوە جیاوازبم و لە زۆربەشیان دیارتربم. چۆن بڕیاری گیرانی یازدە ساڵەی ڕەجەب دراوە، چۆن حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە هەڵواسراوەیی بە بنمیچەوە ماوەتەوە. چۆن تووشی ئازارێک هاتووە کە لەتوانای مرۆڤدا نەبێت. ئافرەتەکان بە ترسێکی تێکەڵ لە سەرسامی و ڕێزەوە گوێیان بۆ شل دەکردم، هەرگیز لە گێڕانەوەی ئەم باسانە بێزار نەدەبووم. ئەو باسانەی کە بە گریانی پیرەژنێک یان کچۆڵەیەک کۆتاییان دەهات. پێموتن: هەرچییەک لە پۆلیس دەبیستن درۆیە، پۆلیس ئەو قسانە بۆیە دەکەن هەتا بمانترسێنن. گەر ئەوەی دەیڵێن ڕاست بێت، ئەوا ئەو پیاوانە توانای خۆگرتنیان زۆر لەوە زیاترە کە بیری لێدەکەینەوە.. چۆن؟ ڕەجەب ئیسماعیلی برام، سێ دانە مانگ و حەوت ڕۆژ لە بەندیی تەنیاییدا مایەوە.. دەیخوارد و دەنووست، بێئەوەی چاوی بەکەسێک بکەوێت یان دەنگی کەسێک ببیستێت، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دواتر کە بینیمەوە لە پێشتر بە جەرگترو بەهێزتریش بوو.

هەمان ئەو باسانەی دایکم دەیگێڕانەوە، منیش کەوتمە گێڕانەوەیان، هەر وەک یەکسەر لەدەمی ڕەجەب خۆیم بیستبێت، کەس پێی نەوتبم، بەڵکو بەچاوی خۆشم بینیبێتم و باوەڕیشم بە یەک بەیەکی وشەکانی باسەکە کردبێت. زۆرجار ئافرەتەکانیش پرسیاریان لەوردترین و گرانترین شتەوە لێ دەکردم. بەڵام نەمتوانی تا سەر ئەو ڕۆڵە ببینم. کە بەر لەدوو مانگ ڕەجەبم بە نەخۆشی بینی، زووزووش لەهۆش خۆ دەچوو، خۆم دژایەتیم لەگەڵ خۆمدا دەکرد، زیاتر لەوەی کە دەمویست لەگەڵ ئەودا بیکەم. دکتۆری بەندیخانەکە کە لەگەڵ حامیدا خەڵکی گووندێک بوون، وتبووی:

- پێویسته بەپەله شتێکی بۆ بکەن.. ئەگەر پەلە نەکەن ئەو پیاوەتان لەدەست دەچێت!

کە حامید ئەوەی پێوتم ترس دایگرتم.. وام پێشبینی دەکرد، کە ڕەجەب بە تەنیا خۆی نامرێت، بەڵکو هەموو شت لەگەڵیدا کۆتایی دێت. دونیا لەبەر چاوم تاریک بوو، کەوتمە هەوڵدان. قسەکانی دایکمم لەبیرکرد، ئەو قسانەی هەر کەسێک لێی بپرسیایە دەیوتنەوە، کە تەنانەت تا چەند ڕۆژێک بەر لە مردنیشی هەر دەیوتنەوە.

جارێکیان کە لەگەڵ پوورمدا دەدوا، وتی:

- حەسیبە تۆ ئاگات لە چییە.. سەرمایەی ڕەجەب شەرەفیەتی، گەر نەیما هیچی نامێنێت. من چاکی دەناسم، خوا ئاگاداری بێت، کەللەڕەقە و سەری وەک بەرد وایە.

دایکم دەیان جار ئەم قسانەی کردبوو، بۆ خۆیی دەوتنەوە، تەنانەت گەر کەسیش لێی نەپرسیایە، لەبەردەم من و حامیدا ئەو قسانەی دەکرد، تا بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو شتانەدا بکات کە لە مێشکماندا خولیان دەخوارد، ئەگەرچی نەشمان وتبایە.

لە ڕۆژێکی باراندا، دەمەوئێوارە، بە تەڕی هاتە ژوورەوە، دەلەرزی، یەکەمجار پێموابوو لە سەرمادا دەلەرزێ، بەڵام هەر کە لەنزیک ئاگرەکەوە دانیشت، بە تووڕەییەوە دەنگی لێ بەرزکردەوە:

خوا دایکی وا ببڕێت.. کەی ئەوە دایکە، ئەوە تەنەکەی زبڵە، دادەنیشین و چاوەڕێ دەکەین ڕێگەی چوونە ژوورەوەمان بدەن یان خواردنەکە بەرن، بە دەرکەوتنی سەرەک پاسەوان دەکەوێتە ناو خوێندنەوە، ئەو دەکەوێتە قیژەقیژو هاتوهاوار و فرمێسک بەسەر ڕوومەتییەوە جۆگە دەبەستێت.. ماوەی خوولەکێک پێشتر، ئافرەتێکی ژیربوو، قسەی دەکرد و چاوەڕوان بوو، بەڵام کە دەچووە لای

کوڕەکەی دەنگی پێش خۆی دەکەوت.. دەگری، هاوار دەکات، دەقیژێنێت.. ئەو دایکە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت..

دایکم بێدەنگ بوو تا قژی بە ئاگرەکە وشک بکاتەوە، دوای ئەوەی تاڵ تاڵی کرد، سەرنجی دام بزانێت تا چ ڕادەیەک قسەکانی کاریگەرن، ئەمجا کە پرچەکەی کردەوە لەسەر قسەکردنەکەی بەردەوام بوو:

- دایک.. ئای لەو دایکە بێپەروایە، ئەمڕۆ کوڕەکەی بەربوو. دوای دانپێدانانی لەسەر برادەرەکانی و واژۆکردن، ئەمجا بەربوو.

پیایدا هەڵڕوانیم، سەرنجەکانی لە قسەکانی بە قینتر بوون. پێموابوو دایکم بەرگریی هێزێکی شاراوە دەکات، جارجارە لە شێوەی ترس یان ئارەزووی نادیاردا دەیگرت. بەڵام زۆرتر ترسی لەئێمە هەبوو تا خۆی.

کە ئەو ڕۆژە ڕەجەبم بینی قسەکانی دایکمم بە تەواوەتی بیرچوونەوە. هەر کە قسەکانی دکتۆرەکەم بیست، پێموابوو جارێکی تر نایبینمەوە. بڕیارم دا دژ بە بەرگرییەکەی بم.

حامید تلی دا دەستی بەرۆخی قەرەوێلەکەدا کێشا، هەر وەک بەرگریی لە هێزێک بکات کە گەمارۆی دابێت. کاتێکیش لەنێو جێگاکەی خۆیی گرتەوە، لە جێگاکەم هاتمە دەرەوە، لەسەر نووکی پێ ڕۆیشتم، تا کە لەدەرگای ژوورەکەی ڕەجەب نزیکبوومەوە، گوێم گرت..

دەنگی جیرە جیری ددان بێدەنگییەکەی دەبڕی.. کەواتە ڕەجەب نووستووە. کرەی دانیم وەبیر دەهاتەوە، ئەو خووەی کە هەرگیز لێی نەدەبۆوە. دایکم لێی دەپرسی گەر خەونی دیبێت، هەوڵی وەبیرهاتنەوەی دەدات، بەڵام زۆربەی جار نەدەچووەوە سەری. تەنانەت ئەگەر ڕەجەب لە هۆی پرسیارەکەی بپرسیایە، دایکم بەو بزەیەی کە سەرجەم ڕووی دەگرتەوە، وەڵامی دەدایەوە:

- که گوێم له دەنگی ددانت بوو، له دڵی خۆمدا وتم ددانەکانی وردەبن. ڕەجەب به پرسیارەکه ڕاهات. کە دەیویست بیر بکاتەوە گرژ دەبوو، بەڵام بیری نەدەکەوتەوە یان لانیکەم، قسەی لەبارەی خەونەکانییەوە نەدەکرد.

لە کاتژمێرەکەی سەر ڕۆخی پەنجەرەکەم ڕووانی، فۆسفۆڕەکانی وەک خلۆربوونەوەی دەنکە مووروی بچووک تیشکیان دەدایەوە. سەرسام بووم کە کاتژمێر گەیشتبووە سێ و نیو. لە شەشدا ڕەجەب جێمان دەهێڵێ، سەفەر دەکات و لەوانەشە جارێکی تر نەیبینمەوە. هەر سێ کاتژمێری ماوە، دوو کاتژمێر. ئەو ڕۆژانە کۆتاییان دێت کە ژیانی پێکەوەییمان پێکهێنا. ژیانێکی خۆش نەبوو.. زەحمەت بوو، واش لە ڕۆژانی ترم لا خۆشەویست ترن. کاتی بەندێتیی چاوەڕێی هەینیم دەکرد، وەک منداڵێکی بچووکبم.. لەمەودوا چاوەڕێی چیبم؟ شتێک لە ناخماندا لێکترازا، یەکەم ئێوارەی دوای بەربوونی کە دەستمان بۆ خواردنەکە درێژکرد، ئەو هەستەم کرد. ڕۆژێکی سەخت بوو.. زۆربەی کات ڕەجەب بێدەنگ بوو، سەیری کەسی نەدەکرد، ئەو شادییەی کە حامید هەوڵی پەیدابوونی دەدا، هەر ئەوەی پێکرا کە زەردەیەکی هەڵبزڕکاو بپەڕێنێتە سەر لێوی ڕەجەب، ئەو زەردەخەنەیەش ناسۆر بوو بەپەلە نەدەما، بێدەنگییەکی قورس لە جێگەیاندا پەیدادەبوو، کە مەترسی گەورەیان دەگەیاند.

لە باسی بەندیخانە دووركەوتینەوە. لێمان نەدەپرسی تەنیا پرسیاری ئاسایی نەبێت کە هیچ یادێک نەبزوێنێت، ئەویش لە ئێمە زیاتر خۆی لەو باسە دەپاراست. لە هەموو جارەکانی پێکەوە دانیشتنماندا، هەر بێدەنگی هەڵدەبژارد، بەڵام ئارەزووی ئەوەی کە دەمویست لەو بێدەنگییە دەربازی بکەم، هاندەری وڕێنەکردنم و قسەکردن لە زۆرشتی بێسەروبەر بوو، دەیبیستن و وەڵامی نەدەدایەوە. تەنانەت پرسیارەکانیشی لەو جۆرانە بوون کە نازانم چۆن بیری دەکەوتنەوە.. ئێستا

شتەکانم لا ئاشکراتر دەبن.. بە پەلە وەڵامی پرسیارەکانیم دەدایەوە، نەمدەزانی کە لە پرسیار زیاتر دەگەیێنن.

سەبارەت بە دراوسێ قولەڕەشەکەمان لێی پرسیم.. پێموت مرد. لەبارەی پیرەژنە کارەکەرەکەوە کە ناوی "نەمام"بوو پرسیاری لێکردم، پێموت مرد. لە دایکی جەعفەریشی پرسی، پێموت، بەر لەگرتنەکەی خۆی مردووە. لە وەڵامەکانم سەرسام نەدەبوو.

لە کاتێکدا وەک هەردوو چاوم بەسترابنەوە، بە پەرۆشەوە بە دەوریدا دەهاتم، دەمویست شتێک بکەم ئەو دڵتەنگییە گرانە ڕامالْم کە باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو، تەنانەت منداڵەکانیشی گرتبۆوە، ئەوانیش زۆربەی کات بێدەنگ بوون، یان بۆ یاریکردن دەچوونە دەرەوە. دەمویست ڕۆژانی یاریکردنەکانی خۆی وەبیربێنمەوە.. یەکجار بینیم نەرمە پێکەنینێکی شاد پێبکەنێت، بەڵام زوو بڕییەوە، شتێکی وەک پەشیمانی لە ڕووخساریدا خۆی نیشان دەدا.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر کە لە پشتی باخچەکەی ماڵەوە لە پێشییەوە دەڕۆیشتم، دەمویست گوڵە تازەکان و دارە ماگنۆلیاکەی نیشان بدەم کە گەورە ببوو، بێ پێشەکی لەبارەی هوداوە پرسیاری لێکردم!

هێشتا خوێن لە زامەکەی دڵی دەتکێت. هودای بیر نەچۆتەوە، هەر لەبیریێتی. پرسیارەکەی پەرۆشانەو ڕاستەوخۆ بوو، هەردوو چاوی لەزەوی بڕیبوو. پێیوتم:

– ئەنیسە، هەواڵی هودا چییە؟ دەیبینیت؟ پرسیاری منی لێنەکردوویت؟

زۆرم هەوڵدەدا لە هەموو ئەو شتانە دوور بکەومەوە کە هودای بەبیر دێنایەوە، هیچم لەبارەوە باس نەکرد، هێشتا ئەو نامەیەم نەداوەتێ کە هودا جێیهێشت. ڕایسپاردم تا دوای بەربوونی نەیخوێنێتەوە. لە دڵی خۆمدا بەرهەڵستیم لەگەڵ ئەو بیرانەدا دەکرد کە تارمەییەکەی هودایان ڕادەماڵی. وتم: "ئێستا دوورکەوتۆتەوە، باشتریش وایە کە بیری بچێتەوە، بۆ نامەکەش هەرچۆنێک بێت چاری دەکەم".

دەزانم هودا دەیویست شتێک بۆ ڕەجەب ڕوون بکاتەوە. کاتێک نامەکەی داخست و لەگەڵ ئەو فرمێسکە بە تکایەی "نهێنیم بپارێزە" دایپێیم.. لە ڕێزی ئەم داواییە زیاتریش هیچی دیم لە توانادا نەبوو، لەو کاتەدا دەمویست یادێکی ڕووناک بۆ ڕەجەب بهێڵمەوە، بەڵام ئێستا، کە دەمبینی بەو ڕادەیە خەمناکە، پێموابوو خوێندنەوەی نامەیەکی وا لەوانەیە ماندووی بکات، پەستی و ناسۆری نوێش لە دەروونی دا بەرپا بکات. پێم لەسەر بەنهێنی هێشتنەوەی نامەکە دادەگرت. کە هێشتا لە بەردەمییەوە دەڕۆیشتم و چاوم لە ئاسۆیەکی دووردا وێڵ دەبوون، دەمویست بە حەزی ڕەجەب هودا بێنمە بەرچاوم. پێموت:

- ئەمجارەیان پێت ناڵێم هودا مرد، نەخێر هێشتا ماوە، ماڵەکەشی زۆر لێرەوە دوور نییە، بەڵام هودا گۆڕاوە، زۆریش گۆڕاوە. ئێستا، لەوە قەڵەو تربووە کە بیری لێ دەکەیتەوە، بۆ میوانداریش دەچێت، بە بۆنەو بێ بۆنە باسی مێردەکەی دەکات!
- ئەنیسە، قەت هەواڵمی نەپرسیوە؟
- سەرەتا با، بەڵام ساڵێک یان زیاتریشە، هەر جارێک یان دوو جار نەبێت نەمدیوە.. نەیپرسیوە.. "دەمویست وشەکانم کاریگەر نەبن، لەسەر قسەکەم ڕۆیشتم" کە دیم تەنیا نەبوو، نەشمتوانی بە تەنیا بیبینم.. لەوانەیە لەبەر ئەوە نەیپرسی بێت!

بە بێدەنگی ڕێی دەکرد. من تەنیا لە ڕەجەب و حامید دا جیهانی پیاو بەدیدەکەم! تەنانەت ئەو جیهانەش بەلامەوە یەک جیهان یان چوونیەکیش نییە. کە ئێستا هودام دێتەوە یاد، پێشبینی دەکەم کە هەوڵی زۆری دابێت.. هودا دەگریا. چەند کاتژمێرێکی لای ئێمە بەسەر برد، بەردەوام دەگریا. وەک کیژۆڵەیەکی بچووک لێی دەپرسیم: "ئەنیسە، هەڵبێم؟ ناتوانم جگە لە ڕەجەب شوو

بەکەسی تر بکەم". بەڵام ڕەجەب دوورو مەحاڵیش بوو، کەسوکارەکەی هـوداش بـە دوای هودا دەکەوتن و گەمارۆیان دەدا، توانای دەربازبوونی لێیان نەبوو.

دژایەتیم لەگەڵ تارمایی هودادا دەکرد. کـاتی بـەنـدێتی ڕەجـەب سـەبـارەت بـە هودا لێی دەپرسیم. شتی وام لای هودا باس دەکرد کە هـەر ڕووی نـەدابێـت، بـەڵام چیم پێدەکرا؟ لەگەڵ ڕۆژگاردا هودا گۆڕا. نەیدەپرسی، نەدەگریا، دونیایـەکـی نـوێی بۆخۆی پێکەوە نابوو. خەریکیش بـوو دەبـووە بـەشێکی ئـەو دونیایـە. بـەڵام ئـەو نامــەیــەی بــۆ ڕەجــەبــی جێهێــشت، ســاڵێک دوای شــووکردنەکــەی دەیویــست وەریگرێتەوە. هەوڵی زۆری دا، کە فرمێسکی تـرس هـەردوو چاویـان پڕکردبـوو لـێم دەپاڕایەوە، وتی گـەر مێـردەکـەی بـەوە بزانێـت دەیکوژێـت.. هـەر کـە پێمـوت مـن هەموو پەڕە و نامەکانی ڕەجەبم سووتاندووە و لە پێش هەمووشیاندا نامەکەی ئەو، تووڕەو بە گومان بوو.. وشەکانم، کە دەموت: " جیهانە کۆنەکە هـەمـووی سـووتا و ناشمەوێت دیسان لـە بـارەیانـەوە بـدوێین"، زیـاتر لـەوەی بـاوەڕی لا پـەیدا بکـەن سەرزەنشتیان دەکرد.

دەستی ڕەجەبم گرتبوو تا جیهانی ناوەوەی ئاشکرا بکەم. پێموت:

- دایکم ئەم دارەی بۆ تۆ ڕواند، دوومانگ دوای گرتنەکەت ڕواندی.

بە پرسیارێکی بەتامەوە وتی:

- دارچنار؟
- بەڵێ دارچنار، وتیـشی کاتێـک ڕەجـەب بـەردەبێـت وەک ئـەم دارە سـەر بڵندو گەورە دەبێت.

بۆ یەکـەمجـار ڕووی ڕەجـەبـم بـەدەم ئـازارو گرژییـەوە بینـی. ئـەمجا بـەپـەلـە جێیهێشتم، بێوورانە خۆی بەسەر دیواری ماڵـەکـەدا دا، دوای سـاتە بێـدەنگییـەکـی ڕووخێنەر گریا. گریانێکی بەئێش، کە لەهاوارەوە نزیک بوو. لەو سـاتەدا کـە باسـی باخچەکەم بۆ کرد. لە ڕۆژانی دوای گرتنەکەی، پێموابـوو خۆشـیی پێـدەگـەیـەنێت،

بەڵام ئێستا کە دەست بۆ درەختەکان دەبەم، باسیانی بۆ دەکەم وامدەزانی دەیکوژم. لێی گەڕام بگری، سەرەتا نەمدەزانی بۆ دەگری. وامدەزانی یادکردنی دایکم هێناویەتە ئەو گریانە بە کوڵە. بەڵام کە قسەکانی خۆمم دەوتەوە، ئەوجا بۆم دەردەکەوت چەند جەرگبڕن..

بەر لە بەسەرچوونی ئەو ڕۆژە، ڕەجەبم دەبینی کە ئارەقی نەخۆشی بە تەواوەتی دەیشتەوە، هەوڵی دەدا دارەکە ببڕێتەوە. دوای ماندووبوونی، حامید یاریدەی دا. پرسیاری هۆکەیمان لێنەکرد. ناڕەزاییشمان لە ئیشەکەی دەرنەبڕی، بێدەربڕینی یەک وشەی ناڕەزایی لێی گەڕاین بە ئارەزووی خۆی بکات، خۆ کاتێکیش زۆرم لە حامید کرد تا یارمەتی ڕەجەب بدا، پێموت:

- هەندێک کەس شتە ماددییەکان بە ناحەزەکانی خۆیان دادەنێن.. ڕەجەب ئەم درەختە بە دوژمن دەزانێ.. نامانەوێت دەمەدەمێی لەگەڵدا بکەین.. گرنگ ئەوەیە کە یارمەتی بدەیت!

حامید بێدەنگانە یارمەتی دا، هەر بەجووتە خەریک بوون، کاتێکیش دارەکە کەوت بەشێک لە دیواری حەوشەکەی داڕووخاند. ڕەجەب لە هەوڵێکی بێوورەییانەدا بۆ داواکردنی لێبووردن، پەشۆکاوانە وتی:

- بەیانی خۆم دیوارەکە هەڵدەچنمەوە.

کە دارەکە کەوت شادبووم، حامیدیش دوای پشووییەک دایە قاقای پێکەنین، بە سەرنجێکی پڕ لە خۆشەویستیشەوە بە ڕەجەبدا دەیڕوانی، بزەیەکی سەرکەوتن بەسەر لێوییەوە بوو کە بە ڕەجەبی وت:

- هەر وەک لە چیرۆکدا خوێندومانەتەوە.. ئەم دارە ڕابردوو دەگەێنێت .. ئێستاش کە کۆتایی هات و کەوت ڕابردووشی لەگەڵدا کەوت و کۆتایی هات، ڕەجەب تۆ چی دەڵێیت؟

ڕەجەب بە وشەی لەسەر خۆ و نادیار، وتی:

- ئەمجۆرە دارانە، جۆری بڵندو چەماوە، پەستی لە ناخمدا بەرپا دەکەن، دەمێکیشە ڕکم لە چنار و سەرووە، درەختگەلێکی سەرودڵ گرن.

حامید دەویست قسە لەبارەی درەختەوە بکات، لە ڕابردوو، بەڵام ڕەجەبی لە سەرەتاوە بێدەنگ، ئەمجا ئەو ڕەجەبەی کە ناکاو بە تووڕەیی و گرژی هەستاو، هەر ئەوەش ڕایوەستان، وەک هەستی بە هەڵەکەی کردبێت!

ڕۆژی دواتر، ڕەجەب هەر لە ژوورەکەیدا مایەوە، زۆر کەم نەبێت دەرنەدەچوو، بەڵام بۆ دیوارەکەی کە وتی هەڵی دەچنمەوە، بەیانی ڕۆژی دوایی داوای لە من کرد تا پیاوێک ببینمەوە ئەو کارە بکات، شتەکەم بە هێمنی وەرگرت، سەبارەت بە هیچ ڕەفتارێکی ناڕەزاییم نیشان نەدەدا. دەمویست چی پێخۆشە بیکات، ئەگەر دیوارەکەشی دروست بکردایەتەوە یەک وشە چییە نەمدەوت. ئێستاش کە ڕامدەسپێرێت یەکێک ببینمەوە دیوارەکە هەڵچنێتەوە، خۆم بە شادمان نیشان دا، وتم:

- تۆ دەیڕووخێنیت و حامیدیش دروستی نەکردەوە، ئەوا دەیکەینە دەرگایەکی تر بۆ سەر باخچەکە.

بە قێزەوە شانی ڕاوەشاند. چووەوە بۆ ژوورەکەی، لە دوای خۆشییەوە دەرگاکەی داخست.

ئێستا وا جارێکی تر بە باخچەکەدا دەگەڕێین. ڕەجەب پرسیاری هودام لێدەکات.. لەم وشە بێگیانانە بەولاوە چیتری پێبڵێم؟ هودا لە خەیاڵی ڕەجەبدا ئافرەتێکە ئاسکئاسا هەڵدەبەزێتەوە، پێدەکەنێت، گۆرانیی دەڵێت، جارجارەش لە ئەنجامی هەڵچوونی دا گەر لەسەر شتێک لەگەڵ ڕەجەبدا تێکبچێت، دەموچاوی سوورهەڵدەگەڕێت، ئەگەرچی زۆر کەمیش سەری لە سیاسەت دەردەچوو!

حامید لە تاریکی دا سەری بەرزکردەوە. دەیویست لە نووستنم دڵنیا بێت، بەپەلە چاوم لێکنا، ئەمجا دوای کەمێک، هەر وەک کاردانەوەی بزاوتنەکەی، بۆ لایەکەی تر وەرچەرخام، خۆشم بە نووستو نیشان دا!

ڕەنگە ئێستا کاتژمێر لە چوار هەڵکشابێت.. ڕەجەب گڵۆپەکە داگیرسێنێت، دوێنێ شەو کە داوای زوو نووستنمان لێکرد، پێیوتم:

- ئەو شتانەی کە بەکاریان دێنم دەیانخەمە جانتا بچووکەکەوە، خۆشم ڕێکیان دەخەم تا جێگاکەیان پێبزانم.

هەوڵی گۆڕینی شێوەی قسەکردنەکەی دا، تا لە ناخەوە دڵنیام بکات. کە بە خۆشەویستییەوە دەستی بە شانمدا دەدا، لەسەر قسەکەی دەڕۆیشت:

- زوو هەڵدەستم تا ڕیشم بتاشم و شتەکانیش ڕێکبخەم.

ڕەجەب بەئاگادێت، لەوانەیە ئێستا هەستا بێت، گڵۆپی دانەگیرساندووە، بەڵام نابێت هێشتا خەوتبێت..

ڕۆژانی دوایی بە وردی چاودێریم دەکرد. زوو لەخەو هەڵدەستا، نەمدەزانی بۆ کوێ دەچێت، ڕۆژی دووەم کە بینیم چووە دەرەوە، زۆر ترسام بە ئەنقەست چاوەڕێم دەکرد.

خوایە ڕەجەب چەند گۆڕاوە، وا نەماوە کە دەمناسی، ئەو ڕەجەبە نییە کە لەگەڵی دا ژیابووم. ئێستا ئەو کەسێکی ترە. ئایا ئەو ڕەجەبە مرد؟ لەبەندیخانە جێماوە؟ ئەی مرۆڤ.. بڵێی مرۆڤ بەم ڕادەیە بگۆڕێت؟ دەنگی لیپ لە بڕواو خۆشەویستی، دەنگێکی بەچپە، کە خنکاوێکی ناو بەڵغەم و کۆکە جێی گرتۆتەوە. چاوە پێکەنیناوییەکانی، ئەوانەی دایکم ناوی چاوی دزی لێنابوون، بەتەواوەتی کوژاونەتەوە، ئێستا چاوی وەک ئاوێنەی تەڵخ وایە، هەرگیز نابینێت، دەڕوانێت بەڵام نابینێت. ئاخ خۆزگە ڕەجەب بیهێشتایە سەیری لەشی بکەم. بڵێی لەشیشی بگۆڕێت؟

کاتێک تارمایی و بیر بە خێراییەکی شـێتانە ڕمبازێنیـان بـە کـەللـەمـدا دەکـرد، پێموت:

- بەندیخانە گۆریوتی!
- نەخێر نەگۆڕاوم، گەر گۆڕابێتیشم، ئەوا باشتر بووم!
- بـەندیخانـە مـرۆڤ خراپتـر دەکـات، نـابینی چـەنـد پیربوویـت؟ چـەنێـک ماندوێتیت پێوە دیارە.
- بەڵام ئیتر پشت بەکەس نابەستم.. فێـری گـەلێـک شـت بـووم، جلـشتن، قاپشتن، ئەنیسە سەرسام مەبە، گەر پێت بڵـێم ئێـستا لـە پینـەکـردن و قۆپچە لێناندا لە ئافرەت وریاترم.
- ئەی فێربوویت خۆت خۆت بشۆیت؟
- سەرەتا پـشتم لـە دیـوار دەخـشاند، بـەڵام فێربـووم کـە هـەردوو سـەری لفکەکە بگرم و لە لەشمی بخەم.

ئەگەر لەشیم بدیایە لە برینەکانی هـەردوو ئـەژنـۆی و شانیـشی دڵنیـا دەبـووم، ئاخۆ ئەو برینانەی لە یادمن هێشتا لە شوێنی خۆیاندان؟ نەگۆڕاون؟

نایەوێت لەشی ببینم تا ئەو شوێنەوارانە ببینم کە دەڵێن بە لەشی بەندەکانـەوە وەک نەخشە وەهان، ئەی ئەو شوێنەوارانـە نـاگۆڕێن؟ قـسەو باسـی زۆرم لـەبـارەی ئەو بەندانەوە بیستووە کە شانازی دەکـەن دەسـت بـۆ شـوێنەواری ئازاردانـەکانیـان بـەرن.. ئاوسـاوی لاق، نیـشانە شـینهەڵگـەڕاوەکـانی سـەر پـشت، بـە خۆشـییەک سەرنجی شوێنەوارەکانیان دەدەن کە هەستی بەتامی تێکەڵ دەبێـت، هـەر وەک بـۆ یەکەمجار بەدییان کردبێت. چەند ڕۆژێک لەمەویـەر سـەیـری لـەشـی ڕەجـەبـم کـرد، باڵی لە قۆڵی کراسەکەی دەخست. بێئەوەی هەست بکەم لێی چوومە پێـشەوە، لـە سەر شانییەوە پەنجەم لە نزیـک سـنگییەوە دانـا، هـەسـتم بـە ئاوسـاوییەک کـرد..

بەپەلە باڵی بەرزکردەوە، دەیویست لە لـەبـەرکردنـی کراسـەکـەی بێتـەوە. هـەر کـە پرسیارەکەی لە چاومدا بینی، وتی:

– پێتوانەبێت هەموو شتێک هی بەندیخانەیە.. ئـەوە جێگـەی ئـەو برینـەیـە کە لەسەر دارگوێزەکە بەربوومەوە.. بیرت نایەت؟

بیرمە کە باڵی شکا، بەڵام ئاوساویی یـان نیـشانەیـەکم بیـر نییـە. تـا مۆڵـەتـی پرسیارکردنم نەدات، وتی:

– شوێنەوار جێناهێڵن.. حەزیش ناکەن بەندکراو ناشیرین و بـەدڕەزا ببێـت، تەنانەت گەر ئیعترافیش بکات گلی دەدەنەوە تا چاک دەبێتەوە!

– ڕەجەب، زۆریان لێدایت؟

بە تووڕەییەوە، وەک بەتەمای ئەو پرسیارە نـەبووبێـت و نـەیـەوێـت لـەو باسـە بدوێت، بەرپـەرچی دامەوە:

– نەخێر.

– ئەی ئەو هەواڵانەی کە دەمانبیستن؟

– درۆیە.. هەمووی درۆیە.

نـەدەکـرا بـڕوای پـێ بکـەم. ئـاواتی بینینـی لـەشـیم دەخواسـت، گـەر بـە دزە نیگایـەک بمدیبایـە، هـەمـوو شـتێکم تێـدا دەخوێنـدەوە؛ شـوێنەوار، پیـری، بـەڵام لـەمێژبـوو ڕەجـەب لـەشـی کردبـووە نهێنییـەک، ڕێـی بـە کـەس نـەدەدا ببیینێـت. بەسەرهاتی کابرای کرێگرتەی ماڵێکی دوور لە ماڵی خاڵمـەوەم بیـرە، ئـەو پیـاوەی کە داکەندنی زۆربەی جلەکانی و چوونە سەربانی پێخۆش بوو. ڕەجـەب کـە بیـستی منداڵانی گەڕەک لێیـان داوەو ناچاریـان کـردووە ماڵـەکـە جێبهێڵیـت، کاتێـک دایکـم باسی ئەو پیاوەی دەکرد، ڕەجەب پێیوت:

– ئاژەڵ بێز لە سـەیرکردنـی دەکـەنـەوە، خـۆی بـەچـی دەزانـی؟ پێیوابـوو ئافرەتان هەموو بۆی ڕادەکەن و خۆیان دەدەن بەسەر قاچیدا؟

کەس هیچی لەو بارەیەوە نەوت، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ڕەجەب کە لەبارەی پیاوەکەوە پرسیاری لە مونعیمی پوورزام کرد، پێیوت:

- گەر لەجێی تۆ بوومایە، پشتاوپشت سواری کەرێکم دەکرد و بە سەر شەقامەکاندا دەمگێڕا! شەرم لە ورگی خۆی ناکات! یان لە سمتی کە لە سمتی بەراز پانترە؟

شتێک لە لەشی ڕەجەبدا دەیترساند، دڵنیانیم. بەڵام کە لە حامیدم پرسی تا باسی گەنجێتی خۆیم بۆ بکات، کە لەگەڵ ڕەجەبدا بەراوردم کرد، بۆم دەرکەوت کە لە یەک ناچن و جیاوازن. حامید بە هیچ جۆرێک، ئەو باسانەی هێزو توانای خۆییان پێ دەردەخات، لەبیر ناکات و لە گێڕانەوەشیان بێزار نەدەبوو: "سیان بوون.. منیش تەنیاو بێ چەک، بەڵام خۆم وا نیشان دا کە شتێک لە گیرفانمدایە. لەیەکەمیانم داو کەوت، لە دەموچاوی دووەمیشیانم دا و خوێن فیچقەی کرد، دوای مستەکۆڵەی دووەم، دوو ددانی پێشەوەی کەوتنە دەمی کە تفی ڕۆکرد، خوێن و هەر دوو ددانەکەی کەوتنە سەر زەوی.. سێیەمیش سەرەتا بە سەیرکەر مایەوەو ئەمجا هەڵات".

چەند جارێک ئەم باسەم لە حامید بیستووە، هی تریشم لێ بیستووە. ڕەجەب حەزی نەدەکرد لەشی خۆی تاقیبکاتەوە. پشتی بە لەشسووکییەکەی قایم بوو، گورجی نواندن، لە زۆربەی ئەو شتانەی کە بەلایەوە کەسانی تر توانای کردنیان نییە، ببووە خولیای.. لە تۆپانێدا وریا، لە ڕاکردن دا.. بەڵام بە لەش لاوازبوو، ماوەیەکی زۆریش هەروا مایەوە، تا کە گەورە بوو، وایلێهات بە دەموچاوی خوێناوییەوە، لە خۆپیشاندانەکان دەگەڕایەوە، لچولێو ئەستوور. پێموابوو زیاتر پشتی بە گورجوگۆڵییەکەی دەبەست وەک لە هێزو تواناکەی!

پێرێ کاتێک پارچە گۆشتی مریشکێکم دەخستە قاپەکەی بەردەمییەوە، وتم:

- بۆ ناخۆیت؟ عادل لە تۆ زیاتر دەخوات؟

که بۆ نیشانەی تێربوون دەستی بە سکی دا دەهێنا، بە چەند وشەیەکی تووڕانە وەڵامی دامەوە:

– بەلای منەوە خواردن سەرودڵ دەگرێت، واش زۆرم خوارد!

ڕەنگە ویستبێتی بە شێوەیەک ئازاری خۆی بدات. دیسان پێی ڕادەهاتمەوە. بەڵام ڕەجەب، ئەو ڕەجەبە نییە کە دەمناسی. دوای کاتژمێرێک دەڕوات، ئەی لەویَ، کێ خواردنی بۆ لێدەنێت؟ جا دەخوا؟ ئەو ئێستا لە گەڵمانەو لە خواردن ڕادەکات، گەر بە تەنیا مایەوە چی دەکات؟ بیرم نەچێت بۆی بنووسم. یەکبینە ڕایدەسپێرم کە ئاگاداری تەندروستی خۆی بێت. بەندیخانەی نەفرەتی تێکی داوە، ئێستا ئەو پێویستی بە چاودێریکردنێکی زیاترە، تا تۆڵەی ئەو پێنج ساڵە بکاتەوە کە ژەمێک مرۆڤانە نانی تێدا نەخواردووە. وتی خواردنی بەندیخانە بەتامە، هەرگیز باوەڕ ناکەم. کە نیشانەی گاڵتەی بە دەموچاومەوە بینی، بە پێداگرتنەوە وتی:

برسێتی چاکترین فێرکەرە.. پێش بەندیخانە ئارەزوویەکی تایبەتیم هەبوو؛ ئەو خواردنە خۆشە، حەزم لەویانە، حەزم بەویان نییە.. لە بەندیخانە هەموو شتێکم دەخوارد.. "تا هیچ لە بارەی قسەکەیەوە نەڵێم" وتی: ڕیخۆڵە پڕکردنە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بخوات، هەموو شتێک بخوات، هەر بۆئەوەی برسی نەبێت، واش خواردنەکە بەتام بوو.

ئەی خەوتن.. ئایا ڕەجەب هەستاوە؟ کاتژمێرێکی ماوەو دەڕوات، لەم ڕۆژانەدا نووستن دوژمنێتی. نازانم کەی دەخەوێت و چ کاتێکیش بە ئاگادێت! زۆربەی کات ڕووناکی هەموو لایەکی ژوورەکەی گرتبۆوە. سێیەم ڕۆژی دوای بەربوونی، دەمەوبەیان کە گوێم لە تەپەی پێی بوو، زۆر سەرسام بووم.. بیرمە ئەو شەوە بۆ دووەم جار بەئاگا هاتم، دیم ژوورەکەی ڕووناکە، خەون بە تامەوە چاومی داگرتبوو، لە پێشدا وامزانی بۆ ئاوخواردنەوە هەستاوە و دوایی دەگەڕێتەوە، بەڵام کە گوێم لێبوو دەرگای دەرەوە بەدوایدا داخرا، پەشۆکام، وتم بەم بەیانییە زووە بۆ کویَ

دەچێت؟ لێی گەڕام و یەکەم ڕۆژی لێم نەپرسی. بەڵام ڕۆژی دواتر لەهەمان کاتی ڕۆژی پێشوو دا کە گوێم لە دەرگاکەبوو، لەدڵی خۆمدا وتم: ڕەجەب خۆی تووشی مەترسییەکی نوێ دەکات. چاوەڕێم کرد تا هاتەوە.. کە ڕۆیشت خۆم وا نیشان دا گوێم لێ نەبووە. کە دیم بەژوورکەوت سەرسامییەکی زۆرم دەربڕی، لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوەو خۆی خزاندە ژوورەوە. کە لەبەردەمیدا بینیمی، کشایەوە و تووڕەیی و سەرسوڕمان بە ڕوویەوە دیاری دا. لە کاتێکدا ددانم بە قسەکاندا دەنا تا ببنە هاندەری، پێموت:

- لەبەر بێخەوی چوویتە دەرەوە.. پێدەچێت بە ژیانی نوێ ڕانەهاتبیت!

پەشۆکاوانە وتی:

- زوو نووستم، نەشمتوانی لەوەندە زیاتر لە جێگەدا بمێنمەوە، بۆیە چوومە دەرەوە!
- بە زوو هەستان ڕاهاتوون.
- پێش شەش بە ئاگا نایەین!
- بەڵام ئێستا زووترە، ئێستا کاتژمێر چەندە؟

کە بەرەو ژوورەکەی بۆوە، تا درێژەی نەدەمێ وتی:

- نزیکەی شەشە، ڕەنگە کەمێکیش زیاتر بێت!
- ئەی قاوەت بۆ لێنێم یان دیسان دەخەویتەوە؟
- دەنوومەوە!

ڕەجەب شتی وا دەکات، کە ئێمە لێی بێئاگابین، بۆ کوێ چووە دەرەوە؟ چی کرد؟ دەمەوێت بزانم. بەڵام گەر هەست بە چاودێریکردنەکەی من بکات، گەر پرسیاری لێبکەم، ئەم جۆرە پرسیارانەی پێخۆش نابێت و لێشم نابوورێت، خووەکانی لە بەندیخانەدا نە گۆڕاون. پرسیاریش، پەژارە لە دەروونیدا بەرپا دەکات، زۆری پێناچێت تووڕەو کەللەیی دەبێرت..

کە دایکم پرسیاری لێدەکرد پێی دەوت:

- گەر خۆشت دەوێم پرسیارم لێ مەکە.. گەورەبووم و دەزانم چۆن ڕەفتار بکەم، هیچ مەترسە!

دایکم گەر بیویستایە لێی بپاڕێتەوە، یان وایلێبکات کە هەست بکات لەبەر دڵەخورپێ و ترس، خەو نەچۆتە چاوی، بە دایکمی دەوت:

- بخەوە، چونکە ئەگەر بێمەوەو نەنووستبیت ئەوا درەنگتر دێمەوە، یان هەر نایەمەوەو لە دەریشەوە دەخەوم.

زۆرجار هەوڵی لەگەڵ دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، وازی لێهێنا. هەر بە هەمان شێوە، دەربارەی ئەو کارانەی دەیکردن، دوای ئەو شەوەی کە بە شێوەیەک بەرپەرچی دایکمی دایەوە، کە سەرەتا تووڕەی کرد و ئەمجا چووە سەر جێگاکەی و دەستی بە گریان کرد، ئیتر لەو ساکەوە پرکێشی پرسیار لێکردنی نەدەکرد! جارێکیان پێیوت:

کوڕەکەم باشتر وایە دەستبەرداری سیاسەت ببیت، بە چاوی خۆت بینیت چۆن کوڕەکەی "نەداوی"ان برد.. چۆن "مەجدی"ان گرت.. کوڕم سیاسەت سوودەکەی کامەیە؟

بە تووڕەییەوە بە دایکمی وت:

- ئەو کێشانە لە تۆ گەورەترن، خۆتیان تێ هەڵمەقورتێنە، من گەورەم و دەزانم چۆن ڕەفتار دەکەم.
- بەڵام بە چاوی خۆت دەیبینیت!
- چی دەبینم؟
- هەر ڕۆژەی یەکێک دەگرن.. هەر ڕۆژەی کەسێک دەکوژن. من چیبکەم ئەگەر گرتیانیت؟ ئەگەر کوشتیانیت؟
- دڵنیابە گەر بمگرن هەر خۆم دەگرن و بەلای تۆدا نایەن!

- ئەی گوایە پێتوایە دوای گیرانت من بەرگەی تاکە ڕۆژێکی ژیان دەگرم؟
- بۆچی بەرگە ناگریت؟
- دەمرم، خۆم دەکوژم!

پەنا بەخوا، پێموابوو دایکێکم هەیە کە لە پیاو بە جەرگترە، وامدەزانی گەر بگیرێم، دەڕۆم و بڕواشم وایەو دڵنیاشم، کە نە فرمێسک و نە قیژەو هاوار، کەچی ئێستا تۆ بەر لە گیرانم هەڕەشە دەکەیت، دەتەوێت بمکەیت بە ژن؟ ببمە پیاوێکی خەسێنراو؟

نازانم چی وای لێکردم خۆ لە باسەکە هەڵقورتێنم. گەر مشتومڕەکە لە نێوان هەردووکیاندا بوایە ئەوا بێئەنجام کۆتایی دەهات. بەڵام کە بە ساردییەکەوە، گلەیی ئاسا بە دایکمم وت، ئیتر با بەس خۆی لە ئیشی ئەو هەڵقورتێنێت. بە تووڕەییەوە بەرپەرچی دامەوە:

- تۆ دایک نیت و هەستی دایکایەتیش نازانیت، ئەگەر ئەو بگیرێت تۆ بە شەقامەکاندا گڕ ناخۆیت و شەونخونیش ناکێشیت. دەتوانم چیبکەم؟

بە هەمان شێوە پێموت:

- ئێستا ڕەجەب لەبەر دەمتدایەو بەر لەگرتنیشی پێویستە باس لە گرتن و بەندیخانە نەکەین.
- دەتەوێت دوای ئەوەی کە مرد ئامۆژگاریی بکەم؟

ڕەجەب تا کۆتایی بە مشتومڕەکە بێنێت، بە تووڕەییەوە وتی:

- واز لەو قسانە بێنن، گەر گیرام ئەوا خۆم ئەنجامەکەی دەچێژم.
- کوڕم بەڵام من دایکم ..دایک. تۆ دەزانیت دڵی دایک چۆنە؟
- ئەگەر هەموو دایکێک قسەکانی تۆ بکەن دەبێت کەس نەبزوێت و لە کەلاوەیەشدا بمرین.
- بەڵام کوڕەکەم تۆ خۆت دەخەیتە مەترسییەوە.

- من گەورەم دەزانم دەبێت چیبکەم!

من لە ڕەجەب دەگەیشتم، دەمویست هێوربێتەوە. وتم:

- دایە لێی گەڕێ با چی دەوێت بیکات.
- بۆ دۆزەخ با چی دەوێت بیکات، منیش ئیتر هیچ پەیوەندییەکم نییەو دەست لە ئیشیشی وەرنادەم.

ڕەجەب بە تووڕەییەوە وتی:

- دەچم بۆ دۆزەخ و ناشمەوێت کەسم لەگەڵدا بێت!
- بەڵام باوکت بمایەو تۆی بەم جۆرە بدیبایە کە خۆت دەخەیتە مەترسییەوە، دەیزانی چۆنچۆنی تەمێی دەکردیت!
- سوپاس بۆ خوا کە نەماوە، تەنانەت گەر نەشمردایە، خۆم دەمزانی چۆنچۆنی ڕەفتار دەکەم.
- ئەگەر ڕێی سیاسەتکردنی نەدایتایە هیچت دەکرد؟
- لەوانەبوو ڕێم لێنەگرێت.. ئەو کاتە بەسەرچوو کە کەسێک بتوانێت ڕێم لێ بگرێت.
- کورم پێویستە گوێم لێ بگریت.
- تۆ خڵەفاویت هیچ نازانیت.

بە تووڕەییەکی سەرکێشانەوە، هەروەک ئەو هەڵەیەی تێیکەوتبوو ماوەی بیرکردنەوەیەکی هێمنانەی نەدابێت، وتی:

- سەد دۆزەخ، شێتبم گەر ئیتر لێت بپرسمەوە.
- سەد دۆزەخ، منیش نامەوێت کەس لێم بپرسێتەوە.

بە تووڕەییەوە چووە سەر جێگاکەی، بەڵام هەر کە دانیشت دەستی بە گریان کرد. سەرەتا لەسەرخۆ دەگریا، پاشان دەنگی لێ بەرزکردەوە، ڕەجەبیش هیچی نەکرد. چووم بەلای دایکمەوە، کاتژمێرێک هەر قسەم بۆ کرد، زۆر شتم پێوت،

بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک وەڵامی نەدامەوە. تا کە بەسەرخۆ هاتەوە، بێئەوەی جلەکانی بگۆڕێت نووست!

لەو کاتەوە سەبارەت بە زۆرشت خۆم لە پرسیارکردن دووردەخستەوە، دەمویست بیخەمە بارێکی تایبەتی وا کە بدوێت، گەر خۆی قسەی بکردایە، یان وا دیاربوایە، بەرەبەرە بەرەو ویستەکەی خۆم هانم دەدا، زۆربەی کاتیش شتێکم لە شێوەی پەشیمانی لە ڕووی دا بەدی دەکرد، گەر قسەی لە بارەی چەند شتێکەوە بکردایە کە نەدەبوا لای ئافرەتێک یان هەر کەسێکی نەناس بیدرکاندایە.

لەو کاتەوە، زانیم کە ڕەجەب نەک هەر لە پرسیار پەست دەبێت، بەڵکو قینیشی لێیەتی، دەشبووە هۆی ئەوەی دڵڕەقانە ڕەفتار بکات و لە ڕەوشتی خۆشی دەرچێت.

ڕۆژێکیان دراوسێکەمان، کە دراوسێیەکی نوێ بوو، تا پار ژنەکەی مرد هەر لە نزیکمانەوە بوو، کەمێکیش لە ڕەجەب بەتەمەنتر بوو. کە بۆ یەکەمجار هاتبووە دیدەنیمان سەبارەت بە بنەچەی خێزان و سەرچاوەی ژیانمان لە ڕەجەبی پرسی. ڕەجەب بە پەستییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، تا کە لە بارەی پانتایی زەوییەکەی گوندمان و سەبارەت بەوەی کە خۆمان بەکاری دێنین یان خزمان، لێی پرسی، ڕڕەجەب حەپەساوانەو گرژ سەیری دەکرد، گوێم لێی بوو تووڕانە پێیوت:

– یەک خوشکم هەیە ئەویش شوویکردووە، منیش لەم کاتەدا نامەوێت ژن بهێنم!

هەر کە پیاوە سەرسام بوو، نیشانەی پرسیارو حەپەساوی بە ڕوویەوە دەرکەوت، ڕڕەجەب پێیوت:

– گەورەم پێویست بەم پرسیارانە ناکات، پێشموایە کەسێک مەبەستی ژن و ژنخوازی نەبێت ئەم جۆرە پرسیارانە ناکات!

کابرا ویستی داوای لێبوردن بکات، بەڵام ئەم بەیەکگەیشتنە یادێکی خەمناک ئاسا کە ڕکی لە دەروونی دا دەهەژاند، نەخش بوو. کاتێک دایکم زۆری لێکرد کە دیدەنی دراوسێکەمان بکەین، چونکە ئەوان پێشتر سەریان دابووین، ڕەجەب هیچ قسەیەکی وای نەدییەوە تا بە دایکمی بڵێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بە ڕەقییەکەوە پێیوت:

- نامەوێت دیدەنی بکەم، مەترسە خۆ توێژینەوەش نۆرەی دێ!

دایکم وەڵامەکەی ڕەجەبی بەلاوە سەیربوو. بەڵام من دوای ڕۆیشتنی ڕەجەب پێموت کە چۆن ئەو دراوسێیەمان بە پرسیارکردن ڕەجەبی توڕە کردووە.

دایکیشم بێئەوەی هیچ بڵێ بێدەنگ بوو!

دەبێت هەستم. دواتر هەموو شتێکی ڕەجەبم وەبیردێتەوە. ئێستا دەمەوێت ببینم، لە دوا کاتدا تێر سەیری بکەم، لەوانەیە نەگەڕێتەوە، تەنانەت گەر بێتیشەوە وا زوو نابێت.

کە لەسەرخۆ پاڵم بە دەرگاکەوە نا، ڕەجەبم بەدیکرد بەسەر جانتا بچووکەکەیدا نووشتابۆوە. تا نەمبینێت لەسەر نووکی پێ چوومە پێشەوە، هەر کە زۆر نزیک بوومەوە، بینیم کۆمەڵە پەڕە کاغەزێکی دادەنا!

دەفتەرە ڕەشەکەم لەبیرە.. ئەم پەڕە کاغەزە نەفرەتاویانەش. ترسام، وامدەزانی تووڕەیی بەجارێک دەتەقێتەوەو نوقمی دەریایەک کینی کپمان دەکات. هەر هەمان پەڕەن. هەمان دەفتەرە، کە دای بە دایکم. زۆر لەسەر بە نهێنی و دوور هەڵگرتنیان سوور بوو، بە مەرجێک دەستی کەسیان نەگاتێ. بیرمە خامۆشییەکی مەنگ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. لەو ڕۆژەدا کە بەژوور کەوتم، دایکمم بینی دەلەرزی و بە پەلە کاغەزەکانی دەخستە ژێر جێگاکە. کشامەوەو واش خۆم دەرخست کە هیچم نەدیوە. بەر لە مردنی دایکم، دەستی بۆ دووکەڵکێشی ژوورە ...بچووکەکەی سەرەوە درێژ کرد و وتی:

- ئەنیسە تاکە سپاردەم پاراستنی ئەو کاغەزانەیە بۆ ڕەجەب، نازانم چییان تێدایە، بەڵام زۆری مەبەست بوو کە ئاگادارییان بکەم.

وەڵامم نەدایەوە. پەڕە کاغەزەکان ماوەیەکی زۆر لە جێگەی خۆیان مانەوە، بەڵام ئەهریمەنی خۆمەڵاسدەری دڵی هەموو مرۆڤێک، ڕۆژێکیان خولیای خستە دڵمەوەو نازانم چۆنیش دەستم بۆ بردن.

ناتوانم هەموو شت بڵێم، چونکە هەموویانم نەخوێندەوە، تەنانەت گەر بشمخوێندنایەتەوە، ڕەنگە هەروا بە ئاسانی نەیاندرکێنم.. وا نەبوون مەترسیان لێبکرێت، لە ڕەجەب بەولاوە پەیوەندییان بە کەسی ترەوە نەبوو. گەر دەست هەر کەسێک بکەوتنایە ئەوەی ڕەجەب لێیان تێدەگەیشت ئەو هەر بەلاشیدا نەدەچوو.. بێ قسەی زل؛ جیهانی بچووکی ڕەجەب، بیری، خەونی.. خۆشەویستی و شێتێتی، چەند جنێوێکیشی تێدا بوو. دەمەوێت لەوە زیاترم بە بیردا نەیەت.

کە بینیمی ڕاچڵەکیم، بە قینەوە تێمیڕوانی، هەر وەک کارێکی ناهەمواری کردبێت، منیش تا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی لێ دوور بخەمەوە، بە بڕواوە دەستم بۆ درێژکرد و وتم:

- ئێستا قاوەکەت بۆ بێنم یان دوای ڕیشتاشین؟

بەدەم بزەیەکی هەڵبزڕکاوەوە کە تێکەڵ بە قسەکانی دەبوو، وەڵامی دامەوە:

- گرنگ نییە.. ئێستا یان هەر کاتێک بێت.

- ئەی لە ڕێکخستنی شتەکانت بوویتەوە؟

- خەریکە!

- هیچت بیر نەچووە؟ بیر بکەرەوە

بێئەوەی بیر بکاتەوە، بە توورەییەوە وتی:

- هیچم بیر نەچووە.

خۆی دا بەسەر کورسییەکی نزیکدا. بە قاچی پاڵی بە جانتاکەوە دەنا تا دووری بخاتەوە، کە جگەرەی بۆ ڕاگرتبووم پێیوتم:

- بیرتە دایکم چیی بەیەکەم جگەرە دەوت؟

بێئەوەی وەڵام بدەمەوە سەرم ڕاوەشاند، دەمویست خۆی باسی بکات، چونکە لە چەند لایەنێکی واوە بیر لە دایکم دەکاتەوە کە هەرگیز بە بیری مندا نەهاتوون. کە دیمی بێدەنگم، وتی:

"یەکەم جگەرە ژەهرە، لە ژەهریش پیسترە، جگەرەیەک لە ئاودا دانێ و لێیگەڕێ تا دەتوێتەوە، ئەوسا سەیری ڕەنگی ئاوەکە بکە، زەردێکی تۆخە، ئەوە ژەهرە". بەڵام چۆن زانی ژەهرە، کێ پێیوتبوو ڕەنگەکەی وایە، هەرگیز دایکم وەڵامی ئەوەی نەدەدایەوە. دایکم هەموو جار هەر کە دەیبینیم پێش نانخواردن جگەرە دەکێشم ئەو باسەی بۆ دەگێڕامەوە، هەوڵی ئەوەشی دەدا کە جگەرەم لێ بڕفێنێت و بە پەلە ڕای دەکرد تا شتێکم بۆ بێنێت بیخۆم.. ئەوەت لە بیرە؟

سەرم ڕاوەشاند. سیمای دەموچاویم بە لێڵ و پێکداچوویی دەکەوتە بەرچاو، تا بەتەواوی شێوا، وتی:

- بۆیە هەرخۆم جگەرە دەکێشم، وەک دوێنێ شەو ناکەم و جگەرەت نادەمێ.

کە دەمویست لاسایی دایکم بکەمەوە، تا لەو دوا کاتژمێرەدا خۆشیی یادی ئەوی بخەمە دڵەوە، وتم:

- ڕەجەب، چۆنە بەر لەنانخواردن جگەرە دەکێشیت؟ نازانیت یەکەم جگەرە ژەهرەو لە ژەهریش پیسترە؟

- بەندیخانە ڕاهێنەرە.. ئێستا یەکەمین جگەرە بەردەوامی تامی تاڵییەکە دەخاتە دەممەوە، ئەو تاڵییەی کە پێویستم پێیەتی.

- ڕەجەب بۆچی وا دەڵێیت؟
- بۆ شتێکی خراپم وت؟
- تەنانەت شێوەی قسەکردنەکەشت گۆڕاوە!

چەند مژێکی لە جگەرەکەی دا، نوقمی چەند یادێکی دوورو دژوار ببوو، وام هەستکرد بزووتنەوە گرژەکانی و ئادگاری دەموچاوی، کە هەر ساتەو بەجۆرێک دەگۆڕا، لەوەیان دەکرد بەرەنگاریی چەند هێزێکی هەمەجۆر بووبێتەوە. ناکاو ڕێک دانیشت، قاچیشی کە بە گیانداریکی زیادە دەچوو بەسەر زەوی ژوورەکەوە هەڵیکێشا، وتی:

- ئەنیسە هێشتا سەرم سوڕماوە.. دەفتەرەکەی کە لای دایکم جێمهێشت، ئەوەی کە لە تۆم وەرگرتەوە، "دەستی بۆ جانتاکە درێژ کرد" نازانم لەگەڵ خۆمی بەرم یان بەر لە ڕۆیشتنم بیسووتێنم.. گەر بیبەم ڕەنگە بمپشکنن و بیدۆزنەوە، ئەمیش دەبێتە ڕسواییەکی نوێ، جۆرە ڕسواییەکە، کە ڕەجەب دڵدارە، ڕەجەب شیعر دەنووسێت، ڕەجەب خەون دەبینێت. شتەکان بڵاودەکەنەوە تا هەموو پێم پێبکەنن، بە تایبەتی برادەرەکانم، لەوانەشە ڕۆژنامەکە بگاتە بەندیخانە، بۆ عیسمەت و ئەمجەد.. بۆ ئەوانی تریش، چییان لەبارەوە وتبم دەسەپێت.. بەڵام گەر لەگەڵ خۆشمیان نەبەم، گەر بیانسووتێنم، ڕەنگە پەشیمان ببمەوە، چەند شتێکیان تێدایە دەمەوێت وەک یادگارێک بیانپارێزم.

کاتی قسەکردن هەڵدەچوو، وەک بۆ خۆی بدوێت، کەسی نەدەبینی، لە منیشی نەدەپرسی، وشەکانی دوا هەوڵدانی قاییلکردنی خۆی بوو. وتم:

- ڕەجەب لای منیان جێ بهێڵە، کە هاتیشییەوە چۆنت دەوێت وابکە.
- ئەنیسە بەڵام من دەفتەرەکەم خۆشدەوێت، لە بەندێتیمدا زۆرم بیر لێ دەکردەوە.

- وابزانم لەمرۆژانەدا خوێندووتنەتەوە، هەموویت بیرکەوتۆتەوە، پێویستیش ناکات خۆت تووشی مەترسی نوێ بکەیت، باشتر نییە جێیان بێڵیت؟
- لەوانەیە باشتر وابێت بیانسووتێنم، تۆ دەڵێی چی؟
- ئێستا لای من جێیان بهێڵە. دەیانخەمە جێگایەکی چاکەوە و تا دەشگەڕێیتەوە کەس دەستیان بۆ نابات!
- ئەنیسە ڕاستم پێ بڵێ، ئەم کاغەزانەت خوێندۆتەوە؟

چۆن وەڵامی بدەمەوە؟ بڵێم چەند لاپەڕەیەکم لێ خوێندوونەتەوە؟ نکووڵی لێ بکەم؟ ناتوانم قسەیەک نەکەم کە لێی پەشیمان نەبمەوە. گەر بڵێم خوێندوومنەتەوە ئەوا تووڕە دەبێت. کاتێک دەیدا بەدایکم و چووم بەسەریان دا بێدەنگییەکەیم لەبیرە. گەر بڵێم نەمخوێندوونەتەوە، باوەڕم پێناکات، چاوم ئاشکرام دەکات. هەندێک جار بەچاو پرسیار دەکات. بەتەواوی چاوی تێبڕیوم، تەنانەت گەر وشەیەکیش نەڵێم ئەو بیرەی بە مێشکمدا دێت ڕووخێنەرانە بەدیی دەکات. هەر کە هەموو شتێکم بەلاوەنا، وتم:

- ڕەجەب، لەترسی پۆلیس چەند پەڕەیەکم خوێندەوە، ترسام گەر پشکنینێکی نوێ بکرێت پەڕەکان بدۆزنەوە گرفتی ترت بۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوە خوێندمنەوە تا دڵنیابم کە ئەم پەڕانە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نییە!
- چیت خوێندەوە؟

دەستیم خستە ناو دەستم، هەوڵم دا بیگەینمە ئەوەی کە باوەڕم پێ بکات، وتم:

- ڕەجەب بڕوام پێ بکە بیرم نەماوە.
- ئەی چیترانی؟

بەدەم پێکەنینەوە شانیم ڕاوەشاند تا هەستێت و وتم:

- نهێنیت بۆ کەس نادرکێنم، دڵ لە دڵ مەدە.
- تەنانەت گەر لێشیان دایت؟
- تەنانەت گەر لێشم بدەن!
- ئەگەر کارەباشیان بەکارهێنا؟
- ئەگەر هەر شتێک بەکاربێنن.
- درۆ دەکەیت.
- درۆ دەکەم؟
- بەڵێ درۆ دەکەیت.. مرۆڤ دەڵێ هیچ نادرکێنم، بەڵام کە کەوتنە لێدانی، شێوازەکانیان خستەگەڕ، لەو ساتانەدا بڕیار دەدات.. چۆنیش بڕیار دەدات؟ بڕیاردەریش لە شێتی، لەو ساتانەدا ویست و ئارەزوو دەمرن، نامێنن، لەش هەر خۆی هەموو شتێک دەکات!
- ڕەجەب بەر لەوەی هیچ بدرکێنیت زۆرت بەرگە گرت؟

تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی و هەڵسایە سەرپێ.

ئاواتەخوازبووم قسەی بکردایە، هەر شتێکی بووتایە من وێنەی ڕەجەبم بەلاوە ئاشکراتر دەبوو، بەڵام ئێستا دەڕوا، نهێنییەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەبات، ئایا ڕەجەب هیچی وتووە؟ بەر لە قسەکردنی زۆری بەرگە گرتووە؟ داخۆ دوای ئەوەی قسەکانی لەشیان بۆ گێڕاوەتەوە، ئەویش کاتێک لەشیی لەژێر قسەو کوتەکەکانیان دا گرمۆڵە دەبوو، هەستی چیبووە. بە ئەرکم دەزانی کە وا لە ڕەجەب بکەم شتێک بڵێت، بەڵام پێدەچێت ئێستا ئەوە مەحاڵ بێت.. بۆچی ڕۆژانی ڕابردوو لێم نەپرسی؟ بۆچی لە پشت پەردەی ژوورە کۆنەکەی خۆیدا جێمهێشت تا هەر خۆی یادەکانی بجوێتەوە؟ مرۆڤ چەنێک بەهێز بێت، بەمێشێک نابێت ئەگەر تەنیا بێت! ڕەجەب تەنیا بوو، خۆی ئەوەی بۆخۆی هەڵبژارد، بەڵام بۆچی هێشتم هەر خۆی هەڵبژێرێت و خۆشی بڕیاردەر بێت؟ ئەی کاغەزەکان.. ئەی دەفتەرەکە، بۆیان جێ

بهێڵم؟ ئـەم یادگـارە بپـارێزم و هـەمـوو مـافێکیش بـەخـۆم بـدەم کـە وشـەکـانی بخوێنمەوە تا ڕەجەبم لە کاتی نووسینیاندا بەیاد بێتەوە؟

بینیم هـەسـتاو بـە کینـەوە شـەقێکی لـە جانتاکـەی هـەڵـدا، لـەوە دەچـوو لـە کاغەزەکان هەڵبدات، یا لە ڕابردوو، چەند ساتێکی ماندوو بوون! هەوڵی گێڕانەوەیـم دا، وتم:

- چیت وت؟.. کاغەزەکان جێدەهێڵیت یان لەگەڵ خۆتیان دەبەیت؟
- نازانم خوولەکێک بەر لەماڵ جێهێشتن بڕیار دەدەم!
- باشتر وایە ئێستا بڕیار بدەیت، ئێمە ئێستا هەر خۆمـانین، بـەڵام ئـەگـەر حامیـد و منداڵـەکانمـان لـەگـەڵـدابن ڕەنگـە جێهێـشتنیان گـران بێـت .. لـەوانـەیـە گـەر بیبیـنن بپرسـن، ناشـتوانم وەک جـاران بـە نهێنیـی بیـان هێڵمەوە!
- ئەنیسە مەترسە.. گەر بڕیاری لێرە جێهێشتنیانم دا ئەوا پێـت دەڵـێم کـە بیانسووتێنیت، چونکە دواتر من پێویستم پێیان نابێت!
- نەبردنیان باشترە. ئەگـەر ئێـستا جێیـان بهێڵیـت تـا گـەڕانـەوەت دەیـان پارێزم!
- نازانم!

کە کەوتە ڕیشتاشین قاوەم لێدەنا، بێدەنگیش پردێکی مەرگ ئاسا درێـژ ببـۆە. گـوێم لـە قوڵپـەی ئـاوەکـە نـەبـوو کـە لـە قاپـەکـەدا دەکوڵا. دیسان کاغـەزەکـانم بیرکەوتەوە، قاوەم لە ئاوە گەرمەکە دەکردو بیرم دەکردەوە:

کاغـەزەکـان، کۆمـەڵ کۆمـەڵ گـورزە کرابـوون، دەفتـەرێکـی ڕەشـیی بـەرگ موقـەبـاش، پـەڕەی زۆر، دەمویـست بیربکـەمـەوە.. یـادەوەریـی سـێ مانـگ، بـە ماوەیەکی زۆر بەر لە گرتنەکەی نووسرابوون، مانگەکانی دوایی ئـەگـەرچـی پـەڕەی سپیش مابوون هیچی نەدەنووسی. دوای یادەوەرییەکانی سێیەکـی دەفتـەرەکـە یـان

کـەمێـک زیاتریـشی شـیعر بـوو. ناونیـشانی شـیعرەکـان "تـەراتێنـە بچـووک و خەمناکەکان" بوو، بەڵام ناونیشانێکیشی بۆ دووابەش دانابوو ئەمجا کوژاندبوویـەوە، یەکەم ناونیشانی "چەند بیرێک لـە پێنـاوی سـەربـەستیدا" دوای کوژاندنـەوەی ئـەم ناونیشانە، لە ژێریدا نووسیبووی "بێناونیشان"!

چیم خوێندەوە؟ ئایا ئەو وشەو ساتە توندو تیژانەم بەبیـر دێتـەوە کـە بـە بـەر چاومدا گوزەریان کردبوو؟

قاوەکـە هـەڵچـوو.. ئـەمجـارە دیـم لـە دوامـەوە وەسـتابوو پێـدەکـەنـی. ئێـستا دەورەکانمان گۆڕیوەتەوە.. پێش تۆزێک کە جانتاکەی ڕێکـدەخـست سـەرنجـم دەدا، لە پێشان کە چاومان یەکانگیربوو، ڕاپەڕی سەرسام و تووڕە بوو.. ئـەی ئێـستا لـە کـەیـەوە لـە پـشتمەوە وەسـتاوەو چـاودێریم دەکـات؟ بێئاگایانـە جـەزوەی قـاوەکـە بەرزونزم دەبۆوە. تا کە زیاد لە پێویـست لـە ئـاگرەکـەم نزیـک خـستەوە هـەڵچـوو، ئاگرەکە کوژایەوەو بەئاگاهاتم.. بینیم پێدەکەنێت! کە لەو پشێوییە ڕزگاری دەکـردم پێیوتم:

- قاوە لێنانت بیرچۆتەوە.. چەند ساڵێکە نەمان خواردۆتەوە، بـەڵام ئێـستا من دەتوانم ئەوەی تۆ تێکت دا چارییبکەم!

دەستم لە قاوەکە هەڵنەگرت. سەرلەنـوێ کـەوچکێـک قـاوەو کـەمێـک شـەکـرم تێکردەوە. هەر ڕەجەب بە تەنیا نەگۆڕاوە.. هەموومان گۆڕاوین، ئـەگینـا چـۆن ئـەم درۆیە لێک بدەمەوە، ئەم دەستلەرزینـە، ئـەم دڵـەکوتێیـە؟ سـەرجـەم ڕەفتـارەکـانم چۆنچۆنی لێک بدەمەوە؟ وەک جاران نەماوم.. خوشک و دایکیش بم.. ئێـستا ئـازار دەچێژم، نازانم ئەم کاتژمێرەی کە ماوە چـۆن دەڕوات. دەترسـم تـەنیـا بمێنینـەوە. ترسم لەخۆمە، بەڵام ترسم لەو زیاترە. ئـەو ئـەگـەر وەک دوێنـێ شـەو دەسـتی بـە گریان کردەوە! ئەی ئەگەر من گریـام؟ ئـەم بـارە پـڕ مـەترسـییە هـەمیشەو گـشت ساتێک لەوانەیە بتەقێتەوە، لەوانەیـە لـە ئانێکـدا ببێتـە دەنگـی گریـانێکی شـێتانە،

گریان بە شێوەیەکی شێلگیرانە بەرپا ببێت و بە کەسیش ڕانەگیرێت. ئەی ئەگەر نەگرین چیترمان پێدەکرێت؟ ئایا بەدەوریدا بسووڕێمەوە تا بەر لە ڕۆیشتنی تێر سەرنجی بدەم و ئادگاریی رووی و بزووتنەوەکانی لەبەر بکەم؟ خۆم بەشتی هیچوپووچەوە خەریک بکەم تا بەرامبەری دانەنیشم و پێیدا نەڕوانم؟ خەریکە خۆم پێناگیرێت!

بە درێژایی ماوەی ڕابردوو دەترسام بە تەنیا لەگەڵ ڕەجەبدا بم. زۆربەی جار ئەو بیرو قسانەم دوا دەخست کە دەمویست بیانڵێم. ئێستا، کە دەبینم فنجانە قاوەکە هەڵدەگرێت و بەرەو هۆڵەکە دەبێتەوە و قومی لێ دەدات، ئارەزوویەکی بەتین هانی ڕێ لێگرتنی سەفەرەکەیم دەدا. بۆ یەکەمجار شادیی باڵندەیەکی کۆچکردو لەهەڵسوکەوتیدا دەبینم. ڕێکوپێک بوو، هەنگاوەکانی سەمایان دەکرد، بەڵام پەنجەی، کە توند فنجان و ژێرفنجانەکەی پێ دەگرتن، هێند بە تام دیاربوون وەک لە ناخی مرۆڤ هەڵلووشن. بە ڕکەوە پێم بە زەوی دا کێشاو بە خۆمم وت: "بۆچی لەم ساتەدا ڕەجەب دەگەڕێتەوە بۆ تافی منداڵی؟".

کە بەرامبەر بەیەک لەسەر دوو کورسی دانیشتین، بە دەنگێکی نزم لێم پرسی:

– ڕەجەب سەفەرەکەت دواناخەیت؟

زەردەی سەر ڕووی پەردەیەکی تەنکی پێداگرتنێکی ئازار دراو بوو. سەری ڕاوەشاند هەر وەک منجەمنجی ڕەتکردنەوەی پرسیارەکەم بێت، هیچی نەوت، خامۆشی باڵی بەسەرماندا کێشا. چاوی بە هەموو لایەکدا دەخولانەوە، تا ساتێک ئۆقرە نەگرن، بڕینییە چاوم. چ بیرێکی بە مێشکدا دەهات؟ چ ئارەزوویەک بەسەریدا زاڵبوو؟ ئەگەر داوای مانەوەم لێ بکردایە قاییل نەدەبوو، کەمێکی تر جانتاکەی هەڵدەگرێت و بەدەست ماڵئاواییمان لێدەکات و دەڕوات، دەڕوات و ئەو هەنسکە پڕ ئازارەش لە قوڕگیایەتی؛ جا چونکە وایە دەبێت خۆ بەتواناو خۆگر دەربخەم، قسەی هێند بە تامی بۆ بکەم تا ماوەیەکی زۆر بیری بمێنێت. وتم:

- مـەبـەسـتم دواخـستنی تـەواوی سـەفـەرەکـەت نییـە، دەمویـست بـەڵێـنم بدەیتێ!
- بەڵێنت بدەمێ کە چی؟
- کە بگەڕێیتەوەو نامەش بنووسی!
- دەنووسم زۆر دەنووسم.
- هەفتەی نامەیەک؟
- لەوانەیە..
- ئەگەر هەموو هەفتەیەکیش نەبێت ئەوا هەر دوو هەفتە جارێک.
- هەوڵ دەدەم.
- ڕەجەب ئەمە بەڵێنە؟
- یەکبینە دەنووسم، پێت ناڵێم هەموو هەفتە یـان دوو هـەفتـەیـەک، بـەڵام هەر کە توانیم دەنووسم.
- بەپێی توانین؟
- گەر بزانم دڵنیـایی لـە نووسـیندایە. بـەڵام گـەر نـەمنووسـی ئـەوە واتـای وێڵیم بەدوای دڵنیایی دەگەیەنێت، بەدووی دەکـەوم و کـاتی نووسینیـشم نابێت!
- واتە دەبێت من چاوەڕێ بکەم و ئازاریش بچێژم. گـەر نامـەت نـەمـا ئـەوا دەبێت بزانم کە لەکـاتێکی ناهـەمواردایـت، واش هـەر دەبێـت چـاوەڕێبم! وانییە؟
- ئەنیسە گەشتێکی کەم خایەنە، نازانم بـۆچی حـەزمـان بـەوەیـە کـە بـەم جۆرە دەربارەی نامەو جوێبوونـەوەو ئـازار بـدوێین. لـەگـەڵـم ڕانـەهـاتی؟ بەندیخانە ڕاینەهێنای کە پێویستە ئارام و خۆگربیت؟

- بەڵام خۆ ڕۆژانی بەندیخانە کۆتاییان هات، لە بەندێتیشتا هەستم بە نزیکیت دەکرد.. کەچی ئێستا!
- ئەنیسە بەندیخانە لە ناخی مرۆڤدایە، ئاواتەخوازم کە بۆ هەرکوێ بچم لەگەڵ خۆمیدا نەبەم. تەنیا بیرکردنەوە ئازارەو مرۆڤ بەرەو خۆکوشتن دەبات!

حامید نەرمە کۆکەیەکی کرد، تا لە نزیکبوونەوەی ئاگادارمان بکات. بە سروشتی خۆی هەستی دەکرد کە ئەم جۆرە ساتانە، ساتگەلێکن وامان لێدەکەن وەک خەون ببینین. دەیویست خۆی لە خۆشی و ئازارمان هەڵنەقورتێنێت. پیاوێکی لاوەکی هەر کەسێک بێت، مێرد بێت یان برادەر، لە نێوان ئەو و ڕۆژگاری هەرە دووری منداڵیمان و سەرەتای ژیانماندا پەڵە هەوری ڕەشی وا دروست بوون کە بەو ناڕەوێنەوە، ئەو پیاوە توانای دڕپێدانیانی نییە تا ماوەیەکی زۆر پێکەوە نەژین و تاڵی و ئەشکەنجەو ئازاری ئەو ژیانە نەچێژین، هەتا گەر بووە ڕابردوو، ئەوسا ئاسۆی بینین بەرین دەبێت و ژیانیش هەمووی وەک گاشەبەردی پتەوی پێکتێخزاو بەدەردەکەوێت.

بەهاتنە ژوورەوەی حامید وریا بوومەوە، دەموچاوی ئەنجامی خەوێکی پچڕپچڕ و ماندوو دەینواند، پەنجەکانی کردن بە قژی داو تووڕانەو پەشێوانە وتی:

- خەونی شەو لە ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆژ ناخۆشترە!

حامید دانیشت، ئێمە هیچمان لێنەپرسی و ئەویش قسەی نەکرد. خامۆشییەکەم پەشۆکاندی، زۆر سەیری کردم و لەچاویشیدا، ئەو پرسیارەم دی پڕ لە ئازارو ئەشکەنجە بوو زیاتریش گلەیی پێوە دیاربوو وەک لە پرسیار، ئەمجا کە بینی نابزوێم وتی:

- ئەی من، کوا قاوەکەم؟

ڕاچەنیم. زیاتر لە جارێک چاوم لێکنا، هەر وەک لە خەون بە ئاگابێم، کە حامیدم دی بزە دەیگرێت زەردەم بۆی هاتێ و هەستام!

دوا ماوە خەوێکی خۆش ئاسا ڕابوورد.

لە کاتژمێر حەوت دا ڕەجەب جانتا گەورەکەی لەم دیو دەرگای دەرەوە دانا، جانتا بچووکەکەشی کردە شانی، ئەمجا دایناو کەوتە خولاندنەوە بە ناو ماڵەکەدا تا دوا سەرنج بدات. وەک کەسێک بەدوای شتێکی ونبوودا بگەڕێت ئاوا دەخولایەوە لەم ژوور بۆ ئەو ژوور، سەیری دیوارەکانی دەکرد، پەنجەرەکان، دەموچاومان. سەرنجەکانی بە پرسیاربوون. قسەی نەدەکرد، بیری نەدەکەوتەوە، هەر دەگەڕا، هیچ جۆرە یارمەتییەکیشی نەدەویست. تا کە حامید پێیوت:

– کاتمان بەدەستەوە نەما، دەبێت بەڕێ بکەوین.

ڕاپەڕی، کەڵەشێر ئاسا شالاوی بۆ منداڵەکان برد، ڕامز و لەیلای گرت بە سنگەوە، شێتانە ماچی دەکردن هەر وەک لەمڕۆ بەدواوە نەیانبینێتەوە، سەرنجی بە نێوانیاندا دەگێڕا، دەیویست جوانی دەموچاویان بخواتەوە، تا کە هەستی بە لەشی عادل و خالید کرد خۆیانی تێ هەڵدەسوون، چوار مەشقی دانیشت، ڕامز و لەیلای لەسەر هەردوو ڕانیی دانا، تا بە ملی دا هەڵزنێن، هەردوو شانی خالیدی گرت. ڕایوەشاند تا توانای بداتێ یان تێکی شکێنێت، ئەمجا ئاوڕی لە عادل دایەوەو بە سکیدا کێشا.. فەرماندەرانە پێیوت:

– لەمڕۆ بەدواوە درۆ ناکەیت.. ئەگەر یەکێک لەبارەی منەوە پرسیاری لێکردیت، ئەوا دەڵێی سەفەری کردووە.. ئەو کاتەش من بەڕاستی بەرێکەوتووم، وانییە؟

عادل سەری قاییلبوونی ڕاوەشاند و قسەی نەکرد.. بەڵام خالید هەر وەک بۆ یەکەمجار دیبێتی هەر بەدەوریدا دەخولایەوە.

ئاواتەخوازبووم لەو کاتەدا ژیان کۆتایی بهاتایە. هەستم بە خەمێکی زۆرو خەست دەکرد، وەک دەستێکی بێ بەزەیی ناو سکم دەربکێشێت، بەڵام پێشم لەسەر ورەبەرنەدان دادەگرت، ئەوەم بۆ ڕەجەب دەویست کە دوای ڕۆیشتنی بیر لە ڕووخساری بە پێکەنینمان بکاتەوە، تا لە نامۆیدا بۆی ببێتە خۆراک. بەڵام حامید کە چاودێریی دیمەنەکەی دەکرد، قاییل و لە هەمانکاتیشدا پەشۆکاو بوو.

حامید لە ڕێگای منداڵەکانەوە بە ڕەجەبی وت:

- منداڵینە واز لە خاڵتان بێنن دوای مەخەن.

هەر بەتەنیا من مامەوە کە دەبوو ڕەجەب شتێک لە پێناویدا بکات. ئایا دەستم دەگوشێت و بەپەلە دەکشێتەوە تا خۆی دەرباز بکات؟ ئەی من ڕاکەمە ژوورەکە تا ئەو فرمێسکە قەتیسماوەی چاوی نەبینم کە ترسی ئەوەی لێیەتی، لەدوا ساتدا دەرپەڕێت؟

ئاواتەخواز بووم کە دایکم ساتێک بیبینیایە ئەمجا بمردایە. گەر ئێستا لێرە بوایە، ئەم ساتە گرانە پڕ مەترسییەی لێ دوور دەخستینەوە. لە فرمێسک و هەزاران هەستی پەستراوە کە لە شوێنی بچووک بچووک خڕبوونەتەوە، تا بڕژێنە ئەو جێگە لاوازە، ڕزگاری دەکردین.

دایکم کاتێک ڕۆیی کە دەبووایە بمایە. ڕۆیشتنێکی بێ گەڕانەوە، ئێستاش ئەو چاودێریمان دەکات، چاودێریی دەستمان، چاومان، هەنسکمان، دڵەکوتێمان دەکات، چاودێرە تا لە چۆنێتی هەڵسوکەوتمان بگات، چۆن ڕووبەڕووی ساتی لاوازیمان و ڕووخاویمان دەبینەوە. حەزی نەدەکرد بە بەرچاوی ڕەجەبەوە بگری، هەزاران جار ڕایدەسپاردم کە فرمێسک ڕاگرم تا ئەگەر تاساویشم بە بەرچاوییەوە نەگریم. دەیوت "گریان گەورەترین پیاو دەڕووخێنێت. ناخۆشترین شت بەلای پیاوەوە ئەوەیە کە دایکی یان خوشکی بە بەرچاوییەوە بگری". ئێستا ناگریم.. ناگریم. سەرم بە سنگییەوە دەنووسێنم و ماچی دەکەم، دوای لەچاو ونبوونی ئەوسا

دەگریم، بە تەنیا دەگریم، لە نامۆییەکەیدا فرمێسکی بۆ ناکەمە یاد، کە وەک ئەستێرە ڕەشە بەسەریدا دابارێن و دڵی پەست بکەن. پێدەکەنم، بەڵام لچولێوم نایکەن، هەست بە گرانی و ڕەق بوونیان دەکەم، دەبێت زەردەم بێتێ، مرۆڤ توانای زەردەگرتنی هەیە، زەردەخەنەش ویست و باوەڕە ئەگەرچی ناسۆریش بێت!

ڕەجەب پشیلە ئاسا پڕی دایە جانتاکەی.. بە پەلەیەکیش دەستی گرتم و کێشی کردمە ژوورێکی نزیکەوە کە بە بیرماندا نەدەهات. وامدەزانی بۆ دەفتەرە ڕەشەکەو پەڕە کاغەزەکانن.. ڕەجەب بە درێژایی کات کە بیری دەکردەوە، ململانێی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری شتێکی دا! بە دوایدا بەژوور کەوتم. بەو ڕێکوپێکییە شێوەوەی کە لە بیرمدا پووکاوەتەوە و بە هۆی تێپەڕبوونی ڕۆژگارەوە بیرم چووبۆوە، دیم ڕەجەب دەستی بە گیرفانیدا کرد. چاوەڕێی شتێک بووم. لەم دوا کاتژمێرەدا چی شاردبێتەوە؟ دیارییەکەی چ پەژارەیەک دەبەخشێت؟.. بەدەستێکی لەرزۆکەوە دەفرێکی داخراوی دامێ.. بەر لەوەی وشەکانی سەر دەفرەکە بخوێنمەوە پێیوتم:

– هێشتا دوودڵم لەوەی هەموو کاغەزەکانت بدەمێ یان نا.. ئەمە جێبێڵم!

دەیویست پرسیار بکات. قسە بکات، بەڵام چاوی حامید و وردیلەکان کە تێیان بڕیبوو، هەموو شتێکی پێبڕی.. ویستم لەو پشێوییە دەربازی بکەم، پێموت:

– هەمووی لای من جێ بهێڵە، چی بەباشبزانم وا دەکەم.

بەخۆبەدەستەوەدانێکی بێوورانەوە چاوی لێکنا. هێشتا بەسەرهاتەکە کۆتایی نەهاتبوو، هێشتا لەگەڵ خۆیدا هەر لە زۆرانبازیدا بوو؛ کاغەزەکان، دەفتەرەکە.

حەزم دەکرد کاغەزەکانم لادانێ، وتم:

– ڕەجەب کاغەزەکانم بدەرێ، تا دەگەڕێیتەوە دەیانپارێزم!

بەهێزترین و بەتواناترین کەس لە هەڵسوکەوتدا، لە چەند ساتێکی دیاریکراودا توانای بەتەنیا ڕەفتارکردنی نامێنێت. دەبێت یەکێکی لابێت تا ئەوەی پێبڵێت کە

پێویـستە بیکـات. دیـم ڕەجـەب بـۆ جانتاکـە نووشـتایەوە، بـە پـەژارەوە کاغـەزو دەفتەرەکـەی دەرکێـشاو بـە هـەردوو دەسـتی خـستنییە نـاو لـەپـە کـراوەکانمـەوە. بێئەوەی ئاوڕ لە دەرگا کـراوەکـەو چاوتێبڕینـەکانیـان بـدەمـەوە، لایـەکـی جێگاکـەم هەڵدایەوە، ڕێک وەک چۆن دایکم پێنج ساڵ پێشتر کردی و خستییە ژێـر جێگاکـە، منیش بێدەنگ و بێ قسە، بەڵام بە ترسەوە، نامنە ژێر جێگاکەوە.

دوا هەنگاوی بەر لە ڕۆیشتن.. بەدەست پێوەنـانێکی نـەرم بـەر خـۆیی دام، تـا کە گەیشتینە بەر دەرگاکە، ماچی کردم، قژی ماچ کردم، ناوچەوانیشمی مـاچ کـرد. نەیدەویـست جـێم بهێڵـێ. منـیش ئـەو چـۆنی بوویـستایە وام دەکـرد، ئـەو سـووکە جووڵاندنانەی لێدەرچێت کە لەکاردانەوەی بزووتنەوەکانی ئەو دەچوون، هیچـی دیـم نەدەکرد.

ئاواتم بە تواندنەوەم دەخواست. فرمێسک دەیانتاساندم، ئازارم دەچەشت. گـەر پێش ڕۆیشتنی تاکە فرمێسکێک دەرپەڕیایە پشوویەکم پێدا دەهـات و تێـر دەبـووم، زەوتکرابووم، گیاندارێکی تاسێنراو ئاسا هەوڵی هەڵمژینی هەوام بوو.

کە ڕۆیشت، وردە بارانی سەرەتای زستان بە خامۆشـییەکـی مـەنگـەوە بـەسـەر گــەڵای دارەکانــدا دەخــزان. لــە ڕاڕەوی باخچــەکــەشــدا جــێ پێکــانی نیــشانەی خەمناکییەکی سەرسـووڕێنەریـان جێدەهێشت.. منداڵـەکـان هـەر بـەدوایانـدا ڕایـان دەکرد تا لە شەقامەکە ونبوون.. بەڵام من هەر لەبەر دەرگاکەدا مامەوە، دەمویـست بەدڵ وێنەی ئاوابوونەکەی بگرم.. ئەمجا لە پرمەی گریانم دا!

( ٣ )

ئەشیلۆس بلەنجە. زیاتر بلەنجە، ببە بە نەهەنگ. کە بوویتە نەهەنگ لەناکاو ڕاپەڕە، خەڵکەکە هەلگێڕەوە، کاتێکیش بە مردوویی بە سەرو ڕووخساری شێواوەوە، بە دەورتدا سەر ئاو دەکەون، یەک لەدوای یەک بیانگرەوە؛ بێز لە گیاندارە وێڵەکان، یادەوەرییەکان، ساتی ...ڕووخان بکەرەوە. ئەشیلۆس گوێت لێیە چیت پێدەڵێم؟ دەبێت گوێت لە هەموو وشەکان بێت، گەر بە چاکی گوێت لێیانبێت پەشیمانی لەدوا نابێت، ساتی دوودڵی بەسەردەچێت و لەکار دەکەویت..

ئەشیلۆس پاپۆڕێکی خەڵکگوێزەرەوەی یۆنانییە، ئێستا دەریای ناوەڕاست دەبڕێت. ئەگەر باران خۆشبکاتەوە، دەریاش وەک ئێستا، توورە وەک پیاوێکی بەشان و شەوکەت بمێنێتەوە، ئەوا لە خۆرئاوادا دەگەینە بەندەریی ئەلبیریە. یەکەم پارچەی خاکی یۆنانە، لە ماوەی وەستانی پاپۆڕەکە زیاتر لێی گیرنابم. یۆنانێکی ئازاردراوم ناوێت، لە دوورەوە سڵاو لە پیاوانی دەکەم و ڕادەبوورم. وتیان سەربەستی لە خاکێکی تری دوورتر لە یۆنانە. مرۆڤ دەتوانێت ڕۆژگاری خۆی تێدا بەسەربەرێت، بێئەوەی دەمەوبەیان دەنگی خەفیەو پێڵاوەکانیان بە ئاگاییێنن.. ڕوو لەو وڵاتە دەکەم.

ئەشیلۆس دەست لە گەمەو گاڵتەی ناهەموار هەڵگرە، وەک پێتدەڵـێم بلـەنجـە، لـەنجـەی سـەماکـەرێکـی خۆرهـەڵاتئاسـا کـە یـادی ڕۆژانـی برسـێتی ئـازاری بـدات، سـەماکـەرێـک بـۆ تۆڵـەسـەنـدن، دەیـەوێـت سـمتی بـە هـەمـوو جیهانـدا بکێـشێت. ئەشیلۆس دەتەوێت هەموو شتێکت پێبڵێم؟ ئەم یارییە مەکە، بیر لـەوە مـەکـەرەوە کە ناپاکی لەگەڵ یەکدیدا بکەین.. ئەشیلۆس پێنج ڕۆژم ماوە، تونـد لاتـەختـەکانـت دەگوشم، وەک دوا سڵاوی مرۆڤێکی کۆچەر کە جارێکی تر نەتبینێتەوە!

دوێنێ لەبەر خۆرێکی بێتینی پاییزانەدا بـە تـەیمانـەکانی دەوری ئـەشیلۆسـمدا دەکێشا، بە دەنگێکی بەرز، کـە لـەوانـە بـوو مـرۆڤ لـە دووری چـەنـد مـەترێکـەوە ببیستایە، لەگەڵ خۆیدا دەدوام! نەدەترسام، ڕەنگـە ئـەوە یـەکـەمجـار بووبێـت لـە ژیانمدا هەستم بە ترس نەکردبێت.. قسەم بۆ شتێک دەکرد، بۆ دەریا، بۆ تـەیمـان، بۆ خۆر. گرنگ نەبوو بە کامیانم وت:

- دەمـەوێـت بیـرم چێتـەوە. بـە تـەواوەتـی واز لـە یادکردنـەوەی ئـەو ڕۆژە ڕڕەشانە بێنم. بیرەوەری دڕندەیەکی کەڵبەدارە، ئاژەڵێکـە بـە نـاو خۆیـدا دەخشێت. تۆش ئەی ئاژەڵەکـە، لـە خـوێنی پیـسکراوم ناترسـیت؟ وەک بـرادەرێـک پێتـدەڵـێم؛ ئـەو خوێنـەی بـە دەمـارەکانمـدا هـاتوچۆ دەکـات ڕۆماتیزم هەڵی بزڕکاندووە، خۆت نوقمی ئەو خوێنە مەکە، بـۆ خـوێنێکی تر بگەڕێ.. گوێت لێیە چیت پێدەڵێم؟

ئێستا من خاوەنی لـەشـی خـۆمم، دەتـوانم بیخـەمـە دەریـاوە، کـەس وەک مـن دەستی بەسەریدا ناڕوات، دەیانتوانی وا بکەن، زۆریـان کـرد، بـەڵام ئێـستا نـاتوانن. لێیان دوور کەوتوومەتەوە. لە هەر ساتێکیـشدا دوورتـر دەکـەومـەوە، دەربـاز دەبـم. تەنانەت ئێستا ئەگەر بیانەوێت شتێک بکەن، تەنیا ڕێگـەیـەک نـەبێـت کـە دەتـوانن بیگرن هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە؛ ئەویش گوللەباران کردنمە، خۆ ئەگەر بیانـەوێـت ئەوە بکەن، دەبێت لە دوورەوە پێمەوە بنێن. هەرگیز ناهێڵم جارێکی تـر دەسـتیان

بەر جەستەم بکەوێت.. ئەشیلۆس بلەنجە و دوورکەوە، من دووردەکەومەوە، دووردەکەومەوە!

ئایا دەتوانم بە هەر جۆرێک بێت لەگەڵ خۆمدا پێکبێمەوە؟ دەمەوێت لەگەڵ ئەو دەروونەدا رێکبکەوم، دەزانم هەموو شتێکم تێدا کوژاوەتەوە، شەقوشڕ بوون، لێک دابڕاون، بەڵام دەکرێت مرۆڤ پەیمانێک لەگەڵ دوا ڕۆژانیدا ببەستێت. دەمەوێت بەوە بگەم.

پاپۆڕەکە، سێ ڕۆژە دۆخێکی پڕ سەربەستی بۆ ڕەخساندووم، بەڵام ناگاتە ئەوەی کە گۆرانی بچڕم. دوێنێ ئاواتەخواز بووم بە هەموو دەنگم گۆرانی بڵێم، کۆچبەران گۆرانی دڵگیرانەیان دەچڕی، گۆرانیان دەوت و بەڵێنی گەڕانەوەشیان بە ڕۆژگار دەدا. من دەمویست گۆرانی بڵێم بێئەوەی بەڵێن بەکەس بدەم. کەس نەما گۆرانی نەڵێت. بۆ خۆم والێکرد بێ گۆرانی وتن لە پاڵ دارئاڵاکەدا وشک ببمەوە؟ ئێستا دەتوانم، ئەم پێنج ڕۆژەی دوایی ڕێم بۆ خۆش دەکەن، کە بە درێژایی شەو گۆرانی بڵێم. گۆرانییەکانیان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد.. تێکەڵ بە خوێن و دەنگەدەنگ دەبوون، خەڵکەکە حەزیان دەکرد لە کاردابن، دەنگی ڕیکۆردەرەکە خامۆشییە گرانەکەی شەق دەکرد! چۆن داوا لە خەڵکەکە بکەم بێنە دەرەوە بۆ سەر پاپۆڕەکەو گوێ لە گۆرانی من بگرن؟ ڕێکەوت بوو، خۆر ئارەزووی گۆرانی پێ پەیداکردن.. خۆرەکەی پاییزانەو گەرم و خەمناک بوو، پیاوان و ژنان لە بەشی سەرەوەی پاپۆڕەکە بوون، لە لای دواوەی، لەناکاو دەست بە گۆرانی کرا. ئەو عەرەبانەی بەرەو فەنزوێللاو ئەراگۆن دەچوون.. بۆ شوێنی دووری واش کە کەس هەر ناویشی نەبیستبوون، گۆرانیان وت. گۆرانییەکانیان خەمگین بوو، تاڵی خوێ پیسکراوەکەی تێدابوو.. خوێش کە پیسبوو کەس توانای چارەکردنی نییە. هەر عەرەبەکان گۆرانیان نەدەوت، شۆڕشگێڕانی شوێنە هەژارو داگیرکراوەکانیش وتیان.. مەکسیکییەک بەدەم گیتار ژەنینەوە بە شێوەیەکی زۆر بە سۆزو دیار

گۆرانی دەچڕی، هندییەک و پاکستانییەکیش پێکەوە گۆرانیان وت؛ ئایا هیچیان پێدەربڕی؟ بەر لە گۆرانییەکە یەکدییان دەناسی؟ ئەی دوای وتنی گۆرانییەکەیان زیاتر خۆیان بەیەکتر ناساند؟.

لەپشت دارئالاّکەوە وەستام، لەگەروومدا، ئارەزووی گۆرانی وتن لە دومەڵێک دەچوو کە دەربوونیم مەبەست بێت، بەلاّم تامی ئازاری ناپیرۆز، دارئالاّکەی وەک تارماییەکانیان زلکرد. بڕیارم دا بێدەنگبم. بێدەنگیی دەرمانە، فێری تۆشکردنی هەمیشەیی ئەو دەرمانە ببووم و چاکیش دەبوومەوە!

ئەو تۆزە سەربەستییەی سەر ئەو ئەشیلۆسەی کە شەو و ڕۆژ بێپەروا لرفەی دەهات، خۆراکێکە تا چەند ساڵێک بەسمە. ئەی ئەشیلۆسی هاوڕێم .. ئەی هاوڕێم، تۆ بەندیخانەت نەدیوە، گەر یەک ڕۆژ بتدیبایە دەنگت دەگۆڕا، دەنگیان دەویست، تەنیا دەنگ. دەیان نەڕاند "کوڕی سوزانیی قسەیەک بکە".. بێدەنگ دەبووم و هیچم نەدەوت.. جا ئیتر لێدان دەستی پێدەکرد. ئەشیلۆس گەر بەندیخانەت بدیبایە ئەوا فێردەبوویت چۆن بێدەنگ بیت. گەر یەکجار دەنگت لێوە نەهاتایە، ئەوا ترس دایدەگرتن و دەشمردن. "دە شتێک بڵێ هەی کوڕی سوزانی، جنێو بدە".. بەلاّم گەر دیوارئاسا بێدەنگ بمێنیتەوە، ئەوا تا دەمریت نوقمی میز دەبیت. کە هیچ شتێکم نەدەدییەوە بیڵێم، بێدەنگ دەبووم.

ئەشیلۆس شیعرت بۆ دادەنێم، دەشمەوێت گۆرانی بڵێم. ئێستا کەس لەسەر پاپۆڕەکە نییە، ئەوان لە هۆڵ و باڕەکەدا کەوتوون بەسەر یەکدا. لەگەڵ ڕۆژانی داهاتوودا بە تەواوی ڕادێن، وەک چۆن من لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوودا ڕاهاتم.. مەسەلەکە بەمجۆرە دەستیپێکرد.. سەرەتا لە هەوادا دەستیپێکرد، بە تەنیشت کێڵگەی گەنم یان لەبن سێبەری درەختدا، بەدەم قسەکانیانەوە جنێویان دەداو پێشدەکەنین، ئەمجا وایلێهات قسە تەنیا لە ژوورە داخراو و پڕ دووکەڵەکاندا

دەکران، قسەکان پڕ دەبوون لە برێ شێتی بڕواو دووکەڵ، تا دواتر بووە چپەی ژێر دەرگاو تەپەتەپی بە دیوار کێشاندا.

مرۆڤ فێردەبێت. تۆش ئەشیلۆس دەتەوێت خەڵک فێر بکەیت، بیانخزێنەرە ناو هۆڵ و بارەکە تا سییەکانیان پڕ لە دووکەڵ و قسەبن.. لە ئەلبیریە هەندێک کەس دادەبەزن. دوای چەند سەعاتێک ئەوانی تریش بەسەر ئاوەکەدا بۆ شوێنێکی دتر ڕێدەکەن، ئەمجا بۆ شوێنی سێیەم.. ئەگەر لەسەر نووسین بەردەوامبم، ئەگەر بەرچاوگە بۆ چاوم دابنێم، وەک ئەوانەی لە چاوی هێستر دەکرێن تا لەڕێ دەرنەچێت. ئەگەر گۆرانی بڵێم یان بقیژێنم.. ئایا توانای قاییلکردنتم هەیە ئەشیلۆس؟ بەڵام ئەی بەرازە لووسە، گوایە تۆ کێیت تا من بەمجۆرە لێت بپاڕێمەوە؟!

تووکیان درێژبوو، لەسەر باڵیان تا پەنجەیان، سنگیشیانی گرتبۆوە. بەڵام سەریان، وا ڕاهاتبوون کە لە توورەییاندا قژیان پێدا داخزێت.

"ئەی نازانیت نەجم بۆ کوێ چووە؟ بگرە، بگرە" ئەشیلۆس لالغاوەیان کەفی دەچەڕاند، ڕێک وەک چۆن بەملاولای تۆدا کەف دەردەپەڕێت. چاو لە سەرسوڕمان و توورەییدا دەردەپۆقین. "گەواد، دەبێت قسە بکەیت.. فێرت دەکەم چۆن هەموو شتێک بڵێیت. ئەمجارەیان نازیت"! لەشم دەلەرزی ونجڕونجڕ دەبوو، دەبووە سەگێک لە وەڕین نەکەوێت.. "ئەی ئێستا دەڵێی چی؟ نازانیت نەجم لە کوێیە؟"

ڕەجەب شتێکیان پێبڵێ، درۆیان لەگەڵ بکە، نەخێر ناڵێم. یەک وشە چییە نایڵێم. دەمقیژاند. دەموچاوم خوێنی تێدەزاو هەستم دەکرد هەردوو چاوم دەردەپۆقن: "سەگینە لەبارەی خۆمەوە لێم بپرسن.".

"ئەنجام هاتیتە قسە.. بەڵام تۆ کێیت هەی حی..... تا سەبارەت بەخۆت پرسیارت لێ بکەین، هادیمان دەوێت، نەجممان دەوێت. هادی لە کوێ خۆی شاردۆتەوە، کوڕی سوزانی پێمانی بڵێ!" هەر بێدەنگ دەبووم. ئەشیلۆس ئەگەر

یەک ...ڕۆژ بەندیخانەت بدیبایە، بێدەنگیت دەزانی، دەبوویتە دەنگێک لە خۆردا ڕاپەڕێت و ئەو مێش و مەگەزانە بخوات کە بەسەریەوە مۆڵیان خواردووە.. ڕۆژێک دێت لە بەندەرێکی چۆڵکراودا دەوەستیت. ئەوساش وەک ئەو بەندەی هەموو شتێکی درکاندبێت و کەسیشی پێقاییل نەبێت، بەوجۆرە هەموو شتێکت لێدەتەکنەوە، تەنانەت جرجیش. بگرە گەر بایەکیش هەڵبکات بەملاولادا دەکەویت و نوقم دەبیت. ڕێت پێنادەن لە دەریای گەورەو لە قووڵایی ئاوە سەوزەکاندا نوقوم ببیت، بەڵکو بەکێشت دەکەن تا دەتگەیەننە بەندەرێکی چۆڵکراو، لەوێ جل و یادەوەرییەکانت لێ دادەماڵن، لێدەگەڕێن تا بەتەنیا بمریت.. ئەشیلۆس قسەکانمت بیرنەچێت! ئاخ.. چەند خۆشە مرۆڤ لەکاتی بەهێزیدا بمرێت. کاتێک هادی مرد تۆقیبوون و وەک جاران بەڕووماندا نەیان دەنەڕاند. نوتقیان لەبەر بڕابوو.. ئێمە پرسیارمان لەوان دەکرد، زەید قیژانی بە ڕوویاندا: "پیاوکوژینە کوا هادی؟ وا مەزانن خوێنی هادی بە فیڕۆ دەچێت". هیچیان نەوت.. هەر بە بێدەنگ سەیریان دەکردین و ترسیش هەناوی خستبوون. ماوەیەکی زۆر هەر دەترسان.. گوێمان لە دەنگە ترسنۆک و هەنگاوە بەترسەکانیان بوو.. بۆچی دەترسان کە سوور بزانن هادی مردووە؟ ئایا پیاوکوژ بەو ڕادەیە دەترسێت؟ هادی گەورەو بە توانابوو، هەموو کات لێی دەترسان. کە قسەی بۆ دەکردین منداڵئاسا پێدەکەنی: "هەرگیز لێیان مەترسن. ئەوانە خوێڕی و ترسنۆکن.. دەیانوت: "هادی کەس دەستت بۆ نابات ددانی پیابنێ، ئەوانەمان پێبڵێ کە لەگەڵتان، پێمان بڵێ و پاداشتی ئەوەش بەردەبیت، دەبێت ددانی پێدا بنێیت. بەڵام وشەیەک چییە لێیان نەدەبیستم"... کە لەوە ماندوو بوون کەوتنە تاقیکردنەوەی شێوازێکی تر؛ جگەرەی بیانی، پیاڵەچا، چاک هەڵسوکەوت کردن.. دوای هەفتەیەکیش: هادی دەڵێی چی؟ کاتی ئەوە هاتووە دوو قسەمان لا بدرکێنیت و بەربیت؟ منیش هەر بێدەنگ دەمامەوە. دیسان ماندوو بوون.. دەزانن دواتر چی ڕوویدا؟ هاوڕێیان، مرۆڤ لە بەرد سەختترە،

بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت.. لێدانیان تاقیکردەوە، ڕووناکی و دەنگی بە ئازارو گۆرانیشیان تاقیکردەوە.. پێمدەوتن: خوێڕینە دەستتان بە نینۆکێکی هادی ناگات و هیچتان دەستگیر نابێت و ناتوانن بەسەریدا زاڵبن.. بێدەنگییەکەی ئازاری دەدان. پێش گرتنمان ئەو دەرزە فێرببووین.

ئەم کیژۆڵەیە لە کوێوە هات؟ ڕووی منداڵان و بزێوی ئەوانی هەیە، لاساریی بە ڕوویەوە دیارە. دوێنێ کە خۆمان بەسەر تەیمانەکەدا دابوو، دوای تەواوبوونی گۆرانی چڕین، پێیوتم:

- تۆ خەڵکی.....ت؟ وا نییە؟

گاڵتەم لەگەڵدا دەکرد، تا سنگی لە تەیامنەکە بەرزکردەوە، نەمدەزانی ئافرەتێکی تەواوە، پێموت:

- چۆنت زانی؟
- زانیم!
- بەڵام چۆن؟
- شێوە نا شاردرێتەوە. وای بۆچووم، ئێستا تۆش ئەوە دەسەلمێنیت!
- هیچم نەوتووە!
- بەڵام بەشێوەی پرسیارەکە، لە وشەکانەوە زانیم کە هەڵەنیم!

وتوویژەکەی دوێنێی نێوانمان وا دەستیپێکرد. پێشتر نەمدیبوو، چەند کاتژمێرێکێشە خۆم لە سەرکەوتن بۆ هۆڵەکە دەدزمەوە تا نەیبینم. ئێستا بیر لە هیچ ناکەمەوەو حەزیشم بە دوواندنی کەس نییە. ئەو پیاوەی کە بەپەلە هاتە لامان، دوای ئەوەی کە زانی ئێمەش خەڵکی وڵاتەکەی ئەوین، ددانی بە پیتی وشەکانیدا دەنا تا ئاشکرابن. وتی:

- ئەوەی زمانێکی بیانی نازانێت کە سەفەر دەکات بە کەسێکی ونبوو دەچێت.

قسەکانی کردو لە تەنیشتمانەوە وەستا، وەک چاوەڕێی قسە بێ وەڵامەکانی بکات. تا ڕێی قسەکردن بۆکیژۆڵەکە خۆش بکەم بەپیاوەکەم وت:

- سەفەرەکەت بۆ کوێیە؟
- بۆ ئیتاڵیا!
- بۆ ماوەیەکی زۆر؟
- مانگێک، ئەی ئێوە؟
- من بۆ فەڕەنسا دەچم و ماوەیەکی زۆریشم پێدەچێت!
- ئەی تۆ؟
- بۆ بەریتانیا.. بۆ خوێندن!

کەواتە زانیم کیژۆڵەکە دەچێت بۆبەریتانیاو خوێندکارە، پێشتر پرسیارم لێنەکردبوو. دواتر باڵندەی تووڕەئاسا، لەبارەی دەریاو گۆرانی و سەفەر دواین. دەریا سەرەتای تووڕەبوونی بوو، وامان وت. گۆرانیش کۆتایی پێهات. وتمان گۆرانییەکان نایاب بوون.. بەڵام سەفەر، خەریکبوو قسەی لەبارەوە بکەین، پیاوەکەی لە تەنیشتامانەوە وەستابوو، بێئەوەی پرسیاری لێبکەین خۆی تێهەڵقورتاندین و هەموو شتێکی وت:

بەختم باشە. لە زۆربەی ئەو سەفەرانەی کردوومن خوا خەڵکی چاکی بۆ ڕەخساندووم، گەنجی زمانزان، لە پاپۆڕو ئیتاڵیاشدا کاتی خۆشمان بەسەر بردووە. یەکەم سەفەر بۆ کەسێک یەکەم جاری بێت ناخۆشە. مرۆڤ نازانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات، ئیتاڵیاییەکان گەر کەسێک ببینن زمانەکەیان نازانێت، درزیی لێدەکەن، گاڵتەی پێدەکەن و پێی پێدەکەنن.. فێڵباز و پیسن!

کیژۆڵەکەی کە ئێستاشی لەسەربێت ناویم نەزانی، پێیوت:

- زۆر گەڕاویت، گەیشتوویتەتە ئەوەی هەموو شت شارەزابیت!
- بەڵام زمان، زمان خانمەکەم بەڵایەکی گەورەیە.

- لەم گەڕانانەتدا هیچ فێر نەبوویت؟
- چەند وشەیەک لە "دە" وشە کەمتر؛ مەرحەبا، سوپاس، خواحافیز. لەم جۆرە وشانە.
- بەڵام من زمانی ئیتاڵیایی نازانم!
- گرنگ زمانێکی بیانییە، هەر زمانێک، زمانی عەرەبی لە بێرووت بترازێت بێسوودە. تەنانەت ئەو یۆنانییانەش کە ماوەیەکی زۆر لە میسر ژیاون و زمانی عەرەبی دەزانن، هەرکە پاپۆڕەکە بێرووت جێدێڵێت حەز ناکەن پێی بدوێن!

لێیان گەڕام بۆ یەکتر بدوێن. کابرا کەوتە باسکردنی ئیتاڵیا. سەبارەت بە سروشتی جوان و شەقامەکانی. بیرمە کە لێیان دوورکەوتمەوە، دوا قسە کە بەر گوێم کەوت ئەمەبوو:

- خانمەکە گەر حەزت کرد ئەوا شانازیی دەکەم ڕێنیشاندەرت بم..

بەر لەوەی قسەکە بگاتە گوێم لە هەوادا توایەوە، هیچ شتێکی وا نازانم تا بەم کیژۆڵەیەی بڵێم، لەئاکامی وەڕسی و بێزاریمدا ئازار دەچێژم. بۆ بچمە هۆڵەکە؟ بۆچی بیرە ڕووناکەکانیان بشێوێنم کە لە مێشکیاندا داگیرساوەو بە خەیاڵ پیاسەی ناو ڕۆما دەکەن.. یان لە هەر جێیەکی تر! گەر کیژۆڵەکە لەسەر پاپۆڕەکە بمبینێت و پرسیارم لێبکات چی پێبڵێم؟ ئەشیلۆس تۆ پرسیار ناکەیت، دەبیسیت و بێوەڵامی. ناخم پڕە لە پرسیار. تەنانەت ئێستا تاقەتی ئەوەم نییە کە کەس پرسیارم لێبکات. هیچ نازانم و ناشمەوێت هیچ بزانم! بەڵام دوای ئیتاڵیا دوو سێ ڕۆژی تر بەسەر دەبەین، چۆنە ڕووبەڕووی ئەو ئافرەتە منداڵکارە ببمەوە، دوای ئەوەی لەسەر دەستی ئەو پیاوە خۆ هەڵکێش و سەرکێشەدا مەشق درا؟ ڕەنگە زۆربەی کاتەکەم لە ژوورەکەمدا بەسەربەرم. لەوانەیە خۆ لەبینینی بدزمەوە، لەوانەشە وەک ڕابردوو هەر بە بێدەنگی بمێنمەوە! کیژۆڵەکە لە دیتنەوەی

هاوڕێیەکدا ماندوو نابێت، هەموو بۆ هاوڕێ دەگەڕێن. هەر منم هاوڕێم ناوێت. ئەوانەی دیومن و ناسیومن بەسن. ئێستا ئەشیلۆس، ئەی ئاسنی پتەو، تەختەی قورسبوو بە باران و خوێواوک و کەف هەڵدان و ڕۆژگاری ناخۆش، ئەوانەی چاوەڕێی کاتی مردنتن. ئەی ئەشیلۆس کە لا پتەوەکانت پەکیان دەکەوێت و بیر لە ڕابردووت دەکەیتەوە، چ چارەنووسێک چاوەڕێت دەکات؟ هەر ئەشیلۆسم دەوێت کە لەتەکیدا بدوێم، هەر ئەویش گوێم لێدەگرێت.. ئەشیلۆس دەبیسێت و ناپرسێت!

"بێئەوەی لێت بپرسین، هەموو شتەکان بڵێ، دەبێت ددانی پێدابنێیت، چاکتر وایە ددانی پێدابنێیت، بۆچی وەک گوێرەکە بێدەنگ دەبیت؟ دەترسیت؟ وەک وتم گەر ددانی پێدابنێیت کەس دەستت بۆ نابات، بەڵام ئەگەر ئێستا ددانی پێدا نەنێیت ئەوا واتلێدەکەم وەک سەگ هەموو شتێک بدرکێنیت. دەزانیت سەگ چۆن دەوەڕێت، لەویش زیاتر دەوەڕێت".

بەدەم دڵەکوتێوە پێموتن:

- دەتانەوێت چی بڵێم؟
- لەو ڕۆژەی لە .... دایکت بەربوویتەوە.
- هەموو شتێک لەبارەی منەوە دەزانن!
- دەمانەوێت لە خۆتی ببیستین.
- بپرسن.
- فەرمایشتە بەگم، ئێمە دەپرسین و تۆش وەڵامان دەدەیتەوە، بەڵام ئەگەر یەک وشەی درۆ بڵێیت، ئەوا تەنیا سەرزەنشتی خۆت بکە.

ڕۆژی دووشەممە بوو، یەکەم ڕۆژی دوای جەژنی ڕەمەزان. ڕۆژی پێنجشەممە پێش کۆتایی دەوام گرتیانم. ڕایان دەکرد، زۆر سەیریان نەکردم، نوری کە وەک گا دەیبۆڕاند وتی:

- ئەمەت پێدەسپێرم، نوێیە، دەمەوێت ئاگات لێی بێت.

حاتەم گرتمی، حاتەمی سەرەک پاسەوان وەک پشیلەیەکی گەڕ، شانی گرتم و بە شێوەی فرمان وتی:

- عەبد ژێر زەمینەکە بکەرەوە.

بەپاڵ پێش خۆیی دام. بەرهەڵستانە نەڕاندم:

- من نەخۆشی دڵم هەیەو ناتوانم بچمە زیندانەوە!

بیرمە دەرگاکەم بینی کرایەوە، ئەمجا پەڵە خوێنێکم بینی بەشێکی زۆری زەویی زیندانەکەی گرتبۆوە. ئێستاش نازانم چۆن لە هەر دە پلەکە چوومە خوارەوە. ئەوە لە چاوتروکاندنێکدا ڕوویدا، حاتەم بە پشتی دەستی کێشای بە دەموچاوم دا. ساتێک دوای ئەوە هەستمکرد لەقەیەک بە پشتمدا کێشرا، ئیتر کەوتمە خوارەوە، ئەوە زۆری نەبرد، خێرا ڕووی دا!

زیندانەکە هێندە بچووک بوو بە هیچ کلۆجێک جێگەی نووستنی سێ کەسی تێدا نەدەبۆوە، بنمیچ و دیوارەکانیش نزیک بە یەک و لینج بوون، پەنجەرە بچووکەکەش، کە لە درزێک دەچوو، پێشوازیی لە تیشکێکی خاو بکات، ئەو تیشکەی لە زەمینە حەوشەکەوە تێیدەخزا. هەر کە لەیەکەم لێدان بە ئاگاهاتم، کەوتمە هاوار. جنێوم دەدا، بە هەموو دەنگم وتم: ئەی خوێڕینە. دەرگای زیندانەکە خرایە سەر پشت. لە دوورەوە ڕووناکییەکی گەش و بەتین بوو، ڕەنگی دیوارەکەی بەرامبەر زەردباوێکی جوان بوو. کە دیم دەرگاکە کرایەوە شادبووم، بەدەنگ هاوارەکەمەوە هاتن، هیچیش بە گیراوێک ناڵێن کە ڕەفتاری ناهەموارانە، بە جنێوت بخات. پیاوێک کە دەموچاویم بۆ بەدی نەکرا، چونکە ڕووناکییەکەی پشتەوەی داپۆشی بوو سێبەرێکی ڕەشیشی پێدەبەخشی، پێیوتم:

- هەی کوڕی سەگ دەمت داخە، هەی کوڕی سەزانیی ئەگەر جارێکی تر گوێم لە دەنگت بێت ئابڕووی باپیریی باپیریشت دەبەم.

کام ئەهریمەن لەو ساتەدا بە قسەی هێنام؟ چ بیرێک بە مێشکمدا هات؟ نازانم. بەدەنگێک کە دەمویست ڕەق بێت، پێموت:

– من نەخۆشم و لەم زیندانەدا نامێنمەوە!

– نەخۆش هەر ئێستا چاک دەبیتەوە.

ئاوی سۆندەکەی کە لەسەرەوە پیایاندا کردم خستمی. لە ماوەیەکی کەمدا، لە گۆمێکدا سەرئاو کەوتم، ئەو قسانەی کە دەمویست توندوتیژبن بە ژێر ئاوە هەڵقوڵاوەکە کەوتن، تا کە ماندوو بوو وتی:

– ئەمجارەیان ئاو، بەڵام ئەگەر جارێکی تر گوێم لە دەنگت بێت ئەوا لە میزدا نوقمت دەکەم!

نەنووستم.. بە درێژایی شەو هەر هەڵدەلەرزیم، زۆر هەوڵمدا، زۆرم بیرکردەوە، بیرم لە ژمارەیەکی بێشومار ڕێگە دەکردەوە تا لە ئاوەکە ڕزگارم بێت، بەڵام هەموو هەوڵ و لێکدانەوەکانم بەبا چوون. ڕۆژی دوایی دەرگاکەیان لێکردمەوە. بۆ ماوەیەک چوومە دەرەوە، دوو سێ جار لە دەرگای ئاودەستەکەیان دام، نەشمتوانی هیچ بکەم. هەستم بە ڕکێک دەکرد، بەڵام سەرم زۆر دەئێشا بە ڕادەیەک توانای بیرکردنەوەم نەبوو. کە گەڕامەوە کولێرەیەک و پارچە پەنیرێکی زۆر بچووکم بەرچاوکەوت، برسیم بوو، لە دوێنێ بەیانییەوە تامی هیچم نەکردبوو.

دوای تێربوون ویستم بنووم. نانەکە بەتام بوو، لەسەرخۆ خواردم و پارچە پەنیرەکەش دوا شت بوو کە خستمە دەممەوە. لەو ساتەدا بەلامەوە خەو خۆشترین شت بوو بۆ مرۆڤ، لەسووچەکەدا وەستام. دەمویست خۆم بەدیوارەکەوە بگرم و بنووم، بەڵام کە قاچم بەر ئاوە ساردەکە دەکەوت، ئیتر خەوم مەحاڵبوو. قاچێکم بەرزکردەوەو ئەوی دیم لە ئاوەکەدا هێشتەوە، ئاڵوگۆڕم پێدەکردن، بەڵام خەو نەدەچووە چاوم.

نازانم چۆن کونی ئاوەڕۆم بە بیردا هات. دەستم لە بست بـە بـستی زەوییـەکـە دەخشاند، بەڵکو ئەو کونی ئاوەڕۆ نەفرەتییە بدۆزمەوە، زەوییەکە بەلامەوە سـفت و پتەو بوو، بەڕادەیەک کە دڵۆپـە ئاوێـک چییـە داینـەدەدا. بیـرم لـە هـاوار کـردەوە، بپاڕێمەوە، وام دانا کە پاسەوانەکەی ئێستا ئەوە نەبێت کە ڕووی سـۆندە ئـاوەکـەی تێکردم.. لە دڵی خۆمدا وتم، ناکرێت هەموو وەک یەک دڵڕەق بن، ئەو پاسـەوانـەی جاروبار لە کەلێنە لاکێشەییەکەی بە بنمیچەکەوە نووساوە بەدیدەکەم، ڕەنگە لـەوی دی چاکتر بێت.

ناکرێت هاوار و قیژە، ڕێی جێکردنەوەم لە دڵ و دەروونی ئـەو جـۆرە پیاوانـەدا بۆ خۆش بکەن. پێویستە لەسەرخۆ لە دەرگای زیندانەکە بـدەم، تـا کـە لـێم نزیـک بوونەوە، کە پرسیاریان لێکردم، تکای لەئاو ڕزگارکردنمیان لێبکـەم، تـا کاتژمێرێـک بنووم. تەنیا کاتژمێرێکم بەسبوو، بە باوەڕەوە لەدڵی خۆمدا وتم: "نابێـت لـە کـەس بپاڕێمەوە. لەسەر یەکێـک لـە پێپلیکـەی زیندانـەکـە هـەڵـدەتـووتێم و دەنـووم. زۆر سەرزەنشتی خۆمم کرد چونکە پێشتر بیرم لەوە نەکردبۆوە، بڕیـارم دا هـیچ شـتێک نەخەمە لاوە تا بیری لێ نەکەمەوە.

لە یەکەم پێپلیکەوە دەستمپێکرد، تەسک بوو، بچووک بوو، جێگـای دانیـشتنی مرۆڤی لێ نەدەبـۆوە، ڕۆخـەکـانی لـە چـەنـد لایـەکـەوە شـکابوون، تـا وام بـەبیـردا دەهـات، کـە ئـەم پێپلیکانانـە بـە ئـەنقـەسـت شـکێنرابن، تـا کـەس لـەسـەریـان نەخەوێت!.. لە یەکەم پێپلیکـەوە دەسـتمپێکرد لـە هـەموویـان تـەسـکتر بـوو. وازم لێهێنا. دابەزیمە سەر دووەمیان، لایەکی دووەم بە شێوەیـەک شـکابوو کـە هـەرگیـز توانای لەسەر دانیشتنی نەبێت، بەڵام سێیەمیان زۆر باشبوو. لەسەری دانیشتم، بـە دانیشتنەوە نەبوایە لەسەری جێگەم نەدەبـۆوە، گـەر هـەوڵـی نووسـتنم بدایـە، ئـەوا دەبوا لاقم درێژکردایە تا لە دوو سێ پلە تێپەڕ دەبوون. لاقم درێژکـرد. سـەرم نایـە سەر پلەی سەرو تا بحەوێتەوە، وەرچەرخام تا لـەسـەرلا بنـووم، بـەلای دووەمیانـدا

وەرچەرخـام. بنمیچـەکـە، یـان تـاریکی، هـەمـوو شـتێکی داپۆشـیبوو. بیـری مـردن بەڕادەیەک بەسەرمدا زاڵبوو کە نەیدەهێـشت بخـەوم. بیـرەکـانم مێـشک بـەدەرکـرد، دیسان هەوڵی خەوتنم دایەوە. بە باوەڕێکی لە ئەندازە بەدەرەوە وتـم: لـەم جێگایـە زیاتر نییەو دەشبێت بخەوم. چاوم لێکنا، کەچی دیسان بیری ڕزگاربوونم لە ئاوەکـە دایگرتمەوە. بۆیە سەر لەنوێ بیرم لـە دۆزینـەوەی کـونی ئـاوەڕۆکـە، یـان لـەدەرگا دان، کردەوە. بیرم لە هاوار و قیژە کردەوە، ئەمجا بیرم لە کردنی چەند قسەیەکـی خۆش بۆ پاسەوانەکە کردەوە. جـەژنـی وەبیربێنمـەوە بـەڵکـو دڵـی نـەرم دەبێـت و یارمـەتـیم دەدات.. دەسـتبەرداری سـەرجـەم لێکدانـەوەکـانم بـووم. گـەمـارۆی ئـەو ئازارانەم دەدا کە هەستمدەکرد لە هـەمـوو شـوێنێکی لـەشـمدا قوڵـپ دەدەن، وتـم: ڕەجەب تۆ هێشتا یەکەم ڕۆژتە، هیچت نەدیوە، خۆ ئەگـەر لـە ئێـستاوە بێهێزبیـت، ئەوا لاشەیەکی بۆگەنئاسا دەکەویت. خۆت ڕابگـرە، بـەرگـە بگـرە.. ئـەی پـێش تـۆ هاوڕێکانتیان نەهێناوەتە ئەم زیندانـەوە؟ ئـەی بـەرگـەیـان نـەگـرت و نووستیـشن و دواییش سەربڵندانەو ئازایانە دەرچوون؟ بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێـت بنوێـت؟ و لـە کوێشدا؟

ئای لە پێپلیکانەی زیندان کە نایابە! ئێستا پـێم سـەیـرە چـۆن دوودڵبـووم کـە لەسەری بنووم. بـەو ڕادەیـە بێئـەقـڵ بـووم؟ ئایـا مـرۆڤ لـەو پێپلیکانانـە باشـتری دەوێت تا لەسەری بخەوێت؟

ژاوەژاوی بەیانی دووشەممە هەر زوو دەستیپێکرد. گـوێم لـە دەنگـی خـەڵکـی و تەپەی پێی زۆر دەبوو. لە ترسا دەلەرزیم، گوێم هەڵدەخست تا هـەنگـاوەکـان دوور دەکەوتنەوە. پێموابوو هەر هـەنگـاوەو دەمـارەکـانم دەپـەسـتێتەوە، بـانگم دەکـات. هەوڵم دەدا لە هەنگاوەکانیانەوە نەخشەی خەڵکەکە لـە مێـشکمدا بکێـشم؛ ئـەمیـان هەنگاوی پیاوێکی قەڵەوە، ئەمە هی پیاوێکی لاوازە، ئەمیان پۆلیسە، ئـەگینـا بـۆچ وا قورس و گێلە؟ ئەی ئەمە هەنگاوی ئەفسەر نییە؟ بەڵام ئەفـسەر بـەلای زینـدانـدا

ڕەت نابن، لێی نزیک نابنەوە، ئاماژەیەکی بچووک بەسە بۆ ئەوەی هەموو شتێکیان بۆ بەرن.. ئەی ئەم هەنگاوانە بۆچی وا سست و ناڕێک بەرگوێ دەکەون؟ بڵێی هی گیراوێک بن؟ بشێت بەم بەیانییە زووە دەستیان پێکردبێت؟

ئەم جۆرە کەسانە جیهانێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە. دەبێت خۆمی تێهەڵنەقورتێنم، با لێیان گەڕێم، با هەر خۆم هەموو شتێک بدۆزمەوە، خۆ بیرکردنەوەش، ئەوەیان دەبێت یەک تۆزی بە فیڕۆ نەدەم تا هەر بە خۆڕاگرتوویی بمێنمەوە، تا بێترس وەڵامی پرسیار بدەمەوە. جا بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەپرسن؟ وەک گیاندارانی تر دەدوێن؟.

لە دانیشتنێکدا کە هادی چاوی جوامێرانەی تێبڕی بووین، وتی:

- پێویستە هەر لەسەرەتاوە بزانن کە ڕێگا دوور و دژوارە، ئەوەی کە بە خۆیدا ڕاناپەرموێت با هەر لە ئێستاوە قسە بکات، سەرزەنشتی کەس ناکەین گەر ئێستا وازبێنێت. بەڵام دوای گرتن و بەندیخانە، ئەوا هەر ڕووخانێک، هەر دانپێدانانێک، خاوەنەکانیان بە ناپاک دادەنێین.. گوێتان لێیە چیتان پێدەڵێم.

قسەکانمان بەڕەقی لەدەم دەرچوو. پێمانوابوو هادی بڕوای تەواوی پێمان نییە. دەمانویست بۆی بسەلمێنین کە چۆن پیاوێک دەبین، هیچ بەدەستەوە نادەین و ناشڕووخێین. گوێی لێگرتین، خەمێکی سامناک ئادگاری گرتەوە کە وتی:

- ئێستا کەسمان پێهەڵناسەنگێنرێت، بەندیخانە سەنگی مەحەکە. بەڵام قسەکەم ئەوە ناگەیەنێت کە وەک چۆن پەپوولە بەدەوری ئاگردا گڕدەخوات، ئێمەش بە دەوری بەندیخانەدا بخولێینەوە. دەبێت بەندیخانە دوا جێگای هەر یەکێکتان بێت، زۆر ئاگاداربن، هەموو شتێک لە پێناوی ئەوەدا بکەن کە بەردەستی پۆلیس نەکەون.. خۆ ئەگەر مرۆڤیش

بەردەستیان کەوت، ئەوا دەبێت پیاوەتــی خــۆی بــسەلمێنێــت و بــشزانێت چۆن بەرگە دەگرێت!

ئەوە زۆر لەمێژە، بیرمە لەو کاتەدا بایەک لـەدەرەوەی پـەنجـەرەکـە هـەڵیکـرد، بیـرم نایـە بـای پـاییز بـوو یـان زسـتان. ئێـستا هـەر بـە تێپـەڕبـوونی ئـەم یـادە، هەستدەکەم قسەکانی هادی ئەوەندە ئاشکرا نەبوون بەو ڕادەیـەی هانـدەری مـرۆڤ بن کە لەکاتی گونجاودا بڕیار بدات. بایەکە لە قسەکـانی هـادی بـە هێزتـرو زۆریـش بەتینتر بوو!

کە بەدەم ئازارەوە گرمۆڵە ببووم، پێموتن:

- هادی ناناسم و چاویشم پێی نەکەوتووە!
- گوایە پێتوایە ئەوەی دەیچێژیت ئازارە؟ دواتر بەچاوی خۆت دەیبینی کـە چۆن دەمانبەیت و دەستنیشانی ئەو ماڵـەشـمان بـۆ دەکـەیت کـە خـۆی تێدا حەشارداوە، بێئەوەی لێت بپرسین. بێدەنگییەکەت زۆر ناخایەنێت؟
- بەڵام من مرۆڤێک بەم ناوەوە ناناسم؟
- ئەمە ناوی مرۆڤ نییە، دڕندەیە، ئەی دڕندەیەک بەم ناوەوە دەناسیت؟
- پێموتن، کەس ناناسم!

جارێکیان سێ کەس بووین هادی پێیوتین:

- بڕوا مەکەن.. گـەورەتـرین هێـزی سـەر زەوی توانـای ئـەوەی نییـە وا لـە مرۆڤ بکات شت بەدەستەوە بدات. مەبەستم ئـەوەیـە گـەر مـرۆڤ خـۆی بییەوێت. هەندێک کەس لەژێر لێـدان دا دەمـرن و هـیچ نـاڵێن، کێـشەکـە بەندە بە باوەڕەوە، بە سەرەتاوە. گەر مرۆڤ بڕیاری هیچ نەدرکاندنی دا، گەر لەسەری سووربوو، بەرگەی ساتی یەکەم ئـەشـکەنجـەدانیـشی گـرت، دواتر هەموو شت ئاسان دەبێت.

باوەڕ.. پێموابوو هەندێک وشە هەرگیز هیچ نابەخشن، تۆش ئەی ئەشیلۆسی گورپە، هیچت گەرەکە؟ لە لۆجە دوورەکەداو لە پێشەوە، پیاوێک دانیشتووە کە تەمەنی چل ساڵەی تێپەڕاندووە، ڕیشێکی بچووکی زەردباوی پێوەیە.. ئەو هەموو شتێکی گەرەکە.. پێتدەڵێت خێراکە، بووەستە، بەم یان بەولادا وەرچەرخێ. هەر ئەوە کە دەیەوێت، تۆش ئەی پاپۆڕە نایابەکە، ئەی مانگای قورس، جگە لە چاوەڕوانکردنی فرمانی ئەو هیچی تر ناکەیت.

پێموابوو کە کاتێک لەش دەڕووخێ کلۆر دەبێت، توانای خۆگریی نامێنێت، واشم پێشبینی دەکرد کە مرۆڤ بەم پلەیە گەیشت، دەبێت خۆی بەدەستەوە بدات.. سەرەتا وامدەزانی، بۆیە تاقیکردنەوەم لە لەشمدا دەکرد.. زۆرجار سەرم بە دیواردا دەکێشا، بە نووکی پێڵاوی قاچی چەپم شەقم لە قاچی ڕاستم هەڵدەدا.. بەدەم ئازارەوە دەکەوتم، وام پێشبینی دەکرد کە لێدانێکی وا بەرەو درکاندنم دەبات، بەڵام؛ ئەشکەنجەدان، شەپۆلی دەریا، هەڵکردنی با، ئەم لاسارییە گەوجانەی کە سروشت بوونی خۆیی پێ دەردەبڕێت.. ئەی کەشتیوان، ئەوەی کە بەرزی شەپۆلەکان، ڕووی با، شتە لە یاسا بەدەرەکانی سروشتیش دەزانێت، توانای دەربازبوونی دەبێت، بۆ ئەم یان ئەولا وەرچەرخێ و دەربازی بێت، تا دواجار سروشت ببێتە یادێکی خەمناک!

گورپەکە گشت ڕاستییەکانت پێدەڵێم.

هادی کە تا ڕادەیەک تووڕەیی دایگرتبوو پێموابوو خەریکە بگری، پێیوتین:

- زۆرجار بەو چەپەڵەم وت بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات. زانیم بێهێز دەبێت شت دەدرکێنێت. هەموو جار بڕوبیانووی هیچوپووچی دەهێنایەوە تا بمێنێتەوە. دەمانویست و لێشی دەترساین. ڕۆشنبیرییەکەی و توانای نووسینەکەیمان دەویست، لەوەش دەترساین کە بەردەستی پۆلیس بکەوێت و بڕووخێت.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر فرمانێکمان پێ دا کە بڕوات.. وتی: "سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدەن تا خۆم ئامادە بکەم"، ڕۆژی دووەم گرتیان، هەفتەیەکی نەبرد واژۆکەی لە ڕۆژنامەدا بوو.. باوەڕی بووە قسە، تەنانەت بە خستنە سەر کاغەز دەستبەرداری قسەکانیشی دەبوو.. بۆ ئێمەی دەنووسی و ئێستاش بۆ ئەوان دەنووسێت!

- پێمان بڵێ هادی لەکوێیەو هیچی دیمان لێت ناوێت.
- بەڵام من کەسێک بە ناوی "هادی"ەوە ناناسم.
- نایناسیت؟
- نەخێر.

هەموو شتێکی ناو ئەشیلۆس ئەو ڕۆژانە بەبیر دێنێتەوە. دوێنێ چوومە ژوورەکانی خوارەوە، سووتەمەنی و پێویستییەکان و پیاوی واشیان لێ دەرکە، کە شێوە نائاشکراکانیان لەناو ڕاڕەوەکاندا دەجووڵانەوە، هیچی تریان لێ بەدینەدەکرا. لەچاویاندا ئادگاری خۆمم دەبینی؛ تووڕەیی، کین، جنێو، بۆ مرۆڤ ئەم هەموو دڵڕەقی و جنێودانانەی تێدا کۆبووەتەوە؟.

لەسەر مێزێک پاڵیان خستم، ڕووتوقووت بووم. ڕووم لە زەوی بوو، سەریشم بەدەم لێدانەوە دەهات و دەچوو. نازانم چەند جگەرەیان لەسەر پشتم، لەسەر ملم، لەناو گوێمدا، لەنێوان هەردوو سمتمدا، کوژاندەوە. سەرەتا پێدەکەنین. منیش بە هەردوو لاقە بەرەڵاکانم بەرگریم لەخۆم دەکرد. دوو یان سێ جار لەقەم هاویشت، کە جاری چووارەم خەریکی هاویشتنی بووم هەردوو قاچیان توند بەستمەوە، کەوتنە نەڕەنەڕ: "ددانی پێدابنێ.. کوڕی سوزانیی ددانی پێدابنێ".

بیرمە پێموتن: هیچ نازانم، سەگینە پێتان ناڵێم!

هەزاران کوتەک و پێڵاوم بەسەردا داباری. پێڵاوەکانیان دەکێشا بە ڕووخسارە شۆڕبووەوەکەمدا. یەکێکیان خۆی هەڵدایە سەر شانم، هەردوو دەستم لە پشتەوە

بەسترابوون. هەستم بە تێکشکاندنی ئێسکەکانم کرد و ملیشم پارچە پەڕۆ کۆنێکەو بەردەبێتەوە.. قیژاندم:

- نازانم .. هیچ نازانم!

دەنگی گۆرانی بەرزدەبۆوە، دارێکی ئەستووریان کرد بە نێوان هەردوو سمتمدا. کە خۆم بەملاولادا دەخست پێم پێدەکەنین. تفیان لێکردم، هەستم بە ئاوێکی گەرم کرد لەسەر پشتم.. ئایا خوێن لەشوێنیکەوە هەڵدەقوڵاو بە گەرمییەکەیەوە کەوتبێتە لەنجە؟!

"پێتانوایە ئەوەی شتێکی وت ئیتر دەستی لێهەڵدەگرن؟ نەخێر، یەکەمین وشە واتای سەرەتای بەدەستەوەدانی زنجیرەیەک شتە.. هەر جۆرە دواکەوتنێکیش لە درکاندن، لە وەڵامدانەوە، زیاتر لە بێدەنگی دەیان هەژێنێت. ئەم قسانە لە ئاکامی تاقیکردنەوەوە نەبێت پێتانی ناڵێم.. خۆمم تاقیکردۆتەوە. ئەوانەشم دیوە کە پێچەوانەکەیان تاقیکردۆتەوە. یەکەم نەقیزەو بەدوایدا هەموو شت دەدرکێنن!"

هادی ئەم قسانەی دەکرد و ئێمەش ڕووی "ناجی"مان بەبیر دەهاتەوە. دوای خوێندنەوەی دانپێدانانەکانی، کاتێک بە کەناری ڕووبارەکەدا پیاسەمان دەکرد، بێدەنگییەکە وەک کێڵگەیەکی بێکۆتا بەرین بوو، ترسیش سێبەرێکی خەمناکی بەسەر سەرمانەوە کردبوو. ئەو ڕۆژە بە هادیم وت:

- تۆ لەو باوەڕەدای درکاندنەکەی "سەعدەدین" لە ئاکامی ئازاردانەوە بووبێت؟

- پێشبینیم ناوێت. سەعدەدین ددانی پێدانا، درکاندنیشی لە ترسەوە بوو.. ترس لە ئەشکەنجە یان لە ئازار خۆی. مرۆڤ کە دەترسێت دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نامێنێت.

- ئەی ددان پێدانانەکانی تر.. ئایا بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتانەی تر لێیانداوە؟

- که ناپاکی دەستی پێکرد ئیتر کۆتایی نایە. شت سەرەتای هەیە، بەڵام کەس کۆتاییەکەی نازانێت!
- لەو باوەڕەدا نەبووم کە "سەعد" هیچ بدرکێنێت؟
- ڕەنگە ڕۆژێک بێت بۆمان دەرکەوێت کە سەعدەدین لێی نەدراوەو دەستیشیان بۆ نەبردووە.
- مەبەستت ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە هاوکاری لەگەڵدا کردبن؟
- توانای بەرهەڵستکردنی نەماوە. هەر کەسێک دەهاتە بەندیخانەکەوە، ئەو پێی خۆشبوو لێی بپرسێت. لە وردترین و بچووکترین شتی دەپرسی. " یەکەم جار کەی بانگیان کردیت؟"، "چەند کەس بوون؟"، "شێوەیان چۆن بوو؟"، "دانیشتی؟"، "نووستی؟"، "ئەی کەی دەستیان لە ئازاردانت هەڵگرت؟ پێش بەرەبەیان یان دواتر؟". پرسیارەکانی سەعدەدین سەرسامیان دەکردم، بۆچی وا دەیپرسی؟ ڕەنگە بەر لەوەی تەنیا وشەیەکی لێ بپرسن دیمەنەکە لەمێشکیدا کێشرا بێت، جا تا لە ئەشکەنجەدان ڕزگاری بێت هەموو شتێکی پێوتوون.!
- چۆن دەبێت مرۆڤ، تەنانەت بەر لە لێدانیش شت بدرکێنێت؟
- هەر وەک وتم، لێدان باوەڕی مرۆڤ ناگۆڕێت. لەوانەشە پێچەوانەکەی ڕاست بێت. هەر کە دەستیان بۆ بردم زیاتر سووربووم لەسەر ئەوەی وشەیەک چییە نەیڵێم، لەگەڵ هەر لێدانێکی نوێشدا زیاتر لە ڕووخان دووردەکەوتمەوە.. بەر لەهەموو شتێک مرۆڤ بریتییە لە باوەڕ!
- ڕەجەب فرۆشتیانی. شتیان لەسەر وتی، قسەیەک نەما نەیڵێن، ئەی تۆ تاکەی؟ ددانی پێدا نانێیت؟ تۆڵەی خۆت ناکەیتەوە؟
- هیچ نازانم..

گۆرانییەکە لەبارەی مانگەوە بوو. چەند وشەیەکیم لە یادە. کاتێک دیم دەستی بۆ سویچی دەنگەکە درێژ کرد هەستم بە تەزوویەک کرد بە خوێنمدا دەهات. ئایا لەکەس دەترسن؟ کەواتە بۆچی دەنگی ڕیکۆردەرەکە بەرز دەکەنەوە؟ ئەی ئەم گۆرانییانەی لەبارەی مانگ و دەریاوە دەدوێن کۆتاییان نایە؟ گوێ لەو گۆرانییانە ناگرم. هەر کە گوێم لێیان دەبێت، بەڕکەوە ڕادیۆکە دەشکێنم، خۆم بۆ ناگیرێت.

دوێنێ لەسەر پاپۆڕەکە بە جۆرێکی تر گۆرانییان دەوت. کە ئەو ئای ئایانە لە دەمیان بڵند دەبۆوە، هەموو ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤی دەردەخست. فرمێسکە قەتیسماوەکانیانم لە چاویاندا بەدیدەکرد، وەلێ گۆرانییەکانیان دونیای ژێرەوەیان بەبیر دێنایەوە، جیهانیی خوێن و شیلە.

بێدەنگ مامەوە. گۆرانییەکە قامچی ئاسا شەپۆلی بە خوێنمدا دەدا. بە ساردییەکی دڵتەزێنانەوە پێیوتم:

– هەموو جلەکانت داکەنە. هەمووی، یەک لەدوای یەک، بێ دواکەوتن!

زۆرجار دەمویست سەرپێچی بکەم. بە گاڵتە پێکردنەوە سەیریان دەکردم، پێدەکەنین. بەڵام دواجار وا ڕاهاتم کە من ئەوان پەست بکەم. گەر بیانوتایە جلەکانت داکەنە، دام دەکەند. ئەگەر داوای لەپەوڕوو کەوتنیان لێ بکردمایە ئەوا وەک ئەرکێکی ڕۆژانەم بێت دەمکرد، گەر داخوازییان دانیشتنی مەیموون ئاسام بووایە، دەستەوئەژنۆ دادەنیشتم. یەکبینە یەک شت مێشکمی داگیرکردبوو، ئەویش بوونم بوو بە دیوارێکی بێدەنگ. لەوەندە زیاتر کە خۆم دەمویست هیچی تر نەڵێم.

– ڕەجەب، ئەمجارەیان نامانەوێت لێت بدەین، دەڵێی چی؟

– ڕاهاتووم هیچم نییە بیڵێم!

– ناترسیت؟

– ئێوە دەزانن!

- بەوخوایە کوڕی سوزانی دەتکەین بە پـەنـگ، ئـەمجـارەیـان دەبێـت قـسە بکەیت.

کیژۆڵـەکەی دوێنێ، کە لە تەنیشتمەوە خۆی بەسەر تەیمانەکەدا دابوو، وتـی:

- ئاهەنگەکە نایاب بوو.. گۆرانی و زوڕناکەش، ڕات چییە؟

ئاهەنگەکـە دوازدەی شـەو، لـە یـەکدا، دەسـتیپێدەکـرد، تـا پێـنج تـا شـەشـی دەخایاند. کەی دەخەوتن؟ جا بەڕاستی دەخەوتن؟ ئەی بۆ هـەر لـەم کاتانـەدا؟ بـە پێ قورسـەکانیـان دەرگاکـەیـان دەدایـە بـەر لـەقـە، لـە تاریکیـدا دەیانقیژاند. هـەر دەقیقەیەکیش دواکەوتن، قسەیەکی ناڕەزایی، تەنانەت سەرنجی سەر ڕێگـاش سـزای لە دوابوو.

- چاوی ببەستنەوە.. سەری بخەنە گوونییەکەوە.

مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی هەموو شتێکی هەیە. تەنانـەت ئـەو لێدانـە وێڵانـەش کە نازانێت لە کوێوە دێن. لـەش توانـای بـەرهـەڵـستی کردنـی هـەیـە.. زۆرجـار لـە ئەنجامی لێدان دا دەکەوتم. لەسەر زەوی دەمامەوە، تا کـە بـەرزیـان بکردمایـەتـەوە ماندوویان بکەم، سستانە ڕاست دەبوومەوە تا مێشکیان تێک بدەم.. لێـدان بـەدوای یەکدا دادەباری. بەدەست، بە پـێڵاو، بـە دار. بـە دەموچامیـان دا دەکێـشا، ئـەمجا یەکسەر بە لاقم دا. بە مست بە سکمیان دا دەکێشا. گەر لـەترسـی ئـەو لێدانـەیـان ماسوولکەکانی سکم گرژ بکردایە، وژەوژێکم لە گوێمدا دەبیست، ئەمجا هـەسـتم بـە کڵپەیەک دەکرد کە لەناو گوێمەوە بەرزدەبۆوە!

- ددانی پێدا نانێیت؟

- دەتانەوێت چی بڵێم؟

- کوڕی قسوزانیی چی لە سکتدایە بیڵێ!

دەستم پێدەکرد:

- ١،٢،٣،٤،

بەر لەوەی بگەمە پێنج هەستم بە فشەڵی و نەرمی زەوی دەکرد، هەستم بە خولانەوەی دەکرد. سەرەتا هەر وشەیەکم بووتایە پێی پەست دەبوون. جا بڕیاری بێدەنگیم دا. ئاکامی بێدەنگییەکەمم لە دەموچاویاندا بەدیدەکرد؛ خوێناوی و تۆقێنەربوو.

- چی دەڵێی بیڵێ.. هاوارکە، جنێوبە، بەڵام هەرگیز ڕێت پێنادەین ئاوا بێدەنگ بمێنیتەوە.
- محەممەد پشیلەکان.

خستیانمە گوونییەکی گەورەوە، کردیان بە سەرم دا. بەرلەوەی لە خوارەوە دەمەکەی گرێ بدەن، دوو پشیلەیان تێهاویشت.. بۆ دەبێت مرۆڤ ببێتە دوژمنی گیاندار؟ ئەی پشیلە چییان لێمدەوێت؟ هەردوو دەستم لە دواوە بەسترابوونەوە. لە پێشدا لەپەوڕوپۆ کەوتبووم، هەرچەند بە پشیلەکانیان دا دەکێشا دەکەوتنە ڕنینم، ویستم بکەومە سەر لا، هەستم بە قاچێکی قورس کرد لەسەر شانم، لەسەر دەموچاوم، هەستیشم بە چەقینی نینۆک دەکرد بە هەموو شوێنێکی لەشم دا. بە کردنەوەی گوونییەکە دەمویست پشیلەکان ببینم، دەمویست وێنەی دوژمنە نوێکانم لە مێشکمدا بنەخشێنم.. پشیلە تۆقیوەکان هەڵاتن، هەر وەک لە دۆزەخ دەرچووبن. دەموچاوم خوێناوی بوو، هەستیشم کرد خوێن لە چاوی چەپم دەتکێت. کە خوێنەکەیان بینیم زۆر پێکەنین. نوری بە سەر گازی پشتدا کەوت، لە خۆشیاندا پێدەکەنی. دوای سڕینی فرمێسکەکانی چاوی، پێیوتم:

- ڕات بەم ئاهەنگە چییە؟ ددانی پێدا نانێیت؟

توانای وەڵامدانەوەم نەبوو. لەشم کڵپەی سەندبوو. بەدەم ئازارەوە ونجڕونجڕ دەبوو. نازانم، شانم جوڵاند، یان وام بەبیردا هات، کە بۆ لای دەرگاکەی کێشکردم، پێیوتم:

- هەزاران شێوازم هەن کە وەک تووتی بە قسەت بێنن.. قسە دەکەیت، یان دەتەوێت تاقییان بکەیتەوە؟

لەو کاتەدا ئامادەی هەموو شتێک بووم، با نوری چی دەوێت بیکات، هەر بە بێدەنگییەکەم دەیکوژم، دەبێت بەو ڕێگەیە سزای بدەم کە دەیکوژێت.

توند پەنجەکانمی گرت، خستنیە نێوان درزی دەرگاکە و ئەمجا بە کاوخۆ پێوەی دەدا. کە قیژاندم تفی کردە دەموچاوم. بە نەرمی وتی:

- بینیت ئەمە یەکێکە لە هەزار!
- نوری خۆت ماندوو مەکە وشەیەک چییە دەستگیرت نابێت.

دەبووایە بە بێدەنگ بمێنمەوە!

- بەو خوایە کوڕی سەگ، هەی... وات لێدەکەم لە خەوتەوە قسە بکەیت..
- خەریکبە!

ئایا ئەو شەوە ناخۆشترین شەو بوو؟ درێژترین شەو بوو؟ نوری گشت شێوازەکانی تاقیکردنەوە، خستمیە دوای تا کراوەکەی دەرگاکە، یەکەم جار تا کراوەکەی توند پێدا کێشام. هەستمکرد سەرم دەتەقێت، هەستمکرد فرمێسک لە چاوم دەرپەڕی، هیچیشی لێنەپرسیم، ئەمجا لەسەرخۆ دەرگاکەی دادەخست، هەستم بە تێکشکاندنی پەراسووەکانم کرد. توانای هەناسەدانم نەما. لە تاو ئازارو لە ئارەزووی هەوا هەڵمژینی بەر لە مردنم، چەند جارێک هەناسەی پەلەم دا.

- ئەمە سەرەتایە دەڵێی چی؟

چاوەڕێی وەڵامی نەدەکرد. دەیویست هەموو شێوازەکانی ئازاردان ببینم بەر لەوەی لێم بپرسێت. پێیوتم:

- ئەمشەو دەتکەمە سەمەرە.. یەک قسەم لێت ناوێت، سبەینێ و دوو سبەییش نامەوێت بتبینم، نامەوێت لەتاو ئازار قسە بکەیت، دەمەوێت کاتێک هەموو شت بڵێی کە بە تەواوەتی حەسابیتەوە!

گەر ئەو شەوە داوای داکەندنی جلەکانمی لێبکردمایە، دام نەدەکەند. بڕیارم دا گەر ژیانیشم دابنێم گەرەکە تا کۆتایی لەگەڵ نوریدا بیبەمە سەر. بە عەبدی وت:

- جلەکانی لەبەر داکەنەو گوریسەکەش بێنە.

بەرهەڵستییەکی بێسوود کە لە بێئەنجامییەوە نزیک بوو، دوای خوولەکێک یان دوو خوولەکە جلەکانمم بینی لە تەنیشتمەوە کۆمەڵ کراون و عەبدیش لە پشتمەوە کە گوریسەکەی لە دەستم دەئاڵاند، کەوتبووە هەناسە بڕکێ. ئەم بەرازە دەتوانێت چی بکات؟ پەردەی نامووس؟ دە کەس لە پاسەوانەکانی بانگ بکات تا چیان دەوێت بیکەن.. ئەوە ئەو پەڕی توانایەتی.. لە جارێک زیاتر باسەکەم بیستبوو. نوری زیاد لە جارێک ئەو هەڕەشەیەی لێکردبووم. ئەو شەوە بڕیاری مەرگی خۆمم دابوو. با نوری چی لەدەست دێت بیکات. توانای ژیانی یەک ڕۆژی ترم نەماوە.

دەبێت کام گیانی ئەهریمەن لە مرۆڤدا بژی؟ نامەوێت پێشبینی هیچ وەسفێک بکەم، هەر وشەیەکی ناڕەوا بڵێم پڕ بە پێستی نورییە.

وەک دکتۆر گونی گرتم. سەرەتا لەسەرخۆ کەوتە گوشینیان، ئەمجا توند بۆ خوارەوەی ڕاکێشان. هەستم کرد گیانم لەدەروونمەوە دەردەچێت. مرۆڤ توانای ئەم هەموو ئازارەی نییە.. دەستی لێ بەردان.. هەستم بە قورسبوونیان کرد، هەر وەک دوو پارچەی زیادو نەناس بەلەشمدا شۆڕببوونەوە، ئازار وەک شیشی سوورەوەکراو تیژ بۆ ڕیخۆڵەکانم دەچوون.. نازانم ئەو دەرزییە گەورەیەی لەکوێ هێنا، گەورەترین دەرزی بوو کە لە ژیانمدا دیبێتم.. شقارتەیەکی داگیرساند، جگەرەیەکی پێکردو دەرزییەکەی لەسەر جگەرەکە دانا.. لەو ساتەدا ئاواتە خوازبووم گەر لە دڵمی بچەقاندایە.. گەر بیکردایە، ئەوا هەموو شت کۆتایی

دەهات. بەڵام ئەهریمەنی شێتیی بێباک، نایەوێت بمکوژێت.. دیم دیسان گونی گرتمەوەو دەرزییە سوورەوە کراوەکەی پێدا چەقاند.. دەبێت چ خودایەک لەم گەردوونەدا هەبێت و چاویشی لێبێت؟ مرۆڤ خودایە.. لە ئازارو بەرهەڵستیدا تفم لە دەموچاوی کرد. دەمویست بەر لەمردنم شتێک بکەم، جا هەر شتێک بێت. نوری هەموو شتێکی کرد، ئەی من نەتوانم جارێک بەرپەرچی بدەمەوە؟ هەستم دەکرد برینەکانم لە خۆشیاندا دەتریقێنەوە. کە بینیم تفەکەم لەسەرخۆ لە چاوییەوە بۆ سەر ڕوومەتی، نزیک لووتی شۆڕدەبۆوە. ئەو کارە ناکاوە وڕی کرد، سەرەتا نەیتوانی هیچ بکات، ئەمجا کە هەستیکرد تفەکە لە دەمی نزیک دەبێتەوە، بە پشتی دەستی سڕی. لەو ساتەدا شێت ببوو. پێڵاوەکانی بە دەموچام دا دەکێشا، تا ئێستاش نیشانەکەی دیارە، بە سکی دا دەکێشام، بە هەردوو دەست و هەردوو قاچی لێی دەدام، تا ماندوو بوو، ئەوانی دیش بێئەوەی هیچ بڵێن بەردەوام بوون، بەڵام کە دانیشت، بە جۆرێکی تایبەتی سەری ڕاوەشاند. بەدوای ئەوەدا لە نەمانم دڵنیابووم. عەبدو ئەبو خەیری پەلاماریان دام، هەر وەک چاوەڕێی ئەو سەر ڕاوەشاندنە بووبن.. بیرمە دەموچاوم کێشرا بە دیوارەکە دا. خەڵتانی خوێن بووم، دواتر جگە لەوەی هەردوو دەستم بەسترابوونەوەو شۆڕبووبوومەوە هیچی دیم بیرنایەت!

ئەشیلۆس ئەی مانگای سپیی لاقبڕاو! تۆ نازانیت مرۆڤ چەندجار دەمرێت و چەندجاریش لە دایک دەبێت؟ ئاوڕ بۆ لای کەناری خۆرهەڵات بدەرەوە، تا فرمێسکەکانت بچەقنە شوێنە تاریکەکان و ئەوسا سەیرکە. پاشماوەی خەڵک.. قوربانیان و پیاوکوژان.. پاشماوەی خەڵک! ئەی ئەشیلۆس گەر ڕۆژێک گەڕایتەوە بۆ کەناری خۆرهەڵات ئاگاداربە.. ژێرخانێکی لە گۆڕ بچووکترت بۆ دەبیننەوە، لەوێش دەبێت بەرگریی لە شێتی و تەنیایی بکەیت، خەڵکی لەوێ شێت بوون.. پشیلەش شێتن و لە خەڵکی نزیک ناکەونەوە، وەک پشیلەی شوێنانی تر نامرێن،

له هەنگاوێک لە پارچە نانێک دەسڵەمنەوە. لەوێ بانگەوازیی سەربەستی لە بانگەوازیی برسێتی بە هێزترە.. پشیلەکان بە تەواوەتی شێت بوون. خەڵکانی شێتیش بەدوای پشیلەکان دەکەون، دەیانگرن، لەگەڵ خەڵکیدا لە گوونییان دەنێن، لەوان و لە خەڵکەکەش دەدەن، دەمیاوێنن، دەقیژێنن، بە نینۆکیان هەموو شتێک شڕو وڕدەکەن!.. ئەی ئەشیلۆس خۆ هەر پشیلە شێت نییە: سەگ و چۆلەکەش شێت بوون. ئەی ئەوان چەند هەڵدێراون. هەڵدێراو و ترسنۆکیشن. بۆ خۆیان خوشک و برایان نییە؟ ئەی ژن؟ بۆ ئەو دەستانە دەتوانن منداڵ وەک چەپکە گوڵ هەڵگرن و یارییان لەگەڵدا بکەن؟ بڕواناکەم دەستی وا، بۆ هیچ دروست بووبێت، جگە لە لێدان و لێدان و لێدان.

ئەو ئافرەتە سویدییەی کە لەکەناری خۆرهەڵاتەوە سێ چۆلەکەی کەناریی زەردی لە قەفەزێکی گەورەدا هێنابوو، دوێنێ کە بینی سەرسامانە لە کەنارییەکانی دەڕوانم، زەردەی هاتێ. هەر لە دوورەوە چاودێریی دەکردم. هیچیشی نەوت.. ئایا ئەم باڵندانە لەوانە دەچن کە نوری لە ژوورەکەیدا هەڵیواسیبوون؟ ڕەنگیان، دەنووکیان، باڵ بەیەکدا دانیان، هەر دەڵێی ئەوانن. ڕەنگە ئەمانە بێچووی ئەوان بن، بەڵێ لەوانەیە.

نوری کورتەبنەیەکی چاوگەورەی لچ شۆڕو ئەستوور بوو، گوێشی بە سوورێکی ناشیرین داگەڕابوو.. کە چاکەتەکەی دادەکەند ورگی دەردەپەڕی، کورتتر دەینواند، خۆ کە قۆڵی کراسەکەشی تا ئەنیشکی هەڵدەکرد، تووکە پڕە ڕەشەکەی قۆڵی تاقگە ئاسا بەسەر دەستیدا دەپژان، بەو دوو دەستە کورتانەی دانەوێڵەی لە قەفەزی باڵندەکاندا بڵاو دەکردەوە، هەر بەو جووتە دەستەش سەرمی نوقمی ئاو دەکرد، وام هەستدەکرد کە قورساییەکی زۆری بێئەندازەم لەسەربێت، تا کە خەریک دەبوو بخنکێم، بە هێزو توانای گاجووتێکەوە قژی ڕادەکێشام، بەر

لەوەرگرتنی دووەم هەناسە، دیسان هەستم بە گرانی ئاوەکە دەکردەوە کە دووبارە وەک قورقوشمێکی تواوە بە دەموچاومیدا دەکێشا!

ئەشیلۆس، بەو ئافرەتە سویدییە دەڵێی کە ئێستا لە پێخەفێکی گەرمدا نووستوەو خەون بە باڵندەکانییەوە دەبینێت، پێیدەڵێی کە من قینم لە هەموو باڵندەیەکە، سەرنجەکانی دوێنێشم بەزەییەکی نەفرەتاوی بوون؟ ئەشیلۆس پێیدەڵێی؟

کە چووینە ژوورەوە باڵندەکان دەیانخوێند، لەناو قەفەزەکەدا ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد و بە گاڵتەو گەپەوە لێمان وردەبوونەوە. دەنووکیان بە دانەکە دا دەکێشاو هەڵدەبەزینەوە، تەنانەت کاتی لێدانیشمان هەروا بوون. جارێکیان کەبەزەویدا درابووم و هەردوو دەستیشم لەدواوە بەسترابوونەوە، باڵندەکان ئاوڕیان دەدایەوە.. منیش لە ئازاردا لێک دەترازام، دەمویست بگریم، بینیم هێشتا قونەقونیان دەکرد، ئایا لەترسدا بوو؟ لە خۆشیدا قونەیان دەکردو دەیانخوێند؟.. نوری باڵندەکانی خۆشدەوێن، بەدەستی خۆی دانیان دەداتێ، زۆر دەوەستا و لە پەڕە زەردەکانیان ڕادەما، لە دەنووکیان کە لەناو پیاڵەی ئاوە ڕوونەکەیان دەنا، کە لێیان وردەبۆوە زەردەیەکی پڕ لە شادی دەپەڕییە سەر دەموچاوی.

- دەی کوڕی سوزانیی بنووسە.. چۆنت دەوێت دەستخەتەکەت وا لێبکە، خۆم دەزانم چۆن وەک جرج دەتگرم.. دەنووک مەهاوەو بێ دەنووکگرتن دانەکەت بخۆ.. لێی گەڕێ با بخوات، تۆ دوورکەوە، تۆ ئامادەی؟ دە بنووسە!

هەموو شتێک بۆنی ڕشانەوەی لێدێت.. کەناریا، عەبدی چەتەوڵ کە دەستی بە ماسییەکی گەورەی گران دەچێت. حاتەمی دەموچاو ئارەقاوی، نوری بە قاقای پێکەنینەکەیەوە، کە گاڵتە بکات، کە بەرەنگاریی بکات، تەنانەت خوێنەکەشم بەر لە وشکبوونەوەی بۆنی ڕشانەوەی لێدەهات!

ئەی تۆ ئەی ئەشیلۆس جارێکی تر لەو ئافرەتە سویدییە ناپرسی، ئەم قەفـەزە گەورەیە بۆ، کە هەموو کەنارییا زەردو نازدارەکانی و دەیانی تری وەک ئەوانیش لـە سوچێکی قەفەزەکـە بخـرێن، ئـەی چـی لـەو بۆشـاییە بێسنوورە دەکـەیت کـە لـە قەفەزەکەدا دەمێنێتەوە؟

کە لەو ژووره خراین، هەستمکرد دیسان لە دایک دەبمەوە.. حـەوت مانـگ بـوو لەو پیاو کوژانە بترازێت کەسی دیم نـەدیبـوو. لـە نـاو زیندانـەکـەدا دەچـووم بـەگژ شێتیدا. جارێکیـان مێروولـەیـەکـی ڕەشـی گـەورەم گـرت هـەمـوو نانـەکـەمـم دایـە، پەرداخە ئاوەکەمم لەبەردەم دانا، بەدەنگێکی پڕ لە ئارەزووەوە پێموت:

- ئێستا وازت لێناهێنم.. سێ ڕۆژ لێرە دەمێنیتەوە، تۆ میـوانی منـی، دوای سێ ڕۆژەکە ئەمجا قسە دەکەین.

کە دیم لە نانەکە دووردەکەوێتەوە، هەڵمگرتەوەو نامە سەر نانەکـە. خـەریکبـوو دەخلیسکا، دەیویست دوورکەوێتەوە. قیژاندم:

- ئەی مێروولەی پیرۆز تـۆ نـەریت و خـوو نازانیـت. ئـەی میـوانی خـودا؟ میوانـداریی سـێ ڕۆژە. چـیم لـەبـارەوە دەڵێـی بیڵـێ.. بڵـێ نوریيـە یـان عەبدە، بڵێ پیاکوژ و خوانەناسە، بڵێ من جگە لەوەی دەمـەوێت هیچـی تر نابیستم.

کە مێروولەکە نزیکی درزەکە بۆوە حەزم نەدەکـرد بیگـرم و بـەنـدی بکـەم. کـە دەمدیت بە ڕۆخەکەدا هەڵدەگەڕا، پێموت:

- دەبێت بەتەنیا نەمێنیتەوە.. گـەر لێـرە بمایتایـەتـەوە دەبوومـە بـرادەرت. ئاگاداربە لە بەشی خواروو نزیک نـەکـەویتـەوە، لـەوێ مانـای بـرادەرێتـی نـازانن، بـرادەریشیان نییـە.. ئـەگـەر لـە زیندانـەکـەم بێزاربوویـت، ئـەوا بەملایەدا بڕۆ، بەلای سەروودا.. لەوێ برادەرت دەستگیر دەبێت!

کە کیژۆڵەکە لێم نزیک دەبۆوە لێیپرسیم:

- گێژ نەبوویت؟ لە بەیانییەوە چاومان پێت نەکەوتووە؟

چاوم لە ڕووە نازدارەکەی گواستەوەو وتم:

- هەستدەکەم تێکچوویم، بەڵام هێشتا بەرگە دەگرم.
- پێدەچێت ڕاهاتبیت؟
- بە منداڵی زۆربەی کاتم لەگەڵ خاڵمدا دەگوزەراند، لە دەریاچەکەدا ڕاوە ماسیمان دەکرد.
- ئەی دەریا، پێش ئەمجارە سواری پاپۆڕ نەبوویت؟
- ئەمە یەکەم جارمە، ئەی تۆ؟
- منیش یەکەم جارمە.
- هەست بەگێژی دەکەیت؟
- بەدرێژایی شەو خەو نەچووە چاوم. هەوڵەم کرد کە دەرمانم بەکارنەهێنا.. پێموابوو خۆم پێدەگیرێت. بەڵام ئەمڕۆ کەمێک نەبێت خواردنم نەخواردووە. لەدەرمانەکەش حەبێکیم قووت داوە.
- ئەی ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟
- هەست بەباشی دەکەم و هەر زووش دەخەوم!

خۆرئاوا کۆڕی سەما سازکرا. دوای دوو کاتژمێر دەگەینە البیریە. ئەشیلۆسی مانگا سپییە لاقبڕاوەکە، سەرپێچی لە دەریا دەکات، دەیبەزێنێت، لە گەشتەکەی دواناکەوێت وەک چۆن حاتەم لە کردنەوەی دەرگای زیندانەکە دوادەکەوت. گوێم لەدەنگی کلیلەکانی بوو، چاوەڕێی بووم. دوای خەریکبوونی لەگەڵ دەرگاکەدا، دەکرایەوە، تیشکی خۆری چەقێنراوی سەر دەرگاکە لەسەرمی دەدا. تاریکاییش نەبێت هیچی دیم نەدەبینی.

ئاهەنگی سەماکردنەکە شێتانە بوو. کیژۆڵەکە بە چاوی پڕ لە سەرسامییەوە، لە تاریکیی ئێوارەدا دوورکەوتەوە، لە ژێر ئاسماندا.. بارانێکی وردی لە لۆکە

چنراو، که چاویش تەنیا لە تارمایی ڕووناکییە پەرشەکەی سەر پاپۆڕەکەوە نەبووایە نەیدەبینی. ئەشیلۆس تەقەلای گەیشتنی بوو، ساتە چاوەڕوانییەکان ئازاریان دەدا، بە جۆرێکی سەیر خۆی بۆ ئارەزووە شاردراوەکانی تێکدەشکاند.

قەفەزە گەورەکان.. گێژبوون، زوو خەوتن، چی تریش؟

چواردە پیاو بووین.. چواردە. بەڵێ چواردە. ژوورەکە، تەنیا بە پێوە نەبێت، ڕێک بە پێوە نەبێت نامانگرێت. لەشەکان تێکخزابوون، بۆنی ئارەق، بۆنی دەم، قژی درێژ، نینۆکیش لە خوێنە مەیوەکانی بنیدا ڕەش ببوون، لەو نێوانە زۆر کەمانەدا، مرۆڤ توانای بینینی هیچی نییە.. لا ڕووخسار پارچە گۆشتێکی ڕەقی پتەوە، نە ئادگارەو نە بەشێکیشە لە دەموچاو، لووت پارچەیەکی گەورەیەو بۆ هەوا وەرگرتن فش و گرژ دەبێت. لچ و لێویش لەگەڵ هەموو شتێکدا لەو ددانانە دەکرێتەوە کە بەشی خواروویان لە دووکەڵدا ڕەش داگەڕاون، بەشی سەرووشیان ڕەشاییەکی زەردباو گرتبوونییەوە.. بەڵام چواردە پیاو بووین، کە مرۆڤ لەناو ئەو کۆمەڵە پیاوانەدا بێت خۆشییەکی کپ دایدەگرێت. ئەوانە هەموو مرۆڤن.. مرۆڤی ڕاستەقینەن.. هەناسەیان، جووڵەی شەپۆل ئاسا، پێکەنینی.. کەم، ئێمە خەڵکانێکی ڕاستەقینە بووین، چواردە کەس بووین.

ئایا ماوەی بەندێتی تەنیایی کۆتایی هات؟ ئەی بەرگەی ئەو هەموو ماوەیەم گرت؟ باوەڕ ناکەم.

لەژێر چەترەکەدا، نزیکی پێشەوەی ئەشیلۆس، پیاوێکم بینی ڕادیۆیەکی بچووکی نابوو بە گوێیەوە! دەنگوباس؟ چاوەڕێکە، چاوەڕێکە، ئەی گەشتیارەکە چاوەڕوانی درێژە دەکێشێت. بەر لەوەی گوێت لەو قسانەبێت کە دەتەوێن دەمریت. کەناری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جگە لە بەدڕەزاو توولە هیچی تری لێپەیدا نابێف.. تۆش چاوەڕێی ئەسپ و شمشێریت! چاوەڕێیە، ئەو کەنارە هەروا دەمێنێتەوە. هەر ڕۆژە بە دەیان توولە، سەدان توولە فڕێ دەدا، تەنانەت گەر ژمارەیان بگاتە

هەزارانیش، ئەوا هەر لەژێر زەمینەکاندا حەپەیان دێت، یان لە کەلاوەکاندا دەتۆپن، چونکە وایان دەوێت!

هەر خۆت گوێ لەدەنگوباس بگرە، من نامەوێت گوێم لێبێت.. ئەوانەی کە بیستوومن بەسمن! کە کاتی دەنگوباس دەهات ئازاردانیان ڕادەگرت. سووربوون لەسەر بیستنی کورتەی دەنگوباسەکان.. تا کاتێک دڵنیایی ڕوویانی دەگرتەوە. میلەکەیان دەگۆڕی، دیسان موزیک دەستیپێدەکردەوە!

ئای.. بریا کەناری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر گۆمێک بووایە بۆ نەهەنگ، کارەباشی لێدووربوایە.. بەڵام ئەم نەفرەتە بۆ کوشتنی خەڵکی هات.

ئەمجەد ئەو شەوەی لەبیرە، دوای سێ ساڵیش هەر بیری مابوو. هەرگیز بیری نەدەچووەوە، لە مێشکیدا، وەک مێژوویەکی هەڵکۆڵراوی سەر پیرەدارێک، سەر دیواری کەنیسەیەک، چەسپابوو. جارێکیان کە پرسیاری ڕۆژی لەدایکبوونیمان لێکرد، دەیویست بیری بکەوێتەوە.. وتی ١٢ی ئایارە، ئەمجا بیری کەوتەوەو وتی ٢٧ی نیسان.. کە لێمان پرسی کام ڕۆژەیان بەڕاستی هەوە؟.. وتی: تاکە ڕۆژی ڕاستەقینە.. ٢١ی تشرینی دووەمە.. ئەمە ڕۆژی لەدایکبوونمە...

کارەبا.. مردنی ڕاستەقینەیە، دڵ دەشڵەقێت و ئەمجا دەمرێت. تەزووی کارەباکەیان بۆ سەر شانی برد، لە نزیک دڵەوە، لە لووت، نێوان هەردوو سمت.. دڵ خورپەی دەکرد، دەلەنجی، دەوەستا.. ئەوانیش دەوەستان.. سەدان جار وایاندەکرد.. ئەگەر بە ڕادەیەکی بەجێ بە شەرەف بوونایە، یەک ساتی تر ڕایان دەگرت و ئیتر کۆتایی بە هەموو شت دەهات. بەڵام نەیان دەکرد..

ئەمجەد وتی: دواجار ٢١ی تشرینی دووەم بوو.. ئەمە دوا مێژووی لەدایکبوونمە، ئەوەی لێدەرچێت ئەوی تر درۆیەکی زلە!

تەلەفیزیۆن، پانکە، بەستەڵەک، میوەی گوشراو، هەر شتێک کە کارەبا دروستی بکات؟ کە ژیانی بەبەردا بکات؟ سوپاس بۆ خودا من نهێنیی ئەم شتە

سەیرە نازانم، گەر ئەو بەکارهێنانـەی تـری کـارەبـام بزانیبایـە لـە ترسـدا دەتـۆقیم، چونکە تەنیا بەکارهێنانێکی نەبێت هیچی دیم تاقینەکردۆتەوە: لەرزیـن، هـەسـتێکی بەتین و شڵەقاو بەوەی کە هەموو شت کۆتایی هاتووە .. ئـەمجا ئـاو پێـدا کـردن، موچوڕکەی پێدا دێنام ئەمجارەیان موچوڕکەی ژیـان دەبـوو، هـەر کـە هـەناسـەشـم هەڵدەمژی، تا لـەوەرگرتنـی هێشتای هـەوا وەرگرتنـی سـییەکـانم دڵنیـابم، دیسان هەستم بە لەرزین دەکردەوە. هەستم دەکـرد شـێتانە دەمبرژێنـت و لـە هـۆش خـۆم دەچوومەوە، جارێکی تریش هەر هێنـدەی موچوڕکـەی ژیـان دایـدەگرتمـەوەو هـەوام هەڵدەمژییەوە، سەر لەنوێ لەهۆش خـۆم دەچوومـەوە. ئـەشـیلۆس سـەمـا دەکـات، سەمای کەڵەشێرێکی سەربڕاو. خۆشی لە دڵی مرۆڤدا ئەشـکەوتێکـە پـڕ بـوونی بـۆ نییە، بەڵام ئەی ئەو ئـەشیلۆسـەی پاشـەرۆک دەهاوێتـە دەریـاوە، هـەر وەک چـۆن خـەڵکـی فـڕێ دەدەیتـە بـەنـدەرەکـان، برسـێتیت نـەچـەشـتووە.. ئـەی کـاتژمێری چاوەڕوانی پڕ ئازارو ئەشکەنجە؟ دەبێت مرۆڤ فێر ببێت، بەردەوام فێر ببێت!

پێوستە وەک چۆن پیاو بەپیـر ئـافرەتـەوە دەچێـت ئاوهـاش بـەپیـر کـارەبـاوە بچێت، بە بێدەنگی تێیدا بتوێتەوە، بەملاولادا بکەوێت و نەشـمرێت. کـە پـەلبـەسـت کرابووم و لەبەردەم نوریدا کەوتبووم. نوری پێیوتم:

- دەمانەوێت ئێستا دوا ئاواتەکانی خۆت بڵێیت.. ئەگـەر ئـارەزوویـەک یـان نامەیەکت هەبێت!

سەیرم کرد و وەڵامم نەدایەوە. شانم، دوای ئەوەی عەبد بـە هـەمـوو قورسـایی خۆی چووبووە سەری، شکابوو، هیچ شتێکم بـەلاوە گرنـگ نـەبـوو. دەمزانـی مـردن گەورەترین ئاواتمە کە توانای گەیشتنیم هەبێت، بە پەرۆشییەکی تـەلیـسمانەوە ئـەم ئاواتەم دەخواست.

پەڕە کاغەزێکی چاپکراوی لە گیرفاندا دەرهێناو پێیوتم:

- ئەگەر باوەڕ ناکەیت سەیرکە.

پەڕەکەی لە دەموچاوم نزیککردەوە، بەڵام هیچم لێنەخوێندەوە، هەستی بەوە کرد. باری ڕاوستانەکەی خۆی ڕێکخست و وتی:

- بۆتی دەخوێنمەوە: دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو بوونی بەڵگەی تەواو دەربارەی ئەم گیراوانەی ناویان لەخوارەوە نووسراوە، بڕیاری گوللەباران کردنیان درا...

ناوەکانیشی خوێندەوە.. گوێم لە ناوی خۆم بوو، سێیەم ناو بوو. هەموو هەستونەستم لەکار کەوتن، توانای بزواندنم نەبوو، تەنانەت ئەگەر بشمویستایە، هەر بزووتنەوەیەک مەحاڵ بوو، قاچێکی تێوەژەندم، هەستم بە هیچ نەکرد جگە لەو بزووتنەوە نەویستەی لەشم، گرژبوو هاتەوەیەک، دیسان نوری هاتەوە سەر پرسیارەکەی:

- هەر ئارەزوویەک؟ هەر فرمانێک؟ خۆت دەزانیت ئەوانەی فرمانی کوشتنیان بۆ دەردەچێت پرسیاری ئەوەی لێدەکەن گەر ئارەزوویەکیان هەبێت .. ئەوە دەزانی؟

وەڵامم نەدایەوە.

تفێکی لێکردم، شێوەشی بە جارێک گۆڕاو نەڕاندیی:

- باوەڕ ناکەیت..؟ دەبێت باوەڕ بکەیت هەی کوڕی ماڵ لە کەللەچی! هەی کوڕی سوزانی!

چاویان بەستمەوە، نازانم کێ هەڵیگرتم، بەڵام هەستم کرد چەند دەستێکی بێبەزەیی لە زەوی بڵندم دەکەن، خۆم بەدەستەوە دابوو، چونکە جگە لەوە چیدیم لە توانادا نەبوو.

ئۆتۆمۆبیلەکە هات و کەوتە ڕێ، ماوەیەکی زۆری بڕی، ئەمجا ڕاوەستا. هەڵیانگرتم، دایانگرتم، گوێم لە دەنگی چەک بوو. کە گوللەکانیان دەخستە بەر، دەنگدانەوەیەکی گاڵتە جارانەیان لێوە دەهات. گوێم لە چپەی زەلامەکانی

دەوروپشتم بوو.. نەمدەویست گوێ بگرم، ئازار ئەنجن ئەنجنی دەکردم، چاوم لەژێر چاوبەستەکەدا تۆپەڵە ئازارێکی بەتین بوو، ددانم، شانە شکاوەکەشم هەناسەدانمی ناخۆش و گران دەکرد.. چ دەبێت بابێت. مردن.. بەڵام ئایا بەڕاستی دەمرم. دەمکوژن؟ چیمکردووە؟

دەمویست بقیژێنم.. بڵێم هەی پیاو کوژینە چیتان لەدەست دێت بیکەن. دەنگی چەکەکانی دەستیان ناچاریان کردم بێدەنگبم.. دەنگی چەک و ئازار. بەڵام بێقسە دەمرم؟ پێویستە بەر لە مردنم شتێک بکەم، بەوە دڵخۆش بووم کە تفەکەم بینی بە دەموچاوی نوریدا دەهاتە خوارەوە. لەو کاتەدا وام هەستکرد کە هەرچیم لە توانادا بووە کردوومە. ئەی ئێستا گوایە وازیان لێبێنم بێت وتنی تەنیا وشەیەکیش وەک سەگ بمکوژن؟ جا هەر قسەیەک ئێستا بیکەم سوودی چییە؟ کێ گوێی لێمدەبێت؟ یان چی ڕوودەدا ئەگەر هەموو دونیاش گوێیان لێمبێت؟ ئەی نوری پێش تۆزێک بڕیاری کوشتنەکەمی نەخوێندەوە؟ ئەی تا دڵنیابم دووجار ناوەکەمی دووپاتنەکردەوە؟ دەبووایە خۆم کاغەزەکەم بخوێندایەتەوە.. ئەو جۆرە کەسانە درۆزنن، هیچ شتێک وەک درۆ باش نازانن! ...ڕەجەب دوا قسەت بکە، دەبێت نەیڵێیت و وەک سەگ بتۆپیت، بێ دەربڕینی قسەیەکی ناڕەزایی، بێقیژە، جا با قیژەکەشت هێندە قایم بێت دڵیان بەرداتەوە، لە کوشتنت زیاتر ناتوانن هیچی ترت لێبکەن، ئەوە ئەوپەڕی توانایانە!

گوێم لەدەنگی گوللەیەکی دووربوو. بەدوایدا بێدەنگی. بەچاوبەستراوی کەوتبوومە سەر زەوی. جا هەروا بە کەوتوویی دەمکوژن؟ ئەی بە ئەستوونێکمەوە نابەستن؟ لە تەنیشت دیوارێکەوە ڕامناگرن؟ ئەمە ئەو شێوازە نییە کە دەبێت لە کوشتن دا پێڕەوی بکەن، بەڵام پابەندیی تاکە ڕێگایەک نابن، هەر ڕێگایەک ببێتە هۆی مردن بەلایانەوە پەسەندە. پەسەندە. چ بایەخێکی هەیە بۆ من گەر وا بمرم یان ببەسترێمەوە بە ئەستوونێکەوە ئەمجا بمرم؟

که ئەبوخەیری بانگی کرد، دەنگیم ناسی. ڕەنگە بەدەستی ئیشارەتـی کردبێـت ئەمجا بانگی کردبێت:

- هەڵیانگرن بۆ مەیدانی گوللەبارانکردن.. وەرن.

ئەی گوللەکە کەسی کوشتووە؟ کۆتایی بە ژیانی کێ هـات؟ خـوێن دەچۆڕێت، گۆمە خوێنێکی گەورە، چەنـد موچورکـەیـەک و ئـەمجا کارلـەکـار دەترازێـت.. ئایـا هەموو ئەوانەیان هێناوە کە نوری ناویـانی خوێنـدەوە؟ دەبێـت نـاوەکانیـانم بـەبیـر بێتەوە.. گوێم لە ناوی؛ زەکی، حوسێن، وەلیدیش.. ئەی کێی دتر؟ دەبووایـە گـوێم بگرتایـە، نـاوەکـانم لـەبـەر کردبـان تـا بیریـان لێبکـەمـەوە؛ زەکـی بـە دەموچـاوە ئاوڵاوییەکەی و سمێڵە پڕەکەشیەوە، ئەی چاویلکەکەیـان شـکاند؟ هێـشتا یـەکبینـە دەسـتی بـۆ درێـژ دەکـات تـا گیـری بکـات؟ ئـەی وەلیـد؟ ئـەو بـەرگـە ناگرێـت، گورچیلەیەکی هەیە، ناومـان لێنـابوو نیـوە پیـاو، ئایـا ئـەم هـەمـوو مـاوەیـە خـۆی گرتووەو زیاتر لـەو ئـازارەی چـەشـتوێتی داخیکـردووە بـە دڵیـان دا؟ وەلیـد بـواری قسەی کەسی نـەدەدا.. دەیـوت: "ئـەم باسـە دەزانـم، ئـەم نوکتـەیـە دەزانـم، گـوێ بگرن".. ئازایانە دەجەنگی تا یەکبینە قسە بکات.. گەر شتێکی بدرکاندایـە ڕاپێچـی ئێرەیان نەدەکرد. ڕەنگە لەدڵی خۆیدا وتبێتی: بەر لە بەندیخانـە زیـاد لـە پێویـست قسەم کردووە. ئێستاش دەبێت بێدەنگبم. ئەگەر قسەی بکردایە ئێستا بۆ ئێـرەیـان نەدەهێنا، فرمانی کوشتنی نەدەدرا!

هـادی دەزانێـت ئێمـە چـەنـد خـۆڕاگرین؟ یـەکێـک هـەر پێـی دەڵێـت.. هـەر دەیزانێت.

ئەشیلۆس.. تۆ پاپۆڕی ئازادیت، پاپۆڕێک سەد دەرگای هەبێت، مـەگـەڕێـرەوە، یەکبینە بەرەو پێشەوە تـەکـان بـدە. ئـەگـەر ڕۆژێـک لـە ڕۆژان گیرایـت واوەیـلا بـە حاڵـت، ئـەگـەر گرتیانیـت دەبێـت شـتێکت هـەر لێبکـەن.. دەشـیان کـرد.. ئـەگـەر بێدەنگ بیت، ئەگەر قسە بکەیت، ئەگەر سەیر بکـەیـت، ئـەگـەر سـەیـر نـەکـەیـت..

هۆیەکیان هەر دەدییەوە بۆ ئەوەی کە دەیان کرد. بەڵام کێ پرسیاری هۆیان لێدەکات؟

- کوڕی سوزانی بۆ وا سەیر دەکەیت؟ بەرهەڵستی دەکەیت؟ لێی بدەن، هەڵیواسن.
- بۆچی کە پرسیارت لێدەکەم سەیرم ناکەیت. خۆت بە بێباک و شەرمن نیشان دەدەیت هەی ... عەبد ڕووی وەرچەرخێنەو فێری بکە چۆن سەیرم بکات!
- دەی کوڕی قەحبە قسە بکە. دەبێ هەموو شت بڵێیت.
- دەمت داخە، سەرت پاندەکەمەوە دەمیشت پڕ لە ... دەکەم، تێدەگەیت؟

کەتەبوون، زەبەلاحێک بوون لە تەختە. ئێمەش تێک قوپاوبووین و دەماننالاند، بێدەنگ دەبووین، ساتێکمان دەویست کە چاو بنێینە سەر یەک و سەرخەوێک بشکێنین. پەرۆشی تەنیا یەک قسەی جیهانەکەی تر بووین. لە ڕۆژانی یەکەمدا بە سەدان جار پرسیارم لە خۆم دەکرد: ئەی دونیای دەرەوە هێشتا هەر هەیە؟ چایخانەکان کراوەن؟ خەڵکی بۆیان دەچن؟ ئەی سینەما، هێشتا ئێواران دووجار ئیشدەکەن، یەکەمیان کاتژمێر شەش و دووەمیش نۆ؟ ئەی شەقام؟ ئەی ڕووناکی؟ ئەی پیاوێک لە وێستگەی پاسدا چاوەڕێی ئافرەتێک دەکات؟

لە چەند ساتێکی دیاریکراودا دونیای دەرەوەم وا پێشبینی دەکرد کە لە جووڵە کەوتبێت، کۆتایی هاتبێت. زۆرتر پەستدەبووم، خۆ کە بە مردنی دایکمم زانی خەریک بوو منیش بمرم.. ئەنیسەم بینی، بەری چاوی شین داگەڕابوون، مەترسییەکەم لەو تەیمانەی کە لەیەکی جوێدەکردینەوە ئاشکراتر بینی. وەک گورگێکی زامدار پێموت:

- ئەنیسە دایکم کوا؟

ئـەو بێـدەنـگ بـوو، ئـەمجـا گریـا. گریانـەکـەی لـە قیـژەیـەکـی ناکـاوی نـاو تاریکستانییەکی دەکرد. ئەو ئێوارەیە گریام، سەرم دەکێشا بـە دیـوار دا، پێمـوابـوو ناژیم، کەچی دواتر ڕۆژان بەدوای یەکدیدا ڕێچکەیان دەبەسـت و منـیش لـەگـەڵیانـدا ژیانم گرتەبەر.

مـرۆڤ لـە پـشیلە بـە هێزتـرە.. دەمرێـت و ناشـمرێت.، خـەوشـیی مـرۆڤ لـە لەشیدایە، ئەگەر لەش بێهێز بوو، ئەگەر داکەوت، ئەوا گیانی مرۆڤیش دادەکـەوێـت، باوەڕی وردوخاش دەبێت، بەڵام لەش چۆن دەتوانێـت داکـەوێـت؟ چـاوم لـەشـیانی دەسمی، وایلێدەکـردن لـە قینـدا گـرژبن. سـەدان هێنـدەی ئـەوان بـەهێزتـر بـووم.. هیچیان لا نەهێشتم.. پشتێنەکـەیـان بـردم، قـەیتـانی پـێڵاوەکـان، بۆینبـاخ.. لـەوە دەترسان کە خۆم بکوژم! دواتر بەندەکان ئەوەیـان پێـوتم، نـەخێـر.. نـەخێر شـاد نابن، ئێـوە پیـاوکوژن بـەنـدەکـان خۆیـان نـاکوژن، بنووسـن: خـۆ کوشـتنی هـادی ئەبولـەیـل.. هـادی نامرێـت. لـەیـەکتـرەوە نزیـک بـووین. کـە هادییـان بـرد لـەسـەر پەنجەرەکەوە بینیانین شاڵاویان بۆ هێنـاین، وەک گورگی برسـیی پـەلاماریـان دایـن. لێیان داین، خستینیانە زیندانەکەوە، هەشت کەس بووین.. زیندانەکە بچـووک بـوو.. دانەنیشتین و نەشنووستین، دەمانویست گوێمـان لـە دەنگـی هـادی بێـت.. کۆتـایی شەو گوێمان لە دەنگی سێ گوللە بوو.. کە گوێمان لە دەنگی گوللەکان بوو هێـشتا نەنووستبووین.. خەلیل کە گوێی لە هەستی مێرووله دەبوو، پێمانوت:

– خەلیل گوێ هەڵخەو چیت بیست پێمانی بڵێ.

شەو چڕو بەسام بـوو؛ بێـدەنگـی و تـەپـەی پـێڵاو. ئـەوەمـان دەبیـست، بـەڵام خەلیل گریا.. خۆی هەڵدایە ناومانەوەو گریا.. توانای وتنی یـەک قـسەشـی نـەبـوو. ئەو شەوە هێندە دڵتەنگ بووین تەنانەت وەختبوو شێتببین، تیـشکە خۆڵـەمێـشییە پڕ لە بێدەنگییەکان بەسەرمانەوە کەڵەکە ببوون، لە درزە نزیکـەکـەی بنمیچـەکـەوە بەژوور دەکەوت. لەو کاتە پڕ بێدەسەڵاتی و لەرزینەدا، خەلیل پێیوتین:

- هادییان کوشت..
- نابێت هادی بکوژن.
- پێتان دەڵێم کوشتیان!
- چۆنت زانی؟
- پێتان دەڵێم کوشتیان.. کوشتیان؟

دیسان گریا!

دوای ئەوە پرسیارمان لە خەلیل نەکرد، قسەی نەکرد، بەڵام کە سێ ڕۆژ ڕابوورد. دەموچاویمان بە تێکترشاوی و گرژ بەرچاوکەوت، ساردییەکەشی لەوە زیاتربوو کە لەشمان، ئەو لەشانەی دەستبەرداری خواردن ببوون، بەرگەی بگرێت. لەکاتی نانخواردندا بووین خەلیل پێیوتین:

- گوێم لە چپەیان بوو، دوای گوللەکان، چپەی ترسنۆکانەی پڕ لە تۆقین.. لەسەر نووکی پێ ڕایان دەکرد. بەدەم ڕاکردنەوە وتیان: گوونییەیەکی گەورە بێنن.. دەیخەینە گوونییەکەوەو چەند بەردێکیشی تێدەخەین و دەیهاوینە ڕووبارەکەوە.
- خەلیل چی تریش؟
- ئێستا جارێک بیبەن بیخەنە ئاودەستەوە، تا لە ئاغا بپرسین کە دەبێت چیبکەین؟
- خەلیل بەگوێی خۆت ئەوەت بیست؟
- گوێشم لێبوو نوری دەیوت: ئاو بێنن پەڵە خوێنەکان بسڕنەوە!
- نا نەخێر هادییان نەکوشتووە، تۆ بە هەڵەدا چوویت!
- کوشتیان.. کوشتیان کوشتیان.

خەلیل وەک منداڵ دەگریا و ئێمەش گریاین.

( ٤ )

سێ مانگ ڕابوورد، لەو ماوەیەدا دوو نامەو سێ کارتم پێگەیشت. ڕەجەب یەکەم کارتیانی لە یۆنانەوە ناردبوو. پاش ساڵانێکی دووردرێژ، بۆ یەکەم جار وشەکانی ڕەجەبم دەخوێندەوە. کاتێک لە بەندیخانەدا بوو، دوو یان سێ نامەیم خوێندەوە، لەدوای ئەوەوە نامەی نەنووسی.

کارتەکەم خوێندەوەو گریام. لە دووری ڕەجەب دڵنیا بووم، زۆر دوورە. کارتەکە بە ناونیشانی حامید بوو، بەڵام ڕووی قسەکانی لە هەموومان بوو: ئازیزەکانم! ئەسینا نوقمی تەمێکی تەنکە؛ لە کۆتایی شەودا نمنم باران دەبارێت، بەڵام بەیانیان تەمەو دواتر دەڕەوێتەوە. هەموو شت دەشۆردرێتەوەو ڕوو لە پێکەنین دەکات. حەزم دەکرد ماوەیەکی زۆرم لێرە بەسەر ببردایە، بەڵام پاپۆڕەکە تەنیا سێ کاتژمێری لێرە ماوەو دیسان بەڕێ دەکەوێتەوە. تووشی چەند کەسێک هاتم بە عەرەبی دەدوان، بە شێوە میسرییەکی بەتام قسەیان دەکرد. خۆ بە کەسێک دانانێم کە ئەسینای دیبێت، چونکە دە کاتژمێر بەشی ناکات..

گەرمترین سڵاو و ڕێزم هەیەو بەمزووانەش نامەتان بۆ دەنووسم.

توانای جوێکردنەوەی واژۆکەیم نەبوو. لە سووچێکی کارتەکەدا بوو، شێوابوو تا گومانی ئەوە دایگرتم کە ڕەجەب نووسیبێتی.

ئافرەت بیر لە شتی خەمناک دەکاتەوە. ئەگەر بەشی خۆی خەمی دەستگیر نەبێتت، ئەوا لای خەڵکی تر بۆی دەگەڕێت! چەند ڕۆژێکی دوای سەفەرەکە سەخت و ناخۆش بوو. حامیدیان بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کرد، لە بەیانییەوە تا نیوەشەو گلیان دایەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر، بێپرسیار، بێخواردن جێیانهێشت، ئەمجا بەبیریان هاتەوە. هەر وەک لە پرێکدا دیبێتیانەوە، خۆی وتەنی، هەمان پرسیاریان لێکردبۆوە: کێ دیدەنی ڕەجەبی کرد؟ کێ پەیوەندیی پێوە کرد؟ بۆ کوێ چوو؟ ئەی لەماڵ نەدەنووست؟

لەسەرخۆ و بەڕاستی وەڵامی دابوونەوە، چونکە بەر لەوەی پرسیار لەکەس بکەن وەڵامەکانیان دەزانی. دوای لێبوونەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکانیان، پێیان وتبوو:

- خۆت دەزانی کە ڕەجەب وازی لە سیاسەت هێناوە، جگە لە ئێمە پەیوەندیی بە کەسی ترەوە نەماوە، بەڵام واش دەبێت لەوە دڵنیابێت کە هەموو شت بە هەڵوێستی خۆیەوە بەندە، وا نەزانێت دوور کەوتۆتەوەو دەستمان نایگاتێ.. ئەگەر بەو جۆرە بیریکردبێتەوە زۆر بەهەڵەدا چووە.. تۆش، دوارۆژ لە هەموو شتەکان بەرپرسیاریت، تۆ بوویتە کەفیلی، ئەی خۆت کەفیلیت نەکرد؟

کار بەوەوە نەوەستا، نیوەشەو بەریان دا تا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام داوایان لێکردبوو ڕۆژی شەممە سەریان بداتەوە.. سەرەتا هەولێدا ئاسایی بێت، بەڵام تێبینیم دەکرد کە بچووکترین شت دەیهەژاند و تووڕەی دەکرد، تا وایلێهات دڵتەنگانە لەبارەی هەموو شتێکەوە بدوێت.. بەڵام مانەوەمانی لێدەرچێت هیچی ترمان پێنەدەکرا!

بانگ کردنی حامید تاکە نەهامەتیمان نەبوو، لەیلا سوورێژەی گرت، دکتۆرەکەش هەڵەی لەدیاریکردنی نەخۆشییەکەیدا کرد، بەڕادەیەک کە ماوەی سێ

هەفتە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە. لە قوتابخانەش چەقۆیەکی بچووکیان بە عادل گرتبوو، عادل وتی هەڕەشەی لەیەکێک لە منداڵەکان کردووە، خەریک بووە شتەکە پەرەبسێنێت. گەر حامید بەڵێنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە نەدایە، پێشی نەوتایە کە لەمەودوا لەسەر بچووکترین سەرپێچی دەری بکات، کارەکەیان گەورە دەکرد!

کە تووشیی و نەهامەتی ڕووی لەیەکێک کرد بە یەکجاری دادەبارێت. نەمدەزانی چۆن چۆنی هەڵسوکەوت بکەم. بەڵام نەخۆشیی لەیلا وایلێکردم کە خۆمی بۆ تەرخان بکەم، خۆمم نوقمی دونیای نەخۆشی کرد، تا شتەکانی ترم بیر بچنەوە.

دووەم شت کە لە ڕەجەبەوە پێمان گەیشت نامەیەک و کارتێک بوو، هەردووک پێکەوە لەیەک ڕۆژدا گەیشتن. بەپەلە کارتەکەم خوێندەوە. بەڵام بۆ نامەکە داوام لە حامید کرد لەسەر مێزەکە دایبنێت تا کاتێکی تر بیخوێنمەوە. پێویستم بە جیهانێکی نوێ بوو خۆمی تێدا نوقوم بکەم. لە نەخۆشی و باسە خەمناکەکان بێزار ببووم. دڵنیاش بووم کە ڕەجەب شتێکی لە نامەکەیدا نووسیوە، کە ڕەنگە بۆ لەبیر بردنەوەی ئەو شتانە یاریدەدەرم بن!

ئەو شەوە درەنگانێک، کە شەونخونیم بەدیار جێگاکەی لەیلاوە دەکێشا، دەستم بۆ نامەکە درێژ کرد. بە دەستێکی لەرزۆکانەوە لە دەفرەکەیم دەرکێشا، بیریشم بەدوای ئەو باڵندە کۆچەرەدا وێڵ دەبوو. لەماوەی دوو هەفتەدا ئادگاری ڕەجەبم لەبیر نەمابوو، یان وامدەزانی. زۆرجار هەوڵی کۆکردنەوەی وێنەکەیم لە مێشکمدا دەدا، بەڵام ئەو ساتە نەفرەتییەی کەدیم سەری بە دیوارەکەدا دەکێشا، بە ڕادەیەک بەسەرمدا زاڵ ببوو، نەتوانم بە شێوەیەکی تر پێشبینی بکەم، هەر کە کەوتمە خوێندنەوەی گریام. وتبووی لە پاپۆڕدا نامەکەی نووسیوەو لەمیلانۆشەوە دەینێرێت. سەبارەت بە کۆچبەر و دەریا دەدوا. باسی پاپۆڕە گەورەکەی دەکرد کە

ژمارەیەکی زۆر خەڵکی چەند چەشنە ڕەگەزێکی تێدایە، وتبووشی کە هەست بە بێزاری ناکات، بەڵام هەست بە نامۆبوونی هەموو شتەکانی دەوروپشتی دەکات، کە بیریشی دەکەوێتەوە ژیانی ناو پاپۆڕەکە کاتییە، هیچ لەو ژیانە ناگەیەنێت کە چاوەڕێیەتی، ناتوانێت لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیەدا بگونجێت.

کە داوای لێبوردنە نادیارەکەیم خوێندەوە، سەبارەت بەو هەڵەو خراپییانەی لە ماوەی ڕابردوودا کردبوونی، گریام. باسی دارچنارەکەو دوا شەویشی کردبوو. هەر بە چەند وشەیەکی نادیارو کەم نەبێت خۆی لەو باسە نەدابوو، کە دەمخوێندەوە هەستم دەکرد، ئەو مەبەستی گەلێک شتی ترە. نازانم بۆچی وام پێشبینی دەکرد کە بیر لە بەندیخانەو مردنی دایکم دەکاتەوە. ئەم دوو شتەن کە مۆتەکە ئاسا مێشکیان داگیرکردووە، بەڵام دەری نەدەبڕین، یان ڕاستتر نەیدەتوانی.. یان نەیدەویست! ئەوەشی نووسیبوو کە دەستهەڵگرتنی هودا لە کاتی بەندێتییەکەیدا زامداری کردبوو، بۆیە ئیتر بڕوای بە ئافرەت نەماوە. بەڵام ئەوە چۆن ڕوویدا؟ ڕوودانی ئەو کارە وەک چارەنووسێک بێت، کەسیش توانای شتێکی نەبێت کە ڕێی لێبگرێت.

دوای گرتنی ڕەجەب، لەپێشدا هودا زۆر سەردانی دەکردین، بە جۆرێک سەبارەت بە ڕەجەب دەدواین هەر وەک کاتژمێرێکی تر بێتەوە، لە ناکاو لە دەرگاکە دەدات و بەژوور دەکەوێت. هودا، سەرەتا بێناوهێنانی قسەی لەبارەوە دەکرد. زۆرجاریش کە من سەرنجی چاویم دەدا و لێمدەپرسی کە بەو ڕادەیە خۆشیدەوێت، دەموچاوی سوور دادەگەڕا. بەڵام پاشان دوای ئەوەی ڕەجەبی دوور ببووە بنێشتەخۆشەی ژێر ددانمان، یەکسەر قسەی لەبارەوە دەکرد، بێ پێچوپەنا دەیوت، بە هەموو خەم و پەژارەیەکیشەوە چاوی جوانن.

سەرەتا کار وا دەڕۆیی؛ نامە، بایەخدان بە جلوبەرگ، یادکردنەوەی شادی بەخش.. کاتێکی تر هودا دڵتەنگ و پەست دیاربوو. لە پێشان کە پرسیارم لێکرد

نەیویست قسە بکات. دووەم جاریش. بەڵام کە زۆرم بۆهێنا گریا. سەری خستە سەر شانم و گریا. هەستمکرد پیاوێکی نوێ لە ژیانیدا بێت. پێی نەوتم، بەڵام ئافرەتان بێ پرسیارکردنیش لە یەکتر دەگەن. لە شانمم دوورخستەوەو پێموت:

– هودا، کەس بەهۆی ڕەجەبەوە خراپەیەکی بەرامبەر کردوویت؟

هەر بەبێدەنگی مایەوەو پاشماوەی فرمێسکیش لە چاوەکانیدا بوو، تا بینیمی دەگریم، نازانم بۆچی گریام، لەپڕ پەژارەو پەستی لە دڵمدا پەنگیان خواردەوەو گریام.. خۆی بۆ نەگیرا جارێکی تر بەکوڵ گریا. تا ئەو کاتە نەمدەزانی هودا ئەوەندە خەمبارو دڵتەنگە! هەر دەگریاین.. نازانم چەندمان پێچوو، دواجار بینیم قسە لەگەڵ خۆی دەکات و ئەمجا بۆ من.

ئەو ڕۆژانە کۆتاییان هات. ئێستا بەلای منەوە ئەو ڕۆژانە دوورن و هەر وەک رووشیان نەدابێت، بەڵام هەندێک لەو قسانەی کردنی وەک خەو بەبیرم دێنەوە.. ئەوەم لەبیرە کە وتی: ئەنیسە خۆم دەکوژم، قابیل نابم کەسێکی تر دەستی بەر دەستم بکەوێت. گەر ناچار بکرێم بە ڕەجەب نەبێت شوو بەکەسێکی تر بکەم، ئەوا پێم شاد نابێف، خۆم دەکوژم. نازانم کام وشەی ئەهریمەنانە لە زمانم ترازان، کە تەقەلای بارسوکییم دەدا. ئێستا دڵنیا بووم، کە ناخۆشترین شت ئەوەیە ژنێک لە ئافرەتێکی وەک خۆی بپرسێت، کێت خۆشدەوێت؟ ئایا هۆشم لەگەڵ هودادا دەدوا؟ دڵم بوو؟ بڵێی لێیترسابم و هەوڵی ئەوەم بووبێت کە لە ڕەجەبی دوور بخەمەوە؟ لە ناخمدا شتێک لە خۆشی و ئازاردا گینگڵی دەخوارد، نەمدەتوانی بە تەواوەتی هەستیپێبکەم. ئەم ساتەشی لەسەر بێت نازانم چ سۆزگەلێک تێکەڵببوون و هاندەری پێوتنی ئەو قسانەم بوون. ئەی بڵێی هودا چاوەڕێی قسەکانی منی کردبێت تا شتێک بکات؟ چاوەڕێی بیانوویەک، پردێک لە وشە، تا بۆ ئەوبەر بپەڕێتەوە.. دوای سەرزەنشتێکی زۆرم، سەبارەت بەو کوێرە وشانەی هاندەری ئەم جۆرە قسانەین، پێموت:

- ڕەجەبم هێندە لێوە دوورە کە بگاتە ئەوەی تاکە ئاواتم ئەوەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە زیندوویێتی چاوم پێی بکەوێتەوە.

تا ڕادەی هۆگری هودا بۆ ...ڕەجەب تاقیی بکەمەوە، بشزانم تا چ ڕادەیەک ئامەدەیە شتێک لە پێناویدا بکات، پێموت:

- هودا چۆنە گەر بە کەسوکارت بڵێیت؟ تۆ بڵێی قاییل نەبن؟

تارمایی ترس و سەرسوڕمانم لە چاویدا بەدیکرد. هەر بە هاتنی بیرەکە بە سەریدا ترسا، بۆم دەرکەوت مردن بەلایەوە زۆر لەوە ئاسانترە کە ڕووبەڕووی باوکێک و چوار برا ببێتەوەو پێیان بڵێت کە پیاوێکی بەندکراوی خۆشدەوێت و دەیەوێت شووی پێبکات..

دوای دڵتەنگییەکەی هودا، سەردانەکانی کورت کورت بوون، وێڵانە بە ماڵەکەدا هاتوچۆی دەکردو بۆ دیتنەوەی خۆی دەگەڕا، تا ئەو کاتە هات کە بڕیاری گەشتێکی نوێی تێدا بدات.. کە بەدەم گریانەوە کێشی باخچەکەی کردم و پێیوتم:

- ئەنیسە هیچم پێنەکرا. دوێنێ شەو باوکم گفتی تەواوی بە باوکی دا.

چاوەڕێی قسەیەکم بوو، بەڵام نەموت. بێدەنگ بووم و ئەو زرەنگەیەش لە ناخم دا کڵپەی سەند، کە لە خۆشییەکی بە بەزەییانەوە بێت. لەبەرخۆمەوە قسەم دەکرد، هەستم بە بڕوای پێغەمبەرانە دەکرد، کە وتم: هەندێک جار ئافرەت وشەی قەبەو بەجێ دەڵێن، ئەوەی کە دەیڵێین هەر قسەیە. لە دوای دایکمەوە تەنیا منم چاوەڕێی ڕەجەب دەکەم، ڕەنگە لە پێناویشیدا بمرم! کە هودا بەبێدەنگی بینیمی، بیرم زەوییەکەی هەڵدەکەند، بە ناسۆرەوە وتی:

- چیبکەم؟

- ئەی براکانت قاییل بوون؟

- لەوێ بوون، بەڵام باوکم هەموو شتێکە، هەر ئەویش قسەی کرد!

- جا خۆ ئەوانیش براتن، هیچ ناڵێن؟ ڕایان نییە؟

دیسان بێدەنگ بوو.

كە حامید هاتە خوازبێنیم، مامم خاوەن قسە بوو، بەڵام مامم ورتەی نەكرد. تا دوای قسە نەشتەر ئاساییەكەی كە ڕەجەب كردی. دایكم منداڵانە دەبزوا تا لە ڕەجەب بگەیەنێت چەند قسەیەكی دیاریكراو بكات، سەبارەت بە مارەیی و مەرجەكانییەوە بدوێت.. بەڵام ئەو گوێی بە قسەكانی دایكم نەدا. من لە ژوورەكەی تەنیشتیانەوە بووم گوێم لە قسەكانی ڕەجەب بوو.

- لە ئەنیسە بەولاوە كچی ترمان نییە، ناشمانەوێت ببێتە كاڵایەك سەوداو موعامەلەی لەسەر بكەین. حامید پیاوێكی باشەو بۆ ئەنیسە چاكە. جا چونكە شتەكە وایە، با بە كراسیی بەریخۆیەوە بچێتە لای، هیچی دیمان ناوێت..

كە هودا خۆی بە سنگمەوە نووساندبوو ئارەزووی پاڵ پێوەنانیم دەكرد تا بەربێتەوە، پێموت:

- ئێستا.. لەم ڕۆژەدا، دەبێت ئافرەتیش ڕای خۆی هەبێت.
- ئەنیسە، بەڵام من چیبكەم؟
- ڕەجەبت خۆشناوێت؟ ئەی پێتنەوت چاوەڕێت دەكەم؟
- تۆ ئەوەتا بەچاوی خۆت دەبینیت چی ڕووی دا.

شانم هەڵتەكاندو بەرهەڵستكاریانە وتم:

- هیچم نەبینیوە!

ئەمجارەیان بە نۆرە دەگریاین. كاتێك خۆم بینییەوە دەگریم، نازانم ئەو ساتە چ هەستێك بەسەرمدا هات. هەستمكرد ڕەجەب شكێنرابێت. ئەویش ئەم شكاندنە هەڵناگرێت. پێشتر من بەرەنگاریی هودام دەكرد، گاڵتەم پێدەكرد، هانی پساندنی دوا داوم دەدا، ئەو پرسیارەی سوێی دەخستە دڵمەوەو وەك لاشەیەك لەبەردەممدا ڕاكشا: مافی ئەوەم لە كوێ بوو كە هانی ئەو هەڵبژاردنە گرانەی بدەم؟ با شوو

بکات، بەڵام با ڕێزیش لە نێوانیاندا بمێنێت. شووکردن خۆشەویستی نییە. منیش دەمەوێت هودا بڕووخێنم تا دەست لە خۆشەویستی ڕەجەب هەڵگرێت!

چەند ڕۆژێک ڕابووردو هودام نەبینی، هەستمکرد حەوانەوەو کین وەک نۆرەی سەرماو گەرمای لەرزوتا، نۆرەم لێدەگرن. هەندێک سات لە دڵی خۆمدا دەموت: هودا و ڕەجەب دوو جیهانن ڕێکەوت بەیەکی گەیاندن، هەر جیا دەبنەوە، ساتی یەکگرتنیان لەنێواندا نییە، کەسیشیان کار لەوی تریان ناکات. ڕەجەب حەزی بە جیهانە خامۆشەکە دەکرد، گەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە قسەیە ڕاست بێت، حەزیشی بە کتێب و بیرکردنەوە بوو، زۆر کاتیش حەزی بە خەون و خەیاڵ دەکرد. بەڵام هودا زۆر لەبارەی سەفەرەوە قسەی دەکرد، خەونی بە دروستکردنی خانوویەکیشەوە دەبینی کە باخچەیەکی گەورەی هەبێت، خۆی وتەنی خۆشیی بۆ ڕەجەب تەرخان بکات! زۆربەی جار دەگەیشتمە ئەو ئەنجامە، لەو کاتەدا هەستم بەوە دەکرد کە جیابوونەوەیان پێویستە، بۆ هەردووکیشیان چارەسەرێکی گونجاوە. جاریش هەبوو کە بیرم لە ڕەجەب دەکردەوە دەگریام. کاتی بەندیخانەی دایکمی لەدەستچوو، بەریش بێت هەر نایبینێتەوە، بیر لەو جێگەیە دەکاتەوە کە دایکم لە دانیشتنیدا خووی پێوەگرتبوو، لەو شتانەش کە دایکم خۆشیدەویستن و حەزی پێیان بوو. هەرچەندە زۆرجار سوێندم دەخوارد کە نەهێڵم ساتێک چییە هەست بە نەمانی بکات. جا نازانم هێنانە دی ئەم ئەمەکدارییەم لە توانادایە.. بەڵام ئێستا وا هوداشی لەدەست دەچێت...

ڕەجەب لەبەردەمی هودادا دەبووە منداڵێکی گەورە. قاقا پێدەکەنی و لە خواردن ئامادەکردنیشدا یاریدەی دەدام، گەر بچووینایەتە تاریکاییەوە دەیترساندین.. ئەو ئێوارە دوورانە لە شتی سەیرو لەناکاو خاڵی نەبوون! بیرمە جارێکیان پێڵاوەکانی هودای شاردەوە، شاردییەوەو ڕۆیشت، کاتێک تاریک داهات هودا لە ترسی دواکەوتن لەرزی لێهاتبوو، کە پێموت پێڵاوەکانی من لەپێ بکات، بە

تووندی داواکەمی ڕەتکردەوە، وتی دایکم سەد گومان دەکات.. خەریکبوو لەترس و لە تووڕەییدا بگری، ئەمجا کە لە گەڕان و منەکردن ماندوو بووین، ڕەجەب نامەیەکی بە منداڵێکی بچووکدا نارد تێیدا نووسیبووی:

- ئامادەی دوارۆژ بە. ناچاری چاوەڕوانی لەوەش زیاتر دەبیت، ئەوەش بزانە کە جێگا زۆر نهێنییەکان شوێنە دیارەکانن.. پێڵاوەکانت بەسەر ئەو درەختەوەن کە ڕێک بەرامبەر دەرگاکەیە.

هودا کە پێڵاوەکانی داگرت پێکەنینی تێکەڵ بە وردە فرمێسک ببوو. پێمان سەیربوو چونکە کە دەگەڕاین چەند جارێک بەلای درەختەکەدا تێپەڕ ببووین. هودا ناچاری کردم لەگەڵیدا بچم تا دایکی لە بوونی لای ئێمەی دڵنیابێت!

ئێستا وا هودا لەدەست چووە.. خاوەنی دوو منداڵ و جیهانێکی نوێیە. ڕەجەبیش هودا بە تەواوبوو دادەنێت، بۆ هەتا هەتایە مرد. ئەو خەونانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژو سات لە دوای سات دەیچنین، کۆتایی یەکجارەکیان هاتووە!

نازانم کە هودا بۆ زەماوەندەکەی بانگیکردم قسەکانی بۆ گاڵتە کرد یان بۆ شتێکی تر. دوای زیاتر لە دوومانگ لە یەکتر دابڕان، هات. دەیویست سێبەرێکی خەمناک بە ئادگاریی خۆیەوە بنێت، بەڵام ئەو سێبەرە لە چەند خولەکێکی کەمدا باریکرد. کەوتە باسی ئەو شتانەی کڕیبوونی و ئەو ژیانەش کە چاوەڕێی دەکرد. باسی دەزگیرانەکەشی لەبیری نەکرد. وتی: چاو گەورەو باڵابەرزە، ئەگەرچی کەم تەمەنە بەڵام سپێتییەکی مەزن لاجانگی داپۆشیوە. بەدەم ئەم قسانەشەوە بە چێژەوە پێدەکەنی. ئایا ڕەجەبی بەتەواوەتی لەبیر کردووە؟ خەریکە بڕوا نەکەم. چونکە ناکرێت ژیانی چەند ساڵەی ماندوێتی و ترس و خەون، بە کامێکی لە خەیاڵەوە پەیدا بوو بگۆڕێتەوە.

هودا بەدەم قسەکردنەوە، هەستی بەو پەژارەو پەستییە کرد کە بەهۆی یادی ڕەجەبەوە ئادگاری گرتبوومەوە، بۆیە هەوڵی پاشگەزبوونەوەی دەدا، یان لەبەر

بەزەیی هاتنەوەیەتی بەو بێتواناییەی لە بەندیخانە ڕەشەکەیدایە، ئەم بە بنمیچەکەدا دەڕوانێت. کە کێشام بە مێزە بچووکەکە داو، بە هەر قسەیەکیش خورپەم دەخستە دڵییەوە، پێموت:

- هودا پیرۆزت بێت زاوای خۆشیت بێت.. بەڵام ڕێی چەند قسەیەکم بدە، ڕەنگە تۆ نەزانیت کە من برایەکی گیراوم هەیە، برایەک کە ناوی ڕەجەبە.. چونکە بەدەم ئازارو ناخۆشییەوە دەتلێتەوە، نامەوێت لەسەر لاشەکەی هەڵپەڕم!

ئەوسا بێدەنگیم لێکرد. تا خۆم تامی ساڕێژبوونی برینەکەم بچێژم. ئەمجا کە بینیم ڕکوکینەو ئازار پێکڕا لە ئادگاری دەچۆڕێت، بە هێمنییەکی نەگریسانەوە، وتم:

- ئازیزەکەم ئامادەی زەماوەندەکەت نابم.

دواتر یەکترمان دەدییەوە. دیدەنییەکانمان زۆر بەئازار بوون ئیرەییشیان تێکەڵ دەبوو، هەر هیچ نەبێت بەلای منەوە. سەرەتا وابوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، خەڵکی و شتەکانیش دەگۆڕێن. هوداش گۆڕا، ئەو هودایەی جاران نەما. کەوتمە بە گژدا چوونەوەی تارماییەکەی و بە قسەی ڕەق لەخۆمم دووردەخستەوە، تا نەیەتەوە بەرچاوم. لە جارانیش زیاتر پێداگریم لەسەر ئەوە دەکرد کە بەدەرچوونی ڕەجەب لە بەندیخانە و نەبینینی هودا لە چاوەڕوانیدا، نەهێڵم ساردی و نائومێدی خۆیان بخزێننە دڵ و دەروونییەوە.

ڕەجەب ئێستا شتی سامناک دەڵێت، دوای بەربوونی دەیویست قسە لەبارەی هوداوە بکات. ترسم لێیهەبوو، زیاتر لە جاران تارماییەکەیم دووردەخستەوە، کاتێک سەبارەت بە کاروباری کۆن قسەم بۆ دەکرد، پەستییەکی کپم لە ئادگاریدا بەدیدەکرد!

بەڵام ئەو کە ئێستا بە هەزاران میل دوورکەوتۆتەوە، دەتوانێت بەبێترس ئەوە بڵێت، کە لەکاتی سەرنجدانم دا نەیدەتوانی بیانڵێت. ئەو، ئەو هودایەی ئێستا ناناسێت. ئەو کەسێکی بەم ناوەوە دەناسی، شۆخ چاو کەسک، بزەیەکی زۆر جوانیش بەسەر لێوییەوە بوو، ڕەجەبی خۆشدەویست.. ڕەجەب ئەو کیژەی لەبیرە، ئەویش سالانێکە مردووە، بەڵام ڕەجەب نایەوێت ددان بەوەدا بنێت.

هەندێک سات ترس دامدەگرێت، بەڵکو وا هەستدەکەم کە زەوی لەژێر پێمدا دەلەرزێف. بارێکی واش لەوانەیە جیهان بگۆڕێت و هیچ شتێک وەک ئێستا نەهێڵێتەوە! ئەگەر هودا نامەکەی ڕەجەبی بخوێندایەتەوە هەڵدەبزڕکا، پەشیمانی دایدەگرت، لەوانەشە شتێکی وا بکات، ئافرەتێکی دڵداری لێدەربکەیت، لەتوانای کەسی تردا نەبێت. جا چۆن بزانم کە ئامادەیە دەست لە مێردەکەی و دوو منداڵ هەڵگرێت و دوای ئەو وێڵ و سەرگەردانە بکەوێت؟ من ڕەجەب زیاتر دەناسم وەک لە هودا. چەند تووڕەو هەڵەشەیە و هەڵسوکەوتی زۆر نابەجێش دەکات، با زۆریشی لەسەر بکەوێت. بەڵام هەر ئەو دڵپاکەیە کە لەساتە وەختێکدا هەموو شتێک لەبیر دەکاتو دەبێتەوە بە منداڵ. ناهێڵم شتەکان وا بڕۆن. با هەر یەکەو لەجێی خۆی بمێنێتەوە، هەر ڕۆژگارە کە سۆزو پەژارە ناهێڵێت، بەردێکی وشک و ڕەقیش لە بریان پێکدەهێنێت. هەرگیز هیچی لەبارەی هوداوە بۆ نانووسم، نوقمی جیهانێکی تری دەکەم.. بیری منداڵەکان و سروشت، بیرو تاسەی من و حامیدیش بۆی، برادەرەکانی و ئەو بیرانەی بەر لە گرتنەکەی پێیانەوە خەریکبوو، ئەمانەی بەبیردێنمەوە. بەڵام هەر هیچی لەبارەی هوداوە بۆ باس ناکەم!

ڕەجەب دەنگی نەما، بە درێژایی مانگێک یەک وشەی نەنووسی. ڕاڕاییەکە بووە لێکدانەوەو ئاواتخواستن و یەکبینە گەمارۆیان دابووم، پێشدەچێت بووبمەتە هۆی پەستکردنی هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرمن. منداڵەکان بە پرسیارێکی سەیرەوە لێمدەڕوانن. حامیدیش لە پرسیار کەوتووەو کردوێتی بە تکا. سەرباری

هەموو ئەمانەش نەمدەزانی چۆن چۆنی هەڵسوکەوت بکەم. هەر شتێک بەسەرمدا زاڵبوو: بینینی ڕەجەب، بیستنی دەنگی. شەوێکیان ئەو فرمێسکانەم دەسڕییەوە کە خەریکبوو دەیان تاساندم. ئەویش لە ئەنجامی خەونێکدابوو کە دایکمم تێدا دیبوو، هەر وەک خەڵەفابێت بەردەوام پێدەکەنی، ڕەجەبیشی لەبەردەمدا بوو، بە ئیشارەت بۆ لای خۆیی بانگی دەکرد. دوای بەئاگاهێنانی حامید، پێموت:

- دەبێت شتێک بکەیت، ڕەجەب پێویستی پێمانەو نابێت خافڵی بکەین و لەوێ بێکەس سەربنێتەوە!

کە وەرچەرخا تا دیسان بنوێتەوە، پێیوتم:

- ئێستا بخەوە.

کە بینیمی زۆری لێدەکەم، هەردوو ئانیشکی دادایە سەر سەرینەکەی و بە ئازارەوە پرسی:

- چیمان پێدەکرێت؟

کە فرمێسک پێش قسەکانم کەوتن، وتم:

- هەر چییەک بێت بیکە، ئێستا ڕەجەب دەمرێت!
- ئەم بیرە ڕەشانە بۆ؟ هەر لەبەر ئەوەی نامەی نەنووسیوە؟
- نەخێر.. چونکە دەمرێف، من دڵنیام کە ئێستا ڕووبەڕووی گرفت و کۆسپی وا بۆتەوە کە ڕۆژانی گرتنەکەی لە چاویاندا هیچ نەبن.

کە خۆی ڕێکدەخست و لەپی دەستی بەسەرمدا دەهێناو بە نەرمی قژی دەگرتم، پێیوتم:

- ئەنیسە بەسە. سبەی نامەی دێت و دڵنیاش دەبیت.
- بەڵام مانگێکە نامەیەکی نەنووسیوە!
- ڕەنگە شتێک خەریکی کردبێت و ئێمەی لەبیر بردبێتەوە.
- چ شتێک ڕێگەی نامە نووسینی لێدەگرێت؟

- نازانم .. بەڵام دەبێت چاوەڕێبین و بزانین.

بەبێورەییەوە پێموت:

- حامید.. چۆنە گەر بچیتە وەزارەتی دەرەوەو داوایان لێبکەیت شتێکمان لەبارەیەوە پێبڵێن؟
- ئێستا بخەوە، سبەینێش بابزانین!

دوای ئەوەی مانگێک نامەی نەبوو ئەوە ڕووی دا، شەو و ڕۆژ لە بیرکردنەوەدا بووم، زۆر هەوڵی ئاسایی بوون و خۆگریم دەدا، هەرچەندە هەست و نەستم شاردبۆوە، سەبارەت بەو ساتانەش کە بێهێزی دەیانگریاندم و خۆشم بۆ نەدەگیرا، سەرزەنشتی خۆمم دەکرد.

ئەو بەیانییە زووە کە جلم لەبەر دەکردو خۆشم بۆ چوونە دەرەوە ئامادە دەکرد، بە حامیدم وت:

- خۆم دەچم بۆ وەزارەتی دەرەوە تا پرسیاریان لێبکەم.

بە تووڕەییەکی بێورانەوە، هەر وەک توانای ئەم هەڵسوکەوت و زۆر لێکردنەمی نەمابێت، پێیوتم:

- چەند ڕۆژێکی تر چاوەڕێ دەکەین، جا ئەگەر نامەی نەهات ئەوا بۆ خۆم دەچم.

سێ ڕۆژ دواتر نامەیەکی گەیشت. کەس باوەڕ ناکات کە چەند وشەیەک، هەر چەند وشەیەک، بەم ڕادەیە مرۆڤ بگۆڕێت. حامید دەستی لە ئیشەکەی هەڵگرتبوو، بەپەلە نامەکەی بۆ هێنامەوە. هەر کە لە دەرگاکەوە چاوم پێیکەوت نامەکەی ڕادەوەشاند، موچڕکێکی بەتامی نزیک بە سەرخۆشیم پێداهات. دەمویست هەر لە مانی دڵنیابم دواتر هیچ شتێکم بەلاوە گرنگ نەبوو. خۆم بۆ قاییل بوونی؛ نەخۆشییەکەی، نەگبەتییەکەی، بێزارییەکەی دانابوو، هەر مانی ئێستایم بەسبوو، لە ژیاندا هەموو شتێک لەوانەیە چارە بکرێت مردن نەبێت. مردن تاکە شتێکی

بێدەرمانە، چونکە نامەکەی دەبینم کەواتە هێشتا ماوە! حامید لە من زیاتر بە نامەکە شادو دڵخۆش بوو. کە چاوی بە دەستە لەرزۆکەکانم و چاوە پڕ لە فرمێسکەکانمدا دەگێڕا، دەمبینی. تا ئاکامی وشەکان ببینێت، بێدەنگ مایەوە.. لە جارێک زیاتر سەرم بۆ هەڵبڕی تا وەڵامی سووکە بزەکەی بە زەردەخەنەیەک پێ بدەمەوە، پێشئەوەی لە خوێندنەوەی ببمەوە، نامەکەی لەدەست ڕاپسکاندم و وتی:

- پێیان ڕاگەیاندم کە بەیانی سەریان بدەم.. نازانم چییان دەوێت و چیش بکەم؟

دەبووایە نامەکەی لەدەست دەربکێشامایە، چونکە توانای لەوە زیاتر خوێندنەوەیم نەبوو.. لە بارێکی واشدا نەبووم کە لە واتای وشەکان بگەم، یان چێژیان لێوەربگرم. بەبێورەییەوە سەیرم کرد و وتم:

- ناهێڵن کەس چەند ساتێک چییە شادبێت!

بە جۆرێک کە لەوەوبەر لێمنەبیستبوو، وتی:

- ئیتر پرسیار لەبارەی شادییەوە ناکەین.. هەموو ئاواتمان ئەوەیە کە بە سەلامەتی وازمان لێ بهێنن!
- ئەی وەک بزانیت ئێستا چییان دەوێت؟
- لە چاکترین حاڵەتدا هەڕەشەو ڕسواکردن، بێگومان جگە لە شتی خراپ هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێت.
- ئەی چی دەکەیت؟
- دەچم، با بزانین.

وەک خۆی بەسەر پێوە بۆ ڕانەگیرێت، خۆی دا بەسەر کورسییەکەدا. ئەوەندە ماندوو بوو خەریکبوو لە هۆش خۆی بچێت. بەدەم هاندانییەوە وتم:

- بەر لەوەی بزانین چیان دەوێت پێویست بە ڕەشبینی ناکات!

- تۆ پێتوایە ئەوان برادەرن و دەیانەوێت لە تەندروستیم و باری ژیانم بپرسن؟

بێدەنگ بووم، نەمدەزانی کام وشانە لەوانەن کە یارمەتی بدەن. بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە پێکەوە بەسەرمان بردن و لەوانەش کە پێکەوە بەسەریان دەبەین، بە ڕەجەبی گیراویشەوە، بە ڕەجەبی کۆچکردووەوە، بە نامەکەو دواڕۆژیشەوە، کە بە زنجیرە وێنەیەک بە بیرمدا گوزەریان کرد، هەر وەک تارمایی بن و هەڵپەڕن. حامید لەگەڵ خۆی دەدواو گوێ لێبوون و گوێ لێنەبوونیشمی بەلاوە گرنگ نەبوو، وتی:

- ئایا مرۆڤ لەم وڵاتە نەفرەتییەدا توانای ژیانی هەیە؟ کەسی لێدەرباز نابێت، ئەوەی سیاسەت دەکات و ئەوەشی کە نایکات، ئەوەی ئەو ڕژێمەی بە دڵەو ئەوەشی کە بە دڵی نییە.. وڵاتێکی شێواوەو دەبێت لەناو بچێت!

هەردووکمان بێدەنگ بووین. نامەکەی پێچایەوەو خستییە سەر مێزە بچووکەکە، بەدەم زەردەخەنەیەکیشەوە دەستی بۆمۆری چاودێرییەکەی درێژ کرد. بێئەوەی وەڵام بدەمەوە سەرنجیم دا. ئەوان نەک هەر نامەکان دەخوێننەوە، بەڵکو دەیانخوێننەوە، بەدەنگێکی تیژیش دەڵێن: خوێنمانەوە، ئێمە هەموو شت دەخوێنینەوە. ژیان بەڕادەیەک ڕووتوقووت بۆتەوە کە مرۆڤ خەریکە، تەنانەت ترسی لە خۆشی هەبێت، پێیوایە هەمیشە هەن، کە دەنوێت، کە خەون دەبینێت، کە بە سەر شەقامەکەدا دەڕوا، تەنانەت کە دەشمرێت.

ئەو ئێوارەیەم بیرە کە حامید لە ڕقدا ڕاپەڕی، دوو ڕۆژ دوای مردنی دایکم. پیاوێک لێی هاتە پێشەوە کە لەوەوبەر نەیدیبوو. سەرەتا وایزانی سەرەخۆشی مردنی دایکمی لێدەکات، کەچی سەیری کرد لێی دەپرسێت:

- ئەوە کێیە لە سووچەکەدا دانیشتووە؟ ئەی ئەوە کێ بوو کە لێرەدا لە نزیک پەنجەرەکەوە دانیشتبوو؟

حامید وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، بەڵام هەر کە لێی دووبارە کردەوە، حامید لە ڕقدا ڕاپەڕی، خەریکبوو شتەکە پەرە بسێنێت، گەر پیاوەکانی ئەوێ نەبوونایە کە سیخوڕەکەیان دوورخستەوەو پێیانوت، جوان نییە پرسیار لە حامید خۆی بکەیت، باشترە لە هەر کەسێکی تر بپرسیت.. بە پەستی و گاڵتەپێکردنیشەوە پێیانڕاگەیاند کە لە سووچی شەقامەکەدا پاڵ بە دار ئەلەتریکەکەوە بدات و داوای پێناسە لە هەموو ئەوانە بکات کە تازە دێن!

ئەم دیمەنەم دەهاتەوە یاد کە پرسیارم لە حامید کرد:

- چیمان پێدەکرێت؟
- نازانم تەواو سەرم سوڕماوە.

بە دەنگێک کە بە لای حامیدەوە خەمناک بوو وتم:

- لێرە ژیان بردنە سەر لە تواناندا نەماوە، بەڵام ڕوو لە کوێ بکەین؟

هەر وەک بەرەنگاریی ئەو ساتە بێهێزییە بێتەوە کە هەستیپێدەکات و لە ناخییەوە قوڵپ دەدات، بە تووڕەییەوە وتی:

- با چییان پێدەکرێت بیکەن. هەر لێرە دەمێنمەوە، ئێمەش وەک ئەو خەڵکەی تر، ئەوەی تووشی ئەوان دەبێت تووشی ئێمەش دێت، ئەوە ئەو پەڕەکەیەتی!

کە چووە دەرەوە هەنگاوەکانی ئازایانەو بەرهەڵستکەرانە دەهاتنە بەرچاوم، بەڵام واش قورس دیاربوون؛ خەم، بیرە ڕەشەکان، چاوەڕوانی، خەڵکی لە بەرەنگاربوونەوەی کۆسپەکان زیاتر ماندوو دەکەن. ئەو ئەهریمەنانەش دەیانەوێت بەر لە گرتن کەسەکە بکوژن.. "دە ڕۆژی تر وەرەوە" "سەری مانگ وەرەوە"،

"بێئەوەی لای کەس باسی بکەیت وەرەوە، گەر لای کەسێک بیدرکێنیت ئـەوا خـۆت دەبینییەوە!".

ڕەجـەب لـە بـەندیخانـەدا جێگـای خـۆی گرتبـوو، یـان بـە لای منـەوە وابـوو، نیشانەی ئاڕایی و پرسیارم لە ڕوویدا بەدی نەدەکرد. ئەوم وەک ئێستای حامیـد بـە دوودڵی و پەشیمانی نەدەهاتە بەرچاو، یەکسەر بـەرەو ڕووی ڕاسـتی ببـۆوە.. وەک گۆشەیەک لە بەندیخانەدا چەقێنرا، ئیتر چاوەڕێی لەوە خراپتریشی نەدەکـرد. بـەڵام ئێستا حامید نازانێت چیی چاوەڕێی دەکات. هەر پرسـیار؟ بـەندیخانـە؟ تـا سبەی بەیانی هەر وا دەمێنێتەوە، تا کاتژمێر نـۆی سـەرلـەبـەیـانی، پرسـیارو بۆچـوون بـۆ خۆی دادەنێت و وەڵامیشیان دەداتەوە، تـا ئـەو کاتـەی بـە گـوێی خـۆی ئـەو قسـە نەفرەتیانە دەبیـستێت کـە لـە دەموپلـە خـاو و خلیچکـەکانینـەوە دەردەپـەڕن، کـە ڕەنگە ئەوی بایەخیشە نەیانبێت.

لەگەڵ حامید بیرم دەکردەوە، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی چوونە دەرەوەیم دەکـرد، تا بگەڕێمەوە سەر نامەکەی ڕەجـەب. ڕاڕاو لـە هـەمانکاتیـشدا شـادمان بـووم، وەک کیژۆڵەیەک کە بووکەشووشەیەکی بووێت و ترسی لە دەستچوونیـشی هـەبێـت، ئـەو بووکەش و بووکی تریشی بووێت. چاوم بە چەند بڕگەیەکـی نامـەکـە کـەوت، بـەڵام حامید لێنەگەڕا تەواوی بکەم یان تێیبگـەم.. ئێـستا دەکرێـت سـەرجـەم وشـەکـانی بخوێندرێتەوە، یەک دوو جار دەیان خوێنمەوە، تا بـە جۆرێـک لـە بیرمـدا بچەسـپن وەک لە ئەزەلەوە نووسـرابن. جـارێکی تـریش وشـەی "چاودێری"م لـەسـەر دەفـری نامەکە خوێندەوە. بەلامەوە وشەیەکی جانەوەرانە بوو، چونکە ڕێی بەوانـە داوە کـە خۆشەویسترین و پیرۆزتـرین وشـە بخوێننـەوە؟ چییـان لـەوە داوە کـە پیاوێـک بـە ژنێک بڵێت: خۆشمدەوێیـت؟ چییـان لـەوە داوە کـە مـرۆڤ بڵێـت حـەزدەکـەم یـان حەزناکەم؟ ئەی بڵێی نامەکەی پێشووی ڕەجـەبیـان خوێندبێتـەوە؟ بڵێـی هودایـان ناسـیبێت؟ ئـەی گـەر هودایـان بـانگکرد؟ ئـەگـەر پرسـیاریان لێکـرد؟ دەبووایـە

...ڕەجەب هیچ لەبارەی هوداوە نەنووسێت، باسی نەکات. ئەی تۆ بڵێی سبەینێ لەبارەی هوداوە پرسیار لە حامید نەکەن؟ باشە دەبێت حامید چی بڵێت؟ پێویستە ڕێگەیەک بۆ دەربازکردنی حامید بدۆزمەوە، تا ئەگەر پرسیاریان لێکرد نەپەشۆکێت.. بە حامید دەڵێم، ئەو هودایەی ڕەجەب مەبەستێتی کچی پوورمەو ماڵیشیان لە لادێیە. بەڵام ئەو ئەهریمەنانە هەموو شتێک دەزانن، لەوانەیە ناوی خزمەکانیشمان لە دەفتەرەکانیاندا نووسرابێف، ناوی کوڕو زاواکانیشیان.. ڕەنگە ناوی سەگ و ئاژەڵەکانی تریش، ئەویش گەر سەگ و ئاژەڵ ناویان هەبێت! ئەی بۆ بەلای ئەوانەوە ڕەجەب کۆتایی نەهاتووە؟ خۆ چی ڕۆژنامە هەیە ناویان تێدا بڵاوکردۆتەوە، ئەوانەش کە ڕۆژنامەیان نەخوێندۆتەوە ئەوا کەسانی سەر بەخۆیانیان ڕاسپاردووە تا هەواڵەکەیان پێبگەیەنن.. ناوەکەیان هێندە کرۆشت هەتا لەتوپەت بوو.. ژنێک لە گەڕەکدا نەما لێمنەپرسێت. ئافرەتی گەڕەک هەموو دەیانزانی، بەڵام هەر یەکەیان بەلایەوە خۆشبوو کە بپرسێت، تا بە گوێی خۆی بیبیستێف و چێژی لێوەرگرێت.

هێشتا وازیان لە ڕەجەب نەهێناوە، ئێستا بە دوایەوەن، نامەکانی دەخوێننەوە، سبەی ڕۆژیش کە گەڕایەوە پرسیاری لێدەکەن.. هودا کێیە؟ ئایا ئەوە ناوێکی خوازراو نییە؟ هێمایەک نییە بۆ شتێک؟.. بریا ئەم نامەیەی ڕەجەب هەر نەهاتبایە، ئەوەتا دوای ئەو چاوەڕوانییە پڕ سوێیە، وشەکانیم پێدەگەن تا ئازارم زیاد بکەن. لە نامەکەیدا سەبارەت بەو بارە ناهەموارە دەدوێت کە تێیدا دەژی؛ سەرما، بێزاری، بارانی زۆر، بەفر، خەڵکەکەش بە هەڵەداوان و چڕوچاو پێکدادانیانەوە!.. دوای قسەکردنێکی دوورودرێژ لە بارەی باری نەخۆشیی پڕ ئازار، نووسیوێتی کە هێشتا بۆی نەلواوە کە لە نەخۆشخانە بخەوێت. دەبێت چاوەڕێی سێ هەفتەی تر بکات. بە شێوەیەکی نیمچە نادیارەوە، بڕیار دەدەن گەر پێویست بە خەوتنی نەخۆشخانە بکات یان هەر بە چارەسەری دەرەرەوەی نەخۆشخانە

دەستهەڵدەگرن! سەیری ئەنجامی شیکردنەوەکانیان کردووەو بە شێوەیەکی کاتیی دەرمانیان بۆ داناوە، بەڵام وتویانە دەبێت زنجیرە پشکنینیی نوێ بکاتەوە، ئەویش لە کۆتایی سێیەم هەفتەدا نەبێت ناکرێت. دەڵێف دەبووایە بەر لە سەفەرەکەم پەیوەندیم بە بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکەوە بکردایەو ڕاپۆرتی دکتۆرەکانیشم بۆ بناردنایە، جا دوای لێکۆڵینەوەیان بڕیاریی شتێکی گونجاویان دەدا. ئەوسا دەمزانی کە ئایا دەبێت سەفەر بکەم و سەفەرەکەشم لە چ ڕۆژێکدا بووایە. هەڵەم کرد کە ئەوەم نەکرد، پێموابوو کاروبار لێرەو لای خۆمان وەک یەک بەڕێوە دەچێت.. لێرە هەموو شت بە یاسایە، بە نۆرەیە، لەوەش دەچێت بە پشکنینە سەرەتاییەکان دەستهەڵنەگرن، وتیان پێویستم بە سیانزە جۆر پشکنینە.. نازانم چەندیان خوێن دەوێت بۆ پڕکردنی بۆری شیکردنەوەکان، بەرەو ڕووی چ بکات و گیروگرفتێکیش دەبمەوە.

ئێستا کەڵبەی نەخۆشییەکە لە جەستەی گیربووە، خوێنەکەی پیس دەکاف. ئێستا ئەو تەنیایەو خەڵکەکە سەرنجی خۆیانی لێ کەلا دەخەن، نابینن چۆن خواردن دەخوات؟ چۆن چۆنی کات بەسەر دەبات؟ قسە لەگەڵ کەس دەکاف؟ بریا لەگەڵی بوومایە، دەبووایە یەکێک لەگەڵی بچووایە. چۆن هێشتمان بە تەنیا بڕوا؟ گەر ساغ و سەلیم و بەهێز بووایە یەک تۆز پەشیمان نەدەبوومەوە. لە بەندیخانە لەگەڵ کەسانێکدا بوو دەیناسین، قسەی دەکرد، پێدەکەنی، بێترس دەخەوت.. بەڵام لەوێ، ئەوەندە تەنیایە کە باوەڕ ناکرێت. ئەگەر لەش بەبار نەبووایە لەو بارەیەوە نەیدەنووسی، دەزانم چەند خۆگر و بێدەنگە. کە نەخۆش دەکەوت، تەنانەت بە منداڵیش، زۆری لە خۆی دەکردو ئازارەکەیی دەرنەدەبڕی، باسی نەدەکرد. دایکم بەئاگا دەهات و دەیبینی ڕەجەب بەبێدەنگ ئازار دەچێژێت. جارێکیان چاوی لێبوو کە ڕەجەب نوقمی ئارەق ببوو، وا قیژاندبووی تەنانەت دراوسێکانیشی بەئاگا هێنابوو. ڕەجەبیش سەرپێچی دەکرد و دەیوت کە ئازارێکی

کەم لە ڕیخۆڵەکانیدایەو نامێنێت!.. ئای ڕەجەب بریا لەگەڵت بوومایە. زۆر لەوە ڕادەمام کە لە ئوتێلێکی ناخۆشدا دەمهێنایە بەرچاوم، واشم دەبینی کە بە درێژایی ڕۆژ و بەشێکی شەویش، لەبنمیچەکە ورد دەبێتەوە، تا سێ هەفتەکە تەواو دەبێت و لە نەخۆشخانەکە جێگای دەکەنەوە! چۆنە گەر نەتوانێت؟ ئایا بەر لە تەواوبوونی سێ هەفتەکە دەمرێت؟ وەختبوو باوەڕ نەکەم!.. ئەگەر نامەکە لەوێدا کۆتایی بهاتایە بە فرمێسکم دەوت ئیتر بەسە، بەڵام دوا بەندی نامەکە هێند خەمناک و ترسناک بوو کە وام پێشبینی دەکرد تاوانێکی زۆرم بەرامبەر ڕەجەب کردبێت.. دەبووایە من لە دوو بەرەدا لەگەڵ ڕەجەبدا بجەنگم، بەرەی هودا و بەرەی دایکم. وام پێشبینی دەکرد کە ڕەجەب بە شێوەیەکی ڕاست لە مردن دەگات، دەزانێت کە نەخۆشیی دایکم بێچارە بووە، مردنەکەشی چاوەڕوانکراو بوو، جگە لەوەش خەریکبوو دەچووە ساڵەوە. ئەویش، وەک هەموو ئەو پیرانەی کە تووشی نەخۆشی دڵ دەبن، دەمرێت. لەگەڵ ناخۆشی و هەست بە پەژارەییدا، هەموو کەسێک بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان لەم بارە دەگات، دوای نەمانی ساتی ناخۆشی و پەستی ژیرانە ڕەفتار دەکات.

لەو ساتانەدا وای بۆ دەچووم کە ڕەجەبم برد بۆ گۆرستان. لە دڵی خۆمدا دەموت دەبێت سەردانی گۆڕەکەی دایکم بکات، تا دڵنیا بێت کە مرۆڤ چەنێک تەمەن درێژ بێت ڕۆژێک دێت کە نەمێنێت، بۆیە هەر لە بەرەی هودادا لەگەڵیدا دەجەنگیم. دەمویست خێرا هودای لەبیر بچێتەوە و هەرگیز بیریشی لێنەکاتەوە. بەڵام ئێستا ڕەجەب دڵم دادەخورپێنێت، ورم دەکات، وەختبوو باوەڕ بەم وشە خەمناکانە نەهێنم، بە تایبەتی کە ئەو لەوێوە دەیان نووسێت!

دوا شەو وامدەزانی گریانەکەی دواپاککردنەوەی گیانی بوو. چونکە مردنی هەر مرۆڤێک بەلای ئەوانەی کە خۆشیاندەوێت تەنیا بە فرمێسک شۆریی تەواو دەبێت. لە دوا شەودا، لێیگەڕام بگری تا ئەوبارە گرانەی لە کۆڵبێتەوە کە چەند ساڵێک

بوو پێوەی دەینالأند. واشم پێشبینی دەکرد کە گریانـەکـەی وردە خۆڵێکـە بـەسـەر گۆڕەکەی دایکم دا بڵاویدەکاتەوە. بەڵام ئێستا دامـدەخورپێنێـت. دەڵێـت "ئـەنیـسە بۆچی گۆڕی دایکمتان وا بێناز و پشتگوێ خراو جێهێشتووە؟ ئایا بەلای تـۆوە هـیچ ناگەیەنێت؟ دەبێت تۆ چاک ئەوە بزانیت کە بەلای منەوە زۆر شت دەگەیەنێـت، زۆر و بەردەوامیش لە زیادبووندایە، لە هەر ڕۆژێکی نوێدا دایکم دەبینم بڵندترو گەورەتـر دەبێت، تەنانەت گـەر پێتبڵـێم مـن ئێستا وای دەبیـنم کـە زیـاتر لـە هـەر کـاتێکی پێشتر ژیانی تێدایە، زیدەڕۆیم نەکردووە. "تۆ ئاگات لەوە نییە کە من ڕۆژانە سـەری گۆڕەکەیم دەدا. بە کەسـم نـەدەوت، تـەنانـەت ئێـستاش کـە بـۆتی دەنووسـم، ڕاڕاو دڵتەنگ دەبم، دوور نییە ڕاڕایی و دڵتەنگییەکەش وام لێبکەن ئـەم نامـەیـە بـدڕێنم. ئەنیسە ئەوەی لـە تـۆم دەوێـت هـەڵبـەستنی گـۆڕەکـەی دایکمـە. زۆری تێناچێـت، ئەگـەر نـەیکـەیـت و بـە زوویـیش، ئـەوا خـەم و خـەفـەت دەمکوژێت. کـە لـەسـەر گـۆڕەکـەی دەگریـام دەمویـست خـۆم پـاک بکـەمـەوە، خۆڵـەکـەیـم لـە دەموچـاوم هەڵدەسوو دەمقیژاند، بەڵکو گوێی لێمبێت و لـێم ببوورێـت.. ئێـستاش لـەم شـوێنە دوورەوە، تا نامەیەکی بۆ نـەنووسـم خـەو لـەچاوم ناکـەوێت، نامـەکـانم بـۆ دایکـم کورتن، ئاسانن، لە داوای لێبوردن تێپەڕ ناکەن. ئاواتەخوازم ئێستا نزیـک بوومایـەو سەری گۆڕەکەیم بدایە.. ئەنیسە شـتێک بـۆ مـن بکـە، هـەرگیـز هۆکـاریش بـۆ ئـەم ئیشە بەکارمەهێنـە، ئیـشێکە پـەیوەنـدی بـە دڵـەوە هـەیـە، دەبێـت زمـانی هـۆش تێکینـەدات". "تێبینـی: تکایـە لـەکـاتی تـەواوبـوونی هـەڵبـەسـتنی گـۆڕەکـەدا، تەنیشتەکانی بە بەتاڵی و بێهیچ نووسینێک بهێڵنەوە، دەمەوێت چەند شیعرێکی بۆ دابنێم، بیر لە شتی تریش دەکەمەوە!"

ڕەجەب خۆی دەکوژێت. گۆڕی دایکمی لەگەڵ خۆی بـرد و ڕۆیـشت. بـۆچی بـە درێژایی ماوەی ڕابردوو لێی بێئاگابووم؟ کەواتە ڕۆژانە دەچووە دەرەوە تـا سـەر لـە گۆڕەکەی دایکم بدات! دە جار چۆتـە سـەر گـۆڕەکـەی، منـیش بێئاگـابووم! چـەنـد

گەلحۆبووم. کوێرو گەلحۆبووم، ئەگینا بۆچی بیرم لەوە نەدەکردەوە! باوەڕناکەم، پێشبینی ئەوە ناکەم کە ئەو ئەمەی کردبێت، ڕەنگە نامۆیی و تەنیایی ئەم بیرە خەمناکانەی بە خەیاڵدا هێنابێت، بەڵام وشەکانی گومان هەڵنەگرن، سادەو ڕاستن، هەر وەک هەرگیز ترسی لەوە نەبێت کە جگە لە من کەسێکی تر بیخوێنێتەوە، بەڵکو وەک جۆرێک لە خۆ پاککردنەوە حەزی بەوەیە خەڵکی تریش بیخوێننەوە. دەیەوێت ڕووتوقووت بێت، بەلایەوە گرنگ نییە هەرچییەک بوترێت! ئای.. چ ژیانێکی سەرکێشانەی، هەم شیرین و هەم تفتوتاڵمان پێکەوە بەسەر برد؟ کە باوکم مرد ئێمە منداڵ بووین، نەخێر هەر ڕەجەب منداڵ بوو. ئەسعەد پیاوێکی زلە بوو، دوای مردنی باوکم یەک ساڵ زیاتر بە دیارمانەوە دانەنیشت و جیا بۆوە. ئەسعەد هەر لەهەمان شاردا مایەوە. ڕۆژێک کە شتەکانی بار دەکرد و دەڕۆیشت، بە دایکمی وت:

– تا لەم ماڵەدا بم ناتوانم ماڵ بۆ خۆم پێکەوەنێم و ژنیشم بۆ نایەت. هەرچییەک پەیدا دەکەم دەیخۆن، دەیدزن و هیچیشی لێ نامێنێتەوە!

دایکم ئەم بەسەرهاتەی دەگێڕایەوەو دەیوت: گەر هەر بەوە وازی بهێنایە هیچم نەدەوت و پەستیش نەدەبووم، بەڵام قسەیەکی شوومی کرد، ئەو قسەیەشم چاک لەبەر کردووە، تا مردنیش لەبیرم ناچێتەوە. ئەو بەرازە وتی: گەر پارەکەم برژانایەتە کونی زێرابیشەوە پڕ دەبوو!

دایکم کەوتە دروومان کردن، ئەو جلی دەدووری و ئێمەش دەنووستین، دوای ئەوەی لە ئەرکی گرانی ماڵ دەبۆوە، ئیشی وایدەکرد کە بە پیاو نەدەکرا. گەر دیواری دەرەوەی خانووەکە بڕووخایە خۆی هەڵیدەچنییەوە، داری دەشکاند و دەیبردنە ژوورەوە، هەندێک سەوزەشی دەڕواندو مریشکیشی بەخێو دەکرد. کە لەوانە دەبۆوە ئەمجا دەکەوتە جلەکانی ئێمە، بێکەڵکەکانیانی هەڵدەگێڕایەوەو نوێی دەکردنەوە، هەموو کونەکانیشی بە وردی پینە دەکرد و دەیچنینەوە. کاتێکیش لە

جلوبەرگ و خاوێنی و خواردنمان دڵنیا دەبوو، ئەمجا دەکەوتە دروومانی جلوبەرگی دراوسێکان. شەونخونی دەکێشا تا خێرا لە کۆڵیان بکاتەوەو دروومانی تری دەستکەوێت.. گلەیی نەدەکرد و بۆڵەوخوتەشی نەبوو. جنێوێک چییە لێمان نەبیست، تا ڕۆژێک بە شێوازێکی نەرم کە زۆر هەوڵی دەدا یەکسەر بیخاتە دڵمەوە، پێیوتم:

- ئەنیسە بەشی خۆت فێربوویت، چۆنە گەر لە دروومانیدا یارمەتیم بدەیت، تا خوازبێنیکەرێکی چاکت بۆدێت؟

من دەنگم لێوەنەهات، نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە. دەیتوانی هەر خۆی بڕیار بدات، پێویستی بە قسەی من نەبوو. لەسەر قسە خەمناکەکانی خۆی بەردەوام بوو، تا بەڕاڕایی نەمهێڵێتەوە، وتی:

- دەبێت من و تۆ هەردووکمان لە پێناو خوێندنی براکەتدا ئیش بکەین، خۆ ئەگەر یارمەتیدەرم نەبیت ئەوا هەمووومان تیادەچین.

بەگوێم کرد. قاییل بووم. بەڵام بێدەنگییەکەم و ئەوەش کە حەپەساوییەکەم جێیهێشتبوو، وایانلێکرد چەند قسەیکی تر بکات و بڵێت:

- گەر چاوم یاریدەی بدامایە داوام لێنەدەکردیت.

کە بەدەنگێکی لەرزۆکەوە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت، گریا.

- ئەنیسە ئیتر کوێر بووم، نازانم چۆن دەزووەکە بە دەرزییەکەوە بکەم.. گەر هەر خۆم بمێنمەوە ئەوا لە برسانیا دەمرین.

پانزە ساڵمان بەسەر برد. لەو ماوەیەدا لێکجودا نەبووینەوە. لە هەموو شتێکدا یارمەتیدەرم بوو. لەبری من هەموو ئەو کارانەی دەکرد کە لەتوانایدا بوونایە. هەرچەندە لەو پانزە ساڵەدا مشتومڕی زۆر دەکەوتە نێوانمانەوە، بەڵام لە چەند کاتژمێر زیاتریان نەدەخایاند. بیرم نایەت شەوێک خەوتبم بێئەوەی هەستم بە ڕەزامەندیی ئەو نەکرد بێت، کە هەموو ماڵەکەی گرتبێتەوە. لەو ماوەیەشدا ڕەجەب

تاکـە ڕابواردنمـان بـوو. لـە پێنـاو زوو گـەورەبوونیـدا تـا ببێتـە پیـاوی ماڵـەکـە دەتواینەوە. تەنانەت کە منداڵیش بوو ڕۆژانە دایکم بوونی پیـاوێکی لـەماڵـەکـەمانـدا پێڕادەگەیاندم کە لە هەموو پیاوێک گەورەتر بێت. کە کۆلارەی دروسـت دەکـرد بـە خۆشییەوە سەرنجمان دەدا. کـە زۆری لـە دایکـم دەکـرد بـۆ دروسـتکردنی تـۆپێکی پەڕۆ، بەدەنگییەوە دەچووین. دەیویست تۆپەکەی گەورەو توندوتۆڵ و خـڕی تـەواو بێت. جا تا وابێت، دایکم لە نێوان هەردوو دەستیدا بـە گـران دەیپێچایـەوە، منـیش زۆرهەوڵم دەدا لە دروونەکەیدا دەسـەڵاتـم بـەسـەر دەرزییـەکـەدا بـشکێت. کـە لـە دروونـەکـەشـی دەبووینـەوە بـە تـووڕەییـەوە تـووڕی دەدا: "سـەیریکـە .. خـڕی تەواونییە، درێژکۆلەیە، شلوشێواوە". دیسان دەماندرووییەوە تا قاییـل بێـت.. ڕۆژانـە چاومان لەسەری بوو. هـەرگیـز نـەمـان دەدیت گـەورە ببێـت، لـە زۆر ساتیـشدا بـە ڕەفتارەکانی پەسـت و تـووڕە دەبـووم. گـەر لـەگـەڵ دایکـم سـەبـارەت بـە ڕەجـەب بدواینایـە، کـە زۆرجـاریش دەدوایـن، وەک باسـی کـەسـێک بکـات کـە نـەیناسـم، پێیدەوتم:

- ئای گەر منداڵی ڕەجـەبت بیـر بووایـە، درێژییـەکـەی لێـرەوە بـۆ ئێـرەی دەسـتم زیـاتر نـەدەبـوو — ئامـاژەی بـۆ دەسـتی دەکـرد— لـەگـەڵ بچووکییەکەشیدا ماڵەکەی پڕ لە قـاووقیژ کردبـوو. زۆر نـەدەگریـا، بـەڵام کە بگریایە کەس باوەڕی نەدەکرد کە ئـەو دەنگـە لـەو گیانـدارە بچووکـە بەسزمانەوە دێت. بەڵێ هەر لە منداڵییەوە لاسار بوو!

دایکـم لـە ئـامێزی یـادەوەرییـەکانـدا پـشووی دەدا، ئـەمجـا کـە قـوڕگی پـاک دەکردەوە، بەشێوەیەکی نوێ درێژەی بە باسەکەی دەدا:

- ئێـستا کـەس هـەراسـان ناکـات.. هـاوار و قیژوهـوڕی زۆر نییـە، لـەگـەڵ جاراندا بـەراورد ناکرێـت، واش دەبێـت گـوێی نـەدەینێـت.. ئـەنیسە ئـەو

دڵسۆزە، نەتدی چۆن لەو پارەیەی کە فلس فلس کۆیکردبۆوە دوو پارچە قوماشی بۆ کڕین!

ڕۆژگار دەڕوات و پەیوەندیمان لەگەڵیدا بە ڕاڕەوێکی تاریکدا گوزەر دەکات، تا لە کۆتاییدا لەو ڕاڕەوە دەرچێت و بکەوێتە ڕووناکییەکی پرشنگداری بەتین. لە خوشک و برا، لە هاوڕێ زیاتربووین، هەموو شتێکی لا دەدرکاندم، تەنانەت ناکۆکییە کەمە یەک ڕۆژانییەکانیشی. کاتێکیش کەوتە خوێندنەوە، شێتانە دەستی دایە، هەر وەک بەڕێکەوت بەسەر خوێندنەوەدا کەوتبێت، هەر خۆشی، بێئەوەی کەس یارمەتی بدات دیبێتییەوە. بێوەستان هەر دەیخوێندەوە. قسەکانی دایکم، کە زۆریان لێدەکرد هەستێت نانبخوات، یان دوای خوێندنی کەڵەشێر و بە ئاگانەمانی کەس، واز لە خوێندنەوە بێنێت. بەڵام قسەکانی بە فیڕۆ دەچوون. ڕەجەب بەگوێی نەدەکرد، مەگەر لە شەونخونییەکەی بێزار بووایە یان کتێبەکەی تەواو بکردایە. هەر کە لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە دەبووەوە، ئەوانە کە دایکم ڕۆمانی دز و ڕێگرەکانی پێدەوتن، دوور تووڕی دەدان، هەر وەک لە شەرمەزارییەک یان شتێکی ناشیرین ڕزگاری بووبێت، بە دەنگێکی خەواڵوانەوە پێیدەوتم:

- ئەنیسە.. ئەم ڕۆمانە نایابە، دەبێت بیخوێنیتەوە!
- ئەی بۆ وا توورت دا؟
- چونکە ئەوەندە چاکە ئارام ناگرم بەدەستمەوە بمێنێتەوە.
- بۆچی؟
- چونکە دیسان دەکەومەوە خوێندنەوەی.
- بەڵام تۆ ئێستا لە خوێندنەوەی بوویتەوە.
- دەتوانم جارێکی تریش بیخوێنمەوە، گرەو دەکەیت؟
- گرەو ناکەم.. بەڵام لە خۆڕاییە کە مرۆڤ دوو جار ڕۆمانێک بخوێنێتەوە.
- ئەگەر ناتەوێت جارێکی تر بیخوێنمەوە، ئەوا تۆ بیخوێنەرەوە.

- بێگومان دەیخوێنمەوە.

یـەکـەم ڕۆژ ڕادەبـوورد یـەک دوو لاپـەڕەی لێـدەرچێـت هیچـی تـرم لـێ نەدەخوێندەوە. کە دەیپرسییەوە، دەموت: چەند لاپەڕەیەکی کەمم ماوە.. بەڵام کـە دەکەوتە پرسیارکردنم، شەرم دایدەگرتم، چونکە هیچ لەو شـتانە نـەدەگـەیشتم کـە ئەو باسی لێوە دەکردن. ئەمجا کە درۆکەمی لا ئاشـکرا دەبـوو، بـەدەنگێـک کـە لـە دەنگی پیاوێکی گەورە دەچوو، باوکانە دەیوت:

- حەز دەکەیت پێکەوە بیخوێنینەوە؟
- بۆ خۆمی جێبێڵە. بەیانی کە تۆ لە قوتابخانە دەبیت من دەیخوێنمەوە
- ئەی ئەگەر هاتمەوەو تەواوت نەکرد بوو؟
- چی بەچاکدەزانی بیکە؟
- نەخێر دەمەوێت بیگۆڕم!

ڕۆمانێک دەڕۆیشت یەکێکی تر دەهات. منیش لە شـتێکی کـەم بـەولاوە هیچـیم بۆ نـەدەخوێنرایـەوە، تـەنانـەت کـە تـەمبـەڵـی و مـەلوولانـە دەیبینـیم، پێـشنیاریی خوێندنەوەی چەند بەشێکی بەدەنگی بەرز خوێندنـەوەمـانی دەکـرد، مـن بـەشـێکیم دەخوێندەوە، ئەویش بـەشـێکی تـر.. بـەڵام هـەمـوو هـەوڵـەکـانی بێـسوود بـوون.. بەردەوام سەرنجی خوێندنەوەکەیـم دەدا بێئـەوەی هاوبـەشـیی تێـدا بکـەم، تـا ئـەو ڕۆژەی کەوتە شاردنەوەی کتێب لێم.. بەڕێکەوت بەوەمزانی.. لە کـاتی خوێندنـەوەدا بەرگی لە کتێبەکان دەگرت، تا ناونیشانەکانیـان نـەبینـم، پـەرۆشـی ئـەوەی کـە لـە دونیا نوێیەکـەی بگـەم، خـەریکبـوو دڵـم دەربێنێـت... ئیتـر لـەو کاتـەوە کـەوتینـە گەشتێکی سامناکەوە. ماوەیەکی زۆر ئەوەم لە دایکم شاردەوە، خۆم لـە باسـکردنی ڕەجەب دووردەخستەوە، چونکە هەر جۆرە باسێک سەبـارەت بـە ڕەجـەب بـۆ شـتـە ترسناکەکەی کێشدەکردم، کە واملێهاتبوو لێـی دەترسـام و دەشمپاراسـت، هـەرگیـز نەشمدەویست دایکم لێی نزیکبێتەوە. بەڵام ئەوەندەی نـەبـرد هـەوڵـدانی مـن و ئـەو

پەڕە کاغەزانەی ڕەجەب دەیخستنە ژێر ڕایەخەکەو بن مافوورەکە پێکدا تـەقینـەوە، دایکم کە حەپەسان ڕووی گرتبۆوە کاغەزەکانی دەرهێنا:

- ئەنیسە ئەم کاغەزانەم لە ژێر ڕایەخەکەدا بینییەوە.. ئەمانە چین؟
- دایە کاغەزی ڕەجەبن!
- بەڵام چییان تێدایە؟
- دایکە وانەکانی، شیعر.
- ئەی ئەم وێنەیە؟ ئەی ئەمە.. ئەمە چییە؟
- دایە شیعرە.

حەپەساوانە سەیری دەکردم، لە سەرنجەکانی هەڵدەهاتم، زۆریان نەدەخایانـد.. دایکم لەبارەی کاغەزێکەوە لە ڕەجەبـی پرسـی. مـن پێمـوت ئـەوە قـەسـیدەیـەکـە، بەتووڕەییەوە لەدەستی هەڵیچڕکاندو خێرا شاردییەوە. کە زۆری بۆ ڕەجەب هێنا تـا بزانێت، ڕەجەب پێیوت:

- ئەمانە ڕاهێنانی ماتماتیکن!
- بەڵام ئەنیسە دەڵێ شیعرن.
- بۆ ئەنیسە بینیونی؟
- من پێموت، من لێمپرسی! جگە لەو کێی تریش بینیونی؟
- کەس.

وایلێهات دایکیشم پێیزانی!

ڕۆژگاری ئەو ماوەیەمان پڕ مەترسی و چاوەڕوانـی بـوو. ڕەجـەب زۆربـەی کـات ماڵ نەدەکەوت. هەندێک شەو نەماندەزانـی لـەکوێ دەنوێـت، دایکیـشم تـا ڕەجـەب نەهاتایەتەوە نەدەخەوت. تا دایکم قاییـل بکـات ئـەوەنـدە پرسـیاری لێنـەکـات یـان تەنگی پێهەڵنـەچنێـت، بـەدەم پێکـەنینـەوە هـانی هاتنـە ژێـر بـاری دەدا. کاغـەزی دەدایەو بێت زۆر وتن، بەچاو یان بەشێوە دەستگوشینێکی خـۆی، داوای لێـدەکـرد

کە لە شوێنێکی چاکدا بیشارێتەوە. دوای ئـەوەی بـە شـاردنەوەی پـەڕەکاغـەزەکـان ڕایهێنا، ئەویش بێئەوەی هیچ بەرهەڵستییەک بکات، کەوتە هاندانی تا خاچەکـەشـی لەکۆڵنێت. داوای لێدەکرد کە هەندێک کاغەز بـۆ بـرادەرەکـانی بـەرێـت، یـان بچێـت ماڵی برادەرێک نیشانی یەکێک لەوانە بدات کـە دەهاتنـە ماڵمـان و پێـشتر چاومـان پێیان نەکەوتبوو.

من شـوومکرد. چوومـە مـاڵێکی نـوێ. دایکیـشم هـەر لـە خـانووەکـەی یـەکـەم جارماندا مایەوە. بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند. دوای ئەوەی وایلێهات ڕەجـەب زۆرجـار لە ماڵ دوور دەکەوتەوە یا سەفەری دەکرد، هیچ جارێک نەما لەوە زیـاتر کـە دایکـم بێنینە لای خۆمان و چاوەڕێی کۆتایی ئـەم ژیانـە پـڕ لـە دڵـەخورپـە و مـەترسـییە بکەین. ترسیی ئەوەمان هەبوو کە ڕەجەب شتێکی لێبێـت، مـن و دایکیـشم هـەوڵـی ئەوەمان دەدا، کە باسـی دواڕۆژ نەکەین، بیر لە بەسەرهاتی بەندەکان و کوژراوەکـان نەکەینەوە. حامیـدیش بێـدەنگبـوو خـۆی لـە شـت هـەڵنـەدەقورتـان و پرسیاریـشی نەدەکرد، شتەکە ئاوا دەستپێکرد.. ئاواش کۆتایی هات.

ئێـستا ڕەجـەب دوورە، پـەسـتی و بێزاریـی دایـدەگرێـت، چـاوەڕوانـیش ئـازاری دەدات. نازانم ئەو دوورییـەی تاکـەی دەخایێنێـت؟ گـەر هاتیـشەوە چۆن چـۆنی لـە نوێوە دەستپێدەکاتەوە؟! ئاواتەخوازم بتوانین لەم وڵاتە هـەڵبێـین بـەڵام بـۆ کـوێ؟ ئایا شوێنانی تر پەنابەرانێک لەخۆدەگرن کە بە دوای سەربەستی و پـارووە نانێکـدا دەگەڕێن؟ ئەی سەربەستی؟ ئەی نان.. ئایا لە شوێنانی تر هـەن بـە دەربـەدەرانـی دەدەن؟ ئەی گۆڕی دایکم؟ ئێمە لە ساتێکی ناهـەمـواردا لـە دایکبـووین. ئێستاشی لەسەربێت قسەکانی دایکمم لەبیرە، کە بە دڵێکی پڕ لە زووخاوەوە دەیوت:

- ئەم جیهانـە بـۆچی وا گـۆڕا! لـە ڕۆژگـاری ئێمـەدا خـەڵکـەکـە یـەکتریـان خۆشدەویست، بەدوای ئەشکەنجەو ناخۆشیدا نەدەگەڕان! ئێستا برا بـرای خـۆی ناناسـێت. هـەریـەکـە بۆخۆیـەتـی. نـەک هـەر ئـەمـەش، کوشـتن

بەندیخانە. پیاو دەبەن کەس نازانێت بۆ کوێی دەبەن و هەتاکو کەیش.. دونیا کۆتاییەتی و ناشبێت هەروا بمێنێتەوە.

دایکم کۆچیکردو دونیای جێهێشت تا لەجاران قولتر بێتەوەو شێت ببێت. ناشزانرێف هەتا کەی و بۆ کوێ! نەخێر یەک قسە لای حامید ناکەم. نامەوێت خۆ لە ئیشی هەڵقورتێنم و بەشتێک قاییلی بکەم. با چۆنی دەوێت وا بکات. ئەی ڕەجەب ئایا هیچ یارمەتییەکم دا؟ کوشتم؟ نازانم.

* * *

دوای چەند ڕۆژێکی کەم دیمەنەکە ڕوونبۆوە.

حامید کەوتە جنێودان و دەمارگرژێتی. لەو ڕۆژەوە کە هاتەوەو پێیانوتبوو "ئەگەر لە ئێستاوە تا مانگێکی تر ڕەجەب نەگەڕێتەوە تۆ لە جێی ئەو دەگرین.. تا ئەو ماوەیەش کۆتاییدێت دەبێت ڕۆژانە سێ جار سەردانی بنکەی پۆلیس بکەیت تا وازۆی ئامادەبوونەکەت بکەیت". کە ویستبووی پرسیار و بەرهەڵستی بکات، وتبوویان "نامانەوێت زۆر لەسەری بڕۆین.. ئەو ڕەجەبەی کە تۆ بوویتە کەفیلی، لەوەتەی ڕۆیشتووە هیچ نامەیەکی بۆ نەناردووین.. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کەوتۆتە پەیوەندیکردن بە خوێندکارانەوەو هانیان دەداتو جنێویش بە میریی دەدات.. ئەوەشی زۆر لەسەر دەکەوێت".. بەوەشەوە نەوەستان.

لەنێو خامۆشییەکی بێگیانەوە کە باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت، چەند تەقەیەک کراو ئەمجەدو سیانی تر پێکران و کوژران. وتیان: ویستویانە هەڵبێن. نووسیویانە "پاسەوانەکان ویستیان تاوانبارەکان بگرنەوە، بەڵام تاوانباران گەلێک ئامرازیی کوشندەو تیژیان بۆ لێدانی پاسەوانان بەکارهێنا، ئەوەش بووە هۆی برینداركردنی سیانیان، کە زامەکانیان زۆر کاریگەرن، بەدوای ئەوەدا هەردوولا کەوتنە تەقە لە یەکتر و چوار لە بەندکراوەکە کوژران و حەوت پۆلیسیش بریندار

بوون. بۆ زانینی ئەم کارەش تۆژینەوە دەستپێکردووە، لە کاتێکی تردا بە دوورو درێژی بڵاودەکرێتەوە!". دواتر باسی هیچی تر نەکرا، هیچیان نەما بیڵێن، چونکە، لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە دووشەممەوە دەستپێکردووە، لەوەش دەچێت بەمزووانە کۆتایی نەیەت، ژیان بە جارێک شێوا.

ئایا نامە بۆ ڕەجەب بنووسم؟ جا وا نووسیشم، بۆ دەهێڵن نامەیەکی بگاتێ کە هەواڵی گرنگی تێدابێت؟ ئەی چی بەمن و بە حامید دەڵێن؟ ئەی دەتوانم لەبارەی چییەوە بنووسم؟ سەبارەت بە ئەمجەد؟ لەبارەی خۆپیشاندانەکان؟ سەبارەت بە حامید کە کاتژمێرێک بەر لە ماڵ دەرچوونی تا پچێت بۆ بنکەی پۆلیس، دەکەوێتە جنێودان؟ ئێستا حامید کات و ساتێکی سەخت دەبڕێت. ئەگەر ڕەجەب لێرە بووایە لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا دەکرد، پێمدەوت کە چۆن شەوانە گوێم لە حامیدە جنێو بە میریی و ڕژێم دەدات، چۆن چۆنیش مست ڕادەوەشێنێت و هەڕەشە دەکات.

لەم ڕۆژانەدا ترسێکی زۆرم لێنیشتووە. هەست بە سووتاندنی جیهان دەکەم کە خەریکە کڵپە بسێنێت، سوپاس بۆ خوا کە ڕەجەب دوورە. گەر لێرە بووایە لە دەستم دەچوو، دەیانبرد. لەوانەش بوو ئەمجارە بیانکوشتایە. من ڕەجەب دەناسم، لەماڵەوە خۆی بۆ ناگیرێت، ناشتوانێ دەمی خۆی بگرێت، ئەوانیش پێویستیان بە بەڵگە نییە، بەڵگەی زۆریان بە دەستەوەیە.. تەنانەت لە ناخۆشی و نامۆییشدا دەستبەرداری نابن و چاودێریی دەکەن. دەڵێن جنێو دەدات، هانی خوێندکاران دەدات. درۆ دەکەن دەیانەوێت حامید بە بارمتە گلبدەنەوە، تا ڕەجەب کۆمەکیان بکات، یان بگەڕێتەوە! لە حامید دەگەڕێم با خۆی چیدەکات بیکات. هەست بە نەخۆشی دەکەم و بیروهۆش و هەڵسوکەوتم لەسەرخۆ نین، زۆرجار کە قسەیەک دەکەم لێی پەشیمان دەبمەوە! بێویستی خۆم فرمێسک بە چاوەکانمدا چۆڕاوگەیان بەستبوو کە بە حامیدم وت:

- برووسکەیەک بۆ ڕەجەب نانێریت، هەتا داوای گەڕانەوەی لێبکەیت؟
- بۆچی؟
- تا لەم ئازارە ڕزگارت ببێت کە ڕۆژانە پێتی دەچێژن!
- بۆ بە بیرتا دێت کە لەمەودوا وازم لێبێنن؟ پێرێ ئێوارە کە چوومە بنکەی پۆلیس یەکێکیانم بینی، دەفتەرەکەی کە واژۆم تێدا دەکرد ڕایکێشا، تا دڵنیابێت، پێیدا دەچووەوە. پێیوتم: "حامید گوێبگرە، ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە تۆ پێماندەگات، مەترسیان بۆت هەیە.. وا دەبیستین کە زمانت ناوەستێت شتی واو واش دەڵێیت.. نامانەوێت ئێستا لەوە بکۆڵینەوە، بەڵام ئاگاداربە". پێرێ وایانوت. لەوەش دەچێت لەمڕۆبەدواوە، ئیتر دەستم لێهەڵنەگرن! ئەگەر ڕەجەب بێتەوە یان نەیەتەوە دەستبەردارم نابن!
- بەڵام هەرچییەک دەکەن بە هۆی ڕەجەبەوەیە.
- ئەوەی دەیکەن بۆ بەرگریکردنە لە خۆیان. من زیاتر لە جاران شتەکانم لەلا ڕووندەبێتەوە!

کورتە نامەیەکم نووسی و بیرم لەوە دەکردەوە بۆ ڕەجەبی بنێرم. ویستم وشەی پڕمانای بۆ بنووسم، بەڵام هەر کە لە نووسینی بوومەوە، یەکەم جار دڕاندم، دووەم جاریش هەر دڕاندم. لەوەش دەچێت ئەم نامەیە نەخوێنێتەوە، خۆ گەر بیشیخوێنێتەوە هیچی لێ تێناگات.. پێموتبوو بەپەلە بگەڕێتەوە، هەر کە لە چارەسەری نەخۆشییەکەی بۆوە بگەڕێتەوە. هۆکاری ئەوەشم وا دانا کە من و منداڵەکان بیری دەکەین، ناوی حامیدم نەهێنابوو. وتیشم خزمەتی نەخۆشخانەی هەرچۆنێک بێت، ناگاتە خزمەتکردنەکەی خۆم.. بڵێی ڕەجەب هەست بەوەبکات کە دەمویست بیڵێم؟ ئەی بۆ هیچم لەبارەی ئەو نامەیەوە بە حامید نەوت؟ ئەی ئەوانی تر بەو ڕادەیە بە لایانەوە ئاسایی دەبێت کە لەدڵێ خۆیاندا بڵێن:

ئافرەتێکەو نامە بۆ برا نەخۆشەکەی دەنووسێت؟ سەبارەت بەوەی کە خۆی و منداڵەکانی بیری دەکەن، دەربارەی چاودێریی و .. خواردن.

لە ناخمدا هەست بە گۆڕانێکی وەها دەکەم کە تەنانەت کاتی سکپڕیشم هەستم پێنەکردبێت. چوار سکم کردووە، لە هەر چواریاندا کۆرپەلەکە لە سکمدا دەجووڵایەوە، گۆڕانی بەسەر هەستمدا دەهێنا، وایلێدەکرد شێواو و ترسناک بێت، بەڵام هەستم بە مردنی شتێک نەدەکرد تیامدا. ئەمجارەیان هەست بە مردنی شتێک دەکەم. کە ئازاری پشت و هێڵنجدانم دەچەشت، ژیانم بە گیاندارێکی نوێ دەبەخشی، توند بەرەو ڕووناکیم دەبرد، تا ببێتە قەوارەیەک و دوو چاو و بزەیەکی هەبێت.. ئێستا هەست بە بەرگەگرتنی هێڵنج و ئازار دەکەم و بەشێکیشم نامێنێت، بەشێکی بێچاو و بێبزە، چەند ساتێکم بەسەردا زاڵە کە پڕ مەترسییەو لە تۆقینیشەوە نزیکە، بۆیە دەزانم کە دونیا دەلەرێتەوە، کۆتایی دێت. ئایا ڕەجەب مرد؟ خەریکە تووشی کۆسپ و گرفتی نوێ ببێت؟! ئەی حامید، تاکەی ئاکامی کرداری کەسانی تر هەڵگرێت؟ پێنج ساڵەکە ڕێنیشاندەری بوو، بەبێدەنگی خۆی گرت، پێموابوو هەر کە ڕەجەب لە بەندیخانە بەربوو، دەست بەو ژیانە دەکەین کە زۆر چاوەڕوانی بووین. بەڵام ئێستا وایدەبینم تەنانەت مافی بە هیوایی و چاوەڕوانیشمان نییە. ئێمە وەک گیاندارێکی لە هەموو شت داماڵدراو کۆتاییمان دێت: لە سەربەستی و دواڕۆژ و هیوا.

ئەگەر نامەیەکی نوێ لە ڕەجەبەوە گەیشت، زۆر لە حامید دەکەم نامەی بۆ بنێرێت و داوای گەڕانەوەی لێبکات، بە تایبەتی گەر تەندروستی باش بووبێت!

* * *

ڕۆژان ڕابوورد. ڕۆژانێکی پەست و ناهەموار بەسەر یەکتردا کەڵەکە دەبوون. کەس نەیدەزانی چۆن و کەی کۆتاییان دێت! ڕەجەب لە مارسیلیاوە کارتێکی نارد،

کارتێکی پڕ تەمومژی وا، کە زیاتر لە ئاگادارکردن دەچوو، هیچی لە بارەی تەندروستی خۆیەوە باس نەکردبوو. وتبووی بۆ ماوەی هەفتەیەک سەفەر دەکات، دوای ئەوە ئەمجا نامە دەنووسێت.

ڕەجەب بۆ کوێ سەفەر دەکەیت و چیماوە تا بیکەیت؟ ئەی نابێت بەزەییت بە ئێمەدا بێتەوە؟ ئەی بیر لە بەسەربردنی ئەم ڕۆژە سەخت و ناهەموارانەمان ناکەیتەوە؟ دەبێت بزانیت کە من بۆ تۆ نانووسم، وشەیەک چییە پێتی نالێم، بەڵام خۆ دەبێت، دایکم ئاسا خۆت بێهیچ قسەیەکیش بیزانیت.

دایکم لەناکاو دەستی بە گریان دەکرد، ئەوجا دەیلاواندەوە، هەر وەک ڕەجەب مردبێت. دواتر کە لە گریان ماندوو دەبوو، دوو ڕکات نوێژی دەکردو لە خودا دەپاڕایەوە. گوێم لە پاڕانەوەکەی دەبوو لێشی تێدەگەیشتم. "خودایە جگە لەو کەسی تر شکنابەم، ئەهریمەن هەواڵی کوشتنی دا بەگوێم دا، تۆش خاوەنی هەموو شتێکیت، بە لوتفی خۆت بەزەییت پێدا بێتەوە، خودایە ئەو ئامانەتی خۆتە.".. ئەو بیرانەی کە لە مێشکی دایکمدا سەریان هەڵدەدا، ڕووەکی بەڕەزائاسا بەردەوام لە پەرەسەندندا بوون، بێئەوەی کەس پێیبلێت.. دایکم لە گێژاوی خەم و پەستیدا زۆر شتی بەدیدەکرد. "ئەنیسە خەونێکم بینی، ڕەجەب زاوا بوو. ئەنیسە گوێی چەپم زرنگایەوە، هەبێت و نەبێت ڕەجەب تووشی دەردی سەرییەک هاتووە، تۆش وا هەستناکەیت؟. دڵی دایک هەڵە ناکات، دڵم وا دەگەیەنێف کە ڕەجەب نەخۆشبێت".

ئەی ڕەجەب تۆ خەونێکت نەدی؟ گوێی چەپیشت هێشتا لەو زرنگانەوەیە زیاتر کە وەیشوومەیەک دەگەیەنێت هیچی تر دەبیستێت؟

حامیدیان گرت. چوار ڕۆژ گلیان دایەوە، بە تەوسەوە پێیانوت "سەرەتایە، بیری لێبکەرەوەو هەفتەیەکی تر وەرەوە." حامید چی لە توانادایە؟ ئەوان خۆیان لە ڕەجەب گەڕان تا بڕوات، بە سەفەرەکەی قاییل بوون، حامید واژۆکردنی پەڕە کاغەزێکی لێدەرچێت هیچی تری نەکردووە، وتیان ئەو پەڕەیە هیچ ناگەیەنێت، هەر

ڕۆتینەکەیە. پەڕە کاغەزەکەیان دەرهێنا، وتیان "ئەمە واژۆی تۆ نییە؟" بۆ نکولی لێبکات؟ واژۆی ئەوە. بە زەردەخەنەوە واژۆیکرد، بێترس. ئێستاش دەڵێن بنێرە بەدوای ڕەجەبدا بابێتەوە".. هەر ئەوەش نا، "خۆ ئەگەر پارەی بۆ بنێری ئەوا بە بڕی پارەکان ڕۆژگار لە بەندیخانەدا بەسەر دەبەیت.. گەڕانەوەیمان گەرەکە، ئەگەر پارەی بۆ نەچێت ئەوا لە گەڕانەوە بەولاوە چارێکی تری نامێنێت!"

ئەی من، چیم بەرامبەر کەللەڕەقی و بەرپەرچدانەوە نە ترسەکانی حامید پێدەکرێ؟ بە تووڕەییەوە دەڵێت:

- ئەوان خۆیان ڕێگەی سەفەریان دا.. ئەوانیش دەوڵەتن، با ئەگەر لە توناياندايە بيهێننەوە. لە سەرەتاوە پەیوەندیم بەوەوە نەبووە. پارەش، خۆ من پارەی خۆمی بۆ نانێرم، بەشێکم لە نرخی ئەو خانووە بۆ ناردووە کە باوکی بۆی جێهێشتووە!
- باشە حامید تاکەی وابین؟ ڕۆژانە بۆ بنکەی پۆلیس، هەموو ڕۆژ گلدانەوەو بەندکردن؟
- ئەنیسە گوێگرە کێشەکە بۆتە کێشەی من، بەلای منەوە مەسەلە کەرامەتە، وام پێشبینی نەدەکرد کە بەمراددیە هیچ وپووچ بن. کە کاغەزەکەم واژۆ دەکرد بزەیان دەهاتێ، دڵیان خۆشبوو، قسەی ئاساییان بۆ دەکردم.. ئێستا دەیانەوێت من بخەنە داوەکەوە. حامید لە بری ڕەجەب، خۆ ئەگەر ڕەجەبیش نەبووایە دوو هەزار کێشەیان دەدۆزییەوە!

حامید بە ئارەزووی خۆی نەبێت هیچی تر نانووسێت، بە ڕەجەب دەڵێت "لەبارەی پارەوە گوێمەدەرێ، چیت پێویستە بۆتی پەیدا دەکەم. ئاگاداری تەندروستی خۆت بە. هەر کە زانیشت گەڕانەوەت لەبارە یەک و دووی لێمەکە، مەبەستم لە ڕووی تەندرووستیتەوەیە. کاتێک کە ئەم ڕستەیەی دەخوێنێتەوە،

لێیــڕادەمێنێــت و چــاو دادەگرێــت و پێــدەکــەنێــت، دەیــەوێـف ڕەجــەب خێــرا لــە مەبەستەکەی بگات!

کـە هـەنـدێک پـارەی دەرهێنـا، بـە بـرادەرێکـدا دەینـارد تـا لـە دەرەوەی وڵات بیگۆڕێتەوەو بۆی بنێرێت، پێموت:

- حامید بەڵام ئەو پارەیە دەبڕێتەوە.. ڕۆژێـک دەبێـت تـەواو ببێـت، دواتـر چۆن پارەی تری بۆ پەیدا دەکەین!
- بەمزووانە پارەکە تەواو نابێت، خۆ ئەگـەر تـەواویـش بـوو، دەتـوانم بـۆی پەیدا بکەم!
- لە کوێ؟ چۆن؟
- بەشێک لە پارەی نرخی خانووەکەتانم لە دەرمانخانەیەکدا خستۆتە گـەڕ، لای برادەرێک، قازانجەکەی و هەندێک وردە قەرزی ترم بەسن!
- ئەی ئەگەر گرتیانیت؟
- بە برادەرەکەمم وتووە کە هەموو مانگێک بڕێکی بۆ بنێرێت، خۆم لێرەبـم یان نا. ناونیشانەکەیم داوەتێ.
- بەڵام دەبێف بگەڕێتەوە!

ڕۆژگارەکە وا بەسەر دەچوو، ڕەجەب نامـەی کـورت کـورتی دەنووسـی و درەنـگ درەنگیش دەیناردن، بێئەوەی هیچ لە بارەی گەڕانـەوەیـەوە بـاس بکـات. نووسـیبووی کە تەندروستی باش بووە، بەڵام پێویستی بە چارەسەری زیـاتر هـەیـە، بۆیـە ناچـارە ماوەیەک بمێنێتەوە. حامید لە قسەکانی گەیشت و هیچیشی لەبارەوە نەوت.

دونیا چـەنێـک بێتـەوەیـەک و بچووکبێتـەوە، هـەر درزێکـی تێدایـە ڕووناکی پێـدا گوزەر بکات و هەوای لێوەبێت. دوای دیسان تەقینەوەی خۆپیشاندانەکـانی دوو مانـگ لەمەوبەر، دەیان کوژراو و برینداری تێداچوو. پێـدەچێـت ئـەو بـارە هێمنییـەی دە ڕۆژ لەمەوبەر هاتە کایەوە، درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت.. لەگەڵ هـەمیـشە ڕەشـبینێتی

حامیـد و جنێودانـەکـانی دا، پێیـانوت: کـاتێکی تـر داوای سـەردانـت لێـدەکـەیـن، نامانەوێـف لـەمـڕۆوە بێیتـە بنکـەی پـۆلیس.. لـەگـەڵ ئـەوەی کـە زۆرم لێـدەکـرد تـا نامەیەک بۆ ڕەجەب بنێرێت و داوای گـەڕانـەوەی لێبکـات، کـەچـی ئـەو هـەر سـەری نەخێری ڕادەوەشاند، کە ئەو سەرنجە شەرمنە بەتامانە سەرچاوی دەکەوتن، دەیوت:

- ئەم ماوەیە زۆر ناخایەنێت.. هەرچی دەناسم دەڵێت زۆر نابـات. لـەگـەڵ بەیاننامەو قسە زلەکاندا، لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەتێکی نـوێ پێکهـاتووە، هەموو شتەکان دەچنـەوە دۆخـی جارانیـان، لـەوانـەیـە خراپتـریش بـن.. زۆریشی پێناچێت!

نـازانم حامیـد چـۆن بیـردەکاتـەوە، بـۆچی بـەم سـەرنجـە ڕەشبینانە سـەیـری شتەکان دەکات. پێدەچێت پیاو حەزی بە ڕۆژانی بـەختیـاری نـەبێـت، حـەزیـش لـە حـەوانـەوەو پـشوودان نـەکـەن، زۆر بـەدوای ئـەشـکەنجـەو ماندوێتیـدا وێڵـن. ئـەو حامیدەی کە بە درێژایی پێنج دانە ساڵی ڕەبـەق هـەر بـەبێـدەنگی مایـەوە، ئێـستا دەبێتە پیاوێکی وا کە خەریکم نەیناسمەوە، خەریکە وشەی نابەجێـی جنێوئاسا لـە قسە ئاساییەکانیدا بەکاردێنێت. ئێستا لەبارەی سیاسەتەوە نەبێت لەگەڵ خـەڵکیـدا نادوێت، بەوەشەوە نەوەستاوە. ڕەجەب کە سەفەری کرد، ئـەو گیانـەی لـە سـاڵانی بەندییەکەیدا گـەمارۆیـان دابـوو، لای حامیـد بـەجێیهێشت. بـاوەڕ ناکـەم پێکـەوە قسەیـان کردبێـت، یـان لـەسـەر شـتێک ڕێککـەوتـبن، چونکـە ئـەو جـۆرە پیاوانـە، بەنهێنی و شێواوانە لە یەکدی دەگەن.. ئەگینا چۆن شـتەکـان دەزانـرێن.. چـۆنیش لێکدەدرێنەوە؟

بەو بێئارامییەشەوە کە ساتێک چییە لێمناگـەڕێت و هانـدەری بیـر لـە ڕەجـەب کردنـەوەمـە، وەک چـۆن دایکـم بیـری لێـدەکـردەوە. ئـەوەتـا مـن بـەشـێکی زۆری کاتەکەی خۆمم بۆ خزمەتکردنی منداڵەکان تەرخانکردووە، چاودێریی حامید و ژیانە نوێیـەکـەی دەکـەم، سـوورم لـەسـەردانـی هـەفتانـەی گـۆڕی دایکـم و چـاوەڕوانـی

ڕەجەبیش دەکەم، تا ئەو وشانە بنێرێت کە دەیەوێن. بەڵام دوای ئەو نامەیەی کە ڕۆژگارێکی زۆر نەیهێشت خەو لە چاوم بکەوێت، نەهاتەوە بەلای ئەو باسەدا. هەر ئەو نامەیەش وایلێکردم کە زۆر بۆ حامید بەرم تا کارێکی وایکرد، لە ماوەی سێ ڕۆژدا گۆڕەکە هەڵبەستێت!

ئێوارەیەکیان، کاتژمێرێک دوای خۆرئاوا، کە باران دەباری یادگاری نێژراوی ناو قووڵایی دڵی لە دەروونددا دەخرۆشاند، لە دەرگا درا، لێدانێکی لەسەرخۆ. ناشزانم بۆچی تارمایی ڕەجەبم بەدیکرد، بە پرسیارەوە لە دەموچاوی یەکتر ورد دەبووینەوە، ئەو ترسەیان پێوە دیار نەبوو کە پێیڕاهاتبووین، ئەو ترسەی کە بە بیستنی لێدانی دەرگای کاتی خۆرئاوا دایدەگرتین.. حامید هەستا بیکاتەوەو منداڵەکانیش پشیلەئاسا بە دویدا ڕایاندەکرد، منیش لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر هەنگاوێکیان لە دەرگاکەوە هەستم بە زیادبوونی لێدانی دڵم دەکرد. تا کە کرایەوە دەموچاوێکی نەناسم لە ڕووناکییەکەدا بەدیکرد، ترسام و لە دڵی خۆمدا وتم: دیسان هاتنەوە.. دیم حامید داوای هاتنە ژوورەوەی لێدەکات. کەڵەگەت بوو، پاڵتۆ درێژەکەی زیاتر چەماندبوویەوە. کە هەنگاوی بڵاو بڵاوی دەناو ئاوڕپیدەدایەوە هەر لە بووکەشووشە دەچوو. پەرۆشی زانینی تاکە شتێکیم بوو، بە تایبەتی وشە کەمەکانی حامید گرنگی و بایەخیان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو لە ساردییەوە نزیکبوون. ئەوەندەی نەبرد حامید هات. سووکە بزەیەکم بەسەر دەموچاوییەوە بەدیکرد. نەیهێشت پرسیاری لێبکەم، نامەیەکی پێچراوەی بەرزکردەوە، بە بەرزییەوە ڕایدەوەشاند. ئەمجا وتی:

– نامەیە.. دەزانی لەکوێوە هاتووە؟

بێوەڵامدانەوە فڕاندم، نەمفڕاند، بەڵکو لێم نزیکبۆوە تا ڕێگەی بە پەلە قۆزتنەوەیم بدت. بەدەستێکی لەرزۆکەوە ویستم دەفرەکەی هەڵپچڕم بەڵام دڕا.

پەرۆشیش هێشتا داوە تیشکێکی ئاگرئاسا هانی دەدام کە شتێک بزانم. حامید کە وەرچەرخا تا بەرەودوا بگەڕێتەوە، وتی:

- دەمەوێت بیخوێنمەوە.. لەسەرخۆ هەڵیپچڕە.

نامەی ڕەجەبە. بەڵام ئەمجارەیان بۆچی بە پۆستدا نەینـاردووە؟ ئایا هـەواڵـی ناخۆشی تێدایەو ئەم نێردراوەش بۆ گەیاندنی ئەو هەواڵە هاتووە؟ ئـەی چۆنـە گـەر نەخۆشبێت و ناردبێتی بەدواماندا بچین، تا بەر لە مردنی بیهێنینەوە؟ ڕەجـەب گـەر ناچار نەبووایە بەمجۆرە نامەی نەدەنـارد.. بـۆچی بـە پرسـیارو بیرکردنـەوە ئـازاری خۆم بدەم؟ با نامەکە بخوێنمەوە.

لەیلا بەدەورمدا هەڵبەزودابەزی بوو، بە پەرۆشەوە لە نامەکەی دەپرسـی، بـەڵام گوێم لە دەنگ و پێکەنینی کوڕەکان بوو، کە لای ئەو ژوورەوە دەهات کـە حامیـد و میوانەکەی لێبوو. بەپەلە چاوم بەسەر وشەکانیدا دەگێڕا، ئاگـام لـە هـیچ نـەمـابوو، دەمویست تێبگەم و شتێک لەبارەی ڕەجەبەوە بزانم.

"ئازیزە بەنرخەکەم ئەنیسە..

لە چەند ساڵێکەوە، بۆ یەکـەمـین جـار دەمـەوێـت ئازادانـە بنووسـم. بیـر لـەوە ناکەمەوە کە بە سەربەستییەکی تـەواوەوە بنووسـم، چونکـە ئـەوە مـەحاڵـە، بـەڵام ئازادییەکی زیاتر لە جاران.

نازانم چۆن ئەوپەڕی سوود لـەم سـەربـەستییە ڕێپێـدراوە ببیـنم. دەمـەوێـت و دەشترسم. چەند لێکدانەوەو بۆچوونێکی دیاریکراو لـە مێـشکمدا نییـە کـە بمـەوێـت بیانڵێم. ئەو بیرانەی مەبستمن ترسی وتنیانم هەیە.

بەر لە هەموو شتێک تەندروستیم خراپ نییە، زۆر لە جاران باشترە. بـەڵام ئـەو سیستمە ناهەموارەی بۆم دانراوە، واملێدەکات هەست بە فشەڵـی خـۆم بکـەم. یـان ڕاستتر بڵێم مرۆڤێکی کاتیم. گەر یـەک ڕۆژ سیـستمی چـارەسـەرییـەکـەم تێکبچێـت ئەوا تووشی نشوستییەک دێم کە ڕەنگە ماوەیەکی زۆر بمێنێتـەوە. بۆیـە ئێـستا بـە

توندی پەیڕەوی سیستمێکی گران دەکەم. هەستدەکەم توانای بەرگەگرتنیم نـەبێـت، بەڵام هەر هەوڵی لەگەڵدا دەدەم.

ئێستا هەر ئەوەنـدە بـەسـە کـە بیـزانن. بـەڵام ئـەوەی بـەلامـەوە گرنگـە و زۆر بیروهۆشمی داگیرکردووە شتی ترە، کە ڕەنگە بەخەیاڵی کـەسـدا نـەیـەت. ئـەنیسە ئێستا دوو شت بوونەتـە خولیـام، یـەکـەمیـان نووسـینەو دووەمیـشیان چوونمـە بـۆ جنێڤ. سەرسام مەبەو ئەو قسانەش مەکە کە پێشتر زۆر دەتوتنـەوە. ناشـمەوێـت بەرگریی لەخۆم بکەم. نووسین بۆ کێ و کەی؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی نـازانم. بیر لە نووسینی شیعر و ڕۆمان دەکەمەوە، زۆر شتیشم لە مێشکدایە، بـەڵام ئـەوەی ئارەزووی دەکەم تەواو شتێکی نوێیە. بیرم لـە ڕێگـەیـەک کـردەوە بـەڵام نـەمتـوانی بیگەمێ، هێشتا هەر لە بیرکردنەوە دام. پێموایە کە شیعر تەنیا دەبێت یـەک کـەس بینووسێت. چونکە لێشاوێک هەستی دەروونییە، لە چەند سـاتێکی هـەڵاتـوودا، خـۆ گەر مرۆڤ توانای دەستبەسەردا گرتنی ئەو ساتانەی نەبوو ئـەوا لـە دەسـتدەچـن و کۆتاییان دێت.. بەم ئەنجامە گەیشتووم. ئەو شتەی کە تا ئێستا نەیگەیشتوومەتـێ چۆنێتی ڕۆمانە. دەمەوێت نوێبێت، لە هەموو ڕوویەکەوە نوێبێت؛ لە کـەسـێک زیـاتر بینووسێت، لـە ئاسـتێک زیاتریـشی تێـدابێت، لـەبـارەی شـتی گرنگیـشەوە بـدوێت. باشتریشە کە سەرودڵگربێت.. دواشتیش ڕۆمانەکە کاتێکی دیاریکراوی نەبێت.

بیرو لێکدانەوەکانم بۆ ناخرێتە سەر کاغەز، گەر ئێـستا پێکـەوە بدواینایـە ئـەوا بە ئاسانتر لەوە تێدەگەیشتن کـە دەمـەوێـت بیڵـێم.. ئـەنیـسە گـوێگرە: دەمـەوێـت پێکـەوە ڕۆمانێـک بنووسـین، ئێمـە کێـین؟ هـەر مـن و تـۆ نـا، بـەڵکـو دەمـەوێـت وردیلەکانیش بنووسن. ئەگەر عادل چەند شـتێکی بنووسـیبایە، ئێمـەش ڕێـک وەک خۆی، ئاساییانەو ڕاستگۆییانە بمانهێـشتایەتـەوە، ئـەگـەر حامیـد بینووسـیبایە، تـۆ بتنووسیبایە، ئەمجا دوای ئەوە منیش دەمنووسی. گەر ئەوەمان لە چوارچێوەیەکـی وادا بکردایـە، ئـەوا ئـەوەی پێکـەوە دەماننووسـی، شـتێکی نـوێ و جـوان دەبێـت.

دەڵێی چی؟ تا نەشکەوینە گێژاوێکی واشەوە کە لەوانەیە توانای لێدەربازبوونیمان نەبێت، ئەوا دەبێت کێشەیەک دیاری بکەین و لە بارەیەوە بنووسین. بۆ نموونە ئەشکەنجەدان، کێشەکە چۆن دەبینیت؟ مرۆڤ لە دەرەوە چۆن پێشبینی دەکات؟ نەک هە مرۆڤێک، مرۆڤێک کە بە شێوەیەک پەیوەندی هەبێت و لە ئاستێکی باشیشدا بێت. بێگومان دەبێت کێشەکە گەلێک پەلی جوێ جوێی لێ ببێتەوە؛ یادگارەکان، هەست ونەستەکان، پەیوەندیی شتی تریش. گومانی تێدا نییە کە دەبێت لە گۆشەی جۆربەجۆرەوە سەرنج بدەین. ئەو گۆشە جیاوازانە پێویستن تا شتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بەدیبکەین، خۆ گەر کێشەکە بە کاتی جۆراوجۆریشەوە ببەسترایەتەوە، ئەوا شتێکی نوێی لێدەردەچوو. بۆ نموونە عادل پێشبینی چۆن دەکات و چۆن چۆنیش ڕەفتار دەکات، چ لقوپۆپێکی لێدەبێتەوە؟ بەوجۆرەش حامید و تۆ و من. گەر لە ئامادەکردنی کێشەیەکی دیاریکراودا سەرکەوتووبین، ئەوا لەوانەیە لەم گۆشەیەوە کێشەکە سەرکەوتووبێت. دڵنیانیم بەڵام وای بۆ دەچم. یان ڕاستتر وایە کە بڵێم ئەوە ئەوپەڕی ئاواتمە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕەخنەیەکیش، دەبێت ڕێگەی ئاسایی بگرین و ددانیشی پێدا بنێین. ددانـنان بە وشە ئاساییە بچووکەکاندا. دەبێت هەر یەکە و هەموو شتێک بڵێت، بێگوێدانە ڕێزمان و ئەو پەلوپۆیانەی، لە بوونی توانا، یان شارەزاییەکی پێشتر، لێی دەبنەوە. بەم ڕێگەیە دەگەینە شێوەیەکی نوێ!.. ئەمە سەرەتای بیرەکەیەو داواتلێدەکەم بەبێ سێ و دوو بڕیاری لەسەر بدەیت. لەگەڵ ئەم نامەیەی تۆدا نامەیەکیشم بۆ عادل نووسیوە، چونکە ئەو ئێستا لە تەمەنێکدایە دەتوانێت شتێک بڵێت. بۆ یارمەتی دانیشی لە سنوورێکی زۆر کەمدا نەبێت تووخنی مەکەوە. نامەیەکی تریش بۆ حامید. ئەگەر دایکم بمایە دەیتوانی شتێکی گرنگ بڵێت، دواتریش بابەتەکە سەیرو نایاب دەردەچوو!

دووەم شتێک کە ئێستا خەریکی کردووم، لەپاڵ ڕۆمانەکەدا، یان شێوازی نوێ لە نووسیندا، چوونی جنێڤمەو پێشکەشکردنی یادداشتێک، یان تابلۆیەکە، سەبارەت ئەو ئازاردانە نامرۆڤانەیەی بەندکراوانی سیاسی لە نیشتماندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. دەزانم ئەوە ترسناکەو ئەنجامەکانیشی مسۆگەرنین، بەڵام پێویستە لە پێناو ئەو خەڵکەی ئەشکەنجە دەدرێن و دەمرن، شتێک بکرێت.. سەرسام مەبە کە پێتبڵێم، گرنگترین هاندەریی ڕووخاندنم، بۆ کۆتایی هاتنم، وەک بەلای هەموو کەسێکەوە وایە، بەتایبەتی بەلای خۆمەوە، چوونە دەرەری وڵاتم بوو، بە تایبەتی بۆ جنێڤ و کردنی چەند قسەیەک بوو بۆ خەڵکی. چەند قسەیەکی وا کە مەبەست لە وتنیان بزواندنی هەست و سۆز نەبێت، بەڵکو تا کارێکی بێسنوور بکەن.. وشە چەک نییە؛ ویژدانی خەڵک، هۆشیان، ئەرکیان چەکی ڕاستەقینەن.

دڵنیانیم لەوەی کە دەبێت بیکەم. مەسەلەکە زۆر لێکدەدەمەوە، بەر لەوەی هیچ شتێک بکەم. بەڵام پێموایە ئێستا بێدەنگی تاوانێکی گەورەیە، تاوانێکە خەڵکە دەربەدەرەکەی سەرکەناری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نرخەکەی دەدەن. بەلای منەوە هەمووان نرخەکەی دەدەن، بەڵام بەندە سیاسییەکان بەشە زۆرەکەیان بەر دەکەوێت.

ئەنیسە چیتر؟

بیر لە ژمارە نایەت، هەست و نەستی ناو دڵم بەرپاکەری ئازارو ناخۆشین. هەر چاوەڕوانییەک، هەر بێدەنگییەک بە هەر شێوەیەک بێت، هاوکاریکردنی پیاوکوژانە، شەپازلەیەو لە هەمووان دەدرێت، بە تایبەتی بەندەکان!

دوا قسە.. دەمویست لەسەر گۆڕی دایکم چەند وشەیەک بنووسرێت کە مەبەستێکی دیاریکراویان هەبێت. زۆرم بیر لەوە کردەوە، جا چونکە ئێستا نووسینی ئەو جۆرە وشانە مەحاڵە، ئەوا وشەیەک یان دووان، مەبەستێکی دیاریکراو دەبەخشن.. تۆ چۆنی دەبینیت؟ ئایا دەتوانرێت وشەیەکی ئەمەکداری لەسەر گۆڕەکەی بنووسرێت، بێئەوەی هۆکارێکی ماندوویێتی و سەرئێشان بێت؟ من وای بۆ

دەچم گەر سەربەستی لە وڵاتەکەماندا هەبووایە، کەمترین ڕادەی سەربەستی، ئەوا وشەی ترم لەسەر گۆڕەکە دەنووسی.. "کۆڵنەدانی ژنێک لە ڕووی زۆرداراندا" یان "خۆڕاگری پیرەژنێک لە ڕووی پیاوکوژاندا" یان "ئەو ئافرەتەی کە لێرە ڕاکشاوە بەبێچەک بەرهەڵستی پیاوکوژانی کرد، کین و تووڕەییش تەنیا چەکی بوو!".

ئەمەبوو کە ویستم پێتی بڵێم. هەڵگری نامەکە دوای دوو هەفتە دێتەوە بۆ ئێرە، تکام وایە کاغەزەکانم بۆ بنێریت، ئەو شتانەش کە عادل و حامید نووسیویانە، ئەوەی کە خۆت دەینووسیت، دوای خوێندنەوەیان، ڕەنگە بیر لە نووسینی شتێک بکەمەوە، کە ڕەنگە سوودبەخش بێت.

گەرمترین سڵاوم بۆ هەمووانە".

ویستم دوو نامەکەی تر بخوێنمەوە، بەڵام ئەو وشانەی ڕەجەب بۆ عادلی نووسیبوون، وایانلێکردم واز لەوە بێنم و هەستیش بە شەرمەزاری بکەم. بە عادلی وتبوو: "تکام وایە ئەم نامەیە هەر خۆت بیخوێنیتەوە، کەسی تر نەیبینێت، بە تایبەتیی دایکت".

ئەو وشانەی کە خوێندمنەوە هی کێن؟ ڕەجەب؟ چۆن ڕەجەبێک؟ بەر لە دە ساڵ ماوەیەکی زۆر خۆی لە ژوورەکەی ناوەوە بەند دەکرد، دەینووسی. چی نووسی؟ بۆ کێی نووسی؟ جگە لە ئاگر هیچ کەسێکی تر نایزانێت. ماوەیەکی زۆر، نوقمی دونیای دوکەڵ و پەڕە کاغەز دەبوو، تا کە لێدەبۆوە بە دەنگێکی بەرز بە من و دایکمی دەوت:

- ئێستا بەشێوەی ئاگرپەرستان ئاهەنگ دەگێڕم.. بەنرخترین شتی خۆمم لەم کاغەزانەدا نووسی، ئێستاش دەمەوێت بیانکەم بە قوربانی ئاگر!

ئاوتەخوازبووم شتێکم لەوانەی کە نووسیبوونی بخوێندایەتەوە، هەوڵم دا، بەڵام نەمتوانی. سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەرخواردی ئاگریان بدات، بە دیارییەوە دەمایەوەو بە تاسەوە تێیدەڕوانین. زۆرجار پێمدەوت:

- ڕەجەب تۆ شێتی.. ئەگینا بۆچی چەند ڕۆژێک لە ژوورەوە دەخزێیت، ئەمجا هەموو ڕیسەکەت دەسووتێنیت؟

بەچاوێک تێمی دەڕوانی کە هیچیان نەدەبینی، هەروەک بیر لەوانە بکاتەوە کە نووسیبوونی، یان بەوەی کە دەیاننووسێت، هیچ ئازارێکی پێوە دیار نەبوو کە دەیسووتاندن، بەڵام جارێکیان دایکم تووڕە بوو وتی:

- بۆچی بەر لە نووسینەوەیان نایانسووتێنێت؟ پێش ئەوەی شەو بەدیارییەوە ڕۆژ بکەیتەوە، یان کە بۆ نانخواردن و نووستن بانگت دەکەم، بە قسەی ڕەق بەرپەرچم دەدەیتەوە.

وەڵامی نەدەدایەوە. بزەی دەهاتێ و کاغەزەکانی دەسووتاند. چەند ساڵێک هەر وامایەوە، هەر هەفتەو ئاهەنگێک، دایکیشم دڵتەنگانە لە خۆڵەمێشەکەی دەڕوانی، بەدەنگێک، سەرسامی و ناخۆشی لە لەرەکەیدا بوو، پێیوتم:

- هەر پەڕەکان ناسووتێنێت، دەماری ئێمەو خۆشی دەسووتێنێت. کەی و چۆن؟ ئەنیسە بۆ قسەیەکی لەگەڵدا ناکەیت، بەڵکو دەستهەڵگرێت!

ئێستا دەیەوێت بنووسین. ئێمە کێین و چیمان پێدەوترێت؟ گەر نامەکەم نووسی ئەوا بەر لە ناردنی زۆر دوودڵ دەبم. ئێستا داوای پێکەوە نووسینی ڕۆمانم لێدەکات.. لە بارەی چیشەوە؟ سەبارەت بە وشەیەک کە دووجار بە گوێم دا بدەن لە هۆش خۆم دەچم. هەر نووسینی خۆشمی ناوێت، داوا لە عادلیش دەکات بنووسێت؟ نامەوێت بیر لە شتی خراپ بکەمەوە، بەڵام هەستدەکەم ئازار دەچێژێت. بەدوای شتێکی وندا دەگەڕێت. ڕەنگە نەشزانێت بۆچی دەگەڕێت، ئەمەش ستەمترین شتە کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، لە هەموو شتێکیش زیاتر ئازاری دەدات!

حامید چی لە بارەوە دەڵێت؟ ئەی عادل؟.. ئاخ گەر ئێستا دایکم بمایە، دەیقیژان بەسەری دا، بە شێوازە توندوتیژەکەی خۆی پێیدەوت، تا جارێکی تر بیر لەم جۆرە شتە نەگبەتیانە نەکاتەوە! ئەی سەفەرەکەی جنێڤی؟ ڕەجەب لەم

ڕۆژانەدا ژیرانە ڕەفتار ناکات. دەترسم لەوێش کەسێکی وای لێنەبێت ڕێگەی ئەو کارەی لێبگرێت یان هەر هیچ نەبێت وریای بکاتەوە. دەمانەوێت بگەڕێتەوە، بە پەلە بێتەوە، دیسان دەست بە ژیانی نوێی بکاتەوە. گەر چووشە جنێڤ و نازانم کام شاری سەیر تر، ئەوا گرفتی نوێ بۆ خۆی و بۆ ئێمەش دەنێتەوە. جا وا چووش بۆ ئەوێ، چی دەستگیر دەبێت؟ کێ گوێی لێدەگرێت؟

گۆڕی دایکم لە جێی خۆیەتی. وشە پێشنیارکراوەکەیی لەسەر دەنووسم، کەس بۆی نییە پەڵپی لێبگرێت. خۆ گەر کەس لەم وشەیە بەئاگا نەهات، ئەو وشەیەی پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، لەوەندە زیاتر تێناگات کە وشەیەکە وەچەیەک ویستویانە پاداشتی دایکیانی پێبدەنەوە، ئەم وشەی: "ئەمەکداری"یەیان نووسیوە! بەیانی نامەیەکی بۆ دەنووسم، تێیدا پێیدەڵێم کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی و دەبێت بگەڕێتەوە، ڕاستەوخۆ پێیدەڵێم کە واز لە بیری سەفەرەکەی بۆ هەر جێگایەکە، هەڵگرێت و یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ ئێرە!

دوای ئەوەی زۆرجار نامەکەی ڕەجەبم خوێندەوە، چەند لاپەڕەیەکی زۆرم بۆ نووسی. بەڵام نازانم دەیخوێنێتەوە یان نا.. ناشزانم نامەکەی بۆ دەنێرم یان نا، لە پەڕەیەکی بچووکدا، کە وەک نامەیەک بۆم نووسیبوو، پێموت؛ عەبدول غەفوور لە یەکەم هەفتەی گەیشتنیدا هاتە لامان، نامەکانی داینێ و باسمانکردیت. دوای چەند ڕۆژێکیش دیسان هاتەوە، کە قاوەمان دەخواردەوە وتی:

– ڕەجەب پێیڕاگەیاندم کە بە بیرتان بێنمەوە.. پێیوتووم گەر گورزەیەک کاغەز لەگەڵ خۆتدا نەهێنیتەوە نەیەیتەوە. گورزەیەکی گەورە. نازانم مەبەستی چییە، بەڵام ڕایسپاردم کە هەموو سێ ڕۆژ جارێک لێتانی دووپات بکەمەوە، بەر لەوەی کات لەدەست بچێت..

ڕەجەب من ماوەیەکی زۆر خۆم لە ژوورەوە خزاند و نووسیم، پڕ کێشیم نەکرد، کە تاکە وشەیەک چییە لەو بارەیەوە لەگەڵ حامید دا بدوێم، دەمبینی

دەنووسێت و کە دەیزانی لێی نزیکدەبمەوە، پەڕە کاغەزەکانی دەشاردەوەو بە تکاوە بزەیەکی بۆ دەکردم، تا تێمبگەیەنێت کە لێیگەڕێم. بەڵام عادل، پەڕە کاغەزێکی زۆری نووسی، هەر کە چەند پەڕەیەک دەنووسێت ئەمجا دەیانسووتێنێت، ڕێک خۆت ئاسا. ویستی شتێکم پێبڵێت، بەڵام لە ساتێکی دیاریکراودا، هەستمکرد شەرم ڕێگەی نادات.

ڕەجەب ئێستا تۆ دووریت، گەر لێرە بوویتایە ساتێک چییە بیرت لەو شتانە نەدەکردەوە کە ئێستا بیریان لێدەکەیتەوە. دەمەوێت بە بیرتی بێنمەوە کە؛ هەر وشەیەک، هەر ڕەفتارێک، ڕاستەوخۆیانە کارمان تێدەکات. جا لەبەر ئەوە وای بۆ دەچم کە دەست بە خووەکەی جارانت بکەیتەوە، جارێکی تریش پەڕە کاغەزەکانت بسووتێنیت، وەک دوا قوربانییەکی ئاگرپەرستانە. جانتاکانیشت بپێچیتەوەو سەفەر بکەیت، بۆ جنێڤ نا، بەڵکو جارێکی تر بۆ نیشتمان.. ئەوەی لەبارەی ڕووخاندنەکەتەوە پێشبینی دەکەیت، دەتەوێت بۆ خۆ پاککردنەوەیەک بیبەخشیت، چاکترین شت هاتنەوەتە.. ئەمجارەیان خۆم لە هیچ هەڵناقورتێنم، یەک وشەت پێناڵێم. هەست بە پەشیمانییەکی ڕاستەقینانە دەکەم کە لەو ماوەیەی دواییدا، لە بەندیخانە ژیانتم ناخۆشکرد.

حەزم بە ڕەشبینی نییە، ژیانیش وەک چۆن حامید بۆی دەڕوانێت، من وا سەیری ناکەم. وەک جاران نەماوم. ڕاستە گۆڕانەکەم هێشتا ئەوە نییە، ڕەنگە مرۆڤ هەروا بە ئاسانی هەستیپێنەکات. بەڵکو دەبێت هەموو کەسێک بژی، نەک هەر دەبێت، بەڵکو پێویستیشە. هەر وەک چۆن لە سەرجەم نامەکانمدا دەموت، ئێمە زۆر بە تاسەوەین کە لە ناومندا بتبینین.. دوا مەکەوە، وەرەوە، بەپەلە وەرەوە!

( ٥ )

ڕۆژانی ئەشیلۆس دوورکەوتنـەوەو تارمـایی خـەڵکـەکـەی سـەریشی ڕەوییـەوە. ئافرەتە منداڵکارەکە بەو دوو لاوە گەیشت کە بۆ بـەریتانیـا دەچـوون، بـە درێژایـی کاتەکە لەگەڵیاندا مایەوە. ئەو پیرەژنەش کە لە میلانۆ لەگەڵ کەشتیوانێکدا بەشـەڕ هاتبوو، بە جانتا دەستییەکەشی کەوتبووە وێزەی، ڕووی لە هـەر شـوێنێک بکردایـە خەڵکەکـە چاویـان تێـدەبڕی، چرچـاوی بـەیـەکدا دابـوو، تـووڕەو یـەکبینـەش لـە جنێودان نەدەکەوت. پێشی لەسەر وەستانی پـێش ڕیـزەکـەوە دادەگـرت تـا یـەکـەم کەس لە خاکی فەڕەنسا دابەزێت. مەکسیکییەکەش گیتارەکەی کردبووە ملـی و دوو جانتاکـەشـی، هـەر یـەکـەو بـە دەسـتێکی هـەڵیگرتبـوو. بـەدەم گۆرانییـەوە لـە پێپلیکانەی پاپۆڕەکەوە دەهاتە خوارەوە.. دەیان دەموچـاو ئـاوابوون، ئادگاریـشیان لـە نـاو ئـەو دەموچاوانـەدا توایـەوە کـە سـاتێک چییـە لـە دەرکـەوتـن و ونبـوون نەدەکەوتن!

زستـانی سـەخـت مـرۆڤ لـە ناخـەوە زەوت دەکـات؛ دەیکاتـە قامیـشێکی دەم کراوە، بێوەستانیش ناسۆر و یادگارو هەست و ڕسوایی تێ دەئاخنرێت. لام سـەیـرە خەڵک چۆن پێـدەکـەنـن، هـەر وەک پـەلـەوەڕی شـادبن لـەسـەر نـووکی پـێ قونـە دەکەن. بەسالاَچووان.. لێرە ئەوانە نامرن؟ هەر یەکـەو بـە سـەدان سـاڵی بـەشـاندا

داوە. بە توانایەکی لە وێنە نەبووەوە خۆی لە ژێریاندا گرتووە، بە ناو بەفرو قەڵەباڵغیدا، بێترس پێیانەوە دەگەڕێت. تۆش ئەی وڵاتی کەناری خۆرهەڵات، هەر لە ڕۆخی دەریاوە تا بە قووڵایی بیابان دەگات، بۆچ ناهێڵی خەڵکەکەت بچنە ساڵەوە؟ پیاو، ژن، ملیان لەسەر خۆ دەچەمێتەوەو ئەمجا بەلادا دێن. ڕۆژانە چاڵە زەنگاوییەکان پێشوازییان لە دەیان لاشەی وا دەکرد، کە تەنانەت بواری خەونیشیان پێنەدراوە. خەم و ناسۆرییان لەگەڵ خۆ دەبرد و لەناو دەچوون. تۆش دایکەکەم بۆچی بەر لە بینینەوەت کۆچتکرد؟ من کوشتمیت؟ دایکە، باوەڕم پێبکە من کەسم نەکوشتووە، ئەوان هەموو خەڵکەکەو تۆشیان کوشت. بێبەزەییانە خەڵک دەکوژن. بەڵام بۆچی خەڵکەکە لەناو دەبەن بۆچی؟.. بۆچی؟ دەبێت شتێک بکەم. کە لە نێوان میلانۆ و مەرسیلیادا بووین بە ئەشیلۆسم وت: ئەی پاپۆڕەکە تۆ کەڕو گوێ بڕاویت، باوەڕ ناکەم ئەوەی کە مرۆڤ دەیکات تۆ بیکەیت.. تۆ گەرمی و نوێن و خواردن دەبەخشیت و هیچیشت لەبریان ناوێت.. خەڵک لەوێ، هەموو شتێک لە مرۆڤ دادەماڵن؛ فرمێسک، ئارەزوو، تەنانەت یادگاریش.. بەڵام ئەوان دەیانەوێت ئەو بیرانەی لە شەودا سەر دەردەکەن، ببنە قسە، ببن بە ناو، لەبری ئەوەش لێدان و ئەشکەنجەو سۆزێکی بەسوێ دەبەخشنە مردن و کۆتایی! "کێ فێری ئەم قسانەی کردیت؟ پێمانبڵێ دەبێت بیڵێیت"..

نووزەیان دەبیست، نووزەیەکی درێژخایەن. ناوە ناوەش شڵپەی خوێناوک کە بەسەر زامەکاندا دەڕژان، چەقۆیەکی لە دڵ چەقیو ئاسا ناڵەیەکی بەتین و ناکۆتامان بەر گوێ دەکەوت.

ئەمینی ڕۆژنامەفرۆش، ئەو پیاوە ڕووخۆش و دەنگ نێرە، ئەوەی کە لە ڕۆژنامەفرۆشەکانی تری زیاتر دەفرۆشت، لەگەڵ ڕۆژنامەی ساردوسڕو بێدەنگدا وشەشی دەفرۆشت. وشەی مزگێنی. ئەمینیان هێنا. گوێمان لە نووزەی بوو، ئەمجا ناڵەو هاواری. سێ ڕۆژ لە زیندانێکدا هێشتیانەوە کە پێنج مەتر زیاترمان لێوە دوور

نەبوو، ئەمجا مرد! ئەمین لە چەکی وشە بەولاوە شتێکی تری نەدەزانی. کاتێک کە پەرۆشانە دەستیان بۆ ڕۆژنامەکانی درێژ دەکرد، ئاکامی وشەی لە دەموچاویاندا دەخوێندەوە، لە پێناو وشەدا کوشتیان. کاتێک زیندانەکەیان کردەوە تا لاشەکەی لێ دەربهێنن، بۆنی پڕ لە ڕشانەوەو خوێن و پیسایی لە زیندانەکە دەهات. لە نێوان تەلبەندەکەوە چاومان لێبوو کە هەڵیانگرت؛ شینداگەڕاو، خوێنی مەییو و ئەو وشەیەش کە بە یەکجاری نەما!

بۆ وشە توانای کردنی شتێکی هەیە؟ دەیانترسێنێت؟

"تکا دەکەم بە پێی ڕاسپاردەی دکتۆر، ڕێمبدەن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەم بچمە دەرەوەی وڵات، چونکە تاوانی مردنی بەندیخانەم دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە، بەڵێنی دەستهەڵگرتنی هەموو جۆرە جموجووڵێکی سیاسیانەشتان دەدەمێ". هەستمدەکرد تەزووی مەرگ بە لەشمدا دێت، ئەو بیرە شێتەش لە مێشکمدا کەوتە بزێوی، بیری ئەوەی پێش جێهێشتنی ئەم ژیانە دوا وشەکانم بڵێم.. لە بەندیخانەدا بواری ئەو قسانەم نەدرا کە دەمویست بیانڵێم، تەنانەت گەر لە وڵاتیش بمامایەتەوە بواری کردنیانم نەدەبوو، هەر ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە بەڵێن بدەم و سەفەر بکەم.. نەخۆشییەکەو ئەمجا مردن لە ڕێگامدایە. ئایا بەر لە وتنی شتێک دەمرم؟ ئەی بەڵێنەکە؟ نا نەخێر کار لە سیاسەتدا ناکەم، توانای ئیشکردنی ترم هەیە. وشە دوا چەکمە، بەڵکو بۆ من و ئەوانیش گوللەیەکی بەزەییانە بێت، تا پێکیشەوە بمرین!

تەزووی مەرگ لە خوێنمدا زمانی درێژکردووە، خوێنەکە دەکات بە کێم و بە هەموو لەشمدا گڕ دەخوات، تا کە دەگاتە مێشکم وا هەموو ئەو شتانە دەکات کە بیریان لێدەکەمەوە کە بۆنی کێم و لینجییەکەی لێبێت!

ئێستا کە من چاوەڕێی ٢٢ی کانوونی یەکەمم، کاتی کەوتنی نەخۆشخانەمە، لە ناخمەوە دەقیژێنم، قیژەی نەفرەتیی پڕ لە دەرد: چی وایلێکردم ئەو وشە بێنرخانە

بنووسم؟ چی گەیاندمییە ئەوەی وەک منداڵێکی تاوانبار لە بەردەمیاندا بووەستم؟ تا پێیانبڵێم: من ئیتر پەیوەندیم نەماوە؟ زیاتر ترسم لە خۆم هەبوو وەک لە برادەرەکانم.. ئێستا هەرچی ڕابوورد وەک مۆتەکەیەکی بێبەزەیی دێتەوە بەرچاوم. کەی ڕووخام؟ بۆچی ئەو لایەنە لاوازەم بەسەردا زاڵبوو کە وایکرد شتەکانم بەلاوە چوونیەک بێت؟ ئەمینی ڕۆژنامە فرۆش؟ کە هادی کوژراو ئێمەش بە دەوری نانە ڕەق و پارچە پەنیرەکەدا بۆی دەگریاین؟ دایکم، ئەو دایکەی کۆچیکردو گەڕانەوەی بۆ نییە؟ ئەو خوێنە پیسەی کە ڕۆژانە، دەیان جار پێمدا دەگەڕێ و لە وتووێژێکی شێواوانەدا خانەو باوەڕم لەناو دەبات؟

بیری نووسین سەرکێشانە دایگرتم، دەبێت ڕووداوی زیندانەکان بە خەڵکی ڕاگەیەنم، لە تاریکاییدا، لەودیو دیوارەکانی ئەو خانووە زەردەی کە وەک گیاندارێکی ئەفسانەیی چۆکی داداوەتە سەر دڵی خەڵکەکە. وشە دوا چەکە.. بەهێزترینیان نابێت، بەڵام چەکی خوێن پیسکراوەکان، دایک مردووەکانە. چەکی ئەو منداڵانەیە کە دەیانەوێت شتێک بکەن!

ڕەجەب ئیسماعیل ڕووخا. ئەمە ئەو دوا قسەیەیە کە ئەو کۆتاییەی پێیگەیشتووم ڕووندەکاتەوە. ئێستاش کە بڵێن ڕەجەب پێنج ساڵی ڕەبەقە، بە شەو و ڕۆژییەوە، لەو دیو دیوارەکان مایەوە، حەوت بەندیخانەی کرد و ورەی بەرنەداو ددانیشی پێدا نەنا، هیچ سوودێک ناگەیەنێت. مرۆڤ بە کۆتاییەکەی هەڵدەسەنگێنرێت، خۆگرتن، باوەڕ، هەموو وشە نەمرو پشکوتووە بۆنخۆشەکان، لە ساتە کۆتاییە نەگبەتییەکەدا لەناو دەچن. من کە بە بەرهەڵستییەکی ئەهریمەنانەو لاسارانەوە سەرنجی دەموچاویانم دابێت، ئێستا چ سوودێکیان بۆ من هەیە؟ من ڕووخام، پێنج ساڵەکە گەڕایە دواوە، بەشەو و ڕۆژییەوە، تا لەو وشانە بتوێنەوە کە بەدەستی خۆم نووسیمن. بێورەییانە قیژاندم بە ڕوویان دا: ئێوە لە من باشتر

دەزانن کە تـەندروسـتیم بـاش نییـەو هـەر مـاوەیـەکی تـر هـەر مـاوەیـەکی تـر لـە بەندیخانەدا بەسەربەرم لە مردنم نزیکدەکاتەوە.

دەیانزانی، ئەگینـا چـۆن سـێ دانـە سـاڵ لێمگـەڕان بێئـەوەی قـسەیـەک چییـە بیکـەن؟ بـەلایانـەوە بـە لاسـار نـاوم دەرکـرد بـوو، لـە بـەندیخانـەیـەکـەوە بـۆ بەندیخانەیەکی تر دەگوێزرامەوە، دوای کۆڵدانیان حەزیان نـەدەکـرد سـەیـرم بکـەن. تاکە چەکم بێدەنگیم بوو، ناوسکیانی هەڵدڕی بوو.. وەک تۆپ لە بەندیخانەیـەکـەوە تووڕیان دەدامە بەندیخانەیەکی تر، لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر، لـە لێـدانم مانـدوو بوون. لەبەندیخانە دوورەکاندا خەونم بینی، لە شارە گەورەکانـدا خـەونـم بینـی. لـە ڕێگا بیابانەکان و ئەو ئۆتۆمۆبیلانەدا خەونم بینی، کە لە قوتووی ماسـی هـەڵگـرتن دەچوون. نەمدەهێشت هیچ ماوەیەک بگوزەرێت بەر لەوەی خەونی تێدا نـەبینـم. لـە دڵی خۆمدا دەموت: ڕسوایان دەکەم، بۆ خەڵکی بـاس دەکـەم، بـە هـەمـوو کـەس، مرۆڤ بەلای ئەو ئەهریمەنانەوە بێنرخترین شتە.

لـەپێنـاو وشـەدا سـەفـەرمکـرد. لـە زسـتانی پـەسـت و خامۆشـدا خـۆم بـەدەم لرفەلرفی دەریاوە دا، بەڵکو لـە جێگایـەکـی دوور بتـوانم ئـەو قسانە بکـەم کـە بـە درێژایی پێنج ساڵ خەونم پێوە دەبینین.. ئێستاش دوا هەوڵدانی سـەر ئـەشیلۆسـی فێڵبـازم، دوای خـۆ بـەنـدکردنم لـەو ژوورە قـەبـزە لاکێـشەییـەی ئـوتێلی ئـەلـزاس. وایـدەبیـنـم کـە ئـەو وشـانەی لـەو ڕۆژگارانـەدا وەک ڕمـی ژەهـراویین لـە مێـشکمدا دەنگیان دەدایەوە، هەموو دەبنە قاوغە گەوهەری بـەتـاڵ و هـیچ ناگـەیـەنـن!. سـەد جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە ڕۆمانێک لەسەر هادی بنووسم. دەبێـت خوێنـەر هـادی بناسـن؛ دەموچاوێـک کـە لـە دەموچـاوی منـداڵ دەچـوو، دوو چـاوی وردی زیـت و زەردەخەنەیەکی هەمیشەیی، زەردەخـەنـەی هـادی لـە ڕووناکییـەکـی کـەم دەچـوو، ساتێک وندەبوو، بەڵام نـەدەکوژایـەوە. بریـا یـەکێـک دەربـارەی هـادی دەینووسـی، بەڵام نابێت ئەو یەکە ڕەجەب بێت. ئەوسا ئەو کەسە بـەخـەڵکی دەگـەیـەنێـت کـە

هادی لە خۆگرتندا وێنەی نەبوو، ڕۆژگارێکی ناخۆش و ناهەموار هێنابوویانە کایەوە. وەک تۆپەڵە گرێک هاویشتبوویانە ناو خەڵکەکەوە، دانەدەمرکایەوەو سرەوتیشی نەبوو. خەریکم لەبارەیەوە دەنووسم. بەڵام ئەو ترسەی تا ڕادەی تۆقین دایگرتبووم، وایلێکردم کاغەزەکان بسووتێنم. کە وشە بێگیانەکانم لە دڵی خۆمدا دەخوێندەوە، وتم: ئەوەی ئێستا قسەی لەسەر دەکەم ئەو هادییە گیان لەبەرە نییە کە هەبوو. ئەوەی من لەبارەیەوە دەدوێم پشیلەیەکی ئازاردراوە. لاشەیەکی تێکشکاوە. بەڵام ئەو مرۆڤە خاوەن زەردەخەنە بچووک و خاوەن باوەڕ قایمە، ئەوە هەر بەلایدا نەچووم. کاتێک ئەوانەم دەسووتاند کە نووسیبوومن، قیژاندم: ڕەجەب لەوە دەترسی کە بە زمانی هاوڕێکانی هادییەوە قسە بکەیت و خۆت ڕسوا بکەیت. وەک مێشێکی باڵبڕاوت لێبێت.

ئای لە نەهامەتی مرۆڤ، کاتێک بێتوانایی دایدەگرێت و توانای تەواوی باسکردنی ئەو شتانەی نامێنێت کە چەند ساڵێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبن، ئەو وشە زۆر پرشنگدارانەش کە خەڵکی لە بەندیخانەدا دەیانوتن، بێئەوەی یەک تۆز بیر لە نووسینیان بکەنەوە. من بەو وشانە بیرم دادەگرتەوە، بەڵکو ڕۆژێک بێت بڕژێنە سەر کاغەزو بە خەڵکیشی ڕابگەیەنن کە هادی چۆن پیاوێک بووە، ئێستا هەست بە کوژاندنەوەی تەواو دەکەم. وشە باری کرد، لێم دوورکەوتەوە، وەک پەڕۆی کۆنیان لێهات. دوای ئەوەی چەند ساڵێک پێشتر لەبیرمدا وەک دروشمی پرشنگدار وابوون.

ئەو کاغەزەی وازۆم کرد، بڕوانامەی مەرگم بوو. مردنی ڕەجەب ئیسماعیل، وەک مرۆڤێک، وەک پیاوێکی خۆگر.. دواتریش وەک مرۆڤێک خەون بە نووسینیەوە دەبینێت. هەر بە تەنیا هادی نییە کە نەتوانم لەبارەیەوە بنووسم. ئەی گوایە دەتوانم لەبارەی دایکمەوە بنووسم؟ ئەمجەد و ڕەزوان و سەعد کوان، لە کوێن؟ بە دەیان دەموچاوی خەڵتانی خوێنەوە لە کوێن؟ ئەوانەی کە زۆرم لەخۆ دەکرد

بەهەڵپەوە تێیانبڕوانم، تا زیاتر ئازار بچێژم.. لەبارەیانەوە بنووسم.. ئێستا ئەو دەموچاوانە لێم ورد دەبنەوە، لە زیندانە دوورەکانیانەوە، لە گۆڕەکانیانەوە، سەرنجێکی گاڵتەجاڕانەم دەدەن.. دەڵێن، هاوار دەکەن: یەک وشەمان لە بارەوە مەنووسە. دەستە پیسبووەکە، دڵە پیسبووەکە، بۆی نییە بنووسێت!

دوا شەو بە ئەنیسەم وت، کە قسەم لەبارەی دایکمەوە بۆ بکات.. بیرم لەوە دەکردەوە کە لەبارەیەوە بنووسم.. کە بۆی باسکردم و تەواوبوو، گریام. ئێستاش، بەدەم هەناسە هەڵکێشانی پڕ ناسۆرو کورتە هەنگاوی سەر تەختەی ژوورەکەو دووکەڵ و سەرنجدانی شەقامەکە، خۆم بە زەوتکراو دەزانم، هەر وەک ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکم نەبووبێت.. دەکرێت ئەنیسە شتێک بنووسێت، تەنانەت دایکی "جادول مەلا"ی دراوسێشمان، گەر لەبارەی دایکمەوە قسە بکات دەتوانێت ژیانی پێببەخشێتەوە. وشەکانی دایکم وەک داوی ئاوریشم ئاسا پتەوبوون، هەرکە پوورم دوورکەوتەوە پێیوتم: ڕەجەب وریابە.. بەندێتی کۆتایی دێت بەڵام سەرشۆڕی و ڕسوایی هەرگیز کۆتاییان نایەت. هیچ لەبارەی برادەرەکانتەوە نەڵێیت.. وریابە، گوێت لێمە؟

دایکە هیچم نەوتووە. وشەکانت پرد بوون، کاتێک وریات دەکردمەوە سەرنجەکانت بەهێزبوون، بە درێژایی پێنج ساڵ کردبوومیان بە پیاو، بەڵام دایکە دەردو نەخۆشی.. نەخێر نەخۆشی نا.. ئەم گەمژەڵە نادیارەی کە بە خوێنمدا دەگەڕا، پێیوتم: دەتوانیت شتێک بکەیت تا نەمریت. لە ساتێکدا بەندیخانەکەم وا دەهاتە بەرچاو کە دەبوو بە گۆڕ، منیش تا لە گۆڕەکەدا نەمێنمەوە ڕادەچەنیم، بۆ دەرچوونیشم هەموو شتێکم بەدەستەوە دا. دایکە هیچ جۆرە پرکێشییەک ناکەم، کە وشەیەکت لەبارەوە بڵێم.

بیرە ناهەموارەکان شالاوم بۆ دێنن، وەک چۆن کوللە شالاو بۆ کیڵگە سەوزەکان دەبات. ئێستا بیر لە هاندانی ئەوان دەکەمەوە تا لەگەڵمدا بنووسن.. لە

نامەیەکدا کە بەمنزیکانە بۆ ئەنیسەی دەنێرم، پێیدەڵێم تا شتێک لەبارەی ئەو ڕۆژگارەوە بنووسێت کە تێیدا گیرابووم. دایکم چی وت؟ هەڵسوکەوتی چۆن بوو؟ دەست بۆ وشەکانی ئەنیسە نابەم، لێیاندەگەڕێم سەر کاغەزە سپییەکە بکەون، بەڵکو بۆ ئەو پیرەژنە دەبنە شیوەنێکی کپ.

هەست بە بێتوانایی دەکەم، هەست بە بێتوانایی و تەواو بوونیش دەکەم! ئەشیلۆس، بۆچی بە درێژایی هەشت ڕۆژ ئەو بۆگەنەت لەگەڵ خۆت هەڵگرت؟ ئەی بۆنەکەی نەیکوشتیت؟ بۆنی پیاوی مردوو؟ خۆم نەبێت کەسی ترم لەسەر پاپۆڕەکە نەدەبینی کە ئەو هەموو بۆنی مردنەی لێبێت. کاتی گۆرانی وتنەکە چاوم دەگێڕا، لە هۆڵی نانخواردنیش بە دەموچاوەکاندا دەمڕوانی، بەڵکو مرۆڤێکم بەرچاو بکەوتایە کە لە ڕەجەب ئیسماعیل بچێت. دەموچاوی خەڵکەکە پڕ لە یادگارو گرفت بوون، بەڵام دەموچاوی کەسانێکی ڕاستەقینە بوون. هەوڵێکی زۆریان دەدا کە بە زیندوویی بمێننەوە. گەشتیان دەکرد و ماندوو دەبوون، ئەمجا لە سێبەری هۆڵی نانخواردنەکەو لە ژێر تەلارەکاندا دادەنیشتن تا گۆرانی بچڕن.. نەمتوانی بەشداریی گەشتەکەو ماندووبوونەکەیان بکەم. ئارەزوو تینی بۆ هێنام کە گۆرانییان لەگەڵدا بڵێم، بەڵام نەمتوانی.. خۆم بۆ نووسین وریا کردەوە. ئەوەتا ئێستا من لە ژووری ٣٧ی ئوتێل "ئەلزاس"م، بە ژوورەکەدا دێم و دەچم. لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەم. کەمێک سەرم لار دەکەمەوە تا گوێم لە تەپەی هەنگاوی ناو ڕاڕەوەکان بێت.. هیچی وا نادۆزمەوە کە توانای وتنیم هەبێت! چۆنە گەر خۆم بخنکێنم؟

لە بنمیچی ژوورەکەدا، لای تەلی گڵۆپە شۆڕبۆوەکەوە ئەڵقەیەک هەیە. دەکرێت کراسەکەم بدڕێنم و پەتێکی لێ دروستبکەم، لەسەر کورسییەک ڕاوەستم تا پەتەکە بخەمە ئەڵقەکەوەو ئەو سەریشی گرێبدەم، تا کە بەچاکی بەستمەوە قوڵفەیەک لە پەتەکە دروستبکەم و بیخەمە ملمەوە. لە ساتە وەختێکدا کورسییەکە بخەم و شۆڕ ببمەوە.. لە هەوڵدانێکدا بۆ هەوا وەرگرتن و شلکردنەوەی پەتەکە،

موچوڕکێکم پێدا دێت. بەڵام بڕگەکانی ملم، ئەو کاتە دەترازێن و لێدەبمەوە. ڕۆژێک چاوەڕێم دەکەن.. ڕۆژێکی تر، ئەمجا کە دەرگای ژوورەکە دەکەنەوەو پەتەکە دەبینن کە لە هەوادا دەلەرێتەوە، لاشە شینداگەڕاوەکەش بۆگەنێکی پیسی لێدێت.. هەموو شتێک لە شوێنی خۆی جێدێڵن. بە ترسەوە دەرگاکە دادەخەن و پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە.. ڕۆژی دواتریش، لە گۆشەیەکی بچووکدا ڕۆژنامەکان دەنووسن: پیاوێکی بیانی تەمەن سی ساڵە، لە بارێکی نادیاردا خۆی کوشتووە. لە گۆڕستانێکی زستانەی دووریشدا دەشاردرێمەوە! کەس پرسەم بۆ ناگرێت، کەس نامناسێت.. بەڵام بە چاکی جانتاکە دەپشکنن. گەر ناونیشانێکیان دییەوە بۆیدەنووسن، خۆ گەر ئەویان دەستگیر نەبوو ئەوا پۆلیس تا سێ مانگ لای خۆیانی دادەنێن، ئەمجا دەیدەنە یەکێک لە کۆمەڵە خێرخوازەکان. ڕەنگە جلەکانیشم دەست بەندکراوێک بکەوێت! ئەی گەر مردم ئەنیسە چی بەسەر دێت؟ کێ پێیدەڵێت و چیش دەکات؟

توانای سەربەرزکردنەوەم نییە. ئێستا توانای چوونە ناو پێخەفەکەم و نووستنیشم نییە. باوەڕ بەزیوم. لە چەند مانگێک زیاتر نامێنم، ئەمجا دەمرم! ئایا ڕاستکردنەوەی توانای مرۆڤێک، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانەوە نەمابێت، لە ئارادایە؟ من ئەو مرۆڤەم.. نا نەخێر مرۆڤ نیم، سەرەتا بەندیخانە هەوڵی لەناو بردنی لەشی دەدام. بڕوام نەدەکرد کە بەرگەی هەموو ئەو شتانەی کە کردیان بگرم، کەچی بەرگەم گرت.. لێدانەکان هەر بەر باوەڕم دەکەوتن، ئەویش بە سەرنجی تووڕانەو بێدەنگی بەرپەرچی دەدانەوە.. هەر واش مامەوە.. نەبەزیم، پاشگەز نەدەبوومەوە؛ ئاوی سارد.. با ماوەی هەڵواسینیش حەوت ڕۆژ بێت، باوابێت. هەڕەشەی کوشتن و کەوتنی گوللەش بەملاولامدا، باوابێت، هەر باوەڕم بوو، خۆی دەگرت.. ئێستا چیم تێدا ماوەتەوە؟ لە ساتە تووڕەو بەرهەڵستییەکاندا هاوار دەکەم؛ دەبێت شتێک بکەم.. جا چونکە هەموو چەکەکانم لەدەستچوون؛

سەرنجی تووڕانە، بەرهەڵستی، بێدەنگی، دەبا چەکی وشەش تاقی بکەمەوە.. با بەر لە مردنم دوا وشە بڵێم. بەڵام وشە بێنرخەکانم بۆ نایەن. شەوان، کە هەر دووچاوم کراوەن، کە هەر دووچاوم نووقاون، دوا هەوڵی گەمارۆدانیان دەدەم، بەڵام هەر هێندەی لەسەر مێزەکەی پاڵ دیوارەکە دانیشتم، هەستدەکەم ئەوی وشەبێت بۆم نایەت.

لە مەرسیلیا چوومە سێ یان چوار گازینۆ. لە بەیانی زووەوە ڕۆیشتم، دوای لەسەرخۆ خواردنەوەی قاوەکە، هەوڵی وەبیر هاتنەوەی وشەکانم دا، دەستمپێکرد. یەکەم وشە چاوی دز. دووەم وشە بزەی گاڵتەجاڕییانە.. وشەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم هەڵکێشانی هەناسەی پڕ ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆژانی زستانی بەندیخانە، ئیتر دەچەقم. ئای ڕەجەب چ کۆیلەیەکی بێدەسەڵاتت لێدەرچووە؟ ئێستا دەتەوێت لەبارەی کێوە بنووسی؟ چ وشەیەکیش توانای ڕزگارکردنی ئەوانەی هەیە کە هەموو شتێکیان لێقەدەغە کراوە، بە لەتلەتکردنی ڕۆخی پاکەتە جگەرەشەوە، تا چەند خاڵێکی ڕەشی لەسەر بنووسن و ئەمجا یارییان پێبکەن! هەموو شتێکیان لێقەدەغە کراوە.. پارچە نانە ڕەقەکانیشیان لێزەوت کردن کە بەدەستە ئارامەکانیانەوە ببوونە سەرباز و قەڵا، تا گەمەی شەترەنجیان پێبکەن..

"ئەی کوڕی سوزانییانە، نازانن یاری قەدەغەیە؟ فێڵ دەکەن؟ شتی یاری لە هەویری نانەکە دروستدەکەن.." لێیان دەدان، بە پێڵاو و دار لێیان دەدان، تفیان لە دەموچاویان دەکرد، ئەمجا هەموو شتێکیان لێزەوت دەکردن. توانای نووسینی چیم هەیە تا ڕزگاریان بکەم!

گازینۆکە، پیرەژن و پیرە مێرد، دڵداران، دەریاوان.. ئەوانە توانای ساتێک دڵنیاکردنمیان نییە، تا توانای نووسینم هەبێت! دەچمە گازینۆیەکی تر.. لە ڕێگا بیر لەو بیرە دەکەمەوە کە دەبێت بنووسرێت، چ وشەیەک توانای ڕزگارکردنی ئەمجەد یان ئیبراهیمیان هەیە؟ بیرم وشەی گەورەی بزمار ئاسای ناڵی هێستر

ڕادەخات، ئەمجا دەچمە گازینۆکەوە، لەگەڵ پەرداخە شەربەتەکەدا وەک سواڵکەر پەڕە کاغەزەکانم بڵاودەکەمەوە. لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەم، بە دەموچاوەکاندا دەڕوانم. یەکەم وشە دەنووسم، دووەم وشەش، لا نیگایەک لە ئافرەتێکی بەساڵا چووەوە دەمپێکێت، کە دەبینێت لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسم، بەسەرسوڕمانەوە سەیرم دەکات و لێو هەڵدەقورتێنێت.. دەمەوێت پێبڵێم خانمەکەم هەر شێوازی نووسینەکەمان نرخێکی هەیەو نەگۆڕاوە، ئەو شێوازەی لێدەرچێت هیچی تر نرخی نییە، بە تایبەتی مرۆڤ.. مرۆڤ لە وڵاتی ئێمەدا بێنرخترین شتە، ئاغزە جگەرە لەو بە نرخترە.. ئای گەر ساتێک، لەو بە هەزاران زیندانانەی لە کەناری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە تا بیابانە دوورەکان بڵاوبوونەتەوە، سەرنجی ناو زیندانێکت دەدا، چیتدەدیت؛ پاشماوەی خەڵک، هەناسەبڕکێ، چاوەڕوانییەکی بێهوودە.. چیتریش؟ دەموچاوی پڕ لە شادی تەواو و باوەڕ بەخۆکردنی پیاوکوژان.. پێکەنین.. خانمەکەم هیچ سەرسام مەبە، ئەوەی ئێستا بەلاتەوە سەیرە، لەوێ لە هەموو شت کەمتر جێگای سەرسامییە!

کە هەر هیچم بۆ نەنووسرا، بیرم لە پڕۆژەی نووسینی نامەیەک دەکردەوە بۆ ئەنیسە. کاغەزەکان دەپێچمەوە، سەیری پیرەژنەکەو خزمەتچییەکەو پەنجەرەکە دەکەم. دەموچاوێکی زۆر بەبەردەممدا ڕادەبوورن، دەموچاوی بە پێکەنین، کە بەزم و خۆشییان لێدەبارێت، دەموچاوی پتەو کە نوقمی بیرکردنەوەن.. ڕۆژنامەکانیش دەبینم، لەسەر مێزەکان خەڵکی بەکاوخۆ هەڵیاندەگرن و دەیانخوێننەوە، ئەمجا بۆ جێگەی خۆیانیان دەگێڕنەوە. لاوێکی ڕیشداریش دەبینم خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە..

حاجی "ڕەسمی ئەبو جەعفەر"یشم لە بیرە.. هەردوو دەستیان لە پشتییەوە بەستەوە، لە مەیدانی بەندیخانەکەدا ڕایانگرت، بەبەردەم دەیان گیراووە کەوتنە گاڵتەپێکردنی:

- تۆش وەک ئەبو هورِیرە داوا لە هەژارەکان دەکەیت تا شۆڕش بکەن.. گەواد بگرە، ئەی حاجی سەگ، ئەی حاجی گوو.

بە دەموچاویان دا دەکێشا، بە سەری دا، بە سنگی داو گاڵتەیان پێدەکردو لێشیان دەدا. لەناکاو ڕیشی سەرنجی ڕاکێشان. وەک بۆ یەکەم جار دیبێتیان، کەوتنە ڕاکێشانی. وەک کلکی سەگێک بێت، حاجی سەری دادەنەواند تا خۆی لە ئازاری ڕاکێشانەکە ڕزگار بکات.. کە ماندووبوون، یەکێکیان دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند و لە ڕیشە سپییەکەی نزیکخستەوە، داگیرسا، بووە تۆپەڵە گڕێک، دووەمیان سەتڵێ لمی هێناو کردی بە دەموچاوی حاجی دا.. دوای چەند ڕۆژێک حاجی ڕەسمی کە لەبەر خۆرەکە دانیشتبوو، دەموچاوی قێزو بەزەیی دەبزواند.. بلۆقی سوور کە لینجاوی لێدەهات، دوو چاوی بێبرژانگ، لچیشی خوێنی تێزابوو. بە هەژارانی وتبوو 'ئەبو زەڕی غیفاری'تان بیستووە کە دەڵێت: سەیرم بەو کەسە برسییە دێت کە شمشێرەکەی هەڵناکێشێت! دەبێت لە هەوڵدان بۆ نووسین بکەوم. هەر کە لە نەخۆشخانە دەرچووم، کاتی کەوتنە نووسینم دەبێت و وازیشی لێناهێنم .. ئێستا هەموو مەرسیلیام لەبەر چاوەو دەبێت شارەزای ببم، بە بازاڕو شانۆ و مەیدانەکان و خەڵکەکەش، واتە خەڵکەکانی ببینم!

باشە کاتێک من بیرم لە نووسینی شتێک دەربارەی ئازاردان دەکردەوە، چۆن خزامە ئەو هەڵوێستە گەوجانەوە؟ ئێستا شتەکە زۆر بەلامەوە ئاساییە. مەبەست نووسینی چیرۆک نییە، نەخێر. ئەو بەسەرهاتانەی کە بە چاوی خۆم دیومن، بەهەر جۆرێک تۆماربکرێن بەسن بۆ بوون بەڵگەنامەی تاوانبارکردنی ئەو پیاوکوژانە بە مردن؟ پێویستە دەست لە وشەی پڕوپووچ و تاوانبارکردن هەڵگرم و هەر بە وتنی ئەوانەی بەچاوی خۆم دیومن قاییلبم. گەر ئەوەم بۆ کرا ئەوا بەشێکی ئەرکی سەر شانی خۆم بەجێدەهێنم. هەر بۆ ئەوەشە بیر لە چوونی جنێڤ دەکەمەوە، تا تابلۆیەک پێشکەش بە خاچی سوور بکەم. ئەو شتانەی کە خۆم بینیومن بۆ

لێپرسراوەکانی خاچی سووریان بگێڕمەوە. دواتریش داوای ناردنی نوێنەری خۆیان لێبکەم بۆ توێژینەوەی ڕووداوەکان. هەموو ئەو شتانەیان پێدەڵێم کە بەسەرم هاتوون، ئەوەشی کە لە هەموو ئەو خەڵکانەم بیستوون کە پێیانگەیشتووم و بینیومن. هەروەها ناوی لێکۆڵەرەوەکانیشیان پێدەڵێم، جا دواتر با خۆیان بچن ببینن! گوێ بەوانە نادەم کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە خوێندکارانم بیست. بە گومانەوە تێمیاندەڕوانی، بەپەلەش لێمتەکینەوە. سەرەتا لام سەیر بوو، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو شتەکەم لا ڕوون و ئاشکرا بوو. شتی خراپ بە خێرایی دەگەیەنرێت، خێراتر لەوەی کە مرۆڤ پێشبینی دەکات! کە ناوی خۆمم پێوتن ڕاچەنین. بە پرسیارەوە بە یەکتریاندا دەڕوانی. ئەمجا یەکێکیان ڕاستەوخۆ لێیپرسیم:

– گیرابوویت و بەریاندایت، ئەویش دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا نووسیت ...

نەیتوانی ئەو وشەیە بڵێت.. بەر لە تەواوکردنی ڕستەکەی، زانیم چیدەڵێت. هەستم بە بچووکی جیهان کرد، لەو ژوورە بچووکترە کە چواردە پیاو بووین تێیدا. سەرم داخست، بیرەکانیش ئەسپی سەرکێش ئاسا غاریان دەکرد. نەخۆشییەکەمیان پێبڵێم؟ ئەی سەبارەت بە ڕووخانەکەم؟ ئەی بڵێم کە من دەمەوێت لە بارەی ئازاردان و داماڵینی پەردەی ڕووی پیاوکوژەکانەوە بنووسم؟ دەبووایە شتێکم بووتایە. بە چەند وشەیەکی بێسەروبەر، وتم:

– چونکە نەخۆشم بۆیە بەریاندام، بە زۆریش ددان پێدانانیان لێوەرگرتم!

درۆم کرد، درۆ دوا پردی ڕزگاربوونێکی بێپەروام بوو. لە ماوەی دواییدا توندوتیژییان لەگەڵمدا بەکارنەدەهێنا، کەبینیان وازۆی دەکەم، زەردەخەنە هەموو ڕوویانی گرتبۆوە. چ هێزێکیان خستەگەڕ؟

بێدەنگ بوون. لەم ڕووەوە ورتەیان لەدەم نەهات. حەزم دەکرد یەکێکیان پرسیاری لێبکردمایە، ئەوسا هەستم بە دڵنیایی دەکرد. چیشم بە خەیاڵدا بهاتبایە پێمدەوتن. بەڵام بێدەنگییە نەفرەتییەکەیان کارێکی کرد هەست بە ڕسوایی بکەم. بە بێدەنگییەکەش دەستیان هەڵنەگرت، یەک لە دوای یەک کشانەوە. دووانیان مانەوە، دوور لە من دانیشتبوون، بەجۆرێک بەچاو ئاماژەیان بۆ دەکردم تا لەگەڵ ئەو ئاماژانەدا هەست بە ڕسوایی بکەم!

زۆرم حەزدەکرد لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم، جا ئەو یەکە هەر کەسێک بێت. گەر لەو کاتژمێرەدا قسەم بکردایە ئەوا هەموو شتێکم دەوت. بەڵام کەس پرسیاری لێنەکردم. دووانەکە، کە دوور دەهاتنە بەرچاوم، هەر وەک چەند کیشوەرە سەهۆڵبەندانێک لە نێوانماندا بێت، تەنانەت گەر قسەشم بکردایە، بۆ گوێیان لێمدەبێت؟ ئەی لە هۆکاری بەربوونەکەم دەگەن؟

بیرە ڕەشەکان بەر لە خۆم گەیشتوون. سواری پاپۆڕێکی خێراتر لە ئەشیلۆس بوون. لە چاو و بێدەنگی خوێندکاراندا چاوەڕێیان دەکردم. کە یانەکەم جێهێشت ئەو دووانە یەک وشە چییە نەیانوت، سەیریشیان نەدەکردم. هەستمکرد، ئازارو ئەشکەنجەی پێنج ساڵەکە، لە دارکاریی و بەندی تەنیایی و هەزاران جنێویش کە بە سەرمدا دادەبارین، ناگەنە سەرنجێکی بچووک کە بۆیەک سات لە هەوادا بەردەدرێت و ئەمجا بڕەوێتەوە!

ڕووخانی مرۆڤ بە ڕووخانی خانوو دەچێت، لە تاریکاییدا دەلەرێتەوە، دەلەرزێت، ئەمجا دەڕمێت و دەکەوێت. لەگەڵ کەوتنیشدا ژاوە ژاوە بەتینەکەی لێ پەیدا دەبێت، تۆزوخۆڵ و مردن و نەفرەتیشی بەدوادا دێت.

لە تاریکایی بەندیخانەدا بیرم دەکردەوە. بیرم لە نووسین و چارەسەری نەخۆشییەکەم دەکردەوە. جارێک ئەو بیرەم لە خۆم دوورخستەوە، هەزاران جار دوورم خستەوە. بەڵام سەرنجەکانی ئەنیسە، وشەکانی، بیرە ناسۆرەکانی کە

بەسەرمدا دەهاتن، کاتێک دەمدی هەرچیم لە دەورە دەڕووخێت.. بەلای منەوە ئیتر شتێکی پیرۆز نەما.. کە قابیل بووم لەرزیم. سەرەتا لەگەڵ خۆمدا، ئەمجا لەگەڵ ئەواندا، تا کە ئەو پەڕە کاغەزە زەردەم وازۆکرد، هەستمکرد هەموو شتێکم تێدا دەڕمێت و دەڕووخێت.. ڕووخام، لەگەڵ ژاوەژاوی کەوتنەکەدا شەپۆلی تەپوتۆزی بە دواداهات، کە بە دەمیان دەیانگەیاندە هەموو شوێنێک، مزگێنی کۆتاییە بێپەرواکەی ڕەجەب ئیسماعیلی بە خەڵکی دەگەیاند!

دەکرێت خوێندکارێک ببینم؟ تا یاریدەی نەخۆشخانەو چارەسەرییەکەم بدات؟ نەخێر نامەوێت، چونکە وشەیەک بەسە بۆ کوشتنم، دوو سبەی خۆم دەچم، هەر خۆشم ئەو ئەرکە بەجێدەهێنم! وام بەخەیاڵدا دەهات کە بیری نووسین کشابێتەوە، بەڵام ئێستا سەفەرەکەی جنێۆم بەلاوە گرنگترە، هەر کە لە چارەسەری نەخۆشییەکەم دەبمەوەو لە سەفەرەکەم دەگەڕێمەوە، بڕیار دەدەم کە دەبێت چیبکەم!

هاتوچۆی نەخۆشخانەو پشکنین، ئەو پەڕەکەی دوو هەفتەی بەسە. هەر کە خەریکبوو دەستپێبکەم ئاهەنگی پشوودان دەستیپێکرد. گاڵتەپێکردنم کەڵەکە دەبێت و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆم دەدەن، هەستدەکەم لە ڕادەبەدەر نەفرەت لێکراوم و لەسەر ئەو هەڵەیەش سزا دەدرێم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێموەشایەوەو کۆتاییشی نایەت. ئەوەی دەیچێژم حەقی خۆمەو پڕ بە پێستیشمە.

ئەو برینپێچەی کە بەرپرسیاری خوێن وەرگرتنم بوو، پێیوتم:

- لە ناوەختدا هاتوویت، نازانی ئەمڕۆ شەممەیەو بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامەکەشی دەبێت تا بەیانی سێشەممە چاوەڕێ بکەیت؟

سەری زانین و قابیلێتیم بۆ ڕاوەشاند، لە ناخیشەوە جنێوم دەدا! نموونەی خوێنەکەمی وەرگرت، وتی:

- ئێستا ئیشی من تەواو بوو!

مەرسیلیاش وەک هەموو دونیا خۆی بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ ئامادە دەکات. خەڵکی پەلەیانەو دووکان و سەرجەم شوێنەکان لە خەڵک و ڕووناکیدا جمەیان دێت. بەفریش دەبارێت تا هەرچی هەیەو نییە دایپۆشێت؛ ڕابردوو، پەستی و ناخۆشی و بیرە ناخۆشەکان. لە مەرسیلیای گەورەدا هەر منم هەست بە یەک تۆز گونجاندن لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەوروپشتمدا ناکەم. هەنگاوە درێژەکانی خەڵکەکە، هەڵاتنێکە لەو دەردەی کە من بە هەنگاوە کورت و لەسەرخۆکانمدا دەینوێنم. تیشکە هەڵکراوەکان دەکەونە سەر دەموچاوم، تا لاوازی و ناپاکیم دەربخەن. زەردەی سەر دەموچاوی دڵدارەکانیش، کە لەژێر دارگڵۆپەکاندا دەستیان لە ملی یەکتر کردووە، گاڵتەیەکی سووتێنەرن و ئەو بیرانەمی دەرەواندەوە کە بەسەرمدا دەهاتن!

ڕۆژگار بە لەسەرخۆیی و پڕ ئێش و ئازارەوە ڕابوورد. بەلامەوە درێژترین ڕۆژانی تەمەنم بوون، تا ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەم. سێ دکتۆر پێشوازییان کردم. ژنێک و دوو پیاو. جلەکانیان بە تەواوەتی پێداکەندم. لە جل داکەندنەکەمدا نووریم بیرکەوتەوە. ژوورەکە بە ڕەنگە شین و مەنگەکەیەوە گەرم بوو. چەرچەفی سەر مێزی پشکنینەکە خاوێن بوو. هەستمکرد من شیاوی ئەوەنیم. دەبووایە لە کەلاوەیەکدا ڕووتببمەوە، کە کراسەکەمم دادەکەند سەیری دکتۆرە ژنەکەم کرد. چاوی بێلایەنانە بوون، لە چاوی ئەوانەی نەدەکرد کە چاوەڕێ دەستپێکردن بوون.. پرسیاری ڕابردوومیان لێکردم. بە هەمانشێوە لێیانپرسیم، چییان پێبڵێم؟ ئای لە گاڵتەجاڕی وشەکان "لەبارەی ڕابردووتەوە بۆمان بدوێت". کە پەشۆکاویان لە دەموچاومدا بینی، تا ون نەبم، وتیان "بە منداڵی نەخۆشیت گرتووە، چ نەخۆشییەک؟ ژنت هێناوە؟". پرسیاری دایکم و باوکمیان لێکردم. شڵەژاوانە وەڵامم دەدانەوە. پێموتن کە دایکم بە نەخۆشی دڵ مردووەو باوکیشم بە سیلی ئێسقان.. کرۆکی باسەکەم بۆ دواجار هێشتەوە، ئەوەی کە دەمویست دوا پەڕەی

بەرگریم بێت! خامۆشـی ژووره گـەرمـەکـەی گرتبـۆوه. چـەکوشـێکی بچکۆلـەش بـە ئەژنۆمدا دەکێشرا.. وەک کاردانەوەیەکی لێدانەکە زیاد لە پێویست ڕاچڵەکیم، لـەپـڕ تینم دایە خۆم و وتم:

– ئەو شتە گرنگـە کـە هێشتا نـەمدرکانـدووه، کـە ڕەنگـە نـەخۆشـییەکـەم ڕوونبکاتەوە، من گیرابـووم. پێـنج سـاڵی ڕەبـەق لـە گرتوخانـەدا بـووم.. نەک هەر ئەوەش، لەسەرەتاوە ئازاری جۆر بەجۆر درام.

قسەکان سارد بوون یان کە سەیری دەموچاویانم دەکرد وامدەبینی، تـا کـە بـە سەرسووڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد:

– دەبووایە لە سەرەتاوە پێتبووتینایە..

ژنەکەیان پێکەنی. بۆ یەکەم جار سەرنجێکی ناسۆر لە چاویدا بەدیدەکرا. پیـرە دکتۆرەکەیان پێیوتم:

– هەستەو جلەکانت لەبەر بکەرەوە..

بە چپـە قسـەیـان بـۆ یـەکتـر دەکـردو منـیش لـە گۆشـەکـەدا جلـەکـانم لـەبـەر دەکردەوە. چیان بە بیردا هات؟ چیانوت؟ چەند ساڵێکە بۆ یەکەمـین جـار هـەست بە شانازی دەکەم. بەندیخانە بەلامەوە جێگای شەرەفمەندیم بوو، مەزن بوو، کە تـا ڕادەیەک سەرنج و چپەی دکتۆرەکان ڕێزێکی ڕاستەوخۆ بوون بۆم.

کـە لـەسـەر کورسـییەکـەی بـەرامبـەر بـەو مێـزەی پیـرە دکتـۆرەکـە لـەسـەری دادەنیشێت، دانیـشتم. داوای ڕێپێـدانی جگـەرەکێـشانم لێکـردن، دکتـۆرەکـە سـەری برایانەی بۆ لەقاندم، لەوانەیە ئەوانی تریش هەر وایانکردبێت. بە زەردەخەنـەیـەک و وشەیەکی بچووک وەڵامیدامەوە:

– فەرموو.

کەواتە بـەنـدکراوبووم. هـەر ئـەوەش نـەخۆشـییەکـەم ڕوونـدەکاتـەوە. سـەرەتـا سەرسام بوون، بەڵام ئەوەندەی نەبرد سەرسامییەکەیان نـەمـا، خـەریکبـوو لـەگـەڵ

دووکـەڵــی جگـەرەکـەی منــدا دەڕەوییــەوە. وا ســەیریــان دەکــردم هــەر وەک بووکەشووشەیەکی سەددە ڕابردووەکانبم.. ئایا ئەوانە لە مانـای بـەنـدکراویی مـرۆڤ دەگەن؟ نەک هەر بەندکراو، بەڵکو بەندکراوی ئـەو زیندانـە ناڕێـک و سـاردە پـڕ لـە مێش و مەگەزانە، کە لـە مـاوەی پشوودانیـشدا، بـەر زڵلـە دەدرێـت، وەک گایـەکـی هەڵچوو دارکاری دەکرێت؟ دەمویست هەست بەبوونی خۆم بکەم و سـەرکـەوتـووش دیاریم. بەڵام کاتی ئامادەکردنی ئـەو وشـانەی کـە دەمویـست بیـانلێم، هـەسـتم بـە ئازار کرد. پەڕە کاغەزە زەردە چوارگۆشەکەم بەبیر هاتەوە، کـە لـە کـاتی کێـشانی دوا وشەی سەریدا، بە ئارەقی دەستە لەرزۆکەکەم تەڕ ببوو.

دکتۆرە بەساڵاچووەکە لێیپرسیم:

- باسی باری بەندێتیتمان بۆ دەکەیت؟ مەبەستم لـەچـۆنێتی بـەندیخانـەکـە بوو، کام مەرجی خواردن و تەندروستی تێدابوو؟

مەرجی خواردن و تەندروستی! ئەو پرسیارەتان بە گاڵتەیـە یـان بـەڕاسـتیتانە. لە کۆتاییدا وتیان:

- نەخۆشییەکەت گران و پڕ مەترسییە، ئـەگـەر پێـڕەویـی سیـستمێکی زۆر چاکبکەیت، ئەوا ڕەنگە بێهیچ گرفتێک بژیت، بەڵام ئەگـەر لێـی لادەیـت.. "ئەوجا بێدەنگ بوون"

لە خامۆشییە خاوێنەکەی کە دیوارو سەرچەف و شووشەکەی گرتبۆوە، دەنگـی دکتۆرە گەنجەکەم بەر گوێ کەوت:

- ئایا دەتوانم پرسیاری هۆی گرتنەکتت لێبکەم؟

سەیرمکرد، ڕەنگی ئادگاری ئاڵێکی گەشـەو واشـی دەنوانـد کـە لـە دەموچـاوی کچۆڵـە تـازە پێگـەیـشتووەکـان بچێـت. بـە دوو دڵییـەوە سـەرم ڕاوەشـاند. بـۆچی پێیبڵێم؟ وا وتیشم: بەندێکی سیاسی بووم، ئایا لە مانای ئەو وشانە دەگـات؟ گـەر پێموت من بڕیاری یانزە ساڵ بەنـدکردنم درابـوو پێنجیـانم لێبـەسـەربـردن، ئـەویـش

لەبەر هیچ نا، جگە لەوەی کە دەمویست؛ بە باوەڕ، بە وشە، ژیانی خەڵکی زیاتر بەختیار بکەم، گەر پێموت، بڕوا دەکات؟ هەر دەیڵێم:

- ئەی ئەو مرۆڤەی کە لە کەنارەکەی تری دەریای ناوەڕاستدا دەژیت باوەڕم پێبکە، من تفەنگم هەڵنەگرتووە، کەسیشم نەکوشتووە، واش بە سەدان جار سەرم بە دیواردا دراوە، هەر وەک چۆن بزمار بە دار بەڕوودا دادەکوترێت .. سەرکێشانیش بە دیواردا بریتییە لە سەرەتای سیمفۆنیایەکی بە ئازار: دواتر بە قامچی تێمدەکەوتن، کە لە لێدان ماندوو دەبوون، نۆرەیان دەکرد، بە هێزیش بوون، خۆ کە لێدانیش کۆتایی دەهات ئاگر بەردەبووە لەشمەوە. جگەرەیان لەسەر دەموچاوم دەکوژاندەوە، لەسەر سنگم.. لە جێگای تریش.. نەک هەر ئەوەش، هەردوو گونیان دەگرتم و ڕایاندەکێشا. لەو ساتەدا هەستم بە مردنم دەکرد، ئەمجا حەوت ڕۆژ بە بنمیچدا هەڵواسرام. هەردوو دەستیشم بە گوریس بەسترابوونەوە، گوریسەکە بۆ بنمیچەکەی کێشدەکردم، لەسەر نووکی پێ دەوەستام. کە حەوت ڕۆژەکە تەواو بوون، لاقەکانم وەک لاقی فیلیان لێهاتبوو: ئاوساو و شینداگەڕابوون، قورس ببوون .. نەء.. نەخێر.. لەوەندە زیاترت بۆ نادوێم. هەر بەبیر هاتنەوەی ئەو ڕۆژانە مرۆڤ تێکدەدەن، تەنانەت شارەزایەتی و بلیمەتی دکتۆریش لە ئاستیدا دەستەوەستان دەبن.. هەموو ئەوەی کە تائێستاش بۆم باسکردیت، بەشی یەکەمە، بەڵام بەشەکانی تر، ببوورە گەر نەمتوانی یەک قسەیانت لەبارەوە بۆ بکەم. بەرگەی گشت ئازاردانەکەم گرت .. ئەی تۆ پێشبینی چیدەکەیت، بۆ هاوارم کرد؟ ددانم پێدانا؟ نەخێر. خۆم گرت، لە ئارام و خۆگریدا لە وشتر بەهێزتر بووم.. بەڵام لە ساتێکی کپدا ڕووخام. ئەو مرۆڤەی ئێستا لەبەر دەستتدا دەیبینیت، بەڕادەی ئەو وشانەی کە لە

مێشکیدا شەپۆل دەدەن، بە هێـزو توانـا نییـە.. مـاوەیـەک بـەهێـز بـوو، ئەمجا ڕووخا، بەجارێک ڕووخا.

کە بڕوانامەی مردنم واژۆکرد زەردەخەنەیەکی هەڵبزڕکاو دایگرتبـووم. کـە چـاوم لە دکتۆرە لاوەکە گواستەوەو سەیری دکتۆرە بەساڵا چووەکەم دەکرد، وتم:

- بەندکراوێکی سیاسی بووم.

هیچی ترم نەوت. پیرە دکتۆرەکە بە پەستییەوە سـەیـری دەکـردین، هـەر وەک یادگاریی ناخۆشی بیر بکەوتبێتەوە، لەگەڵ خۆیدا دەدوا، وتی:

- ئەمە یەکێکە لە گەلێکی بەندکراو.

ڕووی لە من کرد و بەردەوام بوو:

- بۆچی پیاوکوژو دەستەڵاتدارەکان مێژوو ناخوێننەوە؟ گەر بەشێکیان لـەو شتانە بخوێنایەتەوە، کە دەبووایـە بیانخوێنایـەتـەوە، گـەلێـک شـتیان بـۆ خۆیان و بۆ خەڵکی تریش دەهێشتەوە. بەڵام پێدەچێت کـە دەبێـت هـەر گەلە و نرخی سـەربـەسـتی خـۆی بـدات، سـەربـەسـتییش زۆرجـار گـران دەکەوێتەوە!

خامۆشیی باڵیکێشا. بێدەنگییەکەی ئەمجارەیان زۆر توندوتیژ بوو، ژنـەکـە، کـە دەنگی لە ئەستێرەیەکی ئاگرینی ڕەنگاوڕەنگ دەچوو، وتـی:

- دکتۆر ڤالی، گەر دەتوانیت باسێکی ڕۆژانی بەرگریی بۆ بکە.

- پێویست بە باسکردن ناکات، ڕەنگە لە منـی باشـتر بزانێـت. خـۆ ئـەگـەر بەرگریی و داگیرکردن بەلای ئێمەوە بووبێتە یادگـارو مێـژوو، ئـەوا ئـەوان ئەمڕۆ لەو یادگارو مێژووەدا دەژین.

دکتـۆر ڤـالی بـە چـەکوشـەکـەی دای بـە مێـزەکـە داو هـەسـتایە سـەرپـێ. بـە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، دەموچاوی گرژ ببوو، بەڵام قسەکـانی هـەر لـەسـەرخـۆ بوون، پێیوتم:

- تەندروستیت باش نییە، پێویستە ئـەمـە بـاش بزانیـت. نامـەوێـت ترسـت بخـەمـەبـەر، بـەڵام گـەشـبینی هۆکـاری کـەمتـەرخـەمییـە، ناشـمەوێـت کەمتەرخەم بیت. "کەمێک ڕاوەستاو ئـەمجا بـە دەنگێکـی نـزم بـەردەوام بوو "ئەگەر پێـڕەوی ئـەو سیـستمە بکـەیـت کـە بـۆتـی پێشنیار دەکـەم، لەوانەیە بێکۆسپ و ناخۆشی بژیت، بـەڵام گـەر پێـڕەوی نـەکـەیـت، ئـەوا ڕێمبدە کە بڵێم، هەر نوشوستییەک لەوانەیـە بـەرەو مـەترسیت بـەرێـت. ئەو سیستمەی بۆتی پێشنیار دەکـەم گـران نییـە، خـواردن و نووسـتن و پەیوەندیی سێکسیت ڕێکوپێک بکە. "کە درێژەی بە قسەکـانی دا، بـزەی هاتێ" دەبێـت هـەڵنـەچیـت، تـووڕە نـەبیـت، پـەست نـەبیـت، هـەروەهـا شـادمانی زۆریـش کـارت تێـدەکـات.. "لـەرەی دەنگـی گـۆڕا کـە دەیـوت" دەزانم ئەم شتانەت بەلاوە گرانە، بەڵام دەبێت هەوڵبدەیت.

لە پشت مێزەکەوە دانیشت، بە وردی سەرنجی دام، ئەمجا وتی:

- ئێستا کۆمەڵێک دەرمانت بۆ دەنووسم، تکام وایە کـە بـەڕێکـوپێکی و لـە کاتی خۆیاندا بەکاریان بێنیت، دوای هـەفتـەیـەکی تـریش کـە بـۆ دووەم جار سەرتدایەوە، با بزانین.

ئەگەر بیان زانیبایـە ڕووخـاوم وا بـەگـەرمـی خوداحافیزیـان لێنـەدەکـردم. هـەر سێکیان لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستان، دوای تەوقە لەگەڵ کردنم، زەردەخەنـە هـەمـوو دەموچاویـانی گرتبـۆوە، بـە تایبـەتـی دکتـۆر ڤـالی. کـاتێکیش لـە کۆتـایی ڕاڕەوە دوورودرێژەکەدا ئاوڕمدایەوە، دکتۆر ڤالی چـاوەڕوانـی دوا ئاوڕدانـەوەی دەکـردم، تـا دەسـتی بڵنـدکات و خوداحـافیزیم لێبکـات. دکتـۆر ڤـالی تـا کۆتـایی خـۆیگرت. دەموچاوە پڕ ئازارو چاوە مەنگەکانی ئەوەیان دەگەیانـد، دکتـۆر ڤـالی و خـەڵکـانی تریش خۆیـانگرت.. سـەریشکەوتـن. ئـەگـەر سـاتێک بیزانیبایـە کـە مـن ئـەو پـەڕە کاغەزە نەفرەتییەم واژۆ کردووە نەیدەهێشت بچمە لای، یان تەوقەی لەگەڵدا بکـەم،

وابزانم دەیوت: "چۆن دەست دەخەیتە ناو ئەو دەستەی کە خوێنی پیسکردیت؟ چۆن توانای بزەگرتنت بەرامبەر بەو دەموچاوە هەیە کە چەشەی لە گوون ڕاکێشانەکەت دەبینی؟. بۆ ئەنیسە نانووسم کە ژیانم لە مەترسیدایە، تا شپرزە نەبێت. خۆ ئەو سیستمەی دکتۆر ڤالی پێشنیاریکردووە، لەسەر پێڕەو کردنەکەی سوور دەبم.. جا ئەگەر لێرە بتوانم ئەی کە گەڕامەوە چۆن دەبێت؟ "هەڵمەچۆ، تووڕە مەبە، پەست مەبە".. دکتۆر ڤالی، تەنانەت شادیی زۆریشی لێقەدەغە دەکردم. کە دوا وشەی وت، خۆی گاڵتەی پێدەهات، ئایا شتی وای بە بیردادێت، کە لەسەر کەناری دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە بێت مرۆڤێک لە خۆشیدا بمرێت؟ خۆشی و شادی لای گەلێکی بەندکراو باڵندەیەکی کۆچەرە .. بڕوا ناکەم تەنانەت پیاو کوژەکانیش توانای شادییان هەبێت .. ئەوان لە ژێر تاقی لە قامچی دروستکراودا دەنوون، لەژێر تارمایی قیژەو هاوار، ترسی ئەوەیان هەیە کە نیوەشەو لە جێگادا دەریانبهێنن، تا ئەو قەرزەی لە ئەستۆیاندایە بیدەنەوە!

دکتۆر ڤالی دڵنیابە من دڵشاد نابم.. بەڵام شادیی زۆر، هەرگیز نابێتە هۆی مردنم. ئەو هۆیانەی تریش کە باستکردن، یەکە بە یەکە لێکیاندەدەمەوە، بەڵکو جۆرە چارەیەک ببینمەوە.

نووسین، ئایا نووسین پێویستی بە هەڵچوون هەیە؟ ئەی تووڕەیی؟ پێویست ناکات لە دکتۆر ڤالی بپرسم، چونکە ئەو هەوڵانەی تا ئێستا داومن یەک ئەنجامیان گەیاندووە: لێشاوێک هەڵچوون لە کین و تووڕە.. یەک لاپەڕەشم، لەو نووسینانە دەستگیر نەبوو کە ئاواتەخوازیانم!

ئەی سەفەری جنێڤ، تووشی ماندوێتیم دەکات؟ هەڵچوون؟ ئەی ئەگەر بڕیاری سەفەرەکەم دا، دەبێت کەی بڕۆم؟ دەبووایە لە دکتۆر ڤالیم بپرسیایە، بە تایبەتی ئەم ڕایەم لەگەڵدا باس بکردایە، بەڵکو ئەو بۆ من زیاتر لەوەی کە دکتۆرە

ڕابەریش بووایە. ئەو بەساڵدا چووانە قاڵبووی ژیانن، ناخۆشییەکانیان زانیوە، لەوانەیە رای بەنرخ ببەخشن!

جارێکی تریش بە مارسیلیادا دەگەڕێم. هەر چوار لای تەیدەکەم. گازینۆیەک چییە لێینابووێرم. لە گازینۆکاندا دادەنیشم تا دەموچاوی خەڵکەکە بخوێنمەوە، ڕەفتاریان، پێکەنینیان، دەمەوێت تەنانەت ڕەفتارەکانیشیان بەدیبکەم، بەڵکو شتێک فێردەبم. ئەی پاریس.. ئەی بەر لە گەڕانەوەم بۆ نیشتمان، نابێت سەرێکی پاریسیش بدەم؟

"شارەکانی سەر ڕۆخی دەریا، شارگەلی سەربەستی و توندوتیژین"

نازانم کێ ئەم قسانەی کردووە، بەڵام لە مێژە لە مێشکمدا نەقش بوون، پێموابوو هەر مێرسیلیا ئەم شێوازەی هەیە، بەڵام لە پاریس شتی سەیر ترم بەرچاو کەوت. پارتەکان مەڵبەندی خۆیان هەیەو بە ئاشکراش ناونیشانیان لەسەر نووسراوە. خەڵکی بێترس دەچنە ژوورەوە. بێئەوەی ئاوڕ لە دوایانەوە بدەنەوە، دەچنە ژوورەوە. لەسەر شەقامەکان بەدەنگی بەرز دەدوێن.. خۆ ڕۆژنامەکانیش هەموو شتێک بڵاودەکەنەوە.. بیروڕاو
ڕووداوی کوشتن و شێوەی تازەی پەیوەندیی سێکسی.. خەڵکەکەش دەیانخوێننەوە.. خۆ کتێبیش لەبەر زۆری، مرۆڤ بۆی ناکرێت بزانێت چەندی لێدەردەچێت؟

لەسەر کەناری ڕووباری سین، بە هەزاران بە ملیۆنان کتێب هەن. کە چاوم بە ناونیشانەکاندا دەگێڕا، هەر کە لەسەر ناونیشانێک گیردەبوو، لەرز دەیگرتم، ئاوڕم دەدایەوە، نەمدەویست کەس بمبینێت.

"کاتی پشکنینی ماڵی گیراوەکە، ئەم کەرەسە تاوانکاریانەمان دۆزییەوە کە لەگەڵ ئەم نووسراوەدان.." ناوی کتێبیان دەهێنا. ئای پاریسییەکان، گەر کتێبەکانتان بۆ کەناری دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنا، ئەوا تێکڕای ژیانتان

له بەندیخانەدا بەسەر دەبرد. پەشیمانی دەیخواردن، خۆتان لە هەموو شت بێبەری دەکرد. خۆ کە بیر لە پارتەکان دەکەنەوە دەبێت وریاتر بن، چونکە هەر وشەیەک یەکێک هەیە بیقۆزێتەوەو بیکاتە پیلان و گێرە شێوێنی. نرخی وشەکانیش دەدەن و هەموو ژیانتان لە بەندیخانەکانی بیاباندا بەسەر دەبەن، لەوێش تووشی سیل و گرانەتا دێن و دەمرن!. باشە ئەو پاریسەی کە من دەیبینم هەر ئاوا هاتۆتە دونیاوە؟

پاریسی سێدارەو ملپەڕێن و درۆێنە، پاریسی بەرگری، پاریسی شەهیدان، خۆی سەربەستی دروستکرد. پێویستە دوای وازۆکردنی ئەو پەڕە کاغەزە شوومە ئیتر قسە نەکەم، بۆم نییە لەبارەی سەربەستییەوە بدوێم. دەربارەی پاریس، لەبارەی هیچ شتێکەوە. گەر پیاوبوومایە لەوێ دەمامەوە و تا کۆتاییش خۆم دەگرت. ئەو وشە نابەجێیانەی کە ئێستا من دەیجوومەوە، نرخیان نەماوە، سواون، بوونەتە هەناسەبڕکێیەک لە بابەتی هەناسەبڕکێکەی ئەو ئافرەتەی لە شەقامەکە قۆستمییەوەو تێری لە سێکس نەدەخوارد. کە شانبەشانی دەڕۆیشتم دەترسام، تەنانەت کە بە ڕووتیش بینیم کە لە سەر جێگاکە ڕاکشابوو، هەر دەترسام. پێیوتم:

– نابینی ڕووتم، چاوەڕێی چیت؟

جگەرەی دووەمیشم داگیرساند. دەمویست شتێک بکەم، بەڵام هەستی بێتواناییم بیرەکەی وەک شەپۆلی ئاگر دەکردەوە بە ناخمدا، ترسی نەتوانینم بوو، ببمە هۆی گاڵتە پێکردن. ویستم پێیبڵێم کە من نەخۆشم، یان ماندووم، بەڵام تاکە وشەیەک کە لەخۆمم دەبیست دەموت:

– من پیاو نیم!

جا بێدەنگ دەبووم. لەو ساتەدا حەزم دەکرد بە ددانـەکـانم ونجڕونجـڕی بکـەم، تێیهەڵدەم، ماچی بکەم، جگەرەم بە تووڕەیی کوژاندەوە تا بـڕۆم .. بـە شـێوەیـەک پێیوتم کە هەستمدەکرد دمکوژێت:

- بەر لە ڕۆیشتنت لێم نزیکبەرەوە تا دڵنیابم! تـا بـە چـاو و دەسـتی خـۆم ببینم، بڕوا ناکەم.

ئەگەر ئێستا جۆرە دۆستێکی ئـافرەتـم لـەگـەڵـدا بووایـە، ئـەوا وەک گـورگ بـە پاریسدا دەگەڕاین. بەو پێکەوە نووساوییە سـەیـرەمـان، بێهێزیمـان و ئـەوانـەشـمان دەترساند کە سەیریان دەکردین. پاریس بۆ من دروست نـەبـووە .. مـن لـە پـاریس هەقی هیچم نییە، تەنانەت، بەلای خۆمەوە، ئەو ئاوەش لەوە زیاترە کە من شـیاوی خواردنـەوەی بـم. دوو سـبەی دەگـەڕێمـەوە بـۆ مـەرسـیلیا تـا دکتـۆر ڤـالی ببیـنم، پێویستە ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا بمێنمەوە تا پرسیاری ئـەوەی لێبکـەم کـە مـن لـە فەرەنسا چیبکەم بۆ ئەوانەی ئێستا لە بەندیخانەکاندا دەخەون.

ڤالیم زۆر خۆشویست و بڕواشم پێیەتی.

ئەی جنێـڤ؟ بڵێـی پێـشوازیم لێبکـات و گـوێم لێبگرێـت؟ ئـەی ئـەگـەر گـوێی لێگرتم توانای چی هەیە تا بیکات؟ نەخێر نابێت ڕەشبینبم، لێرە خەڵـک تێـدەگـەن و بە هانای خەڵکیشەوە دێـن، لـەوانـەشـە بـە ئـەنجامی وا بگـەم کـە هـەر بیریـشم لێنەکردبێتەوە.

جیهان هەمووی دەنگدەداتەوە کە بـەسـەرهـاتی ئـازاردان دەبیـستن، ئازاردانێـک کە شەو و ڕۆژ لە کەنارەکەی تر بەردەوامـە. مـرۆڤ چـۆن خـەوی لێـدەکـەوێت کـە دەنگی ئەو قوربانییانە، ساتێک چییە لە ناڵـەو نـووزە نـەکـەون؟ ئـەو جـۆرە ژیانـە لێرە نییە. کەس پەرۆشی خـواردن و نووسـتن و پێکـەنـین نییـە، خـەڵکـیش لـەوێ بێـدەنگانـە دەگـرین و دەمـرن. لـە دوا ڕۆژدا بـە ملیۆنـان دەنـگ، لـە سـروودێکی ترسناکدا، بڵند دەبێت و داوای کۆتاییهێنانی "ئاهەنگ"ە بەردەوامەکان دەکەن.

نوری بۆ ئازاردان ئەم ناوەی لێدەرچێت هیچی تر نازانێت. کە دانی بە باڵندەکانی دەدا، سەیری دەکردن، قسەی بۆ منیش دەکرد، دەیوت:

- ددانی پێدابنێ.. کوڕی سوزانی پێتدەڵێم ددانی پێدابنێ، ئاهەنگەکەی دوێنێ ماندوویکردم.. گەر قسە نەکەیت ئەوا بانگی عەبد دەکەم و ئاهەنگەکەش دەستپێدەکات، دەڵێی چی؟

لە جنێڤ پێیان دەڵێم ، کە گاڵتەجاڕی لای پیاوکوژان، گەیشتبووە ڕادەیەک، بە ئازاردان بڵێن ئاهەنگ.. جا کەوابێت، ئەوا لەسەر خاچی سوورو دامودەزگا مرۆییەکان پێویستە، لە پێناو کۆتایی پێهێنانی گاڵتەپێکردن و تێکشکاندن و مردندا کارێک بکەن.

* * *

ئەمجارەیان دکتۆر ڤالی تەنیابوو. کە چوومە ژوورەوە بە کلیل دەرگاکەی داخست، بە زەردەخەنەوە وتی:

- سوپاس بۆ خوا کە لەکاتی خۆیدا هاتیت، ئێستا دەتوانین بۆ یەکتر بدوێین. دەمەوێت هەموو شتێکت لە بارەی گرتن و ئازاردانەوە لێببیستم. هیوادارم پرسیارەکەم شتێکی خراپ یا هەست بریندارکردنی تێدا نەبێت.

بیرمە کەوتمە قسە. کە جگەرەیەکم دایە، وەریگرت، ئەگەرچی جگەرەشی نەدەکێشا. بە دکتۆر ڤالیم وت:

- دکتۆر نازانم باسی چیت بۆ بکەم، چۆن دەستپێبکەم و چۆنیش کۆتایی پێبێنم. پێنج ساڵی ڕابردوو هەر هەمووی، بە ڕۆژ و کاتژمێر و خوولەک و تەنانەت چرکەکانیشییەوە، ئازارێکبوون مرۆڤ بەرگەی ناگرێت.

بەم جۆرە کەوتمە قسە. لە ناکاو هەزاران وێنە لە مێشکمدا خڕبوونەوە.. ئەمجا تەقینەوە:

- دکتۆر.. شەوان دەیاننەڕاند:

"بیکوژن، نامانەوێت ئەم سەگە لەوەندە زیاتر پەستمان بکات.. بیکوژن. عەبد دەستی بگرەو بۆ دواوە بایدە. تۆش حاتەم، دارەکە ببڕە ...، نانا مەترسە، تێی ببڕە، ددانی پێدابنێ .. کوڕی سوزانی، دەبێف بتکوژم. تۆ کێیت تا وەڵام نەدەیتەوە؟ دەبێت بتگێڕمەوە بۆ .... دایکت، ددانی پێدابنێ. پشیلەکان بێنە، سەگە ڕەشەکە بێنە، جلەکانت داکەنە، ددانی پێدادەنێیت؟ دەی بڵێ هادی لە کوێیە؟ نەجم لەکوێیە؟ ئەوە کوڕی سەگ قسە ناکەیت!".

لە ناکاو وێنەکان لە مێشکمدا کۆبوونەوە. خۆم بینییەوە دەگریام. لە هەموو ژیانمدا وەک ئەمجارە نەگریاوم، دەنگی گریانەکەشمم وەک هاژەیەکی کپکراو دەگەیشتێ.

بۆچی گریام؟ ئەی دکتۆر ڤالی بۆمن چۆن مرۆڤێکە؟ ئایا توانای یاریدەدانمی هەیە؟ شتێک بکات لە پێناو ڕزگاربوونم لەو ئازارەی کە لە ناخمەوە وەک لێشاوێکی شێتانە هەستمپێدەکرد؟ دەبووایە شتێکم بکردایە، شووشەکەم بشکاندایە، سەری خۆمم بشکاندایە، خۆم بە زەویدا بکێشایە .. بەڵام گریان تاکە ڕێگای کراوە بوو کە لە بەردەممدا بەدیم دەکرد.

دکتۆر ڤالی لێمگەڕا ماوەیەکی زۆر بگریم. نارەزایی دەرنەبڕی، دەستی بۆ درێژ نەکردم. تا کە هەستم بە پشوویەک کرد، هەستام و سەرم داخست. لە گۆشەیەکدا وەستام، دەستەسرێکم دەرهێناو چاو و ڕووم پێسڕی و ئەمجا جگەرەیەکم دەرهێنا، دامگیرساند بۆ لای دکتۆر ڤالی وەرچەرخام.

ویستی نیگایم لێدووربخاتەوە. ئایا ئەویش لەو ساتەدا دەگریا؟ ترسی لاوازی و خۆنەگرتنی هەبوو؟ شتێکم لە چاویدا بەدیکرد، بەڵام دوایی کە گوێم لە قسەکانی بوو، بۆم دەرکەوت ئەو پیاوەی کە دەیبینم هەرگیز لە من ناچێت. کە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانی تا نیگامان یەکانگیر نەبن، پێیوتم:

- برادەر ڕەجەب مەترسی زۆرم لە ژیانتە.

جا بێدەنگبوو هەر وەک نەیەوێت لەسەری بڕوات، بارێکی پڕ مەترسی دایگرتین. لەو بارەدا هەنگاوی شێواو و نادیارمان لە ڕاڕەوەکەدا دەبیست .. دکتۆر ڤالی بە تەواوی دەنگی خۆیی گۆڕی و وتی:

- ئەو تەنگوچەڵەمانە دەزانم کە تووشت هاتوون، بەڵام بە پیاوت دادەنێم .. ئەوەشی پیاو بێت ناڕووخێ. حەزدەکەم بزانیت کە لە خێزانەکەمدا تەنیا من ماومەتەوە. دوو برایان کوشتم، دایکیان کوشتم، ئەمجا ژنەکەشیان کوشتم. خۆشم بەدیل گیرام و دواتر هەڵاتم. لەو کاتەوەی دەستم لە تفەنگ گیربوو، تا شەڕ کۆتایی نەهات دامنەنا.. کە دەجەنگیت دەمەوێت بە قینەوە بجەنگیت. قین چاکترین فێرکەرە.. پێویستە پەستی و دڵتەنگییەکەت بکەیت بە قین، هەر بەم ڕێگایەش سەردەکەویت. بەڵام ئەگەر بێورەبیت، ئەوا دەبەزیت و لێدەبیتەوە. وەک مرۆڤێک دەبەزیت. وەک کێشەیەکیش لێدەبیتەوە. ئەوەندەی من بزانم وڵاتەکەتان پێویستی پێتانە، هێشتا سەرەتاتانە. ئێستا هەموو تکایەکم، پارێزگاریکردنی تەندروستیتە، تا توانای بەردەوامی جەنگەکەت هەبێت.. نازانم بەرامبەر بە کێ دەجەنگی و لە پێناو چیشدا، بەڵام وادەزانم زۆر شتتان لەبەردەمدایە کە دەبێت بیکەن ..

دکتۆر ڤالی لە قسەکانیدا دەنگی شەپۆلی دەدا، بەرزونزم دەبۆوە، هەر وەک ماندوێتی یان نەخۆشی بارگرانی کردبێت. لە چەکمەجەی مێزەکەیدا شووشە دەرمانێکی دەرهێنا، دوو دەنک حەبی لێدەرهێنا، یەکێکیانی دا بەمن و یەکەکەی تریشی بۆ خۆی دانا. کە پەرداخە ئاوەکەی دەدامێ، وتی:

- ئەم جۆرە حەبانە ناخۆشی و پەستی هەڵدەمژن.. بەڵام لەو دەنکەت زیاتر نادەمێ، تا پێی ڕانەیەیت.. دەبێت بە باوەڕی خۆت ڕابێیت، وەک چۆن ئێمە لە کاتی شەڕدا ڕاهاتبووین.

دوای قوتدانی دەنکە حەبەکەم، پەرداخە ئاوەکەی هەڵگرت و ئەویش حەبەکەی خوارد. کە لە سەرەوە چاوی تێبڕی بووم لێیپرسیم:

- دەڵێی چی؟

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. برایانە بە شانمی دا کێشاو وتی:

- ئێستا دەکرێت پشکنینت بۆ بکەم، تا بزانم دەرمانەکان تا چ ڕادەیەک کاریگەربوون.

بەگوێم کردو چوومە سەر مێزی پشکنینەکە.. دەستی بۆ سنگم درێژ کرد، بۆ پشتم، دەستی ساردبوو، بە هەوای هەناسەبڕکێکەی پشتمی گەرم دەکردەوە. قژی ڕاکێشام کە دەیوت:

- ئایا ماوەیەکی زۆر لێرە دەمێنیتەوە؟
- لەوانەیە.. بە تەواوەتی نازانم، ڕەنگە یەک دوو مانگێک بمێنمەوە!
- لە دوا هەفتەدا دەبێت جارێکی تر بتبینمەوە، چەند پشکنینێکی نوێ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک باشبوویت!

* * *

لە ئاهەنگی خلیسکێنەی سەر بەفردا، کە هەموو میرسیلیا باسیان لێوەدەکرد و بێئارامانە چاوەڕوانییان دەکرد، بۆ یەکەمین جار عەبدول غەفورم بینی. نازانم ئەو ئێوارەیە چۆن قاچم بەرەو شانۆی "ئاشە سوورە"یان کێشکردم. لە ناکاو خۆم لەناو کۆمەڵە خەڵکێکی زۆردا بینییەوە کە چاوەڕوانی بوونە کاتژمێر شەشیان دەکرد. وەستام تا بزانم چی هەیە، ئەوەی بەبیرمدا نەدەهات تیپی یاری سەر

شەختەبوو. نەشمدەزانی دوای چەند خوولەکێک بە تەنیشت کچێکی کەژاڵەوە دادەنیشم.. هەمووی ڕێکەوتبوو.

عەبدول غەفور کە بینیمی پێدەکەنی، چونکە هەر لە یەکەم ساتەوە زانی هەردووکمان خەڵکی کەناری دەریای ناوەڕاستین. پاریسیانە پرسیاری لێکردم، کە گەر بلیتم پێویستبێت. لێی پرسیم و دەیویست داوای لێبووردن بکات و مەبەستەکەشی ئاشکرا بکات، وتی:

- چاوەڕێی برادەرێکم دەکرد کە لەپاریسەوە بێت، بەڵام نەهات. ئێستاش بلیتێکی زیادەم پێیە، پێویستتە؟

بێبیرکردنەوە دەستم بۆ گیرفانم برد و نرخی بلیتەکەم دایە! شتەکە لە پڕدا بوو، هەر کە چووشمە ژوورەوە عەبدول غەفورم بینییەوە، زۆر تەریقبوومەوە کە ماسیی ئاسا بۆ ئەو کورسییە بەتاڵە دەخزام. لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، لای ڕاستمەوە. ئافرەتێکی کەژاڵی باڵابەرزیش لای چەپمەوە. لەو چەند خوولەکەی کە مابووی بۆ دەستپێکردنی ئاهەنگەکە، سەبارەت بە بیانێتیم، پرسیاری لێکردم، هەرکە سەری بەڵێم بۆ لەقاند، وتی:

- ڕێمبدە بزانە هەڵیدێنم خەڵکی کوێیت!

هەستمکرد دەیەوێت بەپەلە سەهۆڵبەندانەکەی نێوانمان بشکێنێت. ڕاچەنیم، تا پەشیمانی لە ئامێزی گرتم. گومانی ئەوەم کرد چاودێریی منی پێسپێردرابێت، ئەگینا چۆن لە شەقامەکەدا دۆزیمییەوەو خێرا هانی لێکڕینەوەی بلیتەکەی دام؟ ئێستاش چۆن بەمشێوەیە دەمناسێت کە مافی لەگەڵ دوواندنمی هەبێت و گاڵتەش بکات؟ کە گومان مێشکی دەگرتمەوە، وتم:

- من خەڵکی ئەوێم پێویست بە دیتنەوەی تۆش ناکات. پێدەچێت پێشتر یەکترمان ناسیبێت. لەکوێ یەکترمان بینیوە؟

ئاوڕی تەواوی لێدامەوە، سەرنجی دەموچاومی دا، لچی هەڵقورچاند، هەر وەک بڕوا نەکات. وتی:

– لەوساتەوەی کە دیومیت وای بۆچووم، کە خەڵکی ئەوێ بیت. بەڵام پێشتر یەکترمان نەدیوە!

– تۆ لەوە دڵنیایت؟

– زۆر دڵنیام.

جا بێدەنگ بوو، ئەمجا پرسی:

– ئەی دێف بە بیرتدا کە یەکترمان دیبێت؟

– من وای بۆ دەچم؟

– لە کوێ؟

– ڕەنگە لەسەر پاپۆڕەکە..

خەریکبوو پێشیبڵێم لە بەندیخانە. ئەمە سەرەتابوو ناشزانم بۆچی بووینە هاوڕێ. عەبدول غەفور لە هونەرەجوانەکانی مەرسیلیا دەیخوێند. ئەو ماوەیەی بێسەفەرکردن بەسەر بردبوو، هەر وەک پێیوتم، تەنیا جارێک نەبێت، کە ئەویش بۆ پاریس چووە. وتیشی قینی لە سیاسەتەو حەزیش بە قسە لەبارەکردنییەوە ناکات، پەیوەندیشی بە خوێندکارانەوە نییە، بەڵکو هەموو کاتەکەی لە پەیمانگاو ئەمجا لە مۆزەخانەکاندا بەسەر دەبات، ئەوەشی کە دەیمێنێتەوە لەگەڵ ئافرەتدا بەسەریدەبات!

بە شێوەیەک کە تاکو ئێستا لام ڕوون نییە، بووینە هاوڕێ، هەر وەک چەند ساڵێک بێت یەکترمان ناسیبێت. لە بارەی مەرسیلیاو فەڕەنسا و هونەرەوە دووایین، دواتر دڵنیابووم لەوەی کە نابێت ئەو، پەیوەندی بەوانەوە هەبێت کە بەر لە سەفەرەکەم پێیانوتم: "ئارەزووت لە هەر شوێنێک بوو بڕۆ، ئەوەندەمان لە توانادایە بزانین چیدەکەیت. وریابە، وامەزنە کە ئێمە لێتەوە دوورین." .

ئەگەر عەبدول غـەفـور کـەسـێکی تـر بووایـە، گوێیـەکی تـری هـەبووایـە، ئـەوا ڕزگاری دەکردم، بەڵام بە تەواوەتـی خـۆی لێکـەڕکردبـووم، جارێکیـان کـە سـەیـری تابلۆی "گاڕنیکا"مان دەکرد، پێیوتم:

- دەزانی گەر وێنەکێشێکی لای خۆمان ئەم تابلۆیەی بکێشایە بەردبارانیـان دەکرد؟ ئەزانی بۆ؟
- نەخێر.
- چونکە شارستانێتی پـەیـژەیـەکی بێکۆتاییـە، گـەلان دەبێـت لـە یـەکـەم پلەیەوە دەستپێبکەن. گەلـی ئێمـەش هێشتا پـەیـژەکـەی نـەدیـوەتـەوە، شتێکیشی بەناوی شارستانییەوە نەبیـستووە. بۆیـە ئـەوەی لێـدەرچێت، هەر هەوڵدانێک بۆ قاییلکردنی هەڵەیە..
- مەبەستت سەیری شێوازی کێشانەکەی، یان بابەتەکەیەتی؟
- هەردووکیان؛ شێوازو بابەتیش.
- ڕەنگە شێوازەکە وابێت، بەڵام بابەت، ئـەرکـی هونـەرمـەنـد، هـەڵبژاردنـی کێشە جۆراوجۆرەکانی گەلەکەیەتی، کارەساتە جەرگبڕەکان، دڵتـەنگـی و پەستی، هیواو ئاوات. ئەم تابلۆیەش کـارەسـاتێکی گـەورەیـە، "بیکاسـۆ" لەم بابەتەیدا توانیوێتی سەرکردایەتی شۆڕشێک بکات.
- بیکاسۆ سەرکردایەتیی گەلێکی دەکرد کە لە شارستانێتی شـارەزا ببـوون .. بەڵام لەوێ ئەوان شارەزای هیچ شتێک نین.
- کەواتە پێویستە تۆش بەشداریت هەبێت.
- دەبێت نـەفـرەت لـەو ڕۆژگـارە بکـەم کـە لـەسـەر ئـەو کـەنـارە هێنامییـە کایەوە.
- بۆچی؟

- چونکە ئێمە بەرەودواوە دەگەڕێینەوە. شارستانێتیمان ناوێت و دژایەتیشی دەکەین، زۆرمان ماوە تا لەم ڕاستییە بگەین!
- بە هەڵەدا چوویت..
- تا زۆر لەسەرم نەکەوێت، هەڵەم بەلاوە چاکترە!
- مەبەستت ترستە لە بەندیخانە؟ لە لێپرسراوێتی؟
- ...ڕێک ئەوە مەبەستەکەمە!

لەو ڕۆژەوە لەبارەی سیاسەتەوە قسەم لەگەڵدا نەکرد. هەرگیز گیرانی خۆم و ئەوەشم پێڕانەگەیاند کە ئەوێ ونجرونجرِی کردووم و وەک لاشەیەکیش تووڕی داومەتە مەرسیلیاوەو چاوەڕێی دواکاتژمێری خۆی بکات. هەستمکرد، گەر تاکە وشەیەکی وام لا بدرکاندایە بە درۆزن دەردەچووم، بۆیە بێدەنگبووم.

دوای ماوەیەک عەبدول غەفور ڕۆیشت، لەگەڵ خۆیدا نامەیەکی بۆ حامید برد، کە دوو نامەی تریشی تێدابوو، بۆ ئەنیسەو بۆ عادل. عەبدول غەفورم ڕاسپارد کە هەر سێ ڕۆژ جارێک سەردانیان بکات و کاغەزەکانیان وەبیر بهێنێتەوە. لەبارەی ئەو کاغەزانەوە لێینەپرسیم، منیش پێمنەوت. دڵنیایکردم کە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، خۆشی دەزانێت چۆنیان دەشارێتەوە.

لەماوەی ڕۆیشتنەکەیدا، ئەو زانیاریی و یادداشتانە ئامادە دەکەم کە دەبێت لە جنێڤ پێشکەش بە خاچی سووریان بکەم.

نامەیەکم لە ئەنیسەوە پێگەیشت، پێی دڵنیانەبووم. دووجارم خوێندەوە شتێکی سامناکی نەوتبوو، بەڵام مەترسیم لەو شتانەهەیە کە نەیوتوون. بۆچی دەیویست بەپەلە بگەڕێمەوە؟ تاسەو بیرکردن بێت؟ هی خۆیی و منداڵەکانی؟ گەر تاسەو بیکردن وایلێکردبێت کە پێ لەسەر گەڕانەوەم داگرێت، ئەوا بە جۆرێکی تر ئەوەی دەنووسی، قسەی تری دەکرد. پێدەچێت زیاتر لەجارێک نامەکەیی نووسیبێت. بە پاش و پێشخستنی دێڕێکدا زانیم، بە هۆی ڕۆژی

نووسینەکەشییەوە. ڕەنگە بەهۆی منەوە تووشی گرفت هاتبن. لەم ڕۆژانەدا نامەیان بۆ دەنووسم. خۆ ئەگەر عەبدول غەفور گەڕایەوە ئەوا هەموو شتێکم بۆ ڕووندەکاتەوە!

پێش ئەم نامەیە بیرم لەوەدەکردەوە، هەر بە گەیشتنەوەی عەبدول غەفور دەست بە ژیانێکی نوێ بکەم. لەو بارەیەوە قسەمان پێکەوە کردبوو. بە پێکەنینەوە وتی: ئەگەر بڕیارت دا ئەوا شتەکە ئاسانە، هەرکە "ئەڤیلین"ی دۆستم لە پاریس گەڕایەوە، داوای لێدەکەم لەگەڵ باوکیدا مەسەلەکە باس بکات. لەو باوەڕەشدام باوکی پێخۆشحاڵ دەبێت کە لە کارگەی سابوونەکەی خۆیدا داتبمەزرێنێت.

نامەکە یەکەم نیشانەی سوورە کە لە ژیانمدا شەوقبداتەوە. نامەوێت پەلە بکەم، بەڵام پێدەچێت ناچاری دووبارە پێداچونەوەی پرۆژەکانم ببمەوە کە مێشکیان گرتوومەتەوە.

نامەکەی حامید دڵنیایی تێدایە، زرنگانەوەیەکی ئاشکرای تێدایە، پێمدەڵێ: ئاگاداری تەندروستی خۆت بە، بۆ گەڕانەوەکەشت، بەوشێوەیەی کە بۆت دەلوێت، بڕیاری لەسەر بدە.. بۆچی حامید بەم بڕوایەوە دەنووسێت؟ شێوەی قسەکردنەکەی واتای بەرهەڵستی پێوە دیارە، یەکەم جاریشە ئاوا کورت و بەجێبن، جارەکانی پێشوو بەجۆریکی تر دەینووسی. ئەی پارەکە.. بۆچی بەو جۆرە گۆڕیویەتییەوەو ناردوێتی؟ بڵێی ڕێگەی گۆڕینەوەو ناردنیان نەدابێت، بۆیە ناچاری ئەمشێوە ناردنەبووە؟ بڵێی ئەو ڕێگایەی گرتوویەتی ئاسانترین و کورتترینیان بێت؟. ئەوان تووشی تەنگوچەڵەمە هاتوون، گەر لەوێ ژیان بە شێوەیەکی ئاسایی بگوزەرایە، ئەوا حامید لە ناردنی نامەکە یان پارەکە پەنای بۆ شێوازێکی نوێ نەدەبرد.

عەبدول غەفور تۆ لە کوێیت؟ پێویستە بە پەلە بگەڕێیتەوە تا هەموو شتەکانم بۆ باس بکەیت! دەشبێت خێرا لەئامادەکردنی یادداشتەکان ببمەوە، گەر

تەواومکردن ئەوا ئێوارەی ڕۆژی شەممە دەڕۆم، بەیانی دووشـەممـە لـەبـەر دەرگـای خاچی سووردا دەبم. دەبێت بچمە لای بەڕێوەبـەری گشتیی و هـەمـوو شـتێکی بـۆ باس بکەم، بێئەوەی ماوەیەکی زۆر بە قسەو پرسیار بەسەربەریـن یادداشـتەکـەیـان پێـشکەشـدەکـەم. چـەنـد ڕۆژێکـیش لـە جنێـڤ دەمێنمـەوە. کـە لـە خوێننـەوەو لێکۆڵینەوەی یادداشـتەکـان دەبنـەوە، بـا بـە دوای شـێوازی کاریگـەردا بگـەڕێـن تـا پەنای بەرنەبەر. عەبدول غەفـور زۆر نامێنێتـەوە. ڕۆژی چوارشـەممـە لێـرە دەبێـت، یان ئەو پەڕەکەی ڕۆژی هەینی. کاتێک ئەو دەگەڕێتەوە من لە جنێـڤ دەبـم، بـەڵام دەبێت بەپەلە بگەڕێمەوە تا دەیگرم و سەرلەنوێ ژیانم ڕێکبخەمەوە. هـەمـوو شـت بە هەواڵی نوێوە بەندە، نامەوێـت هـیچ خوێنـدکارێک ببیـنم، ناشـمەوێـت ڕۆژنامـەی نیشتمان بخوێنمەوە. ڕۆژنامەکـانیش لـە ناخۆشـی و تـووڕەیـی بـەولاوە شـتێکی تـر ناگەێنن. دکتۆریش ئامۆژگاری کردووم کە لە هەموو ئـەو شـتانە دوورکـەومـەوە کـە دەبنە هۆکاری هەڵچوون، هێشتا گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکـانی دکتـۆرم و بـەجێـشیان دەهێنم و دەبێت هەوڵی بەردەوامبوونیشیان بدەم!

گوللەی بەزەیی، هات. بە ناوێکی نـەناسـراوەوە کـە پێـشتر هـیچم لـەبـارەیـەوە نـەبیـستووەو هیچیـشم لێنـەزانیـوە. نامـەیـەکـی ڕاسـت و ڕەوان، زۆر کـورت و زۆر ئاشکرام پێگەیشت:

"بەڕێز ڕەجەب ئیسماعیل.

داوای لێبوردنت لێدەکەم چونکـە بـەر لـە ناسینت نامـەت بـۆ دەنووسـم، بـەڵام ڕۆژگارەکە ناچاری ئەوەم دەکات. تا وا بیرنەکەیتەوە کە خراپەیەک یان پیلانێک لـە ئارادایە. پێتڕادەگەێنم کە من هاوڕێی حامیدم، هەر منیش لەم دواییانـەدا پـارەم بـۆ دەگۆڕیتـەوەو بۆشـم دەناردیـت. پـارەکـانم لـە دەرەوەی وڵاتـەوە دەگۆڕییـەوەو دەمنـاردن، پـاش ئـەوەی کـە حامیـد توانـای ناردنیـانی نـەمـا. گـەورەم، شـتەکـە بێپێـشەکـی، ئێـستا حامیـد دەسـتبەسـەرە، لـەو مـاوەیـەی دوایيـدا گیـرا، دوای

گرتنەکەشی داوایانلێکرد کە ڕۆژانە سێ جار سەر لە بنکەی پۆلیس بدات، تا بوونی خۆی بسەلمێنێت.. مانگێکیان بۆ داناوە، داوایانلێکردووە لەو مانگەدا تۆ بێنێتەوە. حامید وتی هەرچییەک ڕووبدات من هیچی بۆ نانووسم، پێشدەچێت هەڕەشەی لە خوشکەکەت کردبێت، چونکە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا خوشکەکەت هاتە لام، سەرسامبوو نەیدەزانی چیبکات!

ئەم شتانە دەخەمە بەرچاوت. خۆشت بەئارەزووی خۆت ڕەفتار بکە. ئەوەش بزانە کە کەس داوای لێنەکردووم ئەم نامەیە بنووسم و پرسیشم بەکەس نەکردووە. بەڵام بەبۆچوونی تایبەتی خۆم باری ژیانی حامید پێویستی بە چاودێریکردن هەیە، بە تایبەتی کە خۆت دەیزانی منداڵەکان بەبێ باوکیان تووشی گرفتی ڕاستەقینە دەبنەوە. ترسی ئەوەم هەبوو گەر حامید بەمە بزانێت زۆر سەرزەنشتم بکات، بەڵام من وای بۆ دەچم کە باری تۆ یەکالابۆتەوە، ئەگەر لێرەبیت هیچ جۆرە گرفتێکی ڕاستەقینە نایەتە ڕێت. تکاموایە بڕیارێکی پەسەند بدەیت. بە تایبەتی، مۆڵەتەکەی بە حامیدیان داوە، کۆتایی ئەم مانگە دوایی دێت!

جارێکی تریش داوایلێبوردن دەکەم، سڵاوی برادەرێکیشت لێبێت کە پێشتر نەتدیوە!"

(حوسنی عەبدول جەلیل)

کەواتە حامیدیان گرتووە! ئێستا حامید دەستبەسەرەو تا دەشچمەوە هەر دەستبەسەر دەبێت، پێیانوتم:

– "دوو مانگ چاوەڕێت دەکەین، دەبێت دوای ئەو دوو مانگە بگەڕێیتەوە. بە ڕاپۆرتی نەخۆشی یان هیچ بیانوویەکی تر قاییل نابین. ئێمە دەزانین لە دەرەوەی وڵات چۆن چۆنی ڕاپۆرت دەدەن".

ئێستا بیر لەمانەوەو کارکردن دەکەمەوە، بیرم لە جنێڤ دەکردەوە، ئەو سروودەی کە هەموو جیهان بە یەک گەروو دەیچڕن، تا داگیرکەران و پیاوکوژان

بترسێنێت یان ڕایانگرێت! ئـەی ڕۆمانـەکـە؟ توانـای نووسـینی چ ڕۆمـانێکم هـەیـە؟ جارێک هەڵەمکرد، جارێک ڕووخام. ئێستاش هەلم بۆ هەڵکەوتـووە تـا هـەسـتمەوە، تا هاوار بکەم. لێیاننەگەڕێم حامید بکوژن. با کوشتنی هادی و ڕەزوان بەسبێت، با دارکاریکردنی سەدان و هەزاران بەسبێت. خۆ من بە بەندیخانە نامۆ نیم. گـەر بمـرم کوڕێک لەدوای خۆم جێناهێڵم بگـری. بـەڵام گـەر حامیـد بکـوژن چـوار منـداڵی لـە پاش بەجێدەمێنێ. پێویستە شتێک بکەم. دەستبەرداریان نابم!

بیست ڕۆژی ماوە تا مانگ تەواو ببێت، لەم هەفتەیـەدا سـەفـەرم بـۆ دەکرێـت، ڕەنگە هەفتەیەکی تریش چاوەڕێ بکەم. لەوانەیە چاوەڕوانی عەبدول غـەفـور بکـەم، کە گەڕایەوە هەواڵ و نامە لەگـەڵ خـۆی دێنێـت، دەزانـم چـۆن بڕیـارێکیش دەدەم. بڕیاری ئەمجارەیان دوا بەرگری دەبێت. دەزانم لە خۆم خۆشنابم، هەرچییـەک بکـەم لەخۆم خۆشنابم. پەڕە کاغەزەکە لە ژێر دەستە ئارەقاوییـەکـەمـدا دەلـەرزی، بـەڵام وازۆمکرد و ڕووخام.. ئێستاش ئەوان بانگم دەکەنەوە تا وازۆکەم بکێشمەوە..

خۆ پاککردنەوە، لێخۆشبوون، هەزاران نیازیی بێتاوانانە کە لە شەوانی بەسـامدا دایانـدەگـرتم، لام وابـوو بـەیـەکجارەکـی لـەدەسـتمچوون.. ئێـستا جـارێکی تـر وان لەبەردەستم داو دەیانبینمەوە.. ئاواتی پاکبوونەوەی ڕاستەقینەم نییە، ئاواتەخـوازی لێخۆشبوون نیم. بـەڵام دەمـەوێـت شـتێک بکـەم تـا پاشـماوەی مرۆڤگـەلێـک ڕزگـار بکەم، کە هەموو ساتێک لە ناخمدا هەست بـە تێکشکاندنیان دەکـەم. ئـەوان هێنـد بەڕێزن کە پێشبینیم نەدەکرد. ئەوان ڕێی بوونی بـەرگریکردنـی مـافی ڕەوای خـۆمم بۆ خۆشدەکەن. جارێکیتریش بەرەنگاریان دەبمەوە، با هەرچییـەک دەکـەن بیکـەن. ئێستا گوێ بەژیان نادەم، ئەو ژیانەی کە بەلامەوە پڕییەتـی لـە پیسی و ناپـاکی و ڕووخان..

پێیاندەڵێم: هاتمەوە.. وا هاتمەوە کـە خـۆم چۆنمـدەوێـت ، نـەک وەک ئـەوەی ئێوە دەتانەوێت. لەشمتان دەدەمێ، بەڵام باوەڕ، ئەوەیـان لـە گـەشـتە تاریکـەکـەدا

فێربووم چۆن جارێکی تر بەدەستی دێنمـەوە. ها پیاوکوژینـە بیگـرن، ها لـەشـێک بگـرن کـە جگـە لـە بـاوەڕ و خـۆگریی هیچـی تـری تێدانـەمـاوە. هـەرچییـەکتـان لەدەستدێت بیکەن. بێدەنگییەکەم ئەو پەرچدانەوەیە دەبێت کە جـەرگتـان ببڕێـت.. لە سبەینێوە، لە مەرسیلیاوە بۆ خاچی سوور دەنووسم. هەموو شتێکیان پێدەڵـێم. دەزانم شتێک نەگۆڕاوە. دەزانم لە جاران زیاترم لێـدەدەن، بـەڵام هـەر دەگـەڕێمـەوە بۆ لایان.. ئەوەتا گەڕامەوەو یەک شتیش فێربـووم، بـە ڕێکـەوت فێـری بـووم. ئـەی پیاو کوژینە، ئێوە ئەو شتە دەزانن؟ ئـەوە قینـە.. بـە قینـی خـۆم قینـی ملیۆنـان کەس بەندیخانەکانتان دەڕمێنین. زیندانەکانتان دەڕووخێنین. یەک بەندیخانـە چییـە لەسەر ئەو زەوییـەی بـە کـەنـاری خۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـتدا درێژبۆتـەوە تـا قـوڵایی بیابانەکان بەپێوە نایهێڵینەوە. بـەندیخانـەکانتـان بـەدەسـتی خۆمـان دەڕووخێنـین، نەک بە زماندرێژی هەر وەک چۆن زۆربەیان دەیانکرد. بە قسەکانیان بەندیخانـەیـان دەڕووخاند و جارێکیتریش دروستیاندەکردنـەوە، ئـوتێلی نوێـشیان تێـدا دەکـردەوە، ڕاڕەوی نوێیان تێـدا دروسـتدەکـرد تـا پێـشوازی لـە لێـشاوی خـەڵکـی نـوێ بکـات. ئەمجارەیان بمبەن، بەڵام لە لاشەیەکی مردوو بەلاوە شتێکی تر نابـەن، جـا ئـەوەی کە من هەوڵی ڕزگاربوونیم دا هەر خۆتان ڕزگارتان کرد!

* * *

کە عەبدول غەفور کاغەزەکـانی دامـێ، دوای سـەرنجـدانێکی پـەلـە پێچامنـەوە. ئـارەزووی نووسـین لـە دەروونمـدا گـۆڕکرا.. گـەر مـاوەی نووسـینم هـەبـوو ئـەوا دەنووسم، بەڵام ئێستا پێدەچێت کـات بـەسـەرچـوو بێـت.. گشت وشـەکـانی سـەر زەویش توانای بەندێکی ئازارچێژ ڕزگار بکەن..

لە عەبدول غەفورم پرسی:

– خوشکەکەمت بینی؟ هیچی پێوتی؟

به پەستییەوە وتی:

- بینیم. وتی ئاواتەخوازم ڕەجەب لە فەرەنسا بمێنێتەوە، بەڵام پێدەچێت مانەوەکەیمان زۆر لەسەر بکەوێت.
- ئەی داوای گەڕانەوەمی لێنەکردی؟
- نەخێر.
- ئەی حامید؟
- پێیوتم با تا چاکدەبێتەوە لەوێ بێت، با زۆرترین ماوە بمێنێتەوە. دەیەوێت لێرە، لەوڵاتی زیندانەکاندا چیبکات؟
- چیتریش؟
- خوشکەکەت دڵتەنگ و خەمناکبوو، کە خواحافیزی لێکردم گریا.
- چوارشەممەی ئایندە دەگەڕێمەوە. بە ئەشیلۆسیش دەگەڕێمەوە.

* * *

سبەینێ دەگەڕێمەوە. کاتژمێر یانزە پاپۆڕەکە بەڕێدەکەوێت. چ پاپۆڕێکیش؟ جارێکیتر ئەشیلۆس. ڕێکەوتە؟ ئارەزوویەکی شاراوەیە؟ هەست بە هۆگرییەکی قیناویانەیە؟ شتێک هانی دام کە سەفەرەکەم پێنج ڕۆژ دوابخەم تا هەر بە ئەشیلۆس بگەڕێمەوە. جنێوی پێنادەم، پێیناڵێم ئەی ئەشیلۆسی داوێنپیس، ئەی هەڵلووشەری ڕۆڵەکان. کەس لەسەر ئەشیلۆس نەمردووە. بە درێژایی هەشت ڕۆژ نەمبیست یەکێک بمرێت. لە بەندەرەکاندا خۆت لە هەموو نەفەرەکان و هەموو ئەوانەی ناو سکیشت خاڵی کردەوە. سبەینێ دەگەڕێتەوە، تا جارێکی تریش لە بەندەرەکاندا بووەستی و چیت لە ناودایە تووڕیان بدەیت. تا کە دوابەندەریش هات، جانتاکەم هەڵدەگرم و دادەبەزم.

ئەم بەیانییە ماندووبووم، لە دروستکردنی بەرگێکی ناوەوەی جانتاکە بوومـەوە. پەڕە کاغەزەکان دەخەمە نێوان هەردوو بەرگەکەیەوە تا کەس نەیانبینێتەوە. ئەگـەر ئەشیلۆس نوقـوم ببێت، ئـەوا پـەڕەکـانیش لـەگـەڵیـدا دەچنـە بـن دەریاکـەوە، بـە ڕاکشاوی لەوێدا دەمێننەوە تا دەخووسێنەوە و دادەڕزێـن یـان ماسـیی ونجڕونجڕیـان دەکات. چاوی شووشەیی نایانبینێت. پەنجە مۆمییەکانیان لێناکەوێت. خـۆ ئـەگـەر ئەشیلۆسیش نوقوم نەبێت ئەوا دەگاتە دوابەندەر. بەدەسـتێکی نـەترسـانە جانتاکـە هـەڵـدەگـرم و دادەبـەزم. جانتاکـە دەکێـشم بـە دەموچاویـان داو، بـەو سـەرنجـە بەبڕوایەوە پێیـان دا دەڕوانـم. کـە لێمـدەپرسـن چیمپێیـە، بـەرهـەڵـستانە وەڵامیـان دەدەمەوە:

– ئەوە جانتاکەیە بیگەڕێن.

هەروا بە نەگۆڕی دەمێنمەوە. لە بەندەرەکە دەچمە دەرەوە، بە دەموچـاوی پـڕ لە پێکەنینەوە لە دەرگاکە دەدەم. کە وردیلەکان دەبینم، بەشێوەیـەکی جیـاواز لـە ماچی سێ مانگ لەمەوبەرم ماچیاندەکەم. ئێـستا بـە دیـاری و پێکـەنـین و هیـواوە دەگـەڕێمـەوە. دەڵـێم هاتمـەوە. دەمتـوانی لـەوێ بمێنمـەوە. زۆر بیـرم لـە مانـەوە کردەوە، بەڵام ئەوەتا وا دەگەڕێمەوە. کـەس هـانی گـەڕانـەوەی نـەداوم. گـەڕامـەوە چونکە توانای مانەوەی ئەوێم نەبوو. وردیلەکان لێمدەپرسـن، بـەدەورمـدا ڕادەکـەن، پێمدا دەڕوانن، یەکە یەکە لەباوەشیان دەگرم. بە پێکەنینەوە ماچیاندەکەم. تا گـەر مانـــدووبوون یـــان بێزاربـــوون دیارییـــەکانیـــان بـــۆ دەردەهێـــنم، جـــارێکیتریش هەڵدەبەزنەوەو هەر یەکـەیـان دیارییـەکـەی خـۆی بـەدەسـتەوەیـە، بـە سـنگییەوەی دەگرێ و دێتـە پێـشەوە تـا دیـاری ئـەوانـی تـریش ببینێـت، ئـەمجـا دیارییـەکـان دەگۆڕنەوە، تا هی یەکتری تاقیبکەنەوە. ئەمجا هەر یەکەیان بە پێکەنینـەوە دیـاری خۆی وەردەگرێتەوە. کـاتێکیش وردیلـەکـان هێـوور دەبنـەوە، زۆر سـەرنجی چـاوی ئەنیسە دەدەم و بە پەرۆش و تاسەو ئارەزووەوە پێدەکەنم. ئەنیـسە وا گـەڕامـەوە،

هەر خۆم گەڕامەوە. نامەوێت کەس نرخی ئەو سەربەستییە پڕوپووچەم بدات! ئەنیسە، پەڕە کاغەزەکانم بەپەلە خوێندەوە، خۆشم کاغەزی وەک ئەوانەم نووسیوە. ئەی ئێستا.. دەزانیت هەموو پەڕە کاغەزەکانم لەکوێدا داناون؟. بە خۆمن، تۆ بەجێگاکەیان نازانیت. بە پرسیارەوە تێمدەڕوانێت. ئەمجا کە بە جانتاو جلەکاندا دەڕوانێت هیچ نابینێتەوە، وەک پشیلە ڕادەپەڕم، تا بە ڕقەوە بەرگەکە داماڵم و سامانە بێنرخەکە دەربێنم!

بە بڕی ئەو پەڕە کاغەزانەی کە سووتاندوومن، وەک ئەنیسە لە نووسینەکەیدا دەڵێت، لە ئازاردا گینگڵم دەخوارد. لەو سێ مانگەدا کە ناچاری دڕاندنی کاغەزێک دەبووم، ئەنیسە ترس دایدەگرتم، نووسیم، بەبێهۆشی نووسیم. لەوانەشە گەر کاتێکی تر بمخوێنایەتەوە، زۆر قینم لە خۆم ببوایەتەوە، چونکە ئەو قسە پووچەڵانەم نەسووتاندووە.. بەڵام من ئێستا پیاوێکی ترم. هەست بە نزیکبوونەوەی کۆتایم دەکەم. کەس ئەمەی پێنەوتووم، ئەوەم لە چاوی دکتۆرەکاندا خوێندەوە. جۆری قسەکردنیان ئەو ترسەی دەگەیاند. وشەکانیان لەسەرخۆ دەدرکاند: "نامانەوێت خەیاڵێکی پووچ لەدەروونتدا بەرپا بکەین.. تۆ نەخۆشیت و نەخۆشییەکەشت گرانە بەڵام مەترسی بۆ ژیانت نییە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پێڕەویی ئەو سیستمە بکەیت کە بۆتی پێشنیار دەکەین". ئەنیسە، سیستمەکەش کەس ناتوانێت پێڕەویی بکات: پشوودان، لەسەرخۆیی و خواردنی چاک و خۆ دوورخستنەوە لە هەموو هەڵچوونێکی توندو تیژانە، جا خۆشی بێت یان ناخۆشی". ئەمە سەرەتای لیستەکەیە، نەمهێشت خۆیان چۆنیان دەوێت تەواوی بکەن. زیاد لە جارێک قسەم پێدەبڕین، بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی تا دواسات ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن، ناچاریانکردم گوێ بۆ قسەکانیان شلکەم. بیرم نایەن، پێویستم بە بیرکەوتنەوەیان نییە.. بڕیارم دا ڕۆژانی داهاتووم بەو جۆرە بەسەربەرم کە خۆم دەمەوێت، دواتریش با لافاو هەموو جیهان ڕاماڵێت!.

ئەنیسە پەڕە کاغەزەکانت دەدەمێ تا بیانخوێنیتەوە، بە تەنیا جێتدەهێڵم، سەرنجی چاوت نادەم، پرسیاریشت لێناکەم. دوای ئەوە چی لە پەڕە کاغەزەکان بکەم؟ هەر وەک جارەکانی پێشوو بیانسووتێنم؟ بڕوام پێبکە نازانم. تاکە شتێک بە سەرمدا زاڵە، بەر لەمردنم شتێک بڵێم. وەک لەو نامەیەی کە عەبدول غەفوردا بۆم ناردیت، پێموتبوویت، مرۆڤ توانای نووسینی هەموو شتێکی نییە، ئازاری وشە گەلێک لەوە بەسوێترە کە مرۆڤێک بە تەنیا بەرگەی بگرێت. هەر بۆیە بەو جۆرە شێتانەیە بیرمکردەوە، کە لە یەک کاتدا چەند کەسێک بە جۆری جۆربەجۆر قسە بکەن. ئەویش دوای ئەوەی بێپەیوەندی، بێپەیڕەوی و ڕێکوپێکی، با ئەوەی دەیڵێن هەر شتێکبێت.. جا ئەوەی وتیان ڕۆمانە یان وڕێنەیە.. گرنگ نییە.

حامید هیچی بۆ نەنوسیبووم، جگە لەیەک ڕستە، کە بە گەورەیی لە ناوەڕاستی لاپەڕەیەکی سپیدا، نووسیبووی: وشە دوا چەکە کە لەوانەیە پەنای بۆ بەرم.

ئەی عادل.. دەزانیت چی بۆ نووسیبووم؟ کورتە نامەیەکی نووسیبوو، وتبووی، نەیبیستووە سەرکردەیەک بە وشە سەرکەوتوو بێت.. هەر شمشێرە کە سەرکەوتن بەدەستدێنێت. مامۆستای مێژوو، کاتێک ئەم بەفێڵ پەنای بۆ بردبوو تا لەو نووسینەی کە بۆ منی دەنێرێت پەنای بۆ بەرێت، وای پێوتبوون. وێنەیەکیشی لەگەڵ نامەکەدا ناردبوو، وتبووی کە ئەو وێنەیەی لە مێژووەوە وەریگرتووە. وێنەی ئاسکێک و گورگێک، بەرامبەریشیان کوڕێکی بچووک پشیلەیەکی لە باوەشگرتووە.

عادل دەیەوێت چیم پێبڵێت؟ زۆرم بیر لەوێنەکە کردەوە، لەو بیرانەش کە هانی کێشانی وێنەکەیان داوە، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتم. دوایی کە بە تەنیا بووین پرسیار لە خۆی دەکەم، ئێستا توانای گەیشتن بە بیرێکی تەواوم نییە. ڕاستە کۆمەڵێک شتم بەبیردا هات، بەڵام هیچیان نەچەسپین. ڕەنگە گورگەکە پیاوکوژبێت، ئاسکەکەش قوربانیی، بەڵام ئەی منداڵ و پشیلەکە

چیدەگەیێنن؟ چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو دوو دیمەنەدا هەیە؟ بیرم لە بە توانایی گورگ و بێهێزی ئاسککردەوە، وێنەکەش بە شێوەیەک هێمایە بۆ هێز. بەڵام پەیوەندیی منداڵ و پشیلەکە چییە؟ دیسان نەگەیشتمە ئەنجامێک. هەوڵمدا بزانم عادل، لە مێژوودا چ باسێک دەخوێنێت، تا وایلێبکات کە ئەو باسەی بەبیردا بێت، بەڵام نەیگەیشتمێ.

ئەنیسە تۆ، زیاتر لەتواناو لە پێویستت نووسی. برینی وات بۆ واڵاکردمەوە کە زۆر لەمێژە قەتماغەیان بەستووە. سەرم سووڕماوە چۆن بەسەرهاتەکانت بەبیردێنەوە، کە بەلای منەوە هێندە وردو نادیارن، مرۆڤ توانای وەبیرهاتنەوەیانی نەبێت، لەمن گەورەتر بوویت، بیریشت لەمن تیژترە، واش ئەو کێشانەی پەنجەیان بۆ درێژدەکەیت، ئەوەندەی ئەو ماوەیەی تێیدا ڕوویان داوە، لە مێشکی مرۆڤدا نامێننەوە. لە ژیانمدا، چەند جار تا سەدم ژماردووە؟ ئەوەم لە بیرە؟ ئەی ژمارەی خۆشتنەکانی خۆمم لە بیرە؟ تەنانەت گەر بشمەوێت ئەم جۆرە شتانە بۆ بۆچوونێکی ماتماتیکییانەی ڕووتیش بگێڕمەوە هەر ناگەمە ئەنجام.

ئەنیسە گەر نەمرم، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆمانێک، لەسەر ئەو بیرانە دەنووسم کە قسەت لەبارەوەکردن. هێشتا نازانم بابەتەکەی چیدەبێت، بەڵام ئەو پەڕە کاغەزانەی پێمن بەسن. بەچەند بیرێکی دیاریکراو گەیشتووم، بەڵام وەک حامید پێیوتم، هەروەها وەک عادلی داناش وتی، وشە چ سوودێکی هەیە؟ کێ دەیخوێنێتەوە؟ تەنانەت گەر بشخوێنرێتەوە چ کارێک دەکات؟

لە چەند ساتێکی زۆرو دیاریکراودا وشەکان بەلامەوە وەک گەڵا داری سەرەتای زستان وەهان: زەردهەڵگەڕاو، لاواز، هەر کە بایەک لێیان بدات، بەردەبنەوەو ئەمجا ژێرپێ دەکەون. ئێستا وشە گیاندارێکی زیندووی بە توانا نییە تا شتێک بکات.. ئێستا کە دەگەڕێمەوە، لەو ساتە تۆقێنەرانە سەرسامم کە هاندەری توندم بوون کە بنووسم، واشم پێشبینی دەکرد کە نووسین خۆ پاککردنەوەیە.. بەڵام..

بێدەنگ دەبم.. کاغەزەکان دەخەمە جێگای خۆیان و دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمان. چاوەڕێ دەکەم بمگرن، ئازارم بدەن، بە گوللە بمکوژن.. ئیتر شتەکەم بەلاوە گرنگ نییە. وادەزانم گەر شتێک لەوانەی بەخەیاڵمدا دێن بکەن، جێگای شەرەفمەندیم دەبێت.. بەڵام زۆرجار هەڵە دەکەن، ئەوانە کاری کردە ناکەن. ئەوەی کە سڵی لێدەکەمەوە لە نیشتمان بۆگەنکردنمە.. بۆگەنێکی وا هەموو کەس بێزی لێمبێتەوە، ئەگەر منداڵان بمبینن لە دوورەوە بڵێن: سیخوڕە، گەر لە گازینۆ دانیشم، گەورەکان پشتم تێدەکەن و دەڵێن: سەیرکەن.. پیاوە ڕەنگزەردەکە، ئەوەی کە لەدوامانەوە دانیشتووە، ناپاکە.. سەرنج دەدەن ناپاکی ڕەنگی زەردە، زوو لەسەر دەموچاو دیاری دەدات! ئەنیسە دەمەوێت بە شێوەیەک خۆم پاکبکەمەوە. بەرهەڵستییان دەکەم.. هەموو داوایەکیشم لێت، لە خوشک بۆم زیاتر بیت، ببیتە دایکێک.. ڕێک وەک دایکم.. بیرتە ئەو چۆن بوو!

ماڵئاوا هاوڕێکانم، ماڵئاوا خۆشەویستەکانم. تۆش دایکە ئێستا ماڵئاواییت لێدەکەم، لێشمببوورە، بە دەنگێک لێتدەپرسم کە نەهامەتی لەتلەتی دەکات: ئایا دەبێت هەردوو دەستت پێشوازیی لە پیاوێکی ڕووخاو بکەن، کە سەرلەنوێ تێهەڵچێتەوە، تەنانەت دوای ڕووخانیش، پاکببێتەوە!

( ٦ )

گەر ڕەجەب بمایە ئەوا ڕۆمانێک یان شتێکیتری بۆ دەنووسین، کە لە خوێندنەوەیدا کاتێکی خۆشتان لەگەڵیدا بەسەر ببردایە، بەڵام ڕەجەب کۆچیکرد. لەمێژە کۆچیکردووە. ئێستا بۆ ڕێزی یادکردنەوەی، جگە لە دەربازکردنی ئەو کاغەزانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونییەوە بۆ ئەمدیو سنوور، هەر وەک خۆشیان بڵاویانبکەمەوە هیچی تر شکنابەم. گەر بمایە ئەوا زۆر لەو کارەم تووڕە دەبوو، بەڵام ئەو ئێستا لەژێر خاکدایە. پێموایە، لەوانەیە چەند وشەیەک شتێک بکەن، هەرچەندە بۆ سووتاندنیان ڕایسپاردم. هێشتا ئەو ساتە سەرکێشەم لە بیرە، هەر وەک ئێستابێت کە بەبەرچاومەوە ڕووی دا، هەر ڕێک وەک ئێستا وایە:

دوای گەڕانەوەی سێ ڕۆژ مایەوە. هەر لەو سێ ڕۆژەدا ڕەجەبم بینی بۆ تافی منداڵی گەڕابۆوە، پاش پەڕینی ئەو هەڵبزڕکاوییەی کە بە ئاشکرا بە دەموچاوییەوە دیاربوو. ڕەنگە بەهۆی ماندووبوونییەوە هەڵبزڕکابێت. کەوتە خوێندنەوەی "یادداشتەکانی ماڵی مردووان" زۆریشیلێکردم کە بیخوێنمەوەو هەندێک پەڕە کاغەزو قەڵەمێکی نوێش بکڕم، وتیشی هەر کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بۆوە دەکەوێتە نووسین.

تا ئێستاش پەڕەمووچێکی تاووس لە کتێبەکەدایە، ئەو پەڕەمووچەی کە لەناو ئەو قورئانەدا بوو کە لە باوکمەوە بۆمان مابۆوە. نازانم ڕەجەب چۆن دەستی بۆ درێژکردو پەڕەمووچەکەی هەڵگرت و کاتی خوێندنەوەش دەیهێنا بە دەموچاویی خۆیدا. تا کە لە بەشێک دەبۆوە لەو جێگایەی دادەنا کە دەیگەیشتێ و کتێبەکەی دادەخست، ئەمجا لەناو بیرەکانی خۆیدا وندەبوو. کتێبەکە هێشتا ماوەو پەڕەمووچەکەشی تێدایە، بەڵام پەڕەمووچەکە نەجووڵاوە. لاپەڕەی نەوەدو هەشتی جێنەهێشتووە.. ئەو کاتە هاتن، لە ئێوارەدا، نەدەهات بە بیرماندا کە لەو کاتەدا بێن. بەڵام ئەوان دڵنیابوون بۆیە بەجۆرێکی وا لە دەرگایان دەدا و دەیانقیژاند...

ڕەجەب بەردەوام بیجامەکەی لەژێر پانتۆڵەکەیەوە لەپێ دەکرد، کەبینی وا دێنە ژوورەوە لەجێی خۆی هەڵنەسا. هەر زەردەخەنەیەکی ئازایانە پەڕییە سەر دەموچاو و بەرهەڵستکارانە پێیوتن:

- درەنگ هاتن، زۆر دواکەوتن!

یەکێکیان کتێبەکەی لە دەست سەند، بە قێزەوە سەیری کردو ئەمجا تووڕی دایە سەر مێزەکە، ڕەجەب هەڵیگرتەوەو پەڕەمووچەکەی لەو لاپەڕەیە دانا کە گەیشتبوویە. کتێبەکەی دایە من و لێیپرسین:

- هیچ لەگەڵ خۆمدا بێنم؟ مەبەستم، ئەمجارەیان زۆر دەمێنمەوە یان کەم؟

یەکێک کە دەموچاویم بەدینەکرد، چونکە لەدوای سەرەک دەستەکەوە وەستابوو، پێیوت:

- باشتر وایە هەرچییەکت پێویستە بیهێنیت!

ڕەجەب سەیرێکی کردم و بەدەم بزەیەکەوە وتی:

- هیچ نابەم پێویستم بە هیچ شتێک نییە!

ڕۆیشتن. یەکێک لەپێشییەوە دەڕۆیشت و دووانیش لە پشتییەوە. ڕەجەب دڵنیایانەو ئازایانە دەڕۆیشت، بەر لەوەی بگاتە دەرگاکە، لەیلا کە لەبەردەمیدا وەستابوو پێدەکەنی، هەڵیگرت و نایبەسنگییەوە. گوێم لێیبوو پێیوت:

– ئەمانە ئەو دڕندانەن کە شەوی ڕابردوو بۆم باسکردیت، بیرتە؟

لە پشتەوە پاڵێکی توندیان پێوەنا، خەریکبوو بکەوێت، بەدەستێک خۆی بە دیوارەکە گرتەوەو بە دەستەکەی تریشی هەر لەیلای بە باوەشەوە گرتبوو، بەر لەوەی دایگرێتە سەر زەوی، بە دەنگێکی بەرز وتی:

– لەیلا چاک سەیریان بکە، هەرگیز بۆیان پێمەکەنە!

لەیلا گریا، گریانێکی بەکوڵ و پڕ مەترسیی، جا کە بۆم ژێر نەکرایەوە .. منیش لەگەڵیدا گریام.. دوای ڕۆیشتنیان دەرگاکە هەر کراوەبوو، تەنانەت تا ماوەیەکی زۆری دوای ئەوەش هەر بە کراوەیی مایەوە. کەسمان توانا، یان ئارەزووی کردنی شتێکمان نەبوو. دوای گرتنی ڕەجەب بە ماوەیەکی کەم، عادل هاتەوە، کە چاوی بە من و لەیلا کەوت دەگرین، لەتاودا قیژاندی:

– دایە کێ مردووە؟

حامیدیش کاتژمێرێک دوای خۆرئاوا هاتەوە. هەر کە منی بینی و ڕەجەبی نەبینی، هەستیکرد. لە عادلی پرسی:

– بردیان؟

عادل بێوەڵامدانەوە سەرێکی لەقاند!.

ڕەجەب ونبوو، ئێستاشی لەسەربێت کەسمان نازانین چییانلێکرد، چییان لێپرسی؟ سێ هەفتە بە بەندکراوی مایەوەو ئەمجا هاتەوە!

ئەو ساتە سەرکێشەم لە بیرە. هەر وەک هێشتا بەبەرچاومەوە ڕوو بدات، هەر وەک ئێستا بێت، ڕێک هەر وەک ئێستا بێت! لەدەرگایان دا. لە درەنگ وەختێکی

شەودا، چەند جارێک لە دەرگایان دا، ئەمجا گوێمان لە ڤرەی ئۆتۆمۆبێلێک بوو. سەرەتا ڤرەکە نزیک و بە تەوژم بوو، ئەمجا وردە وردە دووردەکەوتەوە تا نەما.

کە حامید دەرگاکەی کردەوە، تارماییەکی ڕەشی لەسەر سەکۆکە بینی، لە پەشۆکاوی و ترسدا قیژاندی، ئەمجا دەستە ترسنۆکە لەرزۆکەکەی بۆ تارماییە ڕەشەکە درێژکردو دەستی لێوە دەدا، منیش لێی نزیکبوومەوە .. ڕەجەب بوو! هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. هەناسەکانی کورت و خامۆش بوون، وامدەزانی لە هۆشخۆچووە. هەڵمانگرت و خستمانە سەر جێگاکەی. جلەکانیمان لەبەر داکەندو کەوتینە دوواندنی. گوێی لە قسەکانمان بوو، وەڵامی کورت و شاراوەی دەداینەوە. بەڵام هەردوو دەستی لەسەر چاوی دانابوو، هەر وەک لە تیشکی ڕووناکییەکە بترسێت!

لاشە ڕاکشاوەکەی سەر قەرەوێڵەکە، کە زۆر لاوازو هەڵبزڕکاو بەدیدەکرا، ئایا ئەوە ڕەجەبە؟ بیرم لەوە دەکردەوە تا بینیم و هەموو ڕاستییەکمزانی: ڕەجەب کوێر بووە. چاوی لە بینین کەوتووە، بێهوودانە دەیانڕووانی. بێمەبەست دەسووڕانەوە، ئەمجا ئەو وشە تۆقێنەرەوەیەی وت، بە خامۆشییەکی پیرۆزەوە وتی:

– ئەنیسە دەستتبێنە.. دەستت درێژکە چونکە نابینم.

ئیتر بێدەنگبوو.

دووەم ڕۆژ ویستم قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ڕستەیەکی تەواوم دەستگیر نەبوو. چەند وشەیەکی دەوتەوە، هەر وشە. زۆرجاریش، هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبوو، هیچ مانایەکیان بەدەستەوە نەدەدا. خواردنەکەی کە بۆم هێنا هەر تۆزێکی نەبێت، توانای لێخواردنی نەبوو. چوارەم ڕۆژ، ڕێک لە کاتی نیوەڕۆدا، ڕەجەب مرد.

سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە لە جارانی باشتر بوو، زەردەخەنەیەک پەڕیبووە سەر دەموچاوی، بەڵام ئارەزووی هەستانی هەبوو. قاییلمکرد کە بیخاتە سبەینێ.

کە داوای لەیلای کرد تا لە تەنیشتییەوە دانیشێت، بەسەر جێگاکەدا بڵندم کردو واملێکرد ماچی ڕەجەب بکات، ئەمجا لە تەنیشتییەوە دامنا. هەستم بە گەشبینی دەکرد، وامدانا هێندە ناخایەنێت و تەندروستی باشدەبێت. بەڵام ئەوقسەیەی کە بێئەوەی پرسیاری لێبکەم، بێئەوەی پێکەوە قسەبکەین کردی، ئەوەبوو:

- کاغەزەکان بسووتێنە!

هانم داو پێموت:

- ڕەجەب ئەگەر لە کاغەزەکان بێزاری، ئەوا دەبێت خۆت بیانسووتێنیت، وەک چۆن جاران دەتکرد.

بە هەڵچوونەوە بەرپەرچی دامەوە:

- بیانسووتێنە، نامەوێت کەس بیانخوێنیتەوە.

بە ساردییەکەوە بەڵێنی ئەو کارەم دایە، خەریکی قسە بۆ کردنی بووم، کە چۆن بە درێژایی ژیانی بە دیارییەوە دەمێنمەوە، تا ئەوەی دەیڵێت بۆی بنووسمەوە، بەوەش توانای کردنی زۆر شتمان دەبێت.

بە دڵتەنگییەوە سەری دەلەقاند. قسەی نەدەکرد. لەناکاو دیم دەموچاوی تێکچوو، هەر وەک ئازارێکی بەسوێ لە ناخیدا گینگڵ بخوات. لەیلام لەسەر جێگاکە داگرت، پاڵم پێوەنا تا بچێتە دەرەوەی ژوورەکە. خۆشم لە تەنیشتییەوە هەر بە پێوە مامەوە.

ساتە سەرکێشەکەم لەبیرە، هەر وەک هێشتا لەبەر چاوم ڕوودەدات، ئێستا ڕوودات، ڕێک هەروەک ئێستا بێت.

دەموچاوی گرژبوو، هەناسەی سوواربوو، ڕەنگیشی زۆر هەڵبزڕکا. ئەمجا لەناکاو بەدەم تێکچوونێکی پڕ ئازارەوە سەری ڕاوەشاند.. ئیتر تەواو بوو! ساتەکەم لە بیرە، هەر وەک ئێستا بەبەرچاومەوە ڕوودات، ئێستا ڕوودات، ڕێک هەر وەک ئێستا بێت.

هیچی دواتریم بیرنایەت.

دوای مردنی ڕەجەب بە دوو هەفتە حامیدیان برد. لەوەتەی بردوویانە، کە تا ئێستا ساڵێک و چوارمانگ تێپەڕیوە، حامید لەنێو چوار دیواردایە، هەموو ئەوەی کە بۆمکرا بیزانم، ئەوان ئەویان بە بەرپرسیاری ئەو قسانە دانابوو کە لە ڕۆژنامەیەکی بیانییدا بڵاوکرابۆوە. وشەکانیش وا دەگەیەنن کە میریی ڕەجەبی کوشتووە، ئەویش دوای ئەوەی کە ڕەجەب، بەدەم ئازارەوە کوێر بووە.

من ئافرەتێکم هەڵەدارم، هەڵە لەگەڵمدا هاتۆتە دونیاوە. بە خوێنمدا گەڕاوە، واشپێدەچێت تا دواڕۆژی ژیانم لێمنەبێتەوە. من ئەم وشانە بۆ ئازاردانی خۆم ناڵێم، تا لە هەڵەکانم پاکببمەوە، نەخێر.. وا دەڵێم چونکە بە تەواوەتی لە بە هەڵەچوونی خۆم دڵنیام.

پێش چەند ڕۆژێک عادلم لەماڵەوە بینی خەریکی کۆکردنەوەی شووشەی بەتاڵبوو، لێیگەڕام تا بزانم دەیەوێت چییان لێدروستبکات. ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیربوو، بینیم پڕ لە نەوت و بەنزینی دەکردن. بە توندی لە دەستیم دەرهێنا. خەریکبووم لێیبدەم، ئەگەر نەگریابا لێم دەدا. پێیوتم:

- دەمەوێت بەندیخانەکە بڕووخێنم و باوکمی لێدەرهێنم.

نازانم، ئایا هەڵەمکرد کە نەمهێشت عادل ئەوە بکات؟

دەزانم کە من پێشتر هەڵەمکردووە، هەرگیز لەو هەڵانەشم خۆشنابم. هەموو شتێکم لە پێناوی بەربوونی ڕەجەب لە بەندیخانەدا کرد. ئەوە گەورەترین هەڵەو یەکەمیان بوو. ئەمجا کە بیرم لە گەڕانەوەی کردەوە، دوای بەسەربردنی سێ مانگ

له فەڕەنسا. گریانەکەی بەردەم عەبدول غەفورم، بـەهێزتـرین هانـدەری گـەڕانـەوەی ڕەجەب بوو.. گەڕایەوەو کوشتیان. بۆ، من نەبێت کێ ڕەجەبی کوشت؟ گـەر لـەوێ بمابایەتەوە دەستیان پێینەدەگەیشت، زۆر شتیشی دەکرد کە بێزاریان بکـات. بـەڵام سەری "حوسێن عەبدول جەلیـل"م دەدا. ئـەمجـا کـە لـەبـەردەم عـەبـدول غـەفـوردا گریام، ڕەجەبم بەکێشکرد تا بیکوژم. هەڵەکەم هەر بە ڕەجەبەوە نەوەسـتا، چونکـە زۆرم سەرزەنشتی حامیدیش کرد، ئەویش دوای گوێلێبوونم کە لەبەردەم خـەڵکێکـی زۆردا، بە دەنگێکی بەرز، سەبارەت بە مردنەکـەی ڕەجـەب دەدوا. لـەو ئێـوارەیـەدا، دوای ڕۆیشتنی پیاوەکان پێموت:

- حامید ئیتر کاتی پشوودانمان نییـە..؟ واز لـە ڕەجـەب نـەهێنـین کـە لـە گۆڕەکەشیدا پشوویدات.

تووڕانە پرسیاری لێکردم:

- دەتەوێت چیبکەم؟
- مەڵێ ئەوان کوشتیان..
- ئەی لەوان زیاتر کێ کوشتی؟
- ڕەجەب کۆتایی هات، پێویستە ئێستا هیچ نەڵێیت.

حامید لێنەگەڕا، کەوتە هەمان بەزمی ڕەجەب، بەڵام بە شـێوەیـەکـی شـاراوانەو سەرسووڕهێن. زۆر بواریان نەدا.. بردیان.. سـاڵێک و چـوار مانگـە بردوویانـە، هـەر بـەر لـە چـەنـد مانگێـک نـەبێـت نـەیانهێـشت چـاوم پێیبکـەوێـت.. کـە پرسـیاری منداڵەکانی لێکردم، پێدەکەنی. زۆری لێکردم کە جارێکی تر بێ لەیلا نەچم.

ئێستاش، نامەوێت هەر ڕێگە لە عادل بگرم، بەڵکە دەمەوێت لێشی بدەم.. ئایا گەر ڕێی لێبگرم جارێکی تریش هەڵە دەکەم؟

پـەڕە کاغـەزەکـانی ڕەجـەبـم خوێنـدەوە. زۆر گریـام، چونکـە نـەمتـوانی وەک دەیویست بۆی ببمە دایک، بۆیە زیاتر گریام.. ئێـستاش نـازانم، ئایـا هـەڵـە دەکـەم

گەر ڕێ بە کاغەزەکان بدەم بەرەو ئەودیو سنوور دەربازبن هەتا بڵاوببنەوە؟ گەر ڕەجەب بمایە ئەوا تووڕە دەبوو، من لەوە دڵنیام، داوای سووتاندنیانی لێکردم، بەڵام نەمکرد. جا چونکە من ڕێی دەرچوونیان لێناگرم، تا هەموو کەس بیانخوێنێتەوە، بە هەموو ئەو هەڵەو هاوارانەی کە تێشیاندایە، بڕوا ناکەم ڕەجەب بییەوێت یان پێیان قاییلبێت.. بەڵام وەک پێموتن.. من ئافرەتێکی بە هەڵەداچووم.. دەشمەوێت هەر هەمان ڕێگەی ڕەجەب بگرمە بەر: هەموو کارێک بەرەو کۆتاییەکەی بەرم.. بەڵکو دواتر شتێک ڕووبدات.

له ڕۆژگارێکدا، له سەر ڕووی ئەم زەوییە تەپوتۆزاوییەی، که تا چاو برکا بێکۆتایی درێژبۆتەوە. هەر له کەنارەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستەوە بیگرە تا بیابانە دوورەکان، گەلێک شت ڕووی دەدا، زۆر شتیش بێدەنگ ڕادەبوورد. مرۆڤیش لەسەر ئەم زەوییە تەپوتۆزاوییە بەرهەڵستی دەکرد، بەگژ سروشت و توندوتیژی و زۆرداریدا دەچوو. مرۆڤ له هەندێک لەو بەرهەڵستیانەیدا سەردەکەوت، لەهەندێکیشیاندا ژێر دەکەوت، بەلام هەمیشه بەردەوام دەبوو.

له سایەی ئەو بەرهەڵستیانەدا یەکبینە بەندیخانەو ئازاردان و کوشتن هەبوون. تا له سەردەمێکدا مرۆڤ بێنرخترین شت و کەمترین بایەخیشی هەبوو.

ئەم ڕۆمانە دەیەوێت هاوارێک بێت له باری خامۆشیدا، وریاکردنەوەیەک بێت، له کاتێکدا له ئاسۆوە هەوری ڕەشی زۆرکشاو دەبینرێت، که ڕەنگە شتێک ڕووبدات بەر لەوەی مرۆڤی ئەم ناوچەیە تێکبشکێنرێت و بشێوێنرێت و ڕزگاربوونیشیان له توانادا نەبێت.

ئەم رۆمانە مەبەستی کەس نییەو.. مەبەستی هەموو کەسێکیشە.

عبد الرحمن منيف

# شرق المتوسط

روايه

ترجمها الى اللغه الكورديه

صالح محمدامين

و

انور علی قادر

راجعها

حسين عارف